# پێشەنگ ژمارە: 12

پاییزی 1385ی هەتاوی

خاوەن ئیمتیاز: ئەحمەد ساڵحی

سەرنووسەر: سەعید ئەمانی

دەستەی بەرێوەبەر:

بێستون

ناسر حەق پەرەست

شورش محەمەدی

کەریم ئەمانی

روبەرگ و مونتاژ: هیوا عەبدی

ئیمەیل: peshang2@msn.com

تەلەفون:

07701934573
07701567854

نرخ: 1500 دینار / 1000 تمەن

بۆ ئاگاداری خوێنەران:

کەڵك وەرگرتن لە بابەتەکانی پێشەنگ بە ئامارژە کردن بە سەرچاوە ئازادە.

| ناوی بابەت: | نووسەر یان وەرگێڕ: | لاپەڕە: |
|---|---|---|
| **وتار:** | | 5 |
| هونەر و چینە کۆمەڵایەتیەکان | ن: سەعید ئەمانی | 6 |
| مافی سەرەتایی، ئازادی بیرو ڕا دەربڕین | و: شۆڕش محەمەدی | 9 |
| سادق هیدایت و کافکا | ن: عەلی ئەمینی نەجەفی ـ و: پەیمان | 17 |
| ژیاننامەی بێتهۆوێن | ن: ڕوومێن ڕوولان ـ و: سەلاح ئەمانی | 24 |
| دەور و نەخشی ڕاگەیاندن لە .... | و: ع ـ م | 30 |
| **وتووێژ:** | | 42 |
| چاوپێکەوتنی ڕزگارعومەر لەگەڵ بژاری شاعیر | | 43 |
| وتووێژ لەگەڵ سپیدە کوشا ... | و: بیستون | 52 |
| وت و وێژ لەگەڵ عەلی ئەشرەفی دەرویشیان | و: سەعید ئەمانی | 55 |
| **چیرۆک:** | | 58 |
| ئاوەر | ن: عەلی ئەشرەف دەروێشیان ـ و: یۆسف عەلی پوور | 59 |
| ئینشا | ن: ماریە گرونبورگ ئاوبەرت ـ و: فەرۆخ نێعمەتپوور | 64 |
| دیارکەوتنی مراواری | ن: سەعیدەی پاک نژاد ـ و: مەجید مارابی | 67 |
| من دز نەبووم | ن: نیشتمان ئەسەدی | 70 |
| **شێعر:** | | 73 |
| بۆ یادی دوکتور جەعفەر | ن: لە لایەن یەکێک لە هاوڕێیانی یەوەوە | 74 |
| دەرسی هەتاو ـــ سرودی ئاگرێک | ن: پێشڕەو | 75 |
| تۆم لە شاری شپرزەیی "مرۆڤەکان"دا ناسییەوە | ن: هەژێر نینا | 76 |
| «هاو پێک» | ن: ئا..رەها | 77 |
| ویشکەرۆیی | ن: ناسر حەقپەرەست | 78 |
| **پرۆشە:** | | 79 |
| "بە یادی عومران سەلاحی" | ئا: پەیمان | 80 |
| خەڵاتی نۆبلی ئەدەبیاتی 2006، درا یە ئۆرهان پامۆک | ئا: پێشەنگ | 84 |
| یادێک لە جوهەیل | ئا: پێشەنگ | 87 |
| فیلم سازی ئوسترالیایی جین | و: بێستون | 92 |
| قەت لە بیری ناکەم | ن: موحەممەد شەمس ـ و: شەماڵ | 94 |
| حکایەتی بەردی گۆڕەکەی شاملو | ن: ڕەزا بەراهەنی ـ و: پێشەنگ | 97 |
| **زیندان:** | | 99 |
| وت و وێژ لەگەڵ سەعید ئەمانی ... | ئا: ناسر حەق پەرەست | 100 |
| وت و وێژی تەلەفزیونی کۆمەڵە لە گەڵ ئەحمەد سالحی | | 106 |
| ئەشکەنجەی جنسی و خۆڕاگری بەکۆمەڵ | ن: سن سالوادر تاتنکو و: کەریم ئەمانی | 118 |
| لەزیندانی "پول چەرخی" کابوڵەوە هەتا... | ئا: پێشەنگ | 122 |
| دەست درێژی کردنە سەر ژنان لە ... | ئا: دەریا | 125 |
| بڕینی زمانی ڕوانین کە باسێکە لەسەر... | ئا: پێشەنگ | 131 |
| چەند بیرەوەرییەک لە زیندانەکانی... | ئا: پێشەنگ | 133 |
| یادیک لە کۆمۆنیستیکی نەسرەوتوو سۆهراب غولامی | | 135 |



**بابەت و بەرهەم، سەرنج و پێشنیارەکانی خۆتانمان بۆ بنێرن.**

**"پێشەنگ"**

# وتـــار:


* هونەر و چینە کۆمەڵایەتیەکان
* مافی سەرەتایی، ئازادی بیرو ڕا درەبرین
* سادق هیدایت و کافکا
* ژیاننامەی بێتهۆوێن
* دەور و نەخشی ڕاگەیاندن لە نیزامی سەرمایەداری دا

# لە جیاتی سەر وتار

لە گەلێك زەمان و سەردەمی جیا جیا دا هونەر و ئەدەبیات ئاوێنەی بالا نوێنی ڕووداوە گەورە و هەژێنەرەکان، چ خۆش و چ ناخۆش، بوون. ڕەنگدانەوەی ئەو ڕووداو و پێشهاتانە بە ئاوێتە بوون لەگەڵ هونەر و ئەدەبیاتدا چوونەتە خانەی نەمری و لە بیر نەچوونەوەوە.

هێندێك ڕووداو هەن بە ڕادەیەك گەورە و بەرین، کاریگەر و تاسێنەرن کە ماوەیەکی زەمەنی باشی پێدەوێ تا نووسەر و هونەرمەندی هاوسەردەمی ڕووداوەکە یا بەرەی داهاتوو، لە کەش و هەوایەکی تایبەت دا و بەپشوو لە سەرەخۆیی‌یەکی تەواو و بە لێکدانەوەیەکی هەمەلایەنە، دەست بداتە خوڵقاندنی بەرهەمێك کە کاکڵەی ڕووداوەکەی تێ ئاژین کرابێ و بە زیندوویی مانەوەی کارەسات، یان ڕووداوەکەی، بۆ ئەیامێکی دوور، دەستە بەر کردبێ.

لە ساڵی 1367ی هەتاوی دا کارەساتێکی گەورە و دڵتەزێن لە ئێران و لەسەر دەستی کۆماری ئسلامی ڕووی دا کە تێیدا بە هەزاران کەس لە زیندانیانی سیاسی ، کە لە شۆڕشگێرترین و خۆڕاگرترین ڕێبوارانی ڕێگای خەبات بۆ دەستبەر کردنی دنیایەکی ئازاد و بەرابەر و دوور لە هەر چەشنە چەوساندنەوە و یاسایەکی دژی ئینسانی و کۆنە پەرەستانە بوون، ئێعدام وبێ سەروشێن کران. لەم پەیوەندیەدا کۆمەڵگای ئەدەبی، هونەری و ڕووناکبیری ئێران، بۆ ماوەی چەندین ساڵ، بێدەنگیەکی مانادار ی هەڵبژارد. بەڵام، لەم ساڵانەی دوایی دا و بە تایبەتی ئەمساڵ جموجۆڵێکی دڵخۆشکەر دەستی پێکردوە و وا وێدەچێ کاتی ئاوڕدانەوەیەکی جیدی لەم کارەساتە نامرۆڤانەیە هاتبێت. چەندین کتێبی بیرەوەری و بابەتی جۆراوجۆر لەم پەیوەندیە دا چاپ و بڵاو کراونەتەوە، بەشێك لە نووسەران و ڕووناکبیران ڕەخنەی توندیان ئاڕاستەی بێدەنگی خۆیان و نووسەران و ڕووناکبیرانی دیکە کردوە و خوازیاری قەرەبوو کردنەوەی ئەو کەمتەرخەمیە بوون. بەم پێیە دەکرێ بڵێین لە دەورەیەك نزیك بووینەتەوە کە پێویست دەکات قەوارەی ئەو کارەساتە، بە شێوەیەکی گشتی و هونەرمەندانە، لە ژانرە جۆراو جۆرەکانی هونەر و ئەدەبیات دا بەرجەستە بکرێتەوە و وەك نموونەیەك لە جەنایەتە بێ ئەژمارەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران لە مێژوودا تۆمار بکرێت.

لە پەیوەند لەگەڵ زیندان و ئەشکەنجە لە زیندانەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران دا، و بۆ ڕێزگرتن لە یاد و بیرەوەری ئەو ئازیزانەی لە هاوینی ساڵی 1367ی هەتاوی دا گیانیان بەخت کرد، لەم ژومارەی پێشەنگ دا فایلێکی تایبەت هاتوە کە چەندین بیرەوەری، وت و وێژ و بابەتی جۆراوجۆری لەخۆ گرتوە.

# هونەر و چینە کۆمەڵایەتیەکان

نووسین و ئامادەکردنی: سەعید ئەمانی

لە دەورانی پارینەسەنگی واتە چاخە بەردینە دا، کە گشت مرۆڤەکان ناچاربوون بە کۆ کردنەوەی خۆراک، ڕاوکردن و بەدەست هێنانی میوە و گیاخۆراکیەکان ژیان بەرنەسەر، کۆمەڵگا یەکدەست و هاوشێوە بوو. بەڵام لە سەردەمی نویٚ بەردینەدا بە بەرهەمهێنانی خۆراک، لەڕێگای وەرزێریەوە، هێدی هێدی ئینسان دەستی لە کۆچ کردن کێشایەوە و لە جێیەك نیشتەجیٚ بوو. بە هۆی زیاد بوونی بەرهەمهێنان و پاشەکەوت کردنی دانەوێڵە و دەست کەوتنی کاتی بەتاڵ و بێکاری، مەجالی چالاکی لاوەکی و خۆخلافاندنی بۆڕەخسا. لە ئاکامدا بەشێك لە خەڵك توانیان بەبیٚ کاری بەرهەمهێن و ڕاستەوخۆ، ژیان بەرنە سەر. پیشەسازی و سەودا و مامەڵەش بوونە هۆی سەر هەڵدانی چینێکی نوێی کۆمەڵایەتی( مامەڵەچی).

بەم شێوەیە لە سەردەمی شارنشینیەوە( لە 5000 ساڵ لەوە پێش بەم لاوە) کە چینە کۆمەڵایەتیەکان چوونەتە شکڵ و قەوارەی تایبەت بە خۆیانەوە، ئێمە شاهیدی شەڕ و تێك هەڵچوونە چینایەتیەکانین. چینێکی کە لە دابەشکردنێکی گشتی دا دەکریٚ بە تاك و کۆمەڵ، یان زۆرینە و کەمینە یان نێوبەرین. چینی زۆرینە واتە ئەو بەشە لە ئەندامانی کۆمەڵ کە کارە قورس و بەرهەمهێنەکانیان لە ئەستۆیە. چینی کەمینەش ئەو تاقمە لە ئەندامانی کۆمەڵن کە دەستیان لە کار و باری پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان، لە باری نەزەریەوە و ڕێبەری و رووتاندنەوە و ڕێك و پێك کردنی ئوموراتی وڵات دا، هەیە_ یان باشترە بڵێین لە ژێرچۆك ناوە. شك لەوەدا نیە کە بە پێی هەل و مەرجی ژیان و شێوەی جیاوازی بەرێچوونی هەر چینێك، خۆیان خاوەنی بیر وبۆچوون و جیهان بینیەکی جیاوازیشن. و سووشتیە کە ئێمە شاهیدی دوو فەلسەفە و دوو جۆر هونەری (خاس و عام) تاك و کۆ لە دنیای ئەم دوو چینەدا بین.

هەروەك لە سەرەوە باسمان کرد، لە دەروونی ئەم کۆمەڵگا چینایەتیە دا، بەر دەوام کێشە و ململانیٚ لە ئارا دایە. دیارە هۆکاری ئەم کێشمەکێش و تێکهەڵچوونانەش بریتین لە:

ئاساییە کە، کەمینەی جاوەن دەسلات و پلە و پایەکان بۆ پاراستنی ماف و بەرژەوەندیەکانیان دەیانەویٚ هەل و مەرجەکە پارێزراوبیٚ و هەر چەشنە ئاڵ و گۆڕێك، لە ڕاستای دژ بە بەرژەوەندیەکانیان دەبینن. لە بەرانبەریش دا زۆرینەی بیٚ بەش و زۆرلێکراو بۆ ئەوەی ئاڵ و گۆڕێك بەسەر ژیان و بەرێچوونی دا بێت، حەزی لە ئاڵ و گۆڕە و بە پیریەوە دەچێت.کەمینەی خاوەن بەرژەوەندی، کە خۆی بەبیٚ ئەوەی رۆڵێکی لە بەرهەمهێنان دا هەبیٚ و تەنیا چاوەدێری ڕەوتی بەرهەمهێنانیچینی زۆرینەیە، هەوڵە بەکردەوەکان بە سووك چاو لێدەکەن و دەکۆشن تا هەوڵە نەزەریەکان بە تەواوی لە هەوڵە بەکدەوەییەکان جیابکەنەوە. لە لایەکی دیکەوە ئەکریٚ بڵێین چینی زۆرینە مەجالێکی بۆ کار و کۆششی سەربەخۆیانەی نەزەری لەبەر دەستا نیە. چینی کەمینەش چون ڕاستەوخۆ لەگەڵ ژیانی بەکردەوەدا نامۆیە، ئاساییە لە ڕاستیەکان دوور کەوێتەوەو خەڵوەت نشینی کاخی خەیاڵی خۆی بێت. لە حالێك دا کە زۆرینە لەبەر ئەوەی تێکەڵاوی ڕەوتی ژیانی بە کردەوەیە لە گەڵ ڕاستیەکان دا دەستە و یەخەیە. دەکریٚ بوتریٚ ( واقعگەرا)یە. کەوابیٚ دەتوانین بوونی دوو جۆر هونەری جیاواز، هەر لە بەرەبەیانی سەرهەڵدانی تەمەدونەوە بەدی بکەین و لێك هەڵاوێرین. واتە هونەری واقعگەرایانەی زۆرینە( عەوام) و هونەری ناواقعگەراینەی کەمینە( خەواس).

کە وایە لە بەرانبەر هونەری سەرەتایی دا کە هاوشێوە و لە ڕاستی دا بە یەکێك لە هۆکارەکانی بەرهەمهێنان بە حیساب دەهات. هونەری تەمەدونی دوو ڕەوت لە خۆ

دەگرێ کە هیچکامیان(بەتایبەت ڕەوتێکی کە بە ژیانی چینی کەمینە مەڕبووتە) هۆکاری ڕاستەوخۆی بەرهەمهێنان بەحیساب نایەن و سەر بە گشت کۆمەڵگانین، بەڵکو تایبەت بە چینێکی دیاریکراوە لەو دوو چینەی لە کۆمەڵگا دا بوونیان هەیە و هونەری هەر چینەش دەرخەری ناڕاستەوخۆی هەل و مەرج و داخوازیەکانی ژیانی تایبەت بەوچینە و یان کەرەسەیەکی ناڕاستەوخۆیە بۆ دابینکردنی بەرژەوەندیەکانی ئەو چینە. هونەری کەمینە، یان تاك، بێ ڕۆح و ئیستاتیکە، سوننەت گەرایە. و هونەری زۆرینە، یان گشتی، زیندوو و دینامیکە.

لێرەدا ڕەوتی سەرهەڵدان و گەشەی شێعر وەك نموونە لێك ئەدەینەوە: لە کۆمەڵگای سەرە تایی دا زۆرتری کارەکان لە بەردەوامی و لێکهەڵوەشانی یەك لە دوای یەکی زنجیرەیەك جووڵە و بزووتن پێك دەهات،(بزووتنی بەدەن و لەوانە دەنگ کە لە کاتی کار دا لە گەروو دێتە دەرەوە) بە شێوەی ئاسایی خاوەنی کێش و نەزمێك بوو. مرۆڤی سەرەتایی، بۆ هەر کارێك، تەواوی ئازای بەدەنی وەك ساوایەك ئەخستەکار، تەنانەت ئەو بەشەش لە جەستەی کە بۆ ئەو کارە هیچ سوودێکی نەبوو. بەم چەشنە بزووتنی جەستە لەگەڵ حەنجەرە دا هاوڕا و هاواهەنگ بوو. دەبینین کاری ئینسانە سەرەتاییەکان، واتە کارە خاوەن کێش و نەزم و تەرتیب دارەکانیان، دوولایەنی هەبوو: لایەنی جووڵەوبزووتن و لایەنی دەنگ. لایەنی بزووتن و جووڵە هەڵپەرکێی لێکەوتەوەو لایەنی دەنگیش مۆسیقای پێکهێنا. سەلای کار بووبە گۆرانی و دەنگی وێك کەوتنی ئەبزار و کەرەسەکان بوون بە هۆی پێکهاتنی ئامێرەکانی مۆسیقا. دوای لێکترازانی هاوشێوە سەرەتاییەکانی کۆمەڵگا و جیابوونەوەی نەزمر و کردەوە، هەڵپەرکێ، مۆسیقا و شێوەکاری تووشی لێك هەڵوەشان بوون، هەرکامە و


A SLAVE GANG IN ZANZIBAR

ڕێگای خۆی گرتە پێش. کاری حەرەکەتی لە کاری بەقسە و نەزەری جیا بۆوە.

مۆسیقای سەرەتایی لە دووبەش پێك دەهات. ڕواڵەت و مادە، کە ڕواڵەتەکەی بوو بە مۆسیقایەکی رووت و مادە کەش، یان ناوەرۆکە کەی بە گۆرانی. هەرچەند شێعر و مۆسیقا و چۆپی و شێوەکاری لە بابەتی بەکردەوەی ژیان جیابوونەوە، دیسانیش وەك وەگەڕخستنی ئیش و یەکەم هەنگاوی کار رۆڵیان گێڕا و شتێکیان بە مرۆڤ بەخشی کە پێداویستیەکی زۆری پێی بوو: نەزم و هاواهەنگی، چ لە شوێنی سرووشتی و کۆمەڵ و چ لە دنیای زەین دا. گشت ئەو هونەرانەی کە بە هونەرە جوانەکان ناوزەد دەکرێن وێنەیەك لە نەزم و هاواهەنگی بەئینسان دەبەخشن.

هەستکردن بە نەزم و تەرتیب چێژبەخشە. چون دەرخەری زاڵ بوونی مرۆڤ بەسەر سرووشت دایە. کاتێك کۆمەڵێك بۆگەیشتن بە مەبەستێك، یان لابردنی مەترسیەك، بەیەکەوە کاردەکەن، ئەم نەزمە پێك دێ و هەست پێدەکرێ. مەیلێکی هاوشێوە لە گشتیانا دروست دەبێ و بەرێوەبردنی کاری بەکۆمەڵ ئاسان دەکاتەوە. بەڵام ئەو گورووپە دوای گەیشتن بە مەبەست و لاچونی مەترسی، بەتەواوی ئارخەیان نیە چون بەردەوام رووداوی سەر لە نوێی مەترسی و لاچونی هەل و مەرجی خوازراو لە ئارادایە. کەوایە ئامادەگیەکی دایمی پێویستە و لایەنی ڕەوانی ئەم ئامادەگیەش بە هۆی مەیلێکی هاوشێوەی بەکۆمەڵەوە، کە سەرچاوە گرتوو لە هونەرەکانەوەیە، دابین دەبێت. چۆپی و گۆرانی تایبەت بە کارە جۆراوجۆرەکانی وەك: ڕاو، شەڕ، چاندن، دروێنە و ...بە هۆی مەیلێکی هاوشێوە، کە لە هەموانیدا هەڵدەخرێنێ، دەبێتە هۆی ئەوەی بەردەوام ئەم کۆمەڵە ئامادەی زاڵ بوون و خەبات دەکات.ئەم بەرهەمە هونەریانە پێکهاتەیەکی ساکار و ناوەرۆکێکی لە دڵ نزیك و گشت پەسندیان هەبوە و جێی

سەرنجی چینێکی گەورەی کۆمەڵ، کە چینی بێبەش و زەحمەتکێش و زۆرلێکراویان پێدەهێنا، بوون.

بەشی تاکی کۆمەڵ، واتە کەمینە، بەهۆی مەوداگرتن و دوورکەوتنەوە لە ڕاستەقینەی بەکردوە، بەرهەمگەلێك دەخوڵقێنێ کە لە گەڵ کردەوەی کۆمەڵگا دا هیچ پەیوەندییەکی نیە و خاڵی لە رۆحێکی بە کۆمەڵ و واقعگەراییە. بەرهەمی ئەم چینە بە هۆی دووره پەرێزی و جیابوونەوە لە ژیانی بەکردەوەی کۆمەڵگا و خزانە کونجی تەنیایی و مەیلە تاکە کەسیەکان، بە جێگای دەربڕینی" ئێمە"ی کۆمەڵگای سەرەتایی، "من"ی تاك و تایبەت بەر جەستە دەکات. لەم ڕێگایەوە دەکرێ بەو ئاکامە بگەین کە کەسایەتی، شێوەی بیرکردنەوە و سەبك و سلوکی ( ژیانی هونەری) هەر کەسەو جێگا و شوێن و پێگە چینایەتی یەکەی، دیاری دەکا. لە ڕاستی دا لە نێو هەر چینێك دا سەبك و شێوەیەکی گشتی فورمانڕەوایی دەکات و تا زەمانێکی کە ئەم چینە گیرۆدەی ئاڵ و گۆڕێکی بنەڕەتی نەیەت ئەم سەبکە هەروا پابەرجایە و درێژە بە بوونی خۆی ئەدات. بەڵام کاتێکی کە چینێك تووشی ئاڵ و گۆڕێکی بنەڕەتی دەبێت هەل و مەرج و پێداویستی گەلێکی نوێ دێنە ئاراوە و بە دوایدا بیر و ئەندێشەیەکی تازە بابەت لە زەینی ئەنامانی چینەکەدا، لەوانە کۆمەڵی هونەرمەندان، سەر هەڵدەدات. دیارە دەربڕینی ئەم ئەندیشە نوێیانە لە چوارچێوەی فۆڕمە کۆنە هونەریەکاندا ناگونجێ و بەم چەشنە سەبك و شێوە دوچاری ئاڵۆزی دێت و ئاڵ و گۆڕی بەسەردا دێ. واتە هونەرمەند هاوتەریب لەگەڵ ئەندیشە تازەکان دا فۆرم گەلێکی نوێ ئیرایە ئەدات. یانی سەبك و شێوەیەکی نوێ پێك دێنێ. بەم پێیە بە پێچەوانەی ئەو شتەی کە ڕەنگە لە سەرەتاوە بە نەزەر بگات کە ئاڵ و گۆڕ لە سەبك و شێوەی تاکە کەس و تایبەتیدایە. سەرچاوە و ڕیشەی ئەم ئاڵ و گۆڕە، گشتی و چینایەتیە و بە بێ گەڕانەوە بۆ مێژووی تێکهەڵچون و دژایەتیە چینایتیەکان، شیاوی بەیان کردن نیە. لەم رووەوە بابەتی سەبك شناسی لەڕاستی دا ژێرمەجمووعەی کۆمەڵناسی هونەری‌یە و بەبێ سەرنجدان بە ئاڵ و گۆڕە کۆمەڵایەتیەکان، لێکدانەوەی کارێکی نەشیاوە. هۆی ئەوەی کە سەبك شناسی لە سەدەکانی ڕابردوودا کارێکی ئەتۆی لە دەست نەهاتوە ئەمەیە کە پێشینیان ئاورێکی وایان لە لایەنە کۆمەڵایتیەکانی سەبك و شێوەکارەکان نەداوەتەوە و ناچارەن بۆ دەربڕینی جیاوازی نێوان سەبکی کەس و سەردەمەکان، دەستەواژەگەلێکی وەك( ئیلهام) (موهیبەت) و (نبوغ) یان، کە چەمك گەلێکی گوماناوی و هەلێنجراون و نازانستین، بە کار دێنا.

لە سەردەمی ئێستا دا سەبك شناسی هێشتا نە چۆتە چوارچێوەیەکی نیزام مەندی زانستی یەوە و خاوەن ڕەوشێکی توێژینەوەی دیاری کراو نیە. هۆیەکەشی ئەوەیە کە لە لایەکەوە سەبك شناسی بەرین ترین و ئاڵۆزترین شاخەی کۆمەڵناسی هونەری یە و مەفهومی سەبکیش توخم گەلێکی ڕواڵەتی و مەعنەوی زۆر لەخۆ دەگرێ. لە لایەکی دیکەشەوە کۆمەڵناسی هونەری، بە هۆی مەودایەکی کە لە ژیانی بەکردەوەی گرتوە، بە ڕادەی باقی شاخەکانی دیکەی کۆمەڵناسی گەشەی نەکردوە و یەجگار زۆر تازەیە.

لەسەدەی ئێمە دا کۆمەلێك لە توێژەران هەوڵیان داوە بۆ دۆزینەوەی ڕیشە کۆمەڵایەتیەکانی هونەر و دانش لە ڕەوشە زانستیەکان کەڵك وەرگرن و لە ئاکامیشدا ژمارەیەك لەو دانش مەندانە توانیان هەنگاوی زۆر باش، لەم پێناوەدا، بنێن. بەڵام ئەمەش هێشتا نەیتوانیوە ببێتە هۆی بەدیهاتنی ڕێبازێك بۆ ڕێکخستنی نەزەریەیەکی زانستی کامڵ سەبارەت بە سەبك شناسی.

ئێستا ئێمە لە سەردەمێك دا دەژین کە سەف بەندیە چینایەتیەکان بەتەواوی شەفاف بوونەتەوە و چینی دەسەڵاتدار، واتە ئەو کەمینە مفتەخۆرەی کۆمەڵگا، کە گشت کەرەسە و ئامرازەکانی خستۆتە خزمەت بەر ژەوەندیەکانی خۆیەوە. و بە هەموو شێوەیەك دەیەوێ و لە هەوڵدایە ئەو بەشەش لە هونەر، کە سەر بە چینی ژێردەستی کۆمەڵگایە و ڕەگەیەکی لە سەرکێشی تێداماوە، ڕام بکات و بە نێوئاخنکردنی فەزایەك لە بێ هیوایی و خورافە و گۆشەگیری، لە ناوەرۆکە ناڕازی و سەرکێشە کەی داتەکێنێ، و چینی بەرهەمهێن واتە کرێکاران و زەحمەتکێشان و کۆمەڵانی زۆرلێکراوی کۆیلەی نەزمی سەرمایە لەم چەکەی بێبەش بکات و بەم کارەی هەنگاوێکی تر خۆی و دەسەڵاتەکەی لە هەڵدێری نەمان دوورتر بخاتەوە.

***

# "مافی سەرەتایی، ئازادی بیرو ڕا دەربڕین"

(کورت کراوەی سوخەنڕانیەکی بارام ڕەحمانی یە بۆ ڕێزگرتن لە یادی گیانبەختکردوانی رێگای ئازادی و ئەندیشە و ڕادەربڕین دا)

ورگێرانی شۆرش محەمەدی



ئەو بابەتەی کە لە ژێرەوە دیخوێننەوە بە شێکە لەو سوخەنرانیەی کە بۆ رێورەسمی کانونی نوسەرانی ئیران (لە تاراوگە) لە یادی گیانبەختکردوانی رێگای ئازادی و ئەندێشە و قەڵەم، لە ئێستێکهۆلم (26ی ئوتی 2006) ئامادە کرابوو.

کۆمەڵگای ئێمە، لە سەد ساڵی ڕابوردودا 3 دەیەی کورتی بۆ خۆوەدەرخستنی بوونی فەرهەنگی، سیاسی، کۆمەڵایەتی لە فەزایەکی تا ڕادەیەك کراوەی سیاسی دا بەخۆوە بینیوە.

کۆمەڵگای ئیران، لە شۆرشی مەشروتەدا تەکانێکی خوارد و ویست و داخوازی ئابوری، سیاسی، کۆمەڵایەتی لە بەرژەوەندی زۆرینەی کۆمەڵگادا خرایە روو. نوسەران، روژنامەوانان، رێکخراوە دیمۆکراتیك و حیزبەکان تا ڕادەیەك هەستیان بە فەزایەکی کراوەی سیاسی و کۆمەلایەتی کرد. بەڵام بە دوای کودتای ڕەزاخان دا، هەموی دەسکەوتەکانی شۆرشی مەشروتە لە ناو چون. زیندانەکان پڕ بوون لە زیندانی سیاسی. خەفەقان و سانسۆر کەوتە گەڕ. دوای کۆتایی هاتنی شەری دوهەمی جیهانی لایەنی دژی هاوپەیمانان، رەزاخانیان بە هۆی هاوکاری کردن لە گەل هیتڵ بەر کەنار کرد و کوڕەکەی، حەمەرەزاشایان، لە سەر کورسی دەسەلاٹ دانا. لەو نێوەندەدا زیندانیانی سیاسی ئازاد کران. سانسۆر و خەفەقان کەم بۆوە. بەڵام بە دوای کودتای 28ی موردادی 1332، وەها خەفەقانیك زاڵ بوو بە سەر کۆمەلگای ئیران دا کە تا شۆرشی 1357ی خەڵکی ئێران درێژەی هەبوو.

لە دەورانی دەسەلاتداری پەهلەوی دا، نوسەران و رۆژنامەوانان بە سەختی لە ژێر گوشاری دا بون. تەنانەت کەسانێکی وەك سور ئیسرافیل، میرزادە عەشقی، فەروخی یەزدی، مەحەمەد مەسعود، ئەمیر موختار کەریم شیرازی، سەمەد بێهرنگی، گوڵسورخی و ژومارەیەکی یەکجار زۆر لە هەلسوراوانی سیاسی، لە لایەن ئەو حکومەتەوە کوژران.

بەو پێشەکی یەوە، قسەو باسەکە بە گێرانەوەی قسەیەکی نەمر ئەحمەد شاملو درێژە پێدەدەم. ئەحمەد شاملو دەسبەجێ دوای روخانی دەسەلاتی دیکتاتوری شا، بە تێگەیشتن لە دەورو نەقشی ڕەشی بۆچونی مەزهەبی لە مێژوی ئێران دا، لە لێکدانەوەیکی کورت دا کە لە پێشەکی یەکەمین ژومارەی کتێبی جومعە، 4ی موردادی 58، لە ژێر ناوی "یەکەمین دەفتەر..." دا هاتوە ئاسۆ و داهاتوی کۆمەلگای ئیرانی بە رەش وتاریك ناو لێبردوە. شاملو نوسی: (رۆژهایەکی ڕەشمان لە پێشە، دەورانێکی پر لە گەرانەوە کە ئەگەرچی مەنتقی بۆی بأوانی ناتوانیٚ

تەمەنێکی درێژی هەبێت، هەر لە ئیستاوە ناوەندی رەشی خۆی ئاشکرا کردوەو دامەزرانی دەسەلاتداریەتی خوێ لە سەر لاپەرەیەك لە رەتکردنەوەی دیمۆکراسی، ڕەتکردنەوەی نەتەوە و ڕەتکردنەوەی دەسکەوتەکانی مەدەنیەت و فەرهەنگ و هوذەردا دەدۆزیتەوە.

...کەوایە یەکەمین ئامانجی سەربازی کە ئیستا تێدەکوشێ کۆلەکەکانی هێزی خۆی بە ئاگر تێبەردانی کتێبخانەکان و هێرشی ئاشکرا بۆ سەر هەستە چالاکە هونەریەکان و دەستدرێژی ئاشکرا بۆ سەر ناوەندەکانی فەرهەنگی پتەو بکات، کوشت و کوشتاری هەمو بیرمەند و ئازادیخوازانی کۆمەلگایە.

... بەلام رێسالەتی مێژویی روناکبیران بە دوای شوینێکی ئەمنەوە بون هەلناگرێ. هەر هاورێك رونکردنەویەکە. کە وابوو لە حەنجەرە خوێناویەکەی خومانەوە هاوار بەرز دەکەینەوە و دوپات بونەوەی باهۆز رادەگەیەنین.

سوپای کفن پۆشی روناکبیری خۆ بە بەرپرس زان لە شەرێکی نابەرابەر دا هاتوتە مەیدان. لێگەرین با زەرەرێك کە وا لەوە ئەچێت، هێماگەلێك بێت لە هەرەشە کردن لە هێرشێك کە تەواوی دەسکەوتە فەرهەنگی و مەدەنیەکانی جەماوەری دانیشتوی ئەم ناوچە جوغرافیایی یە لە مەترسی پەلاماری ئەودان.)

بەم جۆرە، ئەحمەد شاملوئەو شاعیرە بەتوانا و ئازادی خوازە، بە لێکدانەوەگەلێکی قوڵ و هەمەلایەنەی سیاسی، کومەلایەتی و فەرهەنگی، کاریگەر و ئایەندە بین بوو. مروڤی روناکبیر وسیاسەتمەدار راستیەکانی رۆژی کۆمەلگا دەبینێ و بە پێی ئەوە ئاسوو داهاتویەکی رون و بێ غەل و غەش لە بەرامبەر کۆمەلگا دادەنێ.

لە ڕاستی دا روناکبیرێکی وەك شاملو، بیر دەکاتەوە و سەلماندویەتی کە: "ریسالەتی مێژویی روناکبیران بە دوای شوێنێکی ئەمنەوە بون هەڵناگرێ. هەر هاوارێك ڕونکرنەوەیەکە." بە دلخواز و لە روی تێگەیشتنەوە لە ریکخراوە دێموکراتیکەکان بە تایبەت لە کانونی نوسەرانی ئێران لە ناوەوەی ولات و کانونی نوسەرانی ئێران (لە تاروەگە) و.... دەورو نەقشێکی چالاکانەی دەبێت و لە کەش و هوایەکی دیمۆکراتیك و بە دور لە هەر جۆرە بیرتەسکی و بیرێکی سێکتاریستی خۆبەزلزانین ڕوو دەکاتە کارێ بو کۆمەڵ، تا بۆ بەرگری کردن لە ئازادی ئەندیشە و قەڵەم، ڕادەربرین، تەشەککول و داکۆکی کردن لە مافە دێموکراتیك و ئینسانیەکانی خەلکی ئازادی خواز و چەوساوە، هەنگاوهایەکی کاریگەر هەلبگرێت.

کۆمەلگای ئێمە، وەك دەلێن هێشتا لە چالی دەسەلاتی دیکتاتۆری شا دەرناهتبۆوە، کەوتە ناو چاڵی حکومەتی ئسلامیەوە. چالێکی قولێ کە لە ماوەی 28 ساڵەی دەسەلاتی کۆماری ئیسلامی، وەك دێوەزمەیەك هەروا ئینسانەکان دەستە دەستە قوت دەدات.

حکومەتی کۆماری ئسلامی، لە رۆژەکانی سەرەتای شورش دا ژومارەیەك لە ژنراڵەکان و ساواکیەکان و ئەمیر عەباسی هوەیدا، سەرۆك وەزیری حکومەتی روخاوی لە سێدارە دا. بەڵام ئەو حکومەتە کاتێك کە بەرەورووی نارەزایەتی شێلگێرانەی کۆمەلگا لە مەڕ قەدەغە کردنی لە سێدارەدان نەبۆوە، زۆری پێنەچو کە رادەی لە سێدارەدانەکانیان هەرچی زیاتر بەربلاو کردو زۆریەك لە شۆرشگێرانی راستەقینە و مروڤە نارازی و سێکۆلارو چەپ و ئازادی خوازەکانیان بەرەو دارەکانی ئێعدام برد.

هەڵبەت لەو نێوانەدا دەبێ خەلکی ئازادی خوازی کوردستان جیا بکەینەوە کە هەر لە سەرەتای شوڕشەوە، لە بەرامبەر ملهوڕیەکانی کۆماری ئیسلامی و دەست و پەیوەندەکانی دا ویستان و تەنانەت ریفراندۆمی درۆینەی "کۆماری ئیسلامی ئا یا نا" یان بە گشتی تەحریم کرد و دەنگیان پێ نەدا.

لە هەر شێوەیەك دا ئەگەر ئێمە لە کاتی بەستنی دانشگاکان دا لە ژێر ناوی "شۆرشی فەرهەنگی"، لە کاتی هێرش کردن بۆ سەر تورکمەن سەحرا، هێرش بۆ سەر کوردستان، هێرش بۆ سەر ژنان، هێرش کردن بۆ سەر نوسینگەی رێکخراوە سیاسی یەکان، رێکخراوەکانی کرێکاران و کۆبونەوەکان، دەرژاینە سەر شەقام و درێژەمان دابا بە پەناگرتن و مانگرتن و نارەزایەتی دەربرینەکانی خۆمان لە ئاستی کۆمەلایەتی دا، رەنگ بوو کۆمەلگای ئیمە ئەمروکە توشی ئەم رۆژ رەشی یە نەهاتبایە. زۆربەی ئەو ریکخراوە چەپ و ڕاستانەی کە لە سەرەتای شۆرش دا ناوبانگیان هەبوو، وەها سەرقالی بەشدار بوون لە دەسەلات دا بوون کە نە تەنیا هیچ

بایەخێکیان نەدەدا بەم جەنایەتە سامناکانە لە کۆمەلگادا، بەلکولە بەهێز کردنی کۆماری ئیسلامیش دا دەورو نەقشیکی گرینگیان نواند.

کاتێك کە خوێندکارانی "خەتی ئیمام" باڵوێزخانەی ئەمریکایان لە تاران گەمارۆ داو فەرمانبەرەکانیان بە بارمتە گرت، حێزب و ریکخراوە چەپەکانی ئەم قوناغە تەنیا لە روانگەی "دژی ئیمپریالیستی" یەوە ئەوەیان پەسەند کردو وەشوێن سیاسەتە دژی ئینسانی یەکانی ئیمامی "دژی ئیمپریالیست" کەوتن. ئەمە راستیە تاڵەکانی کومەڵگای ئێمەیە کە پاساو ناکرێ و ئیستایش هەر هەیە. ئیمە دەبێ لە مێژوو دەرس وەرگرین، جگە لەمەبێت دوپات بونەوەی ڕووداوە تاڵەکانی مێژوو بەریان پێناگیرێ.

لە گۆرانکاری یە کۆمەلایەتیەکان دا ئەوە حێزب و رێکخراوە و نوسەران و رۆژنامەنوس و ناوەندە دیمۆکراتیکیە فەرهەنگی و کۆمەڵایەتیەکانن کە ئاڕاستەی وشیار کردنەوە و جم و جۆڵەکانی خۆڕسکی خەڵك بەرەو مەسیری بزوتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی وشیار و ئامانج داری دیمۆکراتیك و سێکولار دەبەن.

بەم جۆرە، کوماری ئیسلامی لە سالەکانی سەرەتای شورشی 57دا بۆ سەقام گیر کردنی دەسەلاتی خوێ، دڕندەترین و بێ بەزیی یانەترین شێوەکانی بەکار هێنا. حیزبە سیاسیەکان، ریکخراوە کرێکاری یەکان، ریکخراوەکانی ژنان، ریکخراوەی خوێندکاران، کانونی نوسەران، رۆژنامەنوسان و هتدیان یەك لە دوای یەك هەڵوەشاندەوە و هەڵسورانی ئەوانیان خستە ژێر بەدوادا چونی پۆلیسەوە. رۆژنامەکانی داخست. پێنوسەکانی شکاند. زارەکانی بەست. کەش و هەوایەکی دروست کرد کە بە قەولی شاملو: "بۆن بە زارتەوە دەکەن کە نەکاو وتبێتت خوشم ئەوێی". لێروە ئاماژە بە چەند نمونە لەو ڕووداوە ناخۆشانەی کە کۆمەلگای ئێران لە دەورانی دەسەلاتداریەتی رەشی کۆماری ئیسلامی دا تێپەری کردوە دەکەین.

27ی رەشمەی سالی 1360 پاسدارانی کۆماری ئیسلامی، سەعیدی سوڵتان پوریان لە شەوی زەماوەندەکەی دا رفاند و شەست و سێ رۆژ ئەشکەنجەیان دا. پاشان لە بەرە بەیانی یەکەمین رۆژی مانگی پوشپەردا تیربارانیان کرد. سەعید، نوسەر، شاعیر و دەرهێنەری شانۆ و چالاکێکی سیاسی کۆمۆنیست بوو. قوڵبەست کردن و دواتر لە سێدارە دانی سەعید، بەتایبەت زەنگێکی مەترسی دار بوو بۆ رۆناکبیرانی سێکولار و چەپی کومەلگای ئێمە. لە نێوان ساڵەکانی 60 تا 62 دەستە دەستە لە زیندانیانی سیاسیان لە سێدارەدا.

خەڵخاڵی لە بەرانبەر پارانەوەی دایکێك دا کە سزای لە سێدارەدانی بۆ کورە 18 سال تەمەنەکەی بریبۆوە وتی: ئەگەر کورەکەت تاوانێکی نەکردبێت ئەچێت بۆ بەهەشت، کە وابوو ئیوە نیگەران مەبن. ئەو لاوەیان ئەوندە ئەشکنجە دابوو کە بە برانکارد هێنایان بۆ مەیدانی تیر.

رێبەرانی کوماری ئیسلامی، چوارچێوەی جەنایەتەکانی خۆیان پەرە پێدا و گاردی تایبەتی تیرۆریستیان بۆ تیرۆر کردنی نەیارانی خۆیان لە ناوەوەو لە دەرەوی ولات ڕاهێنا و رێکیان خست. تا ئستایش سەدان کەس لە نەیارانی کۆماری ئیسلامی لە لایەن ئەم گاردە تایبەتەوە کوژراون.

کۆتایی هاتنی شەری ماڵوێرانکەری 8سەڵەی ئێران و عێراق خۆشحاڵی خەلکی بەدواوە بو، وە سروشتی بوو کە کریکاران لە ماوەی 8سال شەردا، نەیانتوانی بوو ویست و داخوازیە ئابوری، سیاسی، فەرهەنگیەکانی خوێان دەربرن و کۆتایی هاتنی شەر هەلێك بوو تا ئەو داخوازیانە گەڵاڵە بکەن. کارناس و تێئوریسیەنەکانی کۆماری ئیسلامی، پێش بینی سەرهەڵدانی نارەزایەتیە کۆمەڵایەتیەکانیان دەکرد و یان دەبوا لە بەرامبەری دا پاشەکشەیان کردبا. یان سەرکوتی بکەن کە کۆماری ئیسلامی سەرکوتی هەلبژارد. زۆریەك لە هەڵسوراوانی سیاسی، تەنانەت زیندانیە ئازاد کراوەکانیشیان سەرلە نوێ گرتەوە و لە کردەویەکی وەحشیانەدا کارەساتی ئینسانی کوشت و کوشتاری زیندانیانی سیاسی لە هاوینی 1367 خستە قۆناغی جێبەجێ کردنەوە. لەو کاتەدا رۆژنامەنوسێکی ئالمانی نوسیبوی کە حکومەتی ئێران دەورووبەری 23 هەزار کەسی لە ماوەیەکی کەم دا لە سێدارە داوە. بەڵام سەرەڕای نوسینی بیرەوەری و بابەتگەلێکی زۆر لەم بارەدا هێشتا راستیەکانی پشتی پەردەی ئەم کارەساتە نەدرکاوە. لە دەورەی سەرۆك کۆماری رەفسەنجانی و

فەلاحیانی وەزیری ئیتلاعات (ئێستخبارات)دا بە پەرەپێدانی تیرۆر، سانسوڕ و خەفەقان، روداوهایەکی تاڵ روناکبیرانی گرتەوە و لە دەورانی سەروک کوماری خاتمی و یونسی وەزیری ئیتلاعاتیش دا بەو پەری خۆی گەیشت. نامەیەك لە ژێر ناوی "ئێمە نوسەرین" لە لایەن ژومارەیەك لە نوسەران رو بە سەروك کوماری ئەو کات بلاو کرایەوە و 134 کەس لە نوسەرانی ئێران ئەویان ئیمزا کردبو، دواتر بە دەقی "134 نوسەر" ناسرا. دوای بلاو کردنەوەی ئەو نامەیە، روداوی زۆر ناخوش و دڵتەزێن روی دا کە بە دوای ئەودا ژومارەیەك لەو کەسانەی کە نامەکەیان ئێمزا کردبو کوژران یان لە وانە بوو بکوژرێن و یان ناچار کران وڵات بە جێ بهێڵن.

لە 6ی سەرماوەزی سالی 1373دا مردنی سەعیدی سیرجانی ڕاگەیندرا، لە روژی 2ی خەزڵوەری 1374دا ئەحمەدی میر علایی کوژرا. 17ی گەلاوێژی 1375 تاقمێك هەولیان دا کە ئوتوبوسی هەلگری 21 کەس لە نوسەرانی ئێران، کە لە لایەن یەکیتی نوسەرانی ئەرمەنستانەوە بانگهێشت کرابوون و دچون بۆ ئەوێ، لە شیوێك بخەنەخوارەوە و ئەویش وەك کەوتنە خوارێکی سروشتی بنوێنن، بەڵام وشیاری نوسەران ویان رەنگە کەمتەرخەمی شوفێری ئوتوبوسەکە، کە یەکێك لە بەرێوەبەرانی پیلانەکە بوو و زوتر خوێ خستە خوارەوە، نەیٚ هێشت کە پیلانەکە بەرێوە بچێت. ماویەکی بەسەر نەچو کە بو زۆربەی نوسەران رون بووە کە گەلاڵەی داریژەرانی ئەو پلانە کەسانێکی پلە بەرز لە وەزارەتی ئیتلاعات وەك "هاشمی" یان "موسەوی"، (موستەفا کازمی) و "ئیسلامی"(سەعیدی ئیمامی) بون. لە 20ی خەزەلوەری سالی 1375دا غەفاری حوسینی کوژرا. 24ی مانگی بەفرانباری 1375 تەرمی دوکتور ئەحمەدی تەفەزولی دوزرایەوە.

5ی ڕەشەممەی 1374 ئیبراهیمی زاڵ زادە، رۆژنامەنوس و یەکێك لە هەڵسوڕاوانی بلاو کردنەوەی کتێب لە ئێران بێ سەرو شوێن بوو. لە 9ی خاکەلیوەی سالی 1375دا تەرمی زال زادە لە بافت ئابادی تاران دۆزرایەوە.

بە دوای هەڵبژاردنی سەرۆك کوماری لە 2ی جۆزەردانی 1376دا، و بە هەڵبژاردنی خاتەمی، ئەو وەهمەی بۆ هێندێ لە رێکخراوو کەسایەتیە کۆمەلایەتی و فەرهەنگیەکان لە ناوەو دەرەوەی وڵات هاتە پێشی کە بارودۆخ بەرەو ئارامی دەروات. لە حالێکدا کە خاتمی یەکێك لە سیا کارنامەکانی کۆماری ئیسلامی بوو، و لە ژێر ناوی وەزیری فەرهەنگ و ئیرشادی ئیسلامی، گەلاڵەی هەوێر کردنی کتێبەکان و سانسۆڕی سەر ڕاگەیاندنەکان و هتدی خستە قوناغی جێبەجێ کردنەوە. سەید محەمەدی خاتمی، لە کتێبێك دا لە ژێر ناوی "بیم موج" واتە ترسی شەپۆل. کە کۆمەلە وتارەکانیەتی، سەبارەت بە نوسەرانی سێکولار ئاوای نوسیوە: "کۆمەلگای ئیمە کۆمەلگایەکی دینیە و سروشتیە ئەو بێ دینانەی کە بە ئدعای روناکبیری دەکەن" لەو کۆمەلگایەدا پێگەو لە دڵی خەلك دا هیچ جێەکیان نابێت و نەشیانبوە...، رونکاییری بێ دین بێ هەویت بزانی و یان نەزانێ، ئاو دەکاتە ئاشی دوژمنەوە، دوژمنێك کە نەیاری سەربەخۆیی ئیمەیەو دوژمنایەتی هەیە لە گەڵ کلتوری بنچینەیی و دیندارى و ئازادی خوازی ئەم میلتە، و ئیستاش بە بڕوای من روناکبیری بێ دین بە مەترسیەکی جیددی نایەتە ئەژمار ئەگەر چی لەوانەیە شوێن پێی دوژمن و کەلێنیك بۆ رەخنەی ئەو لە کۆمەلگا دا بێت".

مانگی سەرماوەزی 1377 وەك یەکێك لە ڕەشترین مانگەکان لە کارنامەی کۆماری ئیسلامی دا تۆمار کراوە. لەو مانگەدا دەست و پێوەندەکانی وەزارەتی ئیتلاعاتی کۆماری ئیسلامی، دوای ئەوەی کە نوسەرانیان دەڕفاند، لە ژێر ئەشکەنجەدا دەیان کوشتن تەرمەکانیشیان لە گۆشەیەك فڕێ دەدا.

رۆژی سێ شەممە 3ی خەرمانان، بێروزی دەوانی لە تاران بێ سەرو شوین بوو، و ئیستاش رون نەبوەتەوە کە چی بەسەر هات.

1ی ڕەزبەری سالی 1377 حەمیدی حاجی زادە، شاعرێکی دانیشتوی کرمان هاورێ لە گەڵ کورە 10 سالەکەی "کارون" بە زبری چەقۆ کوژران.

دوکتور مەجیدی شەریفیش، نوسەر و وەرگێر، لە بەرە بەیانی رۆژی پێنج شەممە 28ی خەزەلوەردا بێ سەرو شوێن بو. تەرمی مەجیدی شەریف رۆژی چوارشەممە 4ی

سەرماوەز لە پزشکی یاسایی لە لایەن بنەماڵە کەیەوە شناسایی کرا.

ڕۆژی دوشەممە 2ی سەرماوەزی ساڵی 1337 هەوالی کوژرانی داریوشی فروهەر و هاوسەرەکەی پەروانە ئەسکەندەری لە ڕاگەینەرەکانەوە بڵاو کرایەوە. ئەوان بە شێوەیەکی زۆر دڕندانە و نائینسانی بە زەبری چەقۆ کوژرا بوون، بە چەقۆ 26 کەرەت سینگی فروهەر و 25 کەرەت لەشی هاوسەرەکەیان ئەنجنیبو.


محەمەد موختاری

ڕوژی چوارشــــەممە 18 سەرماوەز تەرمی موحەمـەد موختـاری شـــاعیر، نوســــەر و وەرگێـــر لـــە لایـــەن کوأەکەیـــــەوە لـــــە پزشـــکی یاســــایی ناســـــــــــــرایەوە. موختـــاری لـــە ڕوژی 12ی سـەرماوەزەوە بـێ سـەرو شـوێن بـوو. موختـاری لـە یـەکێك لـە شـیعرەکانی دا نوسیبوی: "گـەجێکی سپی لـە دیوارێکی قەڵەشیو دەخریتە خوارەوە و

پێستم کۆ دەکەمەوە تا چاو لە پشت پەنجەرە کەم و

مالاناوییی لە دوایین مانگ بکەم

ئەستیرەیەك بکەویتە سەر شەقام

خەتێکی سپیش لە ناوەڕاستیەوە تێپەر بێت".

ڕۆژی 18ی سەرماوەز موحەممەد جەعفەر پویەندە یەکێکی تر لە نوسەران و وەرگیرانی کارامەی ئیران دوای چونەدەروە لە شوێنی کارەکەی لە شەقامی ئێران شاربێ سەروشوێن دەبێت و هیچ کات ناگاتەوە ماڵێ. هاوسەری پویەندە دوای بێ سەرو شوێن بونی ئەو لە نامەیەك دا، داوا لە سەروك کۆمار دەکات تا لە دۆزینەوەی ئەودا یارمەتی بدات. بەڵام تەرمی پویەندە ڕوژی 21ی سەرماوەز لە بادامەکی شەهریار دوزرایەوە. پویەندە لە دوایین وتووێژێکدا کە لەگەڵی کراوە وتویەتی: "نوسەر دەبێ باری دوو بەرپرسایەتی گەورە کە هەوێنی گەورەیی کارەکەیەتی بگرێتە ئەستو: خزمەتگوزاری حەقیقەت و حەقیقەت گوزاری ئازادی. دەبێ ڕێز بگرێ لە شەرەف هونەرمەند...." پویەندە کومەڵناس، نوسەرو وەرگێر هەمو تەمەنی خوێ دانابۆ ڕێز گرتن لە کەرامەتی ئینسانی و ئازادی، بەرهەمی خزمەتگوزاری بە حەقیقەت و ئازادی، وەرگێرانی زیاتر لە 20 کتێت لە نوسەرانێکی وەك بالزاك، باختین، گوڵدمەن، لوکاچ، هورکهایم.... و ورگێرانی ڕاگەیاندنی جیهانی ماڤ مروڤ "هەرکەسێك ماڤ ژیان، ئازادی و ئەمنیەتی تاکە کەسی هەیە!"

نوسەرانێکی گەوەی جیهان وەك هاروڵدپنیتێر، بورگێن، ئالێن تورن، ئارتور میلێر، و سەدان نوسەر و هونەرمەندی تر لە سەرانسەری جیهانەوە لە پەیوەندی لە گەل هەرشە و کوشت و کوشتاری نوسەران بەرامبەر بە کۆماری ئیسلامی نارەزایەتی یان دەربری.

نارەزایەتیهایەکی بەربلاو لە ناوەو دەرەوەی ولات لە دژی کوماری ئیسلامی وەرێ کەوت تا ئەوەی کە لە کوتایی دا و لەروژی 11 بەفرانباری سالی 1377دا، وەزارەتی ئیتلاعاتی کۆماری ئیسلامی بە دەرکردنی ڕاگەیاندنێك دانی دانا بە سەر ئەو تێرورانەدا کە لە ئێران کراون. بەلام لەو ڕاگەیاندنەیش دا هەوڵیان دا ئەم جنایەتە وەك ڕوشاندنی سیمای "نیزام" بنوێنن.

30 جوزەردانی 1378 ڕاگەیەندرا کە سەعید ئیمامی، یەکێك لە سەبب کارانی کوشتارەکان، ڕوژی ڕابووردو (شەممە1378/03/29) لە کاتی حمام کردن لە زیندان بە خواردنی دەرمانی خاوێنکەرەوە خوێ کوشتوە.

دواتر هێندێ لە کارناسان و هەوەها پارێزەرانی بنامەلەکانی فروهەر، موختاری و پویەندە، دوای لێکولینەوە ڕایانگەیاند کە ئەو دەرمانی خاوێن کردنەوەیە کە لە ئێران دا لە لایەن زیندانیانەوە کەڵکی لێ وەردەگیرێ بێ بەریە لە ئایسیك و هەر بویە زۆر مەترسی دار نیە.

ڕوژی 15 پوشپەڕی 1378 ڕوژنامەی سلام لە پێوەندی لە گەل گەلالەی چاك سازی لە یاسای ڕاگێنەرەکان دا سەنەدێکی بلاو کردەوە کە دەێسەلماند کە دارێژەری ئەم گەلاڵەیە سەعید ئیمامی بووە. ئەو نامەیە نیشانی دا کە سەعیدی ئیمامی لە چەند مانگ لەمەو بەرەوە پێشنیاری ئەو گەلاڵەیەی خستبوە بەر دەم وزیری ئتلاعاتەوە.

ڕوژی 16ی پوشپەر مەجلیس لە کوبوونەوەیکدا گەلالەی چاك سازی یاسای ڕاگەینەرەکانی پەسەند کرد.

دوانیوەرۆی هەر ئەو رۆژە و دوای پەسەن کردنی ئەو گەلاڵەیە، رۆژنامەی سەلام بە حوکمی دادگای تایبەتی روحانیەت بە هۆی بو کردنەوەی نامەی سەربەستراووی سەعیدئیمامی داخرا.

ژومارەیەك لە خوێندکارانی زانکۆ، لە نارەزایەتی دەربرین بە داخستنی رۆژنامەی سەلام، رۆژی پێنج شەممە 17ی پوشپەر سەعات 9ی شەو لە کوی دانشگا کۆبونەوە و لە شەقامی کارگەرەوە تا نزیك گەورە رێی شەهیدی گومنام دەستیان دایە خۆپیشاندان و دروشمگەلێکیان لە دژی پەسەندکردنی گەلاڵەی چاکسازی لە یاسای راگەیەنەرەکان دا بەرز کردەوە. هەندێ لە دروشمەکان بەم شێوەیە بوون. "ئازادی راگەیاندن، سلامەتی کومەلگا، گەشەی سیاسی، پێویستی کومەڵگا، گەلاڵەی سەعیدی ئیمامی ئەبێ هەڵبوەشێتەوە، پیلان و جەنایەت دەبێ لەقاو بدرێت"، "ئازادی بیروڕا، هەمیشە، هەمیشە" و....

روژی 18ی پوشپەر لە بەرە بەیانداو کاتێك خوێندکاران لە خەو هەلنەستابون، هێزەکانی ئینتزامی هاورێ لە گەڵ "ئەنساری حێزبوللا" هێرشیان کردە سەر شوێنی پشوی ئەوان و بە کوتەك درگاکانیان شکاند. گازی فرمێسك رێژیان فرێ دایە ناو ژوورەکانیان. خوێندکارانیان لە پەنجەرەکانی سەرەوە فرێ دایە خوارێ. لە ئاکامی ئەو هێرشەدا سەدان کەس بریندار بوون و بە پێی ئەو ئامارەانەی کە بڵاو کرانەوە کەسێك لە خوێندکاران بەناوی عێزەتوللای ئیبراهیم نژاد کوژرا. ئەو هێرشە بو بە هوی کاردانەوی توندو تێژی خوێنکاران و ئاستی نارەزایەتیەکانی ئەوان لە روژەکانی 19و 20و 21و 22ی پوشپەر کێشرایە سەر شەقامەکان. هێزەکانی ئینتزامی بە دەستوری خودی رەێبەری کوماری ئیسلامی، بە توند ترین شێوە ئەم جموجولەیان سەرکوت کرد. لە زانکوی تەورێزیش خوێندکاران مانیان گرت و لەو زانکویە چەند خوێندکارێك کوژراو چەند خوێنکارێکیش بریندار بون.

بەم شێوەیە، هێرشی گاردی شاهەنشاهی لە 16ی سەرماوەزی سالی 1332دا بو سەر زانکوی تاران کە بو بە هۆی کوژرانی 3 کەس لە خوێندکاران، لە 18ی پوشپەری سالی 1378دا بە هێرشی هێزەکانی تایبەتی کۆماری ئیسلامی هەر بۆ سەر ئەو زانکۆیە دوپات بووە. ئەم رواداوە بە رونی نیشان دەدات کە شاو شیخ لە کردەوی دیکتاتوری و نەیاری لە گەل عیلم و زانست و وشیاری دا سیاسەتێکی هاو شێوەیان هەیە.

بە پێی وتەی وەزارەتی ئێتلاعاتی کۆماری ئێسلامی، زیاتر لە 1200 کەس لە نارەزایەتیەکان دا دەستگیر کران. هەندێ لە دەستگیر کراوەکانی ئەم روداوە، وەك مەنوچێهری موحەمەدی و باتبی و کەسانێکی تر هێشتا لە زیندان دان. ئەکبەر مەحەمدی یەکێك لە دەستگیر کراوەکانی ئەم جم و جۆڵە لەم دواییەدا لە ژێر ئەشکەنجەدا گیانی لە دەست دا.

رۆژی 5ی گولانی 1379 دادگوستەری (وەزارەتی داد) ئوستانی تاران لە کردەوەیەکی کەم وێنەدا 12 رۆژنامەی داخست. لە بەشێك ل راگەیاندنەکەی وەزارەتی داد دا هاتوە "بەهۆی بەردەوام بونی بلاوکرانەوەی بابەتگەلێك لە دژی بنەما و حوکمە نورانی و پێروزەکانی مەزهەبی نەتەوەی شەریفی ئیران و بنەماکانی نیزامی پیرۆزی کۆماری ئیسلامی درێژەی بلاوکردنەوەی 12 رۆژنامە بەری پێگیرا."

رێکخراوەی هەوالنێری بێ سنور، رێبەری کۆماری ئیسلامی بە لەحنێکی توندو تێژ ئیدانە کرد. رێکخراوی هەوالنێرانی بێ سنور، جەختی کردەوە کە سەید عەلی خامنەیی، یەکێك لەو 22 دوژمنە ناسراوانەی ئازادی راگەیەنەرەکانە کە لە ئاستی دونیا دا ناسراون.

لە راستی دا و لە دەسلاتداری کۆماری ئیسلامی دا 2جۆر سانسۆرمان هەیە، یەکەم سانسۆری رەسمی کە دەسەلات جێبەجێی دەکات. دوهەم، سانسورێکە کە نوسەر بە هوی ترس و خوفێك کە زاڵە بە سەر کۆمەلگا دا، بەرهەمەکەی بە نا بە دڵی سانسۆر دەکات، سانسۆری دوهەم توندتر لە سانسۆری یەکەم، گیان و روحی نوسەر ئازار دەدات و لە گەشەی توانایی و داهێنەریەکانی بەرگری دەکات.

تا ئەو جێگەیەی کە هەلدەگەرێتەوە سەر قەتڵە زەنجیریەکان، هەموو دەستگیر کراوەکان ئازاد کران و کۆماری ئیسلامی بە مەیلی خۆی ئەو پەروەندەیەی بە کۆتایی هاتوو راگەیاند، بەلام راستیەکەی ئەوەیە کە ئەو پەروەندەیەش وەك هەموو پروەندە جەنایەتکاریەکانی کۆماری ئیسلامی لە لای خەلك کراوەیە.

ناسر زەرئەفشان بە لە خۆ بردویەکی بێ وێنەوە پارێزەری بنەماڵەی قەتلە زنجیریەکانی وەئەستۆ گرت. هەر لە سەرەتاوە بۆ خودی زەرئەفشان و بەشی وشیاری کۆمەلگا رون و ئاشکرا بوو کە ئەو بەو کردەوە بوێرانەیەی هێڵە سورەکانی حکومەتی بەزاندوە و پێی ناوەتە مەیدانی خەباتێکی مەترسی دارەوە. زەرئەفشان بە هۆی راست بێژی و بیری ئازادی دەستگیر و روانەی زیندان کرا.

بێ گومان، لە بەرامبەر ئەو هەموو وەحشیگەری و گوشارە ئابوری، سیاسی، کۆمەلایەتی و فەرهەنگیانەی کۆماری ئیسلامی دا، هەر ئینسان و گەرایشێك پرسیار لە خۆی دەکات کە چی دەبێ بکرێ تا کۆمەلگای ئێران لەو بارو دۆخە سامناك و دلتەزێنە رزگار بێت؟

لێرەدا ئاماژە بە بۆچون و گەرایشێکی ئینسانی بەر بلاو دەکەین، گەرایشك کە سەرەرای تەواوی ئەو رق و بێزاریەی کە بەرامبەر کۆماری ئیسلامی و جەنایەتکارەکانی ئەو هەیەتی هیچ کات نابێ بیر لە تولە سەندنەوە بکات وە، بەڵکو کارێك دەبێ بکرێ کەئیتر هیچ کات کارەساتی ئاوا دوپات نەبێتەوە.




بنەمالەکانی فروهەر، موختاری و پویەندە لە کردەوەیەکی بێ وێنەی ئینسانی و سیاسی دا دژایەتیان نیشان دا لە بەرامبەر حوکمی لە سێدارەدانی 2 کەس لە تاونبارانی قەتلە زنجیریەکان و بەم کارەیان گەشەی سیاسی و فکری زۆرینەی خەلکی ئێرانیان پێشان دا. بۆیە نوسەران و روژنامە نوسان و رێکخراوە و ناوەندە مروڤ دوستەکان دەبێ بیرو زێنی کومەلگا بۆ هەلوەشناندنەوەی هەر جۆرە ئەشکەنجەیەکی جەستەیی و دەرونی و لە سێدارە دان و بە شێوەیەکی گشتی بو کۆکردنەوەی زیندانە سیاسیە کان ئامادە بکەن. بیر سازی لەو بارەوە زۆر گرینگە، گومان لەوە دا نیە کە رێبەران و دەست و پێوەندو بەرێوە بەرانی کوشت و کوشتار لە ئێران دا دەبێ سزا بدرێن، ئەویش لە دادگایەکی بێ لایەن و ئاشکرا و لە ژێر چاوەدێری ناوەندە مروڤ دۆستەنێو نەتەوەیەکان و بە بەشداری لێژنەیەك کە لە لایەن خەلکەوە بو بریاردان هەلبژێردرێ.

بۆ ئەوەی کە روداوو کارەساتی دل تەزێن و دژی ئازادی و ئینسان کوژیەکانی وەك قەتلە زنجیرەیەکان و گەورەتر لەوان کارەساتی کوشت و بری زیندانیانی سیاسی لە هاوینی 67دا بو کومەلگای ئیمە دوپات نەبێتەوە، دەبێ بوارە مادی، فەرهەنگی و فکریەکانی ئەو جورە جەنایەتانە نەمێنێ و لە ناو بچێت. ئەویش پێوستی بە خەباتێکی فەرهەنگی، کومەلایەتی و سیاسی شێلگیر، بەردوام و ئامانج داری مێژویی هەیە. بەلام تا ئەوەی جێیەی کە هەر ئەمرویش زەروریە، سەرەتا دەبێ ئامانجی ئەو جەریاناتە بو کومەلگا هەرچی زیاتر شی بکرێتەوە.

ئەگەر بمانهەوێ ناوەروکی ئەم کوشتارانە لە دێرێك دا باس بکەین، قوربانیەکان لە لایەك وە بە هوێ بیر باوەرەکانیان و لە لایەکی ترەوە بە هوی دژایەتی یان لە گەل کۆماری ئیسلامی دا کوژراوون.

تا ئەو جێیی هەلدەگەرێتەوە سەر نوسەران و هەلسوراوانی سیاسی، بنەمالە و هاورێ یانی گیانبەخت کردوان لە پاییزی سالی 77دا دەستیان نایە سەر چوار خالی گرینگ و ئەو چوار خالەش بەم جۆرەیە. یەکەم ژومارەی قەتلە سیاسی یەکان زۆر زیاتر لەو 4 قەتلەیە کە لە مانگی سەرماوەزی 77 دا رویان دا. دوهەم، پلەی رێکخراوەیی و سیاسی بەرێوە بەرانی و پلان دارێژەرانی ئەو قەتلانە زۆر لە پلەی سەعید ئیمامی و مستەفا کازمی زیاترە: سێهەم قەتلەکان بە حۆکمی شەرع و فتواوە بەرێوە چوون. چوارەم، بە پێچەوانەی بۆچونی لێژنەی پێراگەیشتن بە پەروەندە، کە دەیوت قەتڵەکان ئامانجیان پیلانێك بووە لە دژی نیزام و هەر بەو مەبەستەش دارێژراون، مەیلی سەرەکی گەلالە دارێژەران، پیلانێك بووە لە دژی ئازادی خوازان و نەیارانی سیاسی و لە بەرژەوەندی نیزام و سیاسەتەکانی دا دارێژراون. ئێستا دوای تێپەر بوونی چەندین سال بە سەر ئەم روداوانەدا، راستی و دروستی ئەو 5 خالەی کە باس کران هەرچی زیاتر سەلماوە.

دواتر ئەوەی کە ئەگەر دەمانهەوێ ئەو کارەساتە ئینسانی یانە دوپات نەبێتەوە، دەبێ جەخت بکرێ لە سەر جیایی دین لە دەوڵەت و بەرگری کارانی ئەو دەبێ بۆ کۆمەلگا شی بکەنەوە. ئەگەر دەمانهەوێ هەمووی شارۆمەندان لە ماف یەکسان بەهرەمەند بن و بە "خۆمانە" و "غەیری خۆمانە" مەزهەبی و دژە مەزهەبی و.... دابەش نەکرێن. ژنان بە نیوەی ئینسان نە ژمێردرێن. مانای بە کردەوە دەر هاتنی وەها بۆچونێك ئەوەی کە نەتەنیا دەبێ دین لە دەوڵەت جیا بکرێتەوە و زمانێك بە سەر زمان و نەتەوەییێکی تردا زاڵ نەبێت.

جیایی دین لە دەولەت و پەروەردە و بە شێوەی گشتی کۆکردنەوەی زیندانە سیاسی یەکان و کۆنترۆلی دەوڵەت لە لایەن ناوەندە جەماوەریەکانی وەك کانون، شورا، ئەنجومەن، سەندیکا، کۆمیتەکان و هەرجۆرە رێکخراوەیەکی تر کە بە پالپشتی کۆمەڵە گشتی یەکان دیموکراسی راستەوخۆیان تێدایە، بابەتگەلێکی گرینگ و بنەرەتی بۆ پێشکەوتنی کۆمەڵگا لە رێگای ئازادی، یەکسانی، عەدالەتی کۆمەڵایەتی و لە ناو بردنی هەر جۆرە جیاوازیەکی نەتەوەیی، رەگەزی، جنسی و ئابوری یەوە دێنە ئەژمار.

نوسەران، رۆژنامە نوسان و هونەرمەندان، هەرکام لە مەیدانی خۆیان دا دەتوانن بۆ وشیار کردنەوەی بیروڕای گشتی کۆمەڵگا و پروپاگەندە کردن بۆ ئەو داواکاریانە لە ناوچینە جۆراوجۆرەکانی کۆمەلگا دا دەور و نەقشێکی گرینگ و روناکبیرانە بنوێنن. بێ گومان بە ئەنجام دانی وەها کردەوەگەلێك، ئاسۆیەکی ئینسانی دەخرێتە بەردەم کۆمەڵگاوە.

رەنگە بتوانن هەموو گوڵەکان لەناو بەرن، بەلام
هیچ کات ناتوانن پێش بگرن بە هاتنی بەهار

***



# سادق هیدایت و کافکا

ن: عەلی ئەمینی نەجەفی
و: پەیمان

نووسەری ئێرانی سادق هیدایەت (1330–1281) هۆگریەکی تایبەتی سەبارەت بە نووسراوەکانی نووسەری چێك فرانتس کافکا (1928–1883) هەبوو وە چەندانە لەداستانە کورتەکانی ئەوی کردە فارسی. ئەم هۆگریە بە تێپەڕبوونی زەمان گەیشتە ئاستێك کە لەساڵەکانی کۆتایی تەمەنی هیدایەت دا، کە ئیتر هەوڵێکی ئەدەبی ئەوتۆی لێنەدەبینرا، ڕەنگدانەوە و جێگاو شوێنێکی تایبەتی بەدەست هێنابوو. هەوڵدراوە لەم نووسراوەدا ناوەرۆك و هێندێك لەلایەنەکانی ئەم پەیوەندییە مەعنەوییە نیشان بدرێ.

داستانی "مەسخ" درێژترین کورتە داستانی فرانتس کافکایە و یەکێکیشە لەو نووسراوانەی کە باس وجەدەلێکی زۆری بەشوێنەوە بووە. ئەم بەرهەمە لەکاتی بەچاپ گەیشتنەوە لەساڵی 1915وە تا بەئەمڕۆ جێی باس و لێکۆڵینەوەیەکی بێ ئەژمار بووەو لەگەڵێك ڕوانگەی جیاوازو جۆراوجۆرەوە هەڵسەنگێندراوەو تەفسیرو تەعبیرکراوە.

هۆی ئەم جەدەل و باس و خواسە بەرین و بێ کۆتاییەش پێویستە لەفەزای نائاشنا و پرکێشەو ئالۆزی داستان و پێکهاتەی وەستایانەی ئەودا بدۆزینەوە کە لە بەستێنی ڕووداوێکی ڕەمزاوی و ناراستەقینەدا، داستانێکی واقیعگەرایانەمان بۆ ڕوایەت دەکات کە سەرەڕای ئەوەی خاوەنی زەمینەیەکی خەیاڵاوی ئەفسانەوارە، بەڵام بەتوندی خوێنەر دەخاتە ژێر کاردانەوەی خۆیەوە.

کورتەی داستانەکە بەم شێوەیە: پیاوێکی لاو بەنێوی گرگور زامسا بەیانییەك لەئاخرو ئۆخری وەرزی پاییزدا لەخەوێکی ئالۆزو ناخۆش رادەپەڕێ و خۆی لەقەوارەی گیاندارێکی غول پەیکەرو لەشکڵی قالۆنچەیەکی گەلێك ناقۆڵاو ناشیرین دا دەبینێ. ئەو مەئمووری بونگایەکی بازرگانییەو زۆربەی ژیانی لەسەفەردا بەسەر دەبات، بەڵام شەوێکی کە ئەم ڕووداوە سەیرو سەمەرەیە ڕوو ئەدات، ئەو بەرێکەوت خۆی لەجێ و بانەکەی خۆیدا لەماڵی بابی دا دەبینێ کە خەوتووە. دیارە ئەندامانی بنەماڵەکەیان، کەبریتیین لە باب، دایك و خوشکی، لەبەرانبەر ئەم ڕووداوە سەیرو سەرسووڕهێنەرەدا، نیگەرانی و ترس و وەحشەتێکی بێ ئەوپەڕ دایان دەگرێ.

درێژەی داستانەکە ئەوەمان پێدەڵێ کە گرگور کەمترین هۆگری سەبارەت بە ئیشە کەسەلبارو ماندووکەرەکەی، کە ناچار بوو لەپێناوی دا بەردەوام لەسەیرو سەفەردابێ، نەماوە. ئەو وەك سەرەکیترین نان ئاوەری بنەماڵە چاوی لێدەکرێ و بەئاشکرایی لەلایەن بنەماڵەکەیەوە بێ بەزەییانە دەچەوسێتەوە. بەر لەگشتیان، بابی بەجێگای ئەرك و وەزیفەی سەرەکی خۆی، واتە دەست بەکاربوون و دابین کردنی بژێوی بنەماڵە، سەرگەرمی خۆش گوزەرانی و تەن پەروەرییە.

ئەم پەیوەندییە، دوای ئاڵۆ گۆر بەسەردا هاتنی گرگور و بوونی بەقالۆنچە، ئاوە ژوو دەبێتەوە: ئەو لەدەست ئیشە کەسەلبارەکەی ڕزگار دەبێت، و لەبری ئەو بنەماڵە

دەکەونەوە هەوڵ و کۆشش کردن، و ئەمجار خۆی ئەبێتە تەوەزەل و سەرباری بنەماڵە. بنەماڵە هیوادارە هەرچی زووتر لەم "نەخۆشیە" چاك بێتەوە و جارێکی تر ئەرکەکانی وەئەستۆ بگرێتەوە. بەلام گرگور وادیارە لەهەل و مەرجی ژیانی نوێی ڕازییە. ئەو هەرچەندە چۆتە قەوارەی قالۆنچەیەکەوە و هەر بەم هۆیەوە لەژوورەکەی نایەتە دەرەوە و خۆی زیندانی کردووە، بەلام تا چەند مانگێك بیرو هەست و ڕۆحیاتی مرۆڤانەی خۆی هەروا پاراستووە. زەینی ئینسانی ئەو بەشێوەی ڕابردوو لەکاردایە، بەلام ناتوانێ ئیتر لەگەڵ دەورو بەریدا پەیوەندی زەینی بگرێت.



سروشتیە کە گرگور بەبوونە قالۆنچە، دەستی لەکارکێشاوەتەوە و ئیتر توانایی دابین کردنی بژێوی بنەماڵەی نییە. بنەماڵەش بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەم زیانەی کە بەهۆی ئەم ئاڵوگۆڕە جنسیەوە ڕووبەرووی بۆتەوە، هێندێك ڕێو شوێن دەگرێتە بەر: بەر لەهەر شتێك باوك دەست بەکار دەبێتەوە و دەسەلات و سەرۆکایەتی بنەماڵە دەگرێتەوە دەست. لەمەش واوەتر بنەماڵە بۆ وەدەست هێنانی دەستکەوتی زیاتر، یەکێك لەژوورەکانی ماڵەکەشی بەسێ کەس بەکرێ ئەدات، گرگور هێدی هێدی وەك شتێکی زیادیو مزاحیمی لێ دێ کە بنەماڵە ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ ئاواتەخوازی ڕزگاربون لەچنگیەتی. گرگور سەرئەنجام لەکۆتایی مانگی مارس دا دەمرێت. بنەماڵە بەهەست بە شادمانی و بار ئاسانییەوە پێشوازی لەفەوتی دەکات.

"مەسخ" لەئێران دا:-

داستانی "مەسخ" نزیك بە پەنجا ساڵ لەوەپێش (1322 – 1943) لەلایەن سادق هیدایەتەوە کە لەوسەردەمەش دا نووسەرێکی ناسراوبوون کرایە فارسی، چەندین جار لەچاپ کرایەوە و ناوبانگێکی زۆری پەیدا کرد، کە بێشك زیاتری ئەم ناوبانگەش لەولایەنەوەیە کە وەرگێڕەکەی سادق هیدایەتە. تەنانەت کەم نەبوون ئەو کەسانەی پێیان وابوو ئەمەش یەکێك لەبەرهەمەکانی هیدایەتە.

هیمەت و داهێنانی ئەم نووسەرە مەزنە چەند ساڵ دواتریش (1327–1948) بەنووسینی پێشەکیەکی دوورودرێژ لەژێر ناوی "پەیامی کافکا" بۆ داستانێکی دیکەی کافکا بەنێوی "گورووپی مەحکومین" (لەوەرگێرانی حەسەن قائیمیان، خوێنەرانی ئێران لەگەڵ کارو هونەری نووسەری نوێگەرای چێك دا ئاشنا کرد، کە بەش بەحاڵ خۆی جێگای ڕێزو پێزانینی زۆرە. پێویستە ئەوەش بزانین کە وەرگێرانی داستانی "مەسخ" زەمانێك لەیەکەم گۆڤاری "سخن" بەچاپ گەیشت کە فرانتس کافکا هێشتا نووسەرێکی بێ ناو و ناوبانگ بوو. ئاسارە زۆرو زەوەندەکەی کە گشتی بەزمانی ئاڵمانی بوو، نەك هەر بەهیچ زمانێکی ئاسیایی، تەنانەت کەمتر بەزمانە ئوروپاییەکانیش وەگێردرابۆوە).

بەلام وەگێرانی هێندێك نابەوەختی سادق هیدایەت، بەداخەوە، لادان و کەمو کوڕیەکی زۆری تێکەوتووە و تا ئێستاش پێویستی وەرگێرنێکی دەقیق تر و باشتری "مەسخ" بەحاڵی خۆی باقییە.

بەر لەهەر شتێك دەبێ بڵێم کە بەنەزەر ناگات واژەی "مەسخ" وەرگێرانێکی دروستی سەردێری ئەم داستانە بێت. سەردێری دستانەکەی کافکا Dieverwandlung ە کە لەزمانی ئاڵمانی دا بەواتای ئاڵ و گۆڕ بەشێوەی گشتییە، بەبێ هیچ ئەرزش گوزاریەکی باش یان خراپ.

بەڵام"مەسخ" مانایـەکی دیکـەی هەیـە ئـەم واژەیـە لـە "فەرهەنگی موعین" دا وەك "ئاوەژوکردنەوەی ڕواڵـەتێك بۆ ڕواڵەتێکی دزێوتر" هاتووە. بەشێوەیەکی ڕوونتر مەبەست لە "مەسخ" گۆڕانی شتێك بۆ بارێکی خراپترو بـێ بایـەختر لەچەشنی خۆیـەتی، لـەحالێك دا لێرە مەبەسـت گـۆڕان و بوونی شتێك بەشتێکی دیکەیـە. لەگـەڵ ئەوەشـدا فێعلـی لێکدروی : "مەسخ بوون" هەڵگری باری مەنفییە، کەوایە نـاتوانێ پـڕاو پـڕ وەگێڕانـی سـەردێری داسـتانەکەی کافکابێت.

شـیاوی ئاماژەیـە، لەدرێـژە دا و بەچەشـنێکی ڕوونـتر دەبینین، کـەواتای سـەردێری کتێبەکـە لەهـەوەڵین ڕسـتەی داستانەکەدا دووپات بۆتـەوەو هیدایـەت ئـەم جارە "بـوون بە"ی وەك وەرگێڕانـی "مەسـخ" بـەکارهێناوە کـە دروست ترە. لەگەڵ ئەم ڕوونکردنەوەیەش دا، سـەردێری "مەسـخ" لـەناو خوێنـەرانی کتێبـی ئێرانـی دا وەهـا ناوبـانگێکی بەدەست هێناوە کە باشترە، بۆ خۆ بواردن لەئەگـەری هـەر سەرلێشێوانێك، ئەم داستانەی کافکا هەروا لەژێر "مەسخ" دا بخوێندرێتەوە.

هەڵـە گـەلێکی زۆرو بەرچـاویش کەوتۆتـە وەرگێڕانـی داستانەکەشـوە کـە ئامـاژەکردن بەگشـتیان خـۆی کتێبێکـی خوداگانـەی گەرەکـە، لێرەدا بۆخـۆ بـواردن لـە درێـژەدادڕی، و بـۆ ڕوونکردنـەوەی چـەند بابـەتێك ی گرینگ، تـەنیا ئاماژەیـەك بەسـەرەتاو کۆتـایی داستانەکە ئەکەین.

وەرگێرانە فارسیەکە بەم ڕستەیە دەست پێدەکات: "ڕۆژێك بـەیانی، هـەر کـە گرەگـوار سامسـا لەخـەوە ئاڵۆزەکـەی ڕاپەڕی، لەنێو جێوبانەکـەیدا ببوە قالۆنچەیەکی بەتـەواو ماناو سەیرو سەمەرە". لەم ڕستەیەدا جیاواز لەوەرگێڕانی نادەقیقی لەفزی، نوکتەیەکی زەریـف و گرنگیش لەدەست چوە.

وەرگێڕانی بەشی دووەهەمی دەربڕینەکە بەم چەشنەیە:" سامسا...تێگەیشـت (یـان زانـی) کـە لـەجێ و بانەکەیـدا بووەبە قالۆنچەیەکی غول پەیکـەر. لـە کورتـە جیاوازیـەکی نێوان ئـەم دوو دەربڕینـەدا، نوکتـەو بابـەتێکی زۆر گـرینگ شـادراوتەوە.ڕسـتەکەی کافکـا هـەڵگری بەرداشـتێکی زەینییـان دوولایەنەیـە، و ئـەم ڕواڵەتـە ئیعتباریـیـە یـان (سوبژکتیو)ەش بەرستەیەکی هەواڵی و قەتعی لەوەرگێڕانە فارسیەکەدا بەتەواوی لەبەین چوە. کرداری بەکارهاتوو لەم ڕسـتەیەدا لەسـاڵیانێك لەمەوبـەرەوە تـا ئیسـتاش بـواری یەکێك لە جەدەلـە گرێیـەکان لـە لێکدانـەوەی داستانەکەی کافکادا بووە.

گـەلێك لەمووفەسـیرانیش بەرهەمـەکانی کافکـا یـان لەڕوانگەی ڕەوانناسیەوە لێك داوەتەوە، ڕاست بەپاڵپشتی ئەم یەکەم ڕستە شوێنەوار دانەرو زەریفەی داستانەکەیە، کە گۆڕانی پاڵەوانەکەی "مەسخ" بەرووداوێکی عەینی یان لەدەرەوە و ڕواڵەتی نازانن، بەڵکو دەیگەڕێننەوە بۆ ئاڵۆزی ڕەوانی و دوولەت بوونی دەروونی کەسایەتی داستانەکە. بەبەیانێکی سادەتر، گرگور زامسا، ئاڵوگۆڕی جەستەیی بەسـەردا نـەهاتوە، پێـی وایـە ئـەم بـەڵا مەزنـەی بەسـەردا هاتوە و بوەتە قالۆنچەیەکی ناقۆڵاو دزێو.

لەڕاستی دا ئەو کە لەپێشەکەی، لەڕادەبەدەر، هیلاك بوەو لێـی بێـزارە، بـەدوای ئـاڵوگۆڕێکی ڕۆحـی دا (یـان ئەفسـوردەگیەکی تونـدا) خـۆ لـەکارکردن دەبـوێرێ، ڕوودەکاتـە تەمبـەڵی و بێکـاری، و دەچێتە کـونجی مـاڵی تەنیاییەوە. لەڕوانگەی ئەوەوە و ڕەنکە کەسـانی تریش – وا بنوێنێ کە بووبێتە جانەوەرێکی زەبەلاح و مزاحیم و بـێ کـەڵك. سـەرکردەی ئـەم توێژەرانـە فریـدریش بـاینزە کـە لەیـەکێك لـە سوخەنرانیە گرینگـەکانی دا جـەخت دەکاتـە سـەر ئـەوەی کـە بـوونی گرگور بەقالۆنچـە، تـەنیا ڕوواڵـەت یان دەرکەوتەی دەرەوەی ڕووداوێکی گرینگ ترە:

ئاڵو گۆڕی ڕاستەقینە لەپێشتردا و بەر لەدەسـت پێکردنـی داستانەکە لە ژیانی ئاڵۆزو شێواوی گرگوردا ڕووی داوە. پاڵـەوان لەهـەمان ڕسـتەی یەکـەمی نـاوجێ و بانەکـەی دا "تێدەگات" کە (بەرلەمە) بوەتە قالۆنچەیەکی غول ئاسـای دزێو. جێگای هیچ شك و گومانێك نیە کە ئەم ڕوداوە تـەنیا لـەزەینی نەخۆشـی گرگـور دا هاتۆتـە پـێش. پێویسـتە لەسـەرتاپێی ڕستەکە وردتـر بینـەوە: لێرەدا نـەوتراوە کـە ئـەو مەسـەلەن "ڕۆژێـك بـەیانی... بوەتـە قالۆنچـە (یـان مەسەلەن) گۆڕابوو، بەڵکو بەڕوونی دەڵـێ: ئـەو تێگەیشـت کە بووەتە قالۆنچە".

خـالێکی کـەباینر ئامـاژەی بـۆ دەکـات، ڕاسـت ئـەو لاڕێ بوونەیـە کـە لەوەرگێڕانـە فارسـیەکەدا ڕووی داوە،

وەبیردێنینەوە کە خودی هیدایەتیش پێنج ساڵ دواتر و کاتی نووسینی "پەیامی کافکا" واتایەکی دروست تری لەرستەی ئاماژە پێکراو بەدەستەوەدا، دەنووسێ:

ڕۆژێك بەیانی گرەگوار سامسا هەر کە لەخەوە ئاڵۆزەکەی ڕاچەنی، دیتی لەرەخت و خابەکەی دا بوەتە قالۆنچەیەکی زەبەلاحی دزێوی ترسێنەر. بەئاسانی دەکرێ هەست بەوەبکەین کە ئەو بەتێپەڕبوونی چەند ساڵ بەسەر وەرگێڕانەکەی دا گەیشتۆتە شناختێکی قوڵ و هەمەلایەتر لە داستانەکەی کافکا.

توێژەرانێکی کە لایەنگری ئیدەی (ئاڵوگۆڕی دەروونی) پاڵەوانی داستانەکەن، لەدرێژەی بەڵگەو دەلیلەکانی خۆیان دا ئاماژە بەنامەیەکی فرانش کافکا دەکەن کە 25 ی ئوکتوبەری 1915 بۆ بلاوکەرەوەی داستانی "مەسخ" ی نووسیوە و بۆ توێژینەوەی ئەم بەرهەمەش خاوەنی گرینگیەکی کلیدی‌یە.

کافکا هەواڵی پێگەیشتبوو کە شێوەکارێك بەنێوی "شتارکە" دەیەوێ بەسفارشی بلاوکەرەوە، بۆ ڕووی جلدی کتێبەکە، لەشکڵی قالۆنچەیەك کەڵك وەرگرێ. کافکا بەپەلە نامەیەکی بۆ ناشرەکە نووسی و بەپێداگریەوە داوای لێکرد کە بەشێوەکارەکە بڵێ ئەم ئیدە وەلابنێ. لەنامەکەیدا دەنووسێ:

"من بەجیددی تووشی مەترسی بووم و وتم نەکا "شتارکە" بەراستی بیەوێ شکڵی جانەوەرێك لەسەر بەرگەکە بکێشێتەوە. ئەم کارە نەکەن. تەنانەت تەمەنا دەکەم قەت ئەم کارە نەکەن! هەڵبەت من مەبەستم ئەوەنیە بەربەسەر بەخۆی کردەوەی ئێوە بگرم و بەرتەسکی بکەمەوە، بەلام لەو ڕووەوە کە سروشتیە من داستانەکە لەوباشتر دەناسم، داواتان لێدەکەم دانانی شکڵی جانەوەرو شتی وا بەکوللی بنێنە لاوە. تەنانەت لەدووریشەوە نابێ پیشانبدرێ". کافکا توانی قەناعەت بەناشر بێنێ و ئیدەکەی بنێتەلاوە. سەرئەنجام تەرحێکی کە خرایە سەر بەرگی کتێبەکە، لاوێکی ئالۆز نیشان دەدا کە پشتی کربووە درگایەکی نیوەکراوە.

باینر لەدرێژەی قسەکانی لەو سوخەنرانیەدا بەدەلیل و بەڵگەوە دەری خست کە ئەم لاوەش ناکرێ کەسێکی جیا لەخودی گرگور زامسا بێت، کە هەروەك لە تەرحەکەدا ئەیبینین بووەتە قالۆنچەیەکی دزێوو زەبەلاح.

سەرچاوەی ئەم هەڵە ئاشکرایەش هیچ شتێك نیە جیا لەوەی کە سەرچاوەی وەرگێڕانەکەی سادق هیدایەت بۆ کردنە فارسی داستانی "مەسخ" وەرگێڕانێکی ناکامڵ و نادەقیقی فەڕانسەوی بوە. بەخوێندنەوەی دەقی وەرگێڕدراوە فەرانسەویەکە تێدەگەین کە هیدایەت زۆر بەئەمانەتداریەوە کردویەتە فارسی.

پێك گرتن و بەراوردکردنی بەشی کۆتایی داستانەکەش دەکرێ لەڕوانگەیەکی دیکەوە جێی سەرنج و ڕوونکەرەوە بێت. سەرەتا باوەرگێردراوی فارسی ئەم سەحنە گرینگەی کۆتایی بخوێنینەوە:

"دوایە بەیەکەوە لەبیناکە چوونە دەرەوە و چەندین مانگیش بوو وەها ڕووداوێکیان بۆ پێش نەهاتبوو. بۆ ڕۆیشتن بەدەوروبەری شار قەتارێکیان گرت. لەنێو واگۆنەکەدا جیا لەوان موسافرێکی دیکە نەدەبیندرا. گەرمایەکی لینج ئەوێی داگرتبوو. بەئاسوودەیی لەسەر پشتیەکان پاڵیان دایەوە و سەبارەت بە فەرسەتگەلێکی کە گوێی شەیتان کەڕ هێندەش خراپ نەبوون قسەو باسیان کرد.

مەسەلەی گرینگ ئەوەبوو کە هەرسێکیان کارگەلێکی حەقیقەتەن شیاوی سەرنجیان دەست کەوتبوو کە بەتایبەتی لەداهاتوودا گەلێك هیوابەخش بووە. دەیانتوانی هەل‌ومەرجی ئێستای خۆیان لەرێگای بەکرێ گرتنی ئاپارتمانێکی هەرزانتر و بچکوکترەوە، بەلام بەکارهاتووتر، کە لەشوێنێکی باشتردا قەراری گرتبێ قەرەبوو بکەنەوە. ئەم ئاپارتمانەی ئێستایان گرەگوار هەڵی بژاردبوو. خانم و ئاغای سامسا لەدیتنی کچەکەیان کە جار لەگەڵ جار بەگەرمو کوڕتر قسەی دەکرد تەقریبەن بەیەکەوە تێگەیشتن کە گرت لەگەڵ ئەوەیدا کە کرێمی ئارایش ڕەنگی کوڵمەکانی تاراندبوو لەم مانگانەی ئاخرادا کراوەترە و ئێستا کچێکی دڵرفێنە کە ئەندامێکی ڕێکەوتووی هەیە. کاتێ هێندێك شادمانیەکەیان دامرکایەوە تەقریبەن بێ ئەوەی بزانن چاوێکیان لەیەکتری کرد کە مانایەکی ڕوون و ئاشکرای هەبوو.

هەردووکیان بەو قەناعەتە گەیشتبوون کە کاتی ئەوە هاتووە لەبیری هاوسەرێکی هاوشانی خۆیدا بن بۆی و کاتێ گەیشتنە مەقسەد کچە بەرلەوان هەستا تا باوێشکێك بدات و بەخۆکێشانەوەیەك ماندویی جەستەی شلکی دەربکات، پێیان وابوو لە ئاکاری کچەکەیان دا ئاواتە نوێیەکەی ئەوان دەسەلمێندرێ و هاندەری مەبەستە خێرەکەیانە."

ئەو پاراگرافەی سەرەوە، بەوپەڕی کەڵك وەرگرتن لەواژەو دەربڕین و عیباراتی وەرگێران، دەبێ بەم شێوەی خوارەوە تەرجومە بکرێ:

"دواتر هەر سێك بەیەکەوە لەماڵ چوونە دەرەوە، و ئەمەش کارێك بوو کە لەچەندین مانگ لەوەپێشەوە بەڕێوەیان نەبردبوو. بەقەتارێك لەشار چوونەدەرەوە. تاوێکی گەرم دەیدا لەو واگۆنەی ئەوانی تێدابوو. لەکاتێك دا بەئاسوودەیی پاڵیان بەپشتیەکانەوە دابوو، سەبارەت بەداهاتوویان ئەدوان، کەبەباشی سەرنجیان دەدایە تێدەگەیشتن کە بەهیچ جۆرێك خراپ نایەتە بەرزەین، چون هەرسێکیان لەئاست هەلومەرجێکی نوێی چون یەك دا قەراریان گرتبوو کە زۆر گونجاو و هیوابەخش بوو، بەڵام هێشتا سەبارەت بەو شتێکیان لەیەکتر نەپرسیبوو. ماڵ گۆرینیش بەهاسانی دەیتوانی خێرایی بداتە باشتربوونی هەلو مەرجەکەی ئێستا. ئەوان مەبەستیان بوو ماڵێك دەست بخەن لەم ماڵەی ئێستایان، کە گرگور هەڵیبژاردبوو، بچووکتر و هەرزانتر بێت، لەشوێنێکی باشتردا قەراری گرتبێ و لەهەلو مەرجێکی گونجاوتریش بەهرەمەندبێت. خانم و ئاغای سامسا لەکاتی وتو وێژدا، بەدیتنی کچە بەکەیفەکەیان تەقریبەن هاوکات تێگەیشتن کە ئەو لەم ئاخریانەدا وێرای ئەو دژواریانەی کە ڕەنگیان بەروویەوە نەهێشبوو، بوەتە کچێکی لەبەر دلان. بێدەنگ بوو و بەچاولێك کردنێکی نا ئەنقەستانە یەکتریان تێگەیاند کە کاتی ئەوەیە هاوسەرێکی هاوشانی خۆی بۆ بدۆزنەوە.

هەر ئەڵێی لەڕاستای سەلماندنی ئاواتە خێرو مەبەستە نوێیەکەی ئەواندایە کاتێ دەگەنە مەقسەد، کچە بەرلەوان هەڵدەستێ و ئەندامە سلکەکەی ڕادەوەشێنێ."

بەپێك گرتنی ئەو دوو دەقەی سەرەوە دەکرێ بەهاسانی بەوە بگەی کە وەرگێرانەکەی هیدایەت نە دەقیقەو نەڕەسا. لەهەمانحاڵ دا، بەوردبوونەوەی زیاتر لەدەقە فارسیەکە تاڕادەیەك پەی بەسەرچاوەی ناڕەساییەکانی وەگێرانی "مەسخ" ئەبەین. دەزانین کە سادق هیدایەت داستانەکەی لەفەرانسەویەوە کردوە بەفارسی، واتە لەزمانێکەوە کە خۆی بەسەریدا زاڵ بوو. شتێکی کە لەمرۆدا دەیزانین ئەوەیە کە دەقێکی کە ئەو لە بەردەستی دابووە، وەرگێرانێکی دروست نەبوە.

"مەسخ" لەیەکەمین داستانەکانی کافکا بوو کە، ڕەنگە سەبارەت بەدەروون مایەی جوانو بێ هاوتا و زمانە ساکارەکەی، لەساڵی 1928 دا لەلایەن ئلکساندرویالاتەوە کرایە فەرانسەوی و هاتە بازاڕەوە. کتێبەکە پێشوازیەکی بەرچاوی لێکرا، چون هێشتا هیچ کەس ئاگاداری هەڵە بێ ئەژمارەکانی نەبوو. دوای شەڕی دووەمی جیهانی کە بەرهەمەکانی کافکا، زیاتر لەلایەن نووسەرانی ئیگزیستانسیالیستەوە لە فەرانسە ڕەواجی پێدرا، بەتوندی ڕەخنەو وەرگێرانانە گیرا کە بەزمانی فەرانسەوی لە بەرهەمەکانی کافکا کرابوون و باسی سەر لەنوێ وەرگێرانیان هاتە ئاراوە.

بەڵام پێك گرتنی دوو دەقەکە دەری دەخات کە گرفت تەنیا لە وەرگێرانە فەرانسەویەکەدا نەبوو، بەڵکو گرفتێکی دیکەشی پێوە زیادبوە. بۆنمونە روونو ئاشکرایە کە عیبارەت و بەیانی "کرێمی ئاڕایش کە ڕەنگی لەڕووخساری بڕیبوو" دەربرینێکی بێ ڕەبتە. ڕەنگە ئەم هەڵەیەش هەر لە سەرچاوەی ئاڵمانیەکەوە سەری هەڵدابێ. لەبەرئەوەی لە چاپی دووهەمی "مەسخ"دا، کە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی 1918، بەبێ چاودێری کافکا بلاوکرایەوە و بوو بەهۆی ناڕەزایەتیش، گەلێك هەڵەی تێکەوتبوو. لەوانە شوێنێك لەلاپەڕەی کۆتایی داستانەکەدا، واتە هەر لەم پاراگرافەی ئێمە قسەی لەسەر دەکەین، بەجێگا واژەی Plage بەواتای ڕەنج و مەینەت)، واژەی (Pflege بەواتای داودەرمانی ئاڕایش) هاتوە. بەم شێوەیە تێدەگەین کە وەرگێرانە فەرانسەویەکەش لەرووی ئەم چاپە هەڵەبڕنەکراوەوە کراوە. کەوایە دەتوانین بەوە

بگەین کە سادق هیدایەت بەدبەختانە وەرگێڕانێکی نادروستی لەکتێبێکی عەیب دار لە ئیختیاردا بوە.

## وەرگێرانی کافکا لەفەڕانسەدا

سادق هیدایەت لەسەرودەمی بەر لە گەلاوێژی 1330 لەرێگای بڵاوکراوەکانی فەرانسەوە فرانتس کافکای ناسی بەتوندی هۆگری بوو. لەکۆتایی دەورەی تێکۆشانی ئەدەبی خۆی دا، کە بەرهەمێکی ئەوتۆی نەخوڵقاند، چەند



داستانی کافکای کردە فارسی و پێشەکیەکی دوورودرێژیشی بۆ یەکێك لەداستانەکانی نووسی، کە بۆچوونەکانی سەبارەت بە کافکای تێدا ڕەنگی داوەتەوە.

وتمان کە بۆ هەوەڵین جار لەساڵی 1938 دا بەرهەمێکی کافکا کرایە فەرانسەوی. دواتر لەدەیەی 1930 دا زۆربەی داستانەکانی وەرگێردرانە سەر زمانی فەرانسەوی و پرش و بڵاو لەم لاولا بەچاپ گەیشتن. سورئالیستەکان کە لەو دەورانەدا نوێنەری مۆدێرنیسم بوون و دەستیان بەسەر کەش و هەوای ئەدەبی دا دەرۆیشت، دۆزینەوەی کافکا لەڕادەبەدەر شادمانی کردن و پەرەپێدان و بڵاوکردنەوەی بۆچون و بەرهەمەکانی ئەویان وەك ئەرکێکی سەرەکی خستە دەستووری کاری خۆیانەوە.

ئەوان بەتوندی شیفتەی کەش و هەوای نائاسایی و بێ سنوور خەیاڵ و دنیای کابوس ئاساو ئاڵۆزی کافکاو داستانەکانی بوون. ئەم شیفتەگیەش، هەروەك خانمی مارتا دەری دەخات، جێکەوتنی کافکا لەفەرانسە هەر لەسەرەتاوە بەهەڵس و کەوت و ئەنگیزەگەلی نا ئەدەبی بارگاوی کرا. ئەو شێوە حاڵی بوونەی ئەوان لەکافکا شیاوی ئەنواع و ئەقسامی تەفسیرو لێکدانەوە بوو. هەمەجۆر چەمك و سیمبول و بیرۆکەی سەیروسەمەرەی لێ هەلدێنجرا. بەم شێوەیە تا دەست پێکردنی شەڕی جیهانی دووەم (1939) کافکایەکی بێ ڕیشەو سورئالیست پێی نایە بەمەیدانەوە کە قەولی مارتا روبر "هەرچییەك بێت لەگەڵ کافکای ڕاستەقینەدا بێگانەبوو".

لەساڵەکانی شەڕی دووەمی جیهانی دا بەرهەمەکانی کافکا لەئاستێکی بەرین تردا ڕژایە نێو کۆمەڵگای پڕ تەب و تابی فەرانسەوە. لەوساڵە دۆزەخیانەدا، ترس و دڵەڕاوکێی شەڕو لەناوچوون، زەینەکانی هەرچی زیاتر بۆ وەرگرتنی دنیای دڵە خورپەهێنەری کافکا ئامادەکرد بوو. ئەوەی ترس لێنیشتو و هیوا لەدەست داو، کە وەیشوومەی مەرگ و لەناوچوون قوورسایی خستبووە سەر ژیانیان، بەرهەمەکانی ئەم "سوڵتان ی تاریکی" و "پەیامبەری بێ هیوایی"یەیان بەچێژو تامەزرۆیی و دەرکێکی نوێوە دەخوێندەوە.

لەهەل و مەرجێکدا کە بنکەی ڕوانگەو بەرداشتە سورئالیستیەکان، بەئیلهام وەرگرتن لە فرۆید و یونگ، هێشتا لەزینەکاندا دەژیا، میراتی ئەدەبی کافکا لەسەرەتای دەیەی 1940 وە بوو بەتاقیگەی نەزەری سێ ڕەوتی، بەلای زۆرەوە نا ئەدەبی.

لەپێش دا زۆربەی نووسەرانی کەلیمی و کاتولیك دەستیان دایە گەلێك تەفسیرو تەعبیری ئاینی و تاجێگایەك چوونە پێش کە رواڵەتێکی ئاینیان بەخشیە کافکا و بەیەکێك لەلایەنگرانی یەهوودیان لەقەڵەم دا. ئەمە لەحاڵەتێکدا بوو کە کافکا تەنیا لەرووی کونجکاویەوە سەرنجی دابوە مەسەلە ئاینیەکان. چون بەرداشتی موفەسەرینی یەهوودی سەبارەت بە ئیدەو بەرهەمەکانی کافکا یەك

دەست نەبوو، بۆ نمونە ڕوبر ڕشفور کافکای بەکافرو لاریّ بوویەکی چارە هەڵنەگردایە قەڵەم.

لەو ڕووەوە کە هونەری کافکا بەرەو دنیایەکی ناواقعی ڕەتێندرابوو، بە ناچار هەڵسەنگادنی بەرهەمەکانیشی بەپێوانە گەلی لەپێش دا ئامادەکراوی فەلسەفی ئەنجامی گرت و بەتەواوی چوە خزمەت چەمکگەلێکی وەك: "بەبەڵندایی گەیشتن" "بوونێکی ئاوێتە بەدڵنیگەرانی" پووچ یان بیّ هوودە" و... هیتر. یەکێك لە گرفتەکانی تر دیاردەیەکە کەمارت روبر نێودەنیّ "پەتای بەراورد" واتە شیکردنەوەی مەقولاتی جۆراوجۆری فەلسەفی لەرێگای داستانەکانی کافکاو هەڵسەنگاندنی هەردەقێکی داستانی ئەو لەگەڵ بەرهەم و ئیدەی ئەندیشمەندانی هاوچەرخدا. بەم جۆرە نووسەرێکی کە لەبیرەوەریەکانی دا دەنووسیّ (سەرتاسەری ژیانم ئەدەبیات داگیری کردوە" زۆربەهاسانی لەبەستێنی ئەدەبیاتەوە ڕاونرانیە مەیدانی فەلسەفەوە).

ئاخرین ڕەوت یان سوەمین گۆشەی ئەم سیّ گۆشەیە "کافکا شناسی" ڕوانگەیەکی کۆمەڵناسانە بوو کە لەڕوانگەی ڕەخنەی مارکیستییەوە لەگەڵ هونەری کافکا دا رووبەروو بووەوە. "موعزەل و کێشەی کافکا" بوو بەیەکێك لە لایەنە سەرەکایەکانی دەمەتەقێی قەڵەمی ڕووناکبیران و لاپەڕەکانی گۆڤار گەلێکی وەك "ئاکسیون" و "کریتیك"ی بۆ خۆی تەرخان کرد. شیاوی سەرنج ئەمەیە کە ڕەخنەگرانێکی بەڕوانگەیەکی کەم و زۆر وەك یەك، هێندێك جار بەئاکامێکی تەواو پێچەوانەی یەکتر دەگەیشتن، ئەمەش ناکریّ شتێکی جیا لەسەلماندنێکی دیکەی سروشتی ئەدەبی هونەرەکەی کافکا بێت.

هێندێك لە ڕەخنەگرانی بونیادگەرای چەپ کە باوەڕیان بە "ڕسالەتی مێژوویی ئەدەبیات لەبەرەوپێش بردنی خەباتی چینایەتی دا" هەبوو، بەچەخت کردنە سەر "پێگەی وردە بوژوازی" کافکا جەوهەر و ناوەرۆکی بەرهەمەکانی ئەویان ڕاکردن لەخەباتی چینایەتی دەزانی و ئەویشیان بە " نوێنەری مەترسیداری ئەدەبیاتی ڕەش"، لەبەرانبەر ئەم ڕوانگە تەسك و داخراوەدا ڕەخنە گرانێك هەبوون باوەڕیان وابوو، ئەم نووسەرە ماهیەتی لەخۆبێگانەکەری ئوستورە گەلی کۆمەڵایەتی نوێی بەرۆشنترین شێوە ئاشکراکردووە. و پێکهاتە گەلی تەواوگەرا، هاوشێوەسازو کەسایەتی شکێنی کۆمەڵگای پیشەیی نوێی هەلاجی کردوە.

بۆ ئەم گوروپە لە ڕەخنەگرانی چەپگەرا، کافکا نووسەرێکی پێشرەو بەحیساب دەهات، کەسروشتی نامرۆڤانەی نیزامی سەرمایەداری بەباشی ناسیوە، لەپێدا چوونەوەی ئەم جەدەلە گەرمو بەرینەدا، دەبیّ بەتایبەتی ئاماژە بە دوو نووسراوە بکریّ، کە تەنیا سەردێڕەکانیان دەربڕی شیدەتی ئەو جەدەلە "ئەدەبی"یانەیە، وتاری پی یر فوشری لەژێر ناونیشانی "ئایا پێویستە کافکا بسووتێندریّ؟" و وڵامی ژرژبتای، نووسەری ناودار، پێی: (کافکا لەبەرانبەر ڕەخنەی کومونیستی)دا.

ئەوە ڕوونە کە دەبیّ بۆ ڕیشەیابی ئەم جەدەلانە ئاوڕێك لە بەستێنی تێك هەڵچوونەکانی نێو بزووتنەوەی چەپی فەرانسە بدرێتەوە، کە لەو ڕۆژگارەدا قەیرانێکی گشت گیر بەرۆکی پیّ گرتبوو. قەیرانێکی کە لەلایەکەوە بۆچەپی ڕێکخراو کارەسات بار بوو، چون شەپۆلەکانی گوروپێکی گەورەی لەڕووناکبیرانی نویّ ئەندیش لەحیزبی کومونیست دابڕیو گورزێکی توندی لەسیقەو ئیعتباری ئەم ڕەوتە سرەواند.

لەمرۆکەدا زۆربەی شەروحو تەفسیرو داوەری ساڵەکانی 1960 کە سەبارەت بەمەقوولەی "کافکا شناسی" لەفەرانسەدا ڕەواجیان بوو، وەکاکڵەی باسەکانی لەسەرەوە ئاماژەی پێکرا، بەتوندی کەوتونەتە ژێر گومانەوە. لەساڵەکانی دواتردا زۆربەی ڕەخنەگرانی ئەدەبی، دەورانی ڕابردوویان دایە بەر ڕەخنەو پەردەیان لەسەر گەلێك لەهەڵەو لاریّ بوونەکان هەڵماڵی.

خانمی روبر، کافکا شناسی ناودار و سەرپەرشتی نەشرو بلاوکردنەوەی دەورەی تازەی بەرهەمەکانی کافکا بەزمانی فەڕانسە، لەسەر ئەو باوەڕەیە کە "بەرخوردی جیدی لەگەڵ کافکا لەفەڕانسە تەنیا لەسەرەتای دەیەی 1960وە دەستی پێکردووە.

## پەیامی کافکا

سادق هیدایەت کە لە کۆتایی دەورەی ژیانی ئەدەبی خۆیدا، بەتوندی هۆگری "دنیای کافکا" ببوو وە ئاگاداری هێندێك لەقسەوباسە پایەییەکانی لەمەڕ هەڵسەنگاندنی کافکا بوو، دەیزانی نووسراوەکانی کافکا "ناڕۆشنن" و ئاگاشی لەوە بوو کە "خوێندنەوەی دەقەکان هاسانە بەلاّم شەرح و تەوزیح دانی دژوارە."

هیدایەت لەساڵی 1933 پێشەکیەکی دوورو درێژی بۆ داستانی "گوروپی مەحکومان "نووسی ، کە کورتە داستانێکی کافکایە و لەوەرگێرانی حەسەن قائیمقامیان، ئەم نووسینە وەك ئاخرین بەرهەمی چاپ کراوی بەئەژمار دێت کە دواتر بەشکڵی کتێبچەیەك بڵاوکرایەوە لەژێر ناوی "پەیامی کافکا" هەروەك لەناوی ئەم نووسینەوە دەردەکەوێ، هیدایەت لەم بەرهەمەی دا، سەرەرای ئاماژەگەلێکی پرش و بڵاو بەتوخم گەلی ئەدەبی داستانەکانی کافکا، زیاتر هەوڵی داوە دنیابینی و ڕوانگەی فەلسەفی نووسەری چێك لەپێچ و خەمی نووسراوەکانی دا بدۆزێتەوە. بەو تەوزیحاتەی لەسەرەوە درا، دەبێ دەرکەوتبێ کە هەوڵی هیدایەت لەم مەیدانەدا هەرگیز ناتوانێ سەرکەوتنی تەواو بەدەست بێنێ.

ئەوەی لەیەکەم نیگادا خۆی دەردەخات، یەك ڕیشەبوون و گونجانی ئەم نووسراوەیە لەگەڵ کۆی بەرهەمەکانی سادق هیدایەت. لێرەدا لەگەڵ هێندێك وتەدا رووبەرووین وەك: "بنیادەم تاك و تەنیا و بێ پشت و پەنایە و لەسەر زەوینێکی ناسازگاری گومناودا دەژیت کە زادگە و ژینگەی ئەونیە"، یان :"هەر کە هاتینە دنیا دەکەوینە بەرداوەری و سەرتاسەری ژیانمان چەشنی لیزگەیەك لەخەون و خەیاڵی ئالۆزە". و... ئەم ڕستانە بەباشی دەتوانن بەشێك لە داستانێکی وەك "کوندی کوێر (بوف کور)" یان ریسالەیەکی وەك "ئاوازەکانی خەیام" بن. ئەم بۆچوونەی محەمەد عەلی هومایون ڕاستە کە دەڵێ: "پەیامی کافکا وەسیەت نامەی خودی هیدایەتەو ئاخرین هەوڵێتی بۆ دەست و پەنجە نەرم کردن لەگەڵ کێشمەکێشەکانی ژیان. لەم نووسراوەدا هیچ وشەیەکی بنەرەتی نادۆزینەوە کە لەکوندی گوێرا نەوترابێ".

جەبر گەراییەکی تیرەوتاری کە لێرەدا دەبیندرێ بەر لەوەی بۆ کافکا بگەرێتەوە، هەوێنی ڕوانینێکی ئێرانی تێزاوە کە لەتەفەکوری دەهریی خاوەر زەمینیش دا ڕەگ و ڕیشیەکی قووڵ و بەهێزی هەیە، هیدایەت پێشتر لەپێشەکی کتێبی "ئاوازەکانی خەیام" دا هۆگری و عەلاقەی خۆی پێ نیشان داوە. لە"پەیامی کافکا"ش دا ڕاستەوخۆ ئاماژە بەکیشی مانەوەی و ئەندێشە دێرینەکانی هێند و ئێرانی کراوە.

لەیەکەمین ڕوانین بە"پەیامی کافکا"دا ڕەنگی تۆخی ئیگزستانسیالیستییەکەی بەزەقی لەچاو ئەدەدات، بەڵام بەسەرنجدانی زیاتری هەڵسەنگاندنی لەدەقی بەرهەمەکانی هیدایەت دا، بەوە دەگەین کە ئەم نووسراوە ڕیشەی لە خودی ڕوانگەکانی هیدایەت دایەو شتێکی زۆری لەم مەکتەبە نوێیە وەرنەگرتووە.

بۆ نمونە ئاشکرایە کە هیدایەت ئاشنایەتی لەگەڵ وتارەکەی ئالبیرکامۆ دا هەبوە، و تەنانەت بەخودی "ئوستورەی سیزیف"یش ئاماژەیەکی سەرەتایی دەکات بەڵام هیچ نێوێکی لەکامۆو بەرهەمەکەی نەهێناوە. بەئیحتمالی زۆر هۆیەکەشی ئەوەبێت کە سادق هیدایەت هەستی بەمەودایەکی بەرین لە نێوان خۆی و ئەفکاری کامۆدا دەکرد، کە ئەوەش دەگەرێتەوە بۆ جێگاو شوێنێکی دووگانەی هیدایەت وەك نووسەرێکی نوێ خوازی ئێرانی.

سادق هیدایەت باوەری بەدەروەست بوونی نووسەر- بەواتای ئاسایی و ئیدئۆلۆژیکەکەی -نەبوو، بەم حاڵەشەوە بەردەوام نیگەرانی چارەنووسی سیاسی و کۆمەڵایەتی کۆمەڵگاکەی بوو. لەیەکێك لەتاریکترین دەورەکانی ژیانی خۆیدا، لەسەردەمی نزیك بەبلاوکردنەوەی "پەیامی کافکا" بەداخەوەیە لەوەی کە "ئیمپریالیستەکان ولاتەکەیان لێکردۆتە زیندانێکی بەرین".

ڕەنگە بکرێ بڵێین خەڵك گەرایی عاتفی و کۆمەڵگا خۆشەویستی ڕۆمانتیکی هیدایەت قەڵەمەکەی ئەوی لەتەسلیم بوون بەزەینیەتی ئیگزیستالیستی (لەچەشنی کامۆییەکەی، کەلازمەی هێندێك هەست کردن بەئاسایش و ئارامییە) گێراوەتەوە. هەر لەم ڕێبازەوە دەکرێ شوێن پێی ڕەوتی سێیەمی "کافکا شناسی"ش بەڕوونی لەنووسینەکانی هیدایەت دا بەدی بکەین.

سادق هیدایەت لە "پەیامی کافکا" دا بەرێزو ئیحترام و مێهرو موحیبەتەوە باسی کافکا، یان ئەو کافکایەی خۆی ناسیبوی، دەکات و داکۆکی لێدەکات. ئەو لەو نووسەرەی چێك دا هاورێ و دۆستێکی دەرد ئاشناو یەك دڵ ی دۆزیبۆوە. هەرچەند فرانتس کافکا بەر لەهەر شتێك ئەدیبێك بوو، نەك ڕووناکبیرێك بەواتا باوەکەی. ئەو بەپێچەوانەی سادق هیدایەت، سەرنجێکی ئەوتۆی نەداوەتە ئەندێشەو ڕەوتە " نا ئەدەبیەکان " و لێیان دووره پەرێز بووە.

***

# ژیاننامەی بیتهۆوێن

لەنووسینی ڕوومێن ڕوولان
وەرگێڕانی سەلاح ئەمانی

-گوودویك وان بیتهۆوێن لە 16ی دیسامبری 1770 لەشاری (بۆن)ی نیزیکی (کۆلۆنی) لە وەتاغێکی ژێر شیروانی، لەماڵێکی فەقیرانەدا لەدایك بوو. لەئەسڵدا خەڵکی (فلاندێر) بوو. باوکی گۆرانی بێژو عارق خۆرو دایکیشی خزمەتکاربوو.

دەورانی منداڵی ئەو بەچەرمەسەری و بەدبەختی تێپەربوو. لەو خۆشەویستییەی دایكو باوك و گەرم گوڕی بنەماڵە کە (مۆتزارت) لێی بەهرەمەند بوو، ئەو بەتەواوی لێی بێ بەش بوو. ژیان هەر لەسەرەتای دەست پێ کردنیەوە وەکوو دێوەزمەی مەرگ خۆی پێ ناساند.

باوکی دەیویست لەلێوەشاوەیی و ئیستعدادی ئەو لەمۆسیقی دا بەقازانجی خۆی کەڵك وەرگرێ و ئەو وەکوو منداڵێکی لێهاتوو و زیرەك بنوێنێ. لەتەمەنی چوار ساڵان دا بەزۆرە ملی واداری دەکرد کە چەندین سەعات لەبەرابەر پیانۆدا دابنیشێ و کاربکاو یان ئەوەی کەبە و یا لۆنیکەوە لەدیوێکی دەکرد و هەتا هێزو توانای تێدابایە کاری پێ دەکرد. بەهۆی ئەو ڕەفتارە دڕندانەیەی باوکیەوە شتێکی نەمابوو کە بەیەکجاری لەهونەرو مۆسیقی بێزار بێ و بۆ هەمیشە وەلای نێ.

بەو جۆرە بیتهۆوێن لەژێر چەرمەسەری و ئازاردا مۆسیقی فێربوو. دەورانی لاوێتی ئەو هەمیشە بەدڵە ڕاوکێی ماددی و هەوڵدان بۆ پەیداکردنی بژێوی ژیان کە بۆ تەمەنی ئەو زۆر زوو بوو تێپەڕبوو.

لەتەمەنی 11 ساڵیدا بوو بە ئەندامی هەیئەتی ئورکستری شانویی. لە تەمەنی 13 ساڵی دا لە کلیسا ئورگی لێ دەدا. لەساڵی 1787 کە تەمەنی 17 ساڵ بوو، دایکی، کە زۆری خۆش دەویست لەدەستدا، بیتهۆوێن لە یەکێك لەنامەکانی دا دەنووسێ:

دایکم بۆ من زۆر چاك بوو، ئەو هەوێنی عیشقو باشترین ڕەفیقم بوو. ئاخ بۆ ئەو کاتەی کە دەمتوانی ئەو نێوە عازیزەی بانك بکەم و ئەویش دەیتوانی دەنگی من ببیستێ. ئەو کاتە من لەهەموو کەس خۆشبەخت تر بووم.

دایکی بیتهۆوێن بە نەخۆشی سیل مرد. بیتهۆوێنیش پێی وابوو کە ئەویش تووشی نەخۆشی سیل بووە و هەمیشە لەم بارەوە لە عەزاب دا بوو.

جگە لەخەیاڵی تووش بوون بەو نەخۆشیە غەمێکی گەورەش بەسەریدا زاڵ ببوو کە بێ بەزەییانە ئازاری دەدا. بیتهۆوێن دواتر لەساڵی 1816 دا نووسیوویەتی:

چەندە بێ دەرەتان و بێچارەیە ئەو کەسەی کە ڕێگای مردن نازانێ من کاتێك کە هێشتا 15 ساڵان نەبووم، ئەو ڕێگایەم دەزانی.

بەمردنی دایکی، بیتهۆوێن بەناچار لەتەمەنی 17 ساڵی دا سەرپەرشتی ماڵەوەی وەئەستۆ گرتو دەبو بژێوی دوو براکەشی دابین بکات. باوکی لەکاروباری ماڵێ خۆی دەدزیوە. و هەموو ئەو خەمو خەفەتانە لەدڵی بیتهۆوێن دا

کاریگەری بەرچاوی بوو و تەئسراتێکی ناخۆشی لەسەر دانا.

بێتهۆوێن لەگەڵ یەکێک لەبنەماڵەکانی (بۆن) بەناوی (برونێک ئاشنا بوو و ئەوانیش زۆریان خۆش دەویست و لەگەڵی بوون بەهاوڕێ، بێتهۆوێن موسیقی فیری کچەکەیان کە نێوی (گوورشن) بوو دەکرد و هەروەها لەگەڵ شێعرو ئەدەبیاتیش ئاشنای دەکرد. ئەو کچە رفیقی دەورانی لاوێتی بێتهۆوێن بوو).

ئاوری ئەو شۆرشە مەزنەی کە لە فەرانسە هەڵگیرسابوو و بڵێسەی دەتساند، سەرتاسەری ئەورووپای دەگرتەوە و لەونێوەدا دڵی بێتهۆوێنیشی داگیر کردبوو.

دانیشگای (بۆن) یەکێک لە کانوونەکانی بیری تازە و شۆرش بوو. بێتهۆوێن لە 14ی مەیی ساڵی 1789 نێوی خۆی وەکوو دانشجووی ڕشتەی ئەدەبیاتی ئاڵمانی لەو دانشگایەدا نووسی.

مامۆستای ئەو دەرسە پرۆفیسۆری بەناوبانگ (ئۆیلۆ گەشنایدێر) بوو کە بێتهۆوێن شتی زۆری لێوە فێربوو. لە نوامبری1793 دا بێتهۆوێن شاری (بۆنی) بەجێ هێشت و ئەوە ڕاست ئەو کاتە بوو کە شەڕ خەریک بوو ئەوێشی دەگرتەوە. بێتهۆوێن دەچوو بۆ (وییەن) کە پێتەختی مۆسیقای ئاڵمانی بوو. لەرێگا لەشکری ئیالەتی (ئاڵمانی هیس)ی دی کە دەچوون بۆ بەرەو ڕوو بوونەوە لەگەڵ سەربازە شۆرشگێڕەکانی فەرانسە.

لەو کاتەدا هەستی (وەتەن پەرەستی) هەڵخراو تا ماوەیەک بەو هەستەوە ژیا و لەسەر ئەساسی ئەو هەستە، لەساڵەکانی 1796 و 1797 ئاوازی لەسەر شێعرە حماسیەکانی (فرید برگ) دانا. هەروەها سروودی حەرەکەت و ئاوازێکی (کۆڕ) بەناوی (ئێمە نەتەوەیەکی گەورەی ئاڵمانین) ی لەسەر ئەو هەستە داناوە.



لەو سەروەدەمەدا هەستی کۆماری شۆرشگێڕی بێتهۆوێن پەرەی دەستاند. (ئیشتان هۆزێر) هەر ئەوکات لەتابلۆیەک دا کە لە بێتهۆوێن کیشاوەتەوە بەجوانی ئاشکرایە کە بێتهۆوێن چی دەوێ.

لەساڵی 1796 بێتهۆوێن لەیەکێک لە دەفتەرە یادداشتەکانی دا دەنووسێ:

.... گەیشتوومەتە تەمەنی 25 ساڵی بەڵێ بیست و پێنج ساڵمە... دەبێ هەر ئەو ساڵ کەسایەتی ڕاستەقینەم خۆبنوێنێ.

–دەست بەکاربوونی بێتهۆوێن لە (ویەن) دژوار بوو. لە 30ی مارسی 1795 یەکەمین کۆنسێرتی خۆی لە (ویەن) کە لەو دا وەکوو (پیانیست) بەشداری بوو، بەرێوەبرد.

بێتهۆوێن لەنامەیەک دا بۆ ڕەفیقێکی کەناوی (وگڵیره) دەنووسێ:

.... کاتێک دەبینم کە یەکێک لە ڕەفیقەکانم موحتاجە، ئەگەر گیرفانم ئیجازەم پێ نادات کە یارمەتی بکەم، بەزووترین کات دەچمە پشت مێزی کارەکەم دادەنیشم و هەرچی لەدەستم بێت بۆ یارمەتی کردنی ئەو دریغی ناکەم... دەبینی کە ئەو کارە چەندە باش و جێی ڕەزامەندیە. بەڵێ هونەری من دەبێ لەخزمەتی داماوەکان دا بێ.

لەنامەیەکی دیکە کە لەساڵی 1801 بۆ (ریس) نووسیوە دەڵێ: تا کاتێک کە من شتێکم هەیە نابێ هیچ کام لە هاوڕێکانم شتێکیان کەم بێت.

لەنێوان ساڵەکانی 1796 و 1800 کەڕی دەست پێ دەکا. یانی لەساڵی 1796ەوە ئێشی گوێچکەی ئەو دەست پێ دەکات، ئەوەی جێی سەرنجە ئەوەیە کە زۆربەی هەرە زۆری ئەو مۆسیقایانەی کە تەنزیم کراون، جیا لە یەکەمین وانەی کە ناوی (سی پارچە تریێۆ)یە، لەساڵی 1796 تەنزیم کراون، سێهەمین ئەسەریش کە شاملی (سێ پارچە

سۆنات) بۆ پیانۆیە، لەمارسی 1796 دا بلاْوکرایەوە. بەو قەرارە دەتوانین بڵێین نزیکەی تەواوی ئاساری بیتهۆوێن هی دەوورانی کەڕی ئەوە.

کەڕی بیتهـۆوێن رۆژ بـەرۆژ زیـاتر دەبـوو بـێ ئـەوەی کـە بەتـەواوی کـەر بێـت. بـۆ وێنـە دەنگـە ترمـەکانی چـاکتر لەدەنگـە بـەرزەکان گـوێ لێ دەبـوو. بـەجۆرێك کـە لـەکاتی دروسـت کردنی ئاهەنگـەکانی، سـەرێکی لەسـەر سندوقی پیانۆکـە دادەنـاو سـەرەکەی دیکەشـی لـەنێوان ددانـەکانی ڕادەگرت و پیانۆی لێ دەداو لەو دارە بۆ چاکتر گوێ بیست بوونی دەنگەکان کەڵکی وەردەگرت.

بیتهۆوێن ئارام و بـێ دەنگ کـاری دەکرد و تـا چـەند سـاڵ ئێش و ئازاری خـۆی بەکـەس نـەوت، خـۆی لـە ئاشـناکانی دەشاردەوە، تاکوو ئاگاداری ئێش و ئازارەکـانی ئـەو نـەبن. بـەلاْم لەسـاڵی 1801 چـی دی نـەیتوانی بـێ دەنـگ بـێ و بەسـەرهاتەکە لەگـەڵ گلێـری دۆسـتی دا بـاس کـردو پێـی وت:

رۆژگار بەناخۆشی دەبەمەسەر، دوو ساڵە کە لە بەشداری کردن لەتـەواوی کـۆڕو کۆمەڵـەکان خـۆ دەپـارێزم. توانـایی ئەوەم نیە کە لەگـەڵ خـەڵك قسـەبکەم چونکە کـەڕم. ئەگـەر شوغڵ و کارێکی دیکەم بوبایە زۆر گـوێم پـێ نـەدەدا بـەلاْم بۆمن زۆر وەحشـەتناکە. ئایـا دوژمنـەکانم کـە ژمارەشیان کەم نیە لەو بارەیەوە دەڵێن چی..!....

ئـەو خـەمو خەفەتانـەی بیتهـۆوێن لـە چـەند پارچـە لـە بەرهەمەکانی ئەو سەردەمەدا خۆی نیشان داوە، بۆ وێنە لە (سـۆناتی پاتیـك) کـە دەگەڕێتـەوە بـۆ سـاڵی 1799. سەمفۆنی دووی لە ساڵی 1803 درووست کرد. لـەکۆتایی و فینـاڵی ئـەو سـەمفۆنیە دا جـۆش و خرۆشـی ژیـان بـەجوانی دەبینـدرێ و ئاشـکرایە کـە بیتهـۆوێن دەیهـەوێ خۆشبەخت بێ و خەڵك لەخۆشی دا ببینێ.

(شـیندلێر) یـەکێك لـە دۆسـتەکانی بیتهـۆوێن، کـە لەساڵەکانی ئاخری تەمەنی دا لەگەڵ ئەو بوو، دەڵێ:

بیروو بـاوەڕی سـەربەخۆیی خوازانـەی خەڵکەکـەی خـۆش دویسـت و هـەروەها دەڵـێ کـە بیتهـۆوێن لایـەنگری ئـازادی ئینسـانەکان و بەرابـەری ئەوانـە.... و دەیهەویسـت کـە تـەواوی خـەڵك لـەکارەکانی حکوومـەت و دەوڵـەت دا بەشداریان بێـت.... دەیویسـت سـەبارەت بـە فەرانسـەی شۆرشگێر موراجعـە بکـرێ. بـەدەنگی گشـت نەتـەوەکانی جیهان و پێی خۆش بوو کە کەسێك ئەو کارانە بەڕێوەبەرێ و بناغەو ئەساسـی ئـازادی و خۆشـبەختی تـەواوی بەشـەر پتەوتر بکات.

بیتهۆوێن بەهۆی خوێندنەوەی زۆری کتێبـەکانی (پلوتـارك) مێژوونـاسـی بیروبـاوەڕێکی شۆرشـگێڕانەی هـەبوو و بـەردەوام لـەفکری دروسـت کردنـی جۆرێـك لـە کۆمـاری دیموکراتیك و شۆرشـگێر بۆ خـەڵك بـوو کـە ئـەو سـەردەم ئاسـاری گـەورەی وەکـو سـەمفۆنی ئوروئیـك و سـەمفۆنی (لەئووت مەنیور)ی بەو بونەوە سازکرد.

ئەوانـە یەکـەمین موسیقیکانی بەڕاسـتی شۆرشگێڕی ئـەو سـەردەم بـوون و هەسـتی شۆرشـگێری ئێسـتاش لـەو ئاهەنگانەی بیتهۆوێن دا بەجوانی دەبیندرێ. بەجۆرێك کە (بیسمارك) لەبارەی بەرهەمـەکانی ئـەو دەورانـەی بیتهۆوێن دەڵێ:

ئـەو جـۆرە بەرهەمانـە بەربـەرەکانێ و دەنگێکـە بەقـەدەر درێـژایی تەمـەنی ئینسـان. تەمـەنێك هـەوڵی مانـدوویی نەناسانەی بیتهۆوێن.

پێوەندی بیتهۆوێن لەگـەڵ شۆرشگێڕانی شۆرشـی مـەزنی فەرانسـە دا بـەردەوام و پـەیتا پـەیتا بـووە، بـەجۆرێك کـە تەنانـەت رۆح و هەسـتی شۆرشـگێڕانەی ئـەوان چـوو بـووە دڵـی بیتهۆوێنـەوە و لـە ئاسـارەکانی ئـەو سـەردەمی ئـەودا بەجوانی ئاشکرایە کـە تـاکوو کەسێك ئـەو گـەرمو گوڕییـە لـەخۆی دا هەسـت پـێ نـەکا، ئـەو ئاهەنگـە قارەمانانەیـەی بیتهۆوێن کەپڕن لـە هەلهەلـەی سـەرکەوتن ئـەو جـۆرەی کـە دەبێ دەرکی بکا، دەرکی ناکا.

لەحاڵێکـدا کـە بیتهـۆوێن خـەریکی تـەنزیمی سـێهەمین سـەمفۆنی خـۆی بـەناوی: (ئووتمـەنیوور) بـوو، لـەپڕ ئـەوی وەلاناو بێ ئەوەی تـەرحێك، کەلـە پێشـەوە بـۆ ئاسـارەکانی دای دەنا، داینێ، دەستی کرد بەدروست کردنی سەمفۆنی (سی بمێل).

لـەمانگی مـەی سـاڵی 1806 دا بیتهۆوێن و (ترێزدۆبـرۆ) بـوون بـەنامزەدی یـەکترو بـۆ جـارێکی دیکـە ژیـان و خۆشبەختی بەدەمیەوە پێکـەنین و لەگـەڵ ترێزدا شـادمان بوو چونکە ترێز ئـەوی لـەقوڵایی دڵیـەوە خـۆش دەویسـت. لەڕاستیشدا سەمفۆنی چواری بیتهۆوێن کە لـەو سـاڵانەدا

دروست کراوە وەکو گوڵێکی جوانە، کە بۆن و بە بەرامەی ئەو رۆژە ئارام و خۆشانەی ژیانی ئەوی پاراستووە.

لەم سەمفۆنیەدا بێتهۆوێن هەوڵی داوە فکرو گەشەی هونەری خۆی لەگەڵ ئەو قاڵب و شکڵە کلاسیکانەی کە لە مووسیقیەکانی پێش لەو بەجێ مابوون، هاو ئاهەنگ بکا. بێتهۆوێن ئەو سەردەم شادمان بوو. بەجۆرێك کە بەنەزەر نەدەگەیشت و کە کەڕە.

سەمفۆنی (لە ئووت مەنیوور) کە دەبێتە سەمفۆنی پێنجی بێتهۆوێن وەکوو تراژدیەکی کلاسیکی قووڵ و کار لێ کەرەو (سەمفۆنی شەبانی) کە دەبیتە سەمفۆنی شەشی بێتهۆوێن لە ساڵی 1808دا دروست کراوە. هەروەها بێتهۆوێن یەکێك لە ناسکترین ئاسارەکانی خۆی، یانی سۆناتی ترس هێنەروو خەیاڵاوی لەساڵی 1808 دا دروست کردو پێشکەشی کرد بە (ترێز) نامزەری خۆشەویستی.

ترێز و بێتهۆوێن یەکتریان زۆر خۆش دەویست، بەڵام مەعلووم نەبوو چ کۆسپێك رێگای لەو دوانە بو زەماوەند کردن و خۆشبەخت بوون دەگرت؟ لەهەر حاڵ دا زەماوەندی سەری نەگرت و نامزەدیەکەشیان هەڵوەشایەوە.

لەساڵی 1810 دا بۆ جارێکی دیکە هەستی تەنیایی بەدەکرد، تەمەنێکی تێپەڕ کردبوو و لەو ساڵەدا تەنیایی عەزابی دەدا.

خانمی (تێبێتیا نێتا نۆ) کە لەدەورانی بێتهۆوێن لەگەڵ ئەو و (گۆتە)دا رەفیق بوو دەنووسێ: کاتێك بۆ یەکەم جار دیتم تەواوی دنیا لەزەینم دا گوم بوو. بێتهۆوێن دنیاو هەموو شتێك و تەنانەت (گۆتە)شی لەزەینم دا شۆردەوە. بەبڕوای من ئەو لەژیانی کۆمەڵایەتی نوێ دا لەهەموو کەس پێشکەوتووتر بوو بڕواش ناکەم لەم بارەیەوە بەهەڵەدا چووبێتم...

هەروەها بێتهۆوێن، بۆ نووسراوە بەنێوبانگەمانی (شکسپیر) بەناوەکانی (کوریولان) و (تۆمان) ئاهەنگی موسیقی گەورەو هەروەها خەماوی سازکردوە. بێتهۆوێن (میکل ئانژیشی) خۆش دەویست، چونکە میکل ئانژ کەسایەتیەکی ئازادیخوازو مێژوویی سەردەمی خۆی بوو. هەمیشە لەدیوەکەی دا پەیکەری جەبباریەتی میکل ئانژ دەبیندرا. بێتهۆوێنی ئازادیخواز لەیەکێك لە نووسراوەکانی دا ئاوا دەڵێ:

پاشاکان و شازادەکان توانای ئەوەیان هەیە کە پروفیسوروو دەستیاری تایبەت پەروەردە بکەن، میداڵ و نیشانی جۆراوجۆریان پێ بدەن. بەڵام توانایی ئەوەیان نیە کە کەسایەتی گەورە و شۆرشگێر دروست کەن...

سەمفۆنیەکانی حەوت و هەشتی کە لەساڵی 1812 و لەماوەی ئەو چەند مانگەی کە لە ئاساییشگاکانی (تۆپتێز) نووسراون هی ئەو سەردەمی ئەون. بێتهۆوێن لەهیچ کام لە ئاسارەکانی دا بەقەدەر سەمفۆنی (درلا) کە دەبێتە سەمفۆنی حەوتی ئەو، هێزو توانایی و ئازادیو راشکاویەی تێدا نابیندرێ.

ساڵی 1814 سەردەمی گەشەو هەڵدانی بێتهۆوێن بوو. کۆنگرەی ویەن ئەوی بەمایەی شانازی ئوروپا لەقەڵەم دا. نەخۆشی کەڕی لە ساڵی 1815 دا، بەوپەڕی خۆی گەیشت و ئەمجار تەنیا لەرێگای نووسراوەوە پێوەندی لەگەڵ ئەم و ئەو دەگرت، لەساڵی 1833 داوای لە (شیندلێر) کرد کە لەنواندنی (فیدلۆ) دا ئەو ئورکێسترەکەرێبەری بکا. لەسەرەتای بەشی هەوەڵەوە دیاربوو کە بێتهۆوێن هیچ شتێك لەوەی کە لەوێدا رووی ئەدا گوێ بیست نابێ و بەشێوەیەکی هەست پێکراو وەزنەکان و زەربەکانی وەدوا دەخست و پەشۆکاویەکی هەست پێ کراو رووی دەدا، پشوویەکیان دا بەخەڵك تا بەشکم دوایی بێتهۆوێن بتوانێ کۆنسێرتەکە جوان رێبەری بکات هەر کە کۆنسێرتی دووهەم دەستی پێکرد هەر ئەو ئالوزکاویەی پێشوو دووپات بووەو بێتهۆوێنی لەخۆ بوردوو، توانایی ئەوەی نەبوو کە کونسێرتەکە رێبەری بکات، بەڵام چلۆن دەکرێ ئەم شتەی پێ بوترێ.

شیندلیر لە بێتهۆوێن نیزیك بووەو لەسەر کوتێك کاغەز بۆی نووسی کە بەسی بکاو کۆتایی پێ بێنێ. بێتهۆوێن هاتە خوارێ و هاواری کرد: بۆچی زوتر دەنگت نەدەکرد. بێتهۆوێن لەو کارەساتە دڵ بریندار بوو، ئەو بیرەوەریە تاڵە هەتا سەرەمەرگ لەگەڵی دابوو.

دوو ساڵ دواتر، یانی لەساڵی 1834 دا، سەمفۆنیکەی خۆی کە کوڕی لەگەڵ بوو رێبەری کرد. دیسان هیچ شتێکی گوێ لێ نەبوو، ئەم جارەیان خەڵك ئەویان بەگەرم و

گوڕییەکی بێ وێنە تەشویق و هان دەدا و بۆ ڕێزگرتن لەو هەستانە سەرپێ.

-بێتهۆوێن سوناتی جوان و بەنێوبانگی تریشی لێ داو سەرەڕای ئەوەی کەڕ ببوو دەستی لەکارەکەی نەکێشایەوە. دوکتور (موولێر) لە ساڵی 1837 دا نووسی کە: بێتهۆوێن بیروباوەری خۆی بەدژی دەوڵەت و بەدژی سەرمایەدارەکان، تەنانەت لەکۆڕو کۆمەڵە گشتیەکانیشدا، ئازاد و بێ هیچ ترسێك دەردەبڕی و بەو شێوەیە هیچ شتێك توانایی ئەوەی نەبوو کە ئەو بەچۆك دا بێنێ. چوار مانگ پێش لەمەرگی، ئاخرین پارچەیەك کە کوتایی پێ هێنا "فینال"ێکە بۆ (کوا توور ئووپ) کە حاڵەتێکی زۆر شادی بەخشی هەیە.



لەزستانی ساڵی 1836 دا بەهۆی گیرۆدە بوون بەنەخۆشی (تەنگەنەفەسییەوە) لەویەن بەستەری کرا جەستەی بەهێزو خۆراگری بێتهۆوێن 3 مانگ لەگەڵ ئەو خۆشیەدا دەستەو پەنجەی نەرم کردو سەرئەنجام هاوکات لەگەڵ تۆفان و کرێوەی بەفر و هەورە تریشقەدا، بێتهۆوێن گیانی لەدەست داو بۆ هەمیشە ئەم دنیایەی بەجێ هێشت.

زۆر کەس هەن کە گەورەیی هونەری ئەویان ڕێز لێ گرت، بەڵام جێ‌وشوێنی بێتهۆوێن بەرزتر لەوەیە کە ئەو وەکوو موسیقیدانێکی گەورەی جیهان بناسرێ.

چونکە ئەو لە بەجەرگترین پێشرەوانی هونەری نوێیە. ئەو گەورەترین و باشترین هاوڕێی کەسانێکە کە ئازار دەبینن و خەبات دەکەن. شنیدێر دەڵێ:

بێتهۆوێن زانستی فێری من کرد و هەر بەو جۆرەی کە منی بۆ لای موسیقی ڕێبەری کرد لەو زانستەش دا ڕێبەری من بوونتێکی کە مایەی سەرمەستی و شادمانی بێتهۆوین بوو: هێزو گەورەیی سروشت بوو، نەوەك قانوونەکانی.

بێتهۆوێن لەڕەنج و ئازارەکانی خۆی، لە نەداری و لەچارە ڕەشی خۆی، خوشحاڵی و شادی دروست دەکرد ئەو هونەرەکەی خۆی، لەوشەیەکی لەخۆباییانەدا ئاوا باس کردووە:

شادی و خۆشی لەرێگای خەبات و ڕەنجەوە. بێتهۆوێن هونەرمەندی ڕەنجی گەورەیە. ڕەنگە لەنێو هونەرمەندانی گەورەی دنیادا کەسێك لەڕادەی گەورەیی ئەودا پەیدانەبێ. هەوڵ و کۆشش و کاری خوڵقێنەری ئەو لەڕادە بەدەر بوو. سەرەڕای ئەوەی کە نەخۆشی و دەست تەنگی و چارەڕەشی و زۆر شتی لەم بابەتە، دەورەیان دابوو، تەنانەت بۆ ساتێکیش بووبێ لە خەبان کردن کوتایی نەکرد. ژیانی ئەو نمونەیەکی ئاشکرای سەرکەوتنی ئینسان بەسەر چارەنووس دا بوو. کاری دەکردو کاری دەکردو کاری دەکرد. ئاوایە ئەو رۆحەی کە نەی دەتوانی نەزۆك بمێنێتەوە.

***

# دەور و نەخشی ڕاگەیاندن لە نیزامی سەرمایەداری دا

وەرگێرانی: ع–م

لەجیهانی سەرمایەداری دا، تەواوی وەسیلە خەبەرییەکان و وەسیلەکانی پەیوەندی گشتی یە، لەکونترۆڵ و مالکیەتی دەوڵەت دایە. دەوڵەت بەکەڵك وەرگرتن لەو دەسەڵاتو کونترۆڵەی کەبەسەر هەواڵ و زانیاری و فەرهەنگی خەڵکدا هەیەتی، دەیهەوێ کۆمەڵگایەکی بەتەواوی رامو دەستەمۆی خۆی پێك بهێنێ. لەساڵی 1980 دا رەوتێکی گۆرانکاری لەزەمینەو بوواری رادیوو رۆژنامەکانی سەرتاسەری جیهان دا دەستی پێکرد. زۆربەی ولاتانی ئورووپای رۆژهەلات تێگەیشتن کە ناچار بەکەم کردنەوەی کونترۆڵی دەوڵەت و کونترۆڵی مەرکەزین لەسەر خەبەرو زانیارییەکان.

هەرچەندە ئەم رەوتە بەشێنەیی چووە پێش و لەهەندێك شوێن ئێستاش لەحاڵی تاقیکردنەوە دایە، بەڵام لەهەمان کات دا لەولاتانی پێشکەوتووی سەرمایەداری و لەوانە لەئەمریکان ئەم رەوتە بەپێچەوانەوە دەچێتە پێش و لێرەدا تەواوی رادیوو رۆژنامەکان نەك لەلایەن دەوڵەتەوە، بەڵکوو لەلایەن چەند شیرکەتێکی گەورەوە کونترۆڵ دەکرێ کە ژمارەیان لەقامکەکانی دەست تێ ناپەرێ.

هیچکام لەم شیرکەتە گەورانە بەتەنیایی رادیو و رۆژنامەکان کونترۆڵ ناکەن. بەڵام ئەم رەوتە بەخێرایی و بەشێوەیەکی بەرین بۆ کۆنترۆڵ کردن و دەست بەسەردا گرتنی تەواوی رۆژنامەکان و گۆڤارەکان، ئیزگەکانی رادیو تلویزیون، بڵاوکردنەوەی کتێب، سەنعەتی سینەما، و راگەیەنەرەکانی تر لەلایەن چەند شیرکەتێکی چەند میللیەتیەوە دەچێتە پێش. ئەگەر تێکەڵ بوونەکان، کرین و ئینحسارات و دەست بەسەردا گرتنەکان، هەروا بەردەوام بێ، هیچ دوور نییە کە تاکۆتایی دەیەی 90 تەنیا شیریکەتێکی گەورە بەکردەوە کونترۆڵی تەواوی رادیوو رۆژنامە ئەسڵییەکان بگرێتە دەست.



بەم حاڵەشەوە ئیمکانی ئەوە زۆرە کە هەروەك خودی خاوەن شیرکەتە گەورەکانیش پێش بینی دەکەن، تا کۆتایی دەیەی 90، 5–6 شیرکەتی گەورە کونترۆڵی تەواوی رادیوو رۆژنامە ئەسڵییەکان بگرنە دەست. بە لەبەرچاوگرتنی تایبەتیەکی هاوبەش کە لەنێوان ئامانجە خوسوسی و سیاسی و ئابوورییەکانی خاوەنانی ئەم

شیرکەتانەدا هەیە، و بەلەبەرچاوگرتنی توواناییەکی سەرسووڕهێنەر کە بەتێکەڵ بوونی وەسیلە جۆراو جۆرو مۆدێرنەکانی خەبەرو راگەیاندن پێك دێ، بوونی 10 تا 20 خاوەنی بەهێز لەباتی یەك خاوەن، جیاوازییەکی ئەوتۆی بۆ خەڵك نیە و ناشی بێ.

پێش بینی ئەم تێکەڵاو بوونەی شیرکەتە گەورەکان لەسەر ئەساسی گۆرانکارییەکە کە لە چەند ساڵی رابووردوودا رووی داوە. بۆ نموونە لەدوای شەری دووەمی جیهانییەوە، 80٪ ی رۆژنامەکانی ئەمریکا مالکیەتی سەربەخۆیان هەبووە، بەڵام تا ساڵی 1989 ئەم میزانە پێچەوانە بووەوە و ئێستاکە، مالکیەتی زیاتر لە 80٪ رۆژنامەکان لە دەستی شیرکەتی گەورەی زنجیرەیی دایە. بەڵام پاش 7 ساڵ ژمارەی ئەم شیرکەتانە بوو بە 13 شیرکەتی گەورە. ئێستا ئەگەرچی 25 هەزار وەسیلەی جوراجوری راگەیاندن لە ئەمریکا هەن، تەنیا 23 شیرکەتی گەورە کونترۆڵی زوربەی ئەم وەسیلانە دەکەن کە بریتین لەرۆژنامەو گۆڤارەکان، تلویزیونەکان، کتێبو بەرهەمە سینەماییەکان. ستراتیژی و ئامانجی ئەم شیرکەتە گەورانە ئەوەیە کە دەبێ تا ئەو جێگایەی ئیمکانی هەیە مالکیەتیان بەسەر هەموو جۆرە وەسیلەو داموو دەزگاکانی خەبەری دا هەبێ. "رۆبێرت مورداك" کە یەکێکە لە گەورەترین خاوەنانی ئەم وەسیلانە، دەڵێ: سەرەکیترین و ئەسڵی ترین سیاسەتی ئابووریو جیهانی خۆی لەم زەمینەیەدا، کڕینو دەست بەسەردا گرتنی رادیو و رۆژنامەکانی ترە.

خاوەنە ئەسڵیەکانی شەبەکە "تلویزیونیەکانی کابل" هەر ئەو شیرکەتانەن کە رۆژنامەکان، گۆڤارەکان، کتێب و وەسیلەکانی تری راگەیاندنیان لەبەر دەست دایە. ئەم شیرکەتانە بەردەوام پێ لەسەر ئەوە دادەگرن کە مالکیەتی گشتی، یان بەشێك لەو بەرنامانەی کە خۆیان بلاوی دەکەنەوە، لەدەست خۆیان دا بێ.

شیرکەتی "سونی" کاتێك کە بەشی شریت و سەفحەی (سی. بی. ئێس)ی کڕی، خێرا بۆ کڕینی شیرکەتێکی تر کە حەقی ئیمتیازی 35 هەزار گۆرانی هەیە دەست بەکاربوو. شیرکەتی "تایم–واریز" کە گەورەترین زنجیرە شیرکەتە لەجیهان دا، حەقی ئیمتیازی بەسەر هەزاران هەزار گۆرانی دا هەیە، لەوانە گۆرانی لە (دایك بوونت موبارەك) بەلەبەرچاو گرتنی ئەوەی کە ئیشارەی پێ کرا، دیمەنێکی ناخۆش خۆی دەنوێنێ.

لەلایەك زانیاریەکان هەر ئینسانێك لەچوارچێوەی بەرتەسکی تەجروبەی شەخسی خۆی تێ ناپەڕێ و لەلایەکی ترەوە بۆ ئەوەیکە لە روانگەی سیاسییەوە بەتەواوی لاواز نەبێ، دەبێ لە رووداوەکانی کۆمەڵگاو ولآتەکەی و جیهانیش ئاگادار بێ. ئەوەیکە ئەم دوو حاڵەتە پێکەوە پەیوەست دەدا، جگە لەرادیوو رۆژنامە و تلویزیونەکان هیچێکی تر نییە. ئەمانەش خەریکە دەبن بە ژمارەیەکی کەمی سیستمی مەدار بەستراو کە خاوەنەکانیان دەیانهەوێ لەو بابەتانە کەڵك وەربگرن کە سەربەخۆیانە و یان لەخزمەتی بەرەوپێش بردنی ئامانجە ئابوورییەکانیان دایە.

لێرەدا ئەم پرسیارە دێتە گۆڕێ کە بۆچی شیرکەتە گەورەکان ئاوا سەرسەختانە بۆ سوڵتەو دەسەلآتی زیاتر و بەرینتر بەشەر دێن، و بەسەرف کردنی میلیۆنەها دولار، زۆربەی کاتی سەران و کاربەدەستانیان سەرفی ململانێ و مەرجی کڕین، تێکەڵاو بوون و دەست بەسەرداگرتنی بازار دەبێ؟ وڵامی ئەم پرسیارە هەمان وڵامی روون و چاوەڕوان کراوە کە بریتی یە لە:

وەدەست هێنانی پووڵ و دەسەلآت و نفوز.

پوول: شیرکەتەکانی زاڵ بەسەر بازاردا، بەسەر بازاردا، لەهەر دولارێك دا دەرسەدێك زیاتریان لەشیرکەتە بچووکەکان پێ دەبرێ و قازانج دەکەن. لێکۆڵینەوەیەکی 4 ساڵەی دامەزراوەی تەبلیغاتی "بکر–اسپیلو–بیت" کە لەسەر 2746 شیرکەت ئەنجام درا، نیشانیدا ئەوشیرکەتانەی کە فرۆشیان 1.5 بەرابەر لە رەقیبەکانیان زیاترە، لەهەر دولارێکی سەرمایەکەیان دا، 25٪ قازانجی زیاتریان لەوانی تر پێ دەبرێ. شیرکەتەکانی هەڵسووڕێنەری بازاڕیش بەشێوەی نێوەنجی 33٪ پاشەکەوتی سەرمایەیان هەیە، لەحاڵێك دا شیرکەتە رەدە چوارەم و پێنجەمەکان 11٪ یان هەیە.

بەم شێوەیە پێویست نیە کە ئینحسارات بەشێوەی کۆن بێ، یانی تەنیا 1 شیرکەت لەسەحنە دابێ. بەڵکوو کافیە تەنیا ببێتە ئالقەیەك لەزنجیرە شیرکەتێك کە نسبەت بەکۆی

شیرکەتەکانی تر زیاترین بەشی بازاریان لەبەردەست دایە. ئەم لێکۆڵینەوە هەروەها نیشانی دا کە "چونیەتی کاریش" مەرج نییە لەسەرەوە بێ.

بەدەست هێنانی دەسەلآت و نفووز:

-شیرکەتەکانی "زاڵ بەسەر بازاردا" ، بەسەر هەواڵ و زانیاری‌یەکان، بیروڕای گشتی، فەرهەنگ و روانگە سیاسیەکانی کۆمەڵیشدا زاڵن. بەهۆی نفووزێکی بەرچاو کە ئەم شیرکەتانە بەسەر بیروڕای گشتی و دەرەکی خەڵك لەژیانی کۆمەڵایەتیدا و سیاسەت و سیاسەتمەداران دا هەیانە، تەبیعیە کە لەناوخۆی دەوڵەتیش دا نفووزو سوڵتە پەیدا دەکەن.

زۆربەی سەرمایە گوازارەکان لەم زەمینەیەدا، لەو باوەرەدان کە رەوتی پاوانکردن و کونترۆڵی زیاتری رادیو و رۆژنامەکان بەردەوام دەبێ (کریستۆفر شاو) کە بانکداری پسپۆری سەرمایەگوزاری و دەلآڵی کڕین و فرۆشتنی 210 دەزگای راگەیاندن بووە، لەم بابەتەوە دەڵێ: رادیو و رۆژنامەکانی ئەمریکا لەدەست 6 شیرکەتی گەورەدایە. "رابێرت ماکسول" کە ناشرێکی ئینگیزی‌یە، ساڵی 1984 گوتی: لە 10 ساڵی داهاتوودا تەنیا 10 شیرکەتی چەند میللیەتی بەسەر دەبنە خاوەنی رادیو رۆژنامەکان کەمن یەکێکیانم.

"جی. کندریك نوبل" ی توێژەری سەر بەشیرکەتی "پین و بر" لەو باوەرە دایە کە تا کۆتایی ئەم سەدەیە، مالکیەتی گەورەترین رادیوو رۆژنامەکانی تەنیا لەدەست 6 شیرکەتی گەورەدا دەبێ.

ئێستا کە کونترۆلی هەرچی لە ئامریکا دەخوێندرێتەوە دەبینرێ، لەدەست خاوەنانی 23 شیرکەتی گەورەدایە و بەبێ هیچ جیاوازی‌یەك هەر هەموویان بەمحافزەکار بەحیساب دێن، ئەمانە دەتوانن، بەکەڵك وەرگرتن لە رۆژنامە و رادیوو تلویزیون و کتێب و بەرهەمە سینەماییەکانیان، بەبەرەوپێش بردنی ئامانجەکانی خۆیان شیرکەتیەکان، شیرکەتەکانی تر وەلانێن و تەنانەت بەتەبلیغ بو سیاسەتمەداری دڵخوازی خۆیان یان بە بێ ئابرووکردنی و ریسواکردنی ئەوانی تر تەئید دەکەنە سەر سیاسەت و قانونی کاتی وڵات و هەرقانونێك لە دژی شیر کەتەکانیان بێ.

ئینحسارات و دەسەڵاتی یەکگرتووی شیرکەتەکان، مافی هەڵبژاردنی واقعی لەخەڵك وەردەگرێتە. شیرکەتە گەورەکان هەمیشە تەبیلغی ئەوە دەکەن کە پێکەوە پەیوەنددانی رادیوو رۆژنامەکان کەیفییەتی کار بەرز دەکاتەوە. بەڵام کارنامەی تێکەڵاو بوونیان ئاوا شتێك نیشان نادا. بەرپرسی ئەسڵی شیرکەتی (گانت) کە لەباری تیراژەوە گەورەترین رۆژنامەکان لەکۆنترۆل دایە. لەساڵی 1989 دا دانی بەم راستیەدا نا کە زۆربەی رۆژنامەکانی سەر بەم شیرکەتە لەباری کەیفییەتی رۆژنامەگەری‌یەوە "شەرم هێنەرن ئەتترناشناڵ تاسون گەورەترین شیرکەتی چاپەمەنی یە کە کومیتەی پارلمانی کانادا وەك کۆمەڵێك دووکانی پووڵ ساز و بێ خاسیەت ناویان دەبا".

کاتێك کە شیرکەتێکی گەورە رۆژنامەیەکی مونوپولی محەللی دەکرێ، ئیدیعا دەکا کە بەرێوەبەرایەتیەکی باشتری بۆدادەنێ. بەڵام مەبەستی لەم باشتربوونەی بەرێوەبەری و مودیریەت، هەزینەی زیاترە لە ئاستی ئیداری‌یەکەی دا و هەر کە لەسوڵتەی بازار بەهرەمەند بوو، خێرا نرخی رۆژنامەکە دەباتە سەرو ناوەرۆکی کەم دەکاتەوە. کاتێك شیرکەتێکی گەورە چەندین دام‌و دەزگای ڕاگەیاندن دەکرێ و کونترۆلی بەرینتر دەکاتەوە، باس لەهەلبژاردنی خەبەرو بەرنامەی تەفریحی بەپێز بۆ خەڵك دەکا، بەڵام تەجروبە نیشانی داوە کاتێك هەڵسوورێنەرانی ئەسلی واحیدێك بەسەر چەندین رادیوو رۆژنامەدا دەسەلآتیان هەبێ، ئەم رادیوو رۆژنامانە وەك یەکیان لێ دێ. فیلمە سینەماییەکان وەك زنجیرەی تلویزیونیان لێ دێ، " تلویزیونی کابل" کە پێشتر وەك ئالترناپتیوێکی تلویزیونی و رادیوو رۆژنامەکانی تردا سوڵتەیان هەیە، لەجاران زیاتر وەك تلویزیونی تیجارەتی لێ هاتووە.

ئەوەیکە شیرکەتە گەورەکان ئیدیعا دەکەن کە بەهۆی دەسەلآتیانەوە دەتوانن بەر بەنفوزی دەوڵەت لەئازادی بەیان و زانیاری دا بگرن، تارادەیەك راستە بەلآم کاتێك کە مالیاتی حاکم بەقازانجی شیرکەتەکانە، رێگای نفووزی دەوڵەت ئاوالەیەو ئەم شیرکەتانە پێشینەیەکی باشیان لەم بارەیەوە نیە.

مێژووی پەیوەندی دەوڵەتە بەهێزەکان و شیرکەتە گەورەکان زیاتر پەیوەندی هاوکاری نیشان دەدا نەك ململانێ. "ریچارد نیکسۆن" و "رۆناڵد ریگان" لەدەورانی رەئیس جمهووری یان دا توندترین هێرش و دەست درێژییان کردەسەر ئازادی بیان و زانیاریەکان. بەڵام لەبەرانبەردا پشتیوانیان لە یەکگرتنی شیرکەتە گەورەکان و زیاد کردنی رێگای قازانجی زیاتر بۆ رادیوو رۆژنامەکان کرد. لەکاتی هەڵبژاردنی "ریگان"دا شیرکەتە خەبەرییەکانی ئەمریکا کەمتر رەخنەیان لە ناوبراو گرت.

شکڵو و ناوەرۆکی رۆژنامەو گۆڤارو بەرنامە تلویزیونیەکان نەك بە گوێرەی خواست و پێویستیەکانی خوێنەر و بینەر، بەڵکوو بەپێی راکێشانی هەرچی زیاتری ئاگاداری‌یە تیجارەتیەکان تەنزیم کراون. ئەم رەوشتە، لەژێر مالکیەتی شیرکەتە گەورەکان دا زیاتر خۆی دەنوێنێ، کە مەبەست: وەدەست هێنانی ئەوپەری قازانجە لە کورت ماوەدا.

ریاکاری‌یەکی تری خاوەنان و کاربەدەستانی خەبەر گوزاری‌یە گەورەکان ئەوەیە کە: هەرچەندە ئەوان دەسەڵاتێکی زۆریان هەیە، بەڵام هەر کاتێك لەم دەسەڵاتە کەڵك وەربگرن، خەڵك لێیان دوور دەکەونەوە. بەپێچەوانەوە، حەقیقەت ئەوەیە کە خەڵك بۆ ئەنجام دانی ئاوا کارێك پێویستیان بەمافی هەڵبژاردنی واقعی هەیەو مافی هەڵبژاردنی واقعیش پێویستی بە زانیاری راست و کافی هەیە. لەشوێنێك دا کە ئینحسارات بەسەر زانیاری دا حاکم بێ، باس کردنی مافی هەڵبژاردن شتێکی بێ مانایە.

ئەم ئینحساراتە لە بابەت 98٪ ی رۆژنامەکان و تلویزیونەکانەوە، لەپێش دا کاریان کەم کردنەوەی پرسنل و بەرتەسك کردنەوەی "بەشی هەواڵ"ە. زۆربەیان بەرنامەی درێژماوەیان بۆ راگرتنی خوێنەر و بینەر نیە.

تەنانەت کاتێك کە رسوواترین رووداو لەکاری رادیوو رۆژنامە گشتیەکان دا روو دەدا، خەڵك دەسەڵاتێکی وایان لە ئیسلاح کردن و گورانی دا نیە. ساڵی 1977 لەشاری "ئێسکانابا"ی "ئەیالەتی میشیگان دا، کاتێك کە سەرنووسەری جێگای متمانەی رۆژنامەی "پاناکس" لەچاپ کردنی داخوازە تەبلیغیەکانی خاوەن رۆژنامەکە لەلاپەری یەکەم دا سەرپێچی دەکا، دەست بەجێ دەردەکرێ."

تەواوی خەڵکی شار بەدیموکرات و جموهووری خواز، محافزەکار و لیبراڵەوە، یەکدەنگ نارەزایەتی خۆیان دەردەبڕن و پاشان رێکخراوێکیان پێك هێناو رۆژنامەکەیان تەحریم کرد. بەڵام لەگەڵ شکست دا بەرەو روو بوون. هۆکەشی ئەوە بوو کە هیچ سەرچاوەیەکی تری خەبەری بۆ وەرگرتنی خەبەرە محەللیەکان لەئارادا نەبوو، زانیاری دەرانیش نەیاندەویست یان نەیاندەتووانی زانیاریەکانیان وەربگرنەوە. لەماوەی ئەم تەحریمە دا خاوەنانی رۆژنامەکە هەزینەی ئەم رۆژنامەیان لەداهاتی رۆژنامەکانی تریان دابین دەکرد.

نە لەباری باشتربوون لە چونیەتی خزمەت بەکۆمەڵ و نەلەباری سەربەخۆ بوون لەدەوڵەت، لەهیچ بارێکیانەوە مالکیەتی ئێنحساری رادیوو رۆژنامەکان لەلایەن شیرکەتە گەورەکانەوە کارنامەیەکی باشی نەبوو، تا لەبری ئەوە قەبوول بکرێ هەواڵ و زانیاری‌یەکان زیاتر کونترۆڵ بکرێن و بەرتەسك تر بکرێتەوە.



بەبۆچوونی برێك کەس و لایەن، ئەم رەوتە لەیەکگرتنی دەسەڵاتی رادیوو رۆژنامەکان دا، پیلانێکی لەپێش دا دارێژراوە. بەڵام لەم دەورانە دا، بۆ گەیشتن بە مەبەست پێویست بەپیلان و نەخشە ناکا. قەبووڵ نەکردنی ئەم بۆچوونە بەو مانایە نیە کەشیرکەتە گەورەکان نایانهەوێ

یان ناتوانن بەشێوەیەکی واحێد لەدەسەلاتی هاوبەشیان کەڵك وەرگرن.

ئەمانە پێوانەو روانگەی هاوبەشیان هەیە کە لە هەڵبژاردن و شێوەی چاپ و تەنزیم کردن، یان لەتەبلیغ و پەرەپێدانی جۆرێك لەفەرهەنگی گشتی دا رەنگ دەداتەوە. ئەم شیرکەتانە، گرنگترین و بەهێزترین عاملی شکلّ پێدانی بیروڕای گشتی ئەمریکا نسبەت بە رووداوە جۆراوجۆرەکان و مانای ئەم رووداوانەن. راست بەهۆی بوونی ئاوا سوڵتەیەك بەسەر بیروڕای گشتی دایە کە ئەم شیرکەتانە لەناوخۆی دەوڵەت دا نفووزێکی کاریگەرو حاشا هەڵنەگریان هەیە.

بەرێکەوت نەبوو کە عاملی گرنگی پێکەوە پەیوەست بوونی رۆژنامەکان، پەسەند کردنی قانوونی گونجاوی تایبەت بەشیرکەتەکان بێ. بەپێی قانوونی پەسەند کراو لەم بارەوە، بەشێك لەقازانجی ساڵانەی شیرکەت ئەگەر سەرفی ئەو هەزینانە بکرێ کە بۆ "مانەوەی شیرکەت" زەرووریە، ماڵیات نایگرێتەوە. یانی بەرگرتن لەزیانە ئێحتمالیەکانیش بۆ "مانەوەی شیرکەت" زەرووریە. ئیدارەی ماڵیاتی ئەمریکا روونی کردەوە کە: هەرکاتێك رۆژنامەیەك لەقازانجی ساڵانەی بۆ کرینی رۆژنامەیەکی تر کەڵك وەربگرێ، ئەم کارە بۆخۆی وەك هەزینەیەکی پێویست بۆ مانەوەی شیرکەت بەحیساب دێ.

زۆربەی شیرکەتە گەورەکانی رادیو و رۆژنامەکان بەکەڵك وەرگرتن لە شێوە قانوونیەکانی شیرکەتەکانی ژێر دەسەلاتی خۆیانیان کردووە بەژێر قەرزێکی یەکجار زۆر و قورسەوە. ئەم کارە تەئسیری شاراوەی ئابووری هەیە کە فشارە ماڵیاتی‌یەکی دەکەوێتە شەرشانی خەڵکی ئاسایی. چونکە بەزیادبوونی بەهرەیەکی ترسناك کە شیرکەتەکان دەیدەن، لەدانی ماڵیات معاف دەبن.

ئەم خەبەرانە لە هەواڵی رۆژانەی تایبەت بەکڕین و فرۆشتن و پەیوەست بوونەکان بلاّونابێتەوە. 2عاملی ئەسڵی کە یەکێکیان هوشیارو ئاگادار نەبوونی خەڵك و ئەوی تریان تەئسیری فشاری خاوەن رادیوو رۆژنامەکان و بانکدارەکانە لەکونگرەو کۆشکی سپی دا، بووەتە کۆسپی رێگای گۆرانی ئەم بارودۆخە، هەرچەندە ئەمە لەخۆیدا بەعاملێکی گرنگ لەبەردەوام بوونی"کەسری بووجە"دا بەحیساب دێ.

بەشێوەی مێژوویی، دەسەلاتی رادیو و رۆژنامە گشتیەکان دەکەوێتە دەستی کەسانێك کە دەیاهەوێ وەك وەسیلەیەك بۆ بەرەوپێشبردنی ئامانج و مەبەستە سیاسیەکانیان کەڵکی لێ وەربگرن. خاوەنی زۆربەی رادیۆ و رۆژنامەکان، هەمیشە بۆ وەدەست هێنانی پلەوپایەی بالاّی دەوڵەتی هەوڵیان داوە.

بۆ نموونە "جیمز ام.کاکس" کە ناشری رۆژنامەیەکە، ساڵی 1920 لەلایەن دیموکراتەکانەوە بوو بەکاندیدی رەئیس جمهووری و لەململانێی کاندیدایەکی تردا کەئەویش ناشری رۆژنامەیەکی تر بوو، شکستی خوارد.

ئەمرۆ، خواستو مەبەستی زۆربەی خاوەنی ئەم شیرکەتانە، بوون بە رەئیس جمهوور نیە، بەڵکوو بوونی نفووزە بەسەر رەئیس جمهووری دا، رادەی ئەم نفووزە بەستراوەتەوە بە تووانایی رادیوو رۆژنامەکانەوە. ناشری رۆژنامەیەکی محەللی لە (کافی ویل) کانزاس (بەتیراژی 700) نووسخەوە ناتووانی ئەو چاوەروانیەی هەبێ کەهەر کاتێك پێی خۆش بوو چاووی بەرەئیس جمهوور یان ئەندامانی دەست رۆیشتووی کۆنگرە بکەوێ. بەلاّم بەرپرسی و کاربەدەستانی شیرکەتی "گانت" کە خاوەنی ئەسڵی رۆژنامەی "کافی ویل" و زۆربەی رۆژنامەکانی ترە بە 2 میلیۆن تیراژەوە، و لەپالّ ئەمانەدا لە بەرهەمەکانی رادیو و تلویزیونیش دا دەستی هەیە، ئاسانە و دەرگا لەسەر پشتە.

خاوەنی رۆژنامە بچووکەکانیش داواکاری‌یان لە دەوڵەت هەیە. بەلاّم ئەم داواکاری‌یانە بەگشتی لەئاستی بەخششێکی ماڵیاتی وەیان ئیجازەی ساختمانی لەشارەداری تێ ناپەرێ . بەلاّم شیرکەتە چەند میللیەتی یە مودێرنەکان لەئاستی میللی و جیهانی دا وەدوای قازانجیانەوەن و بەم شێوەیە دەستیان بە بەرزترین دەسەلاتی مالّی و سیاسی ولاّت دەگاو خۆیان حیسابن. جگە لەمەش زوربەی ئەم شیرکەتە گەورە خەبەر گوزاری‌یانە شەبەکەیەکی یەکگرتوویان لەسەنعەتی سەربازی، دامەزراوەی مالّی و بیمەو شیرکەتی نەوت، بە بەشداریی مالکیەت و سەرپەرشتی بانکەکان پێك هێناوە.

ئەمانە لەسەر مەسەلە ئەسڵیەکان تەبان و بۆچوونی وەك یەکیان هەیە. یانی لایەنگری لەقازانجی ماڵیی گەورە بەرانبەر بەقازانجی بچووك و کەم، کە هەمان ماڵیان دەران و مشتەرییانن. (ئایزنهاور) بەرانبەر بە "دەسەلاتی شەبەکەی گەورەی سەنعەتی سەربازی" هەرەشەی لەخەڵك دەکرد ئەو شیرکەتە گەورانەی کە بەسەر رادیو و رۆژنامە گشتیيەکان دا زاڵن، دەکرێ ناوی بنرێ "شەبەکەی گەورەی سەنعەتی رادیو و رۆژنامەکان".

خاوەن و هەڵسوورێنەرانی تەبلیغاتی رادیو و رۆژنامەکانیش وەك کاربەدەستانی تری تەبلیغاتی، بەردەوام لە پارەوەکانی کونگرە دا لە هاتووچوودان، بەلأم دەنگی ئەوان لەجێگایەکی مەحکومترەوە دەردێ، چونکە سیاسەتمەتداران حیساب لەسەر تەئسیرو دەسەلأتی رادیو و رۆژنامەکان دەکەن.

کاتێك جنرال ئەلکتریك لەساڵی 1986 دا شەبەکەی "ار. سی. ا" کری (و لەگەڵ ئەودا سەرتاسەری ان. بی. سی)ش کری، پێکهاتە و تەرکیبێکی لەتووانایی رادیو و رۆژنامەکان لەگەڵ تووانایی سەنعەتی و ماڵیدا پێك هێنا.

جنراڵ ئەلکتریك یەکێك لە گەورەترین پەیمانکارانی سەنعەتی سەربازییە کە لەدروست کردن و فرۆشتنی سیستەمەکانی ئەلکترونیکی، بەرهەم هێنانی وزە، و سیستمە ناوەکییەکانی سەرتاسەری جیهان دا دەستی هەیە. ئەم شیرکەتە دروستکەری یەدەکی تەیارەو مووشەکە فەزاییەکان و هەروەها خاوەنی شیرکەتەکانی بیمەو بانکەکانەو لەسەریەك لەساڵ دا زیاتر لە 40 میلیار دولار فرۆشی هەیە.

ئەم کومپانییە شەبەکەیەکی جیهانییەو هەم نیسبەت بە سیاسەتە خارجیەکانی ئەمریکاو هەم نسبەت بەهەواڵ و ئەخبار حەساسیەتەی تایبەتی هەیە. کریستۆفر شاو، کارناس و شارەزای کرینی (وال استریت)، ساڵی 1986 لەکۆبوونەوەی سەرمایە گوزارانی رادیوو رۆژنامەکان دا گوتی: بۆ کرینی رۆژنامەکان، گۆڤار، ئیزگەی رادیو و تلویزیونو ئینتشارات 2 دەلیل هەیە، یەکەم قازانجی مادی، دووهەم دەسەلأتو توانایی نفووز کردن.

بەدەست پێکردنی دەیەی 1960، شیرکەتە گەورەکان لەناکاو دەستیان کرد بەکرینی رادیو و رۆژنامەکان. ئەم کارە پێویستی بە بەرنامەیەکی لەپێش دا دارێژراو نەبوو. وال استریت، شاراوەترین نهێنی، یانی قازانجی گەورەو فراوانی لەتیجارەتی رۆژنامەگەری ئەمریکا دا ئاشکرا کردبوو.

تەسەورێك کە ساڵەهای ساڵ خەڵکی ئەمریکا لەبلأوکەرەوەی رۆژنامەکان هەیان بوو، ئەوەبوو کە ئەوانە ئینسانهایەکن، کە ژیانێکی هەژارانەیان هەیەو تەنیا بەهۆی پابەندبوونیان بەئازادیی بەیان، ئەم رێگایەیان هەڵبژاردووە. لە ئاکامی ئاوا تەسەور و بۆچوونێك دا، مشتەرییەکانیان کەمتر لەبیری کەم کردنەوەی نرخی ئاگاداری، و یان کرێکارانی رۆژنامەکان کەمتر لەبیری بردنە سەری هەقدەستەکانیان دا بوون.

بەلأم لەراستی دا زۆربەی رۆژنامە رۆژانەکانیش قازانجیان یەکجار زۆر بوو. بەلأم ئیمکانی شاردنەوەی ئەم نهێنییە بۆ شیرکەتە تایبەتییەکان (بەرانبەر بە شیرکەتە گشتییەکانی واڵ ئێستریت کە ناچار بە ئاواڵەبوونی نووسینگەکانی حیساباتیان بەرووی خەڵك دان کارێکی سادەو ئاسان نەبوو.

2 عامل بوونە هۆی ئاشکرابوونی ئەم نەهێنییە گەورەیە، یەکێکیان بەرهەم هێنانی نەسڵی دامەزرێنەرانی رۆژنامە سەرەتاییەکان، و ئەوی تریان قانوونە ماڵیاتیە ئیرسیەکان بوو.

زۆربەی رۆژنامەکانی ئەمریکا لەکۆتایی سەدەی نوزدەیەم دا پێك هاتن، لەوانە نیویورك تایمز، واشنگتۆن پۆست و لوس ئانجلێس تایمز.

ئەمانە رۆژنامە سادەو ئاسایی و محەللیەکانی سەرەتای پێکهاتنی رۆژنامەکان بوون. بەلأم بەدەست پێکردنی دەیەی 1960 و بە بەرەکەتی زیادبوون و هەڵدانی جەمعیەتی ئەمریکا، بە بەرزبوونەوەی ئاستی داهاتە گشتیەکان، چوونە سەری ئاستی خوێنەواری و زانیاری، ئینحساراتی محەللی بوون بە دامەزراوە و موئەسساتی گەورە. ئەو رۆژنامانەی کە تەنیا چەند دەیەیەك لەوەپێش لەگەڵ سەرمایە گوزاری دا تازە دەستیان بەکار کرد بوو (ئادولف ئیکس، لەساڵی 1896 دا رۆژنامەی نیویورك تایمزی تەنیا بە مەبلەغی 75000 دولار لە سەرمایەدارە

شەخسیەکەی کری) ئێستاینە میلیۆنەها دولار قیمەتی بوو.

بەپێی قانوونی ماڵیاتیە ئیرسیەکانی حاکم بەسەر رادیو و رۆژنامەکان دا، دەکرێ تا 3 نەسڵ ماڵیات وەدووا بخرێ. یانی سەرمایەدارێك دەتوانێ داراییەکانی خۆی تا 3 نەسڵی (بۆ نەوەکانی) لەتراست دا بهێڵێتەوە. دەیەی 1960 پاش پێك هێنانی زۆربەی رۆژنامەکان کۆتایی پێ هاتنی ئەم 3 نەسڵە بوو، و خاوەنانی رۆژنامەکان خەریکی هەڵهاتن بوون تا لەدانی ئەم ماڵیاتە زۆرە وەدوواکەوتووە خۆ دەرباز بکەن کە بەمەرگی نەسڵی سێهەم (یان بەناچاری فرۆشتنیان) وادەی دانەوەیان دەهاتە پێش.

رێگا چارەیەکی تر ئەوەبوو کە بەئالوو گۆرکردنی بەشەکانیان لە "ئێستاك مارکت" دا دەیانتوانی خانەوادەکەیان لەژێر باری مەسئوولیەتی بەشێك لە ماڵیاتەکە نەجات بدەن. رێگایەکی تری خۆ دزینەوە لەدانی ماڵیات ئەوەبوو کە تەواوی رۆژنامە ماڵیاتەکە بەشیرکەتێکی خارجی بفرۆشن.

لەبرێك بارو بابەتەوە، هۆی گواستنەوەی مالکیەتی رۆژنامەکان بۆ کەسانێکی تر کۆتایی پێ هاتنی وارس، و یان نەبوونی زاوایەکی مناسب! لەخانەوادە دا بووە.

چەند هۆیەکی تری فرۆشتنی بەشی شەریکایەتی، بوونی شەرو کێشە لەنێوان ئیرس بەرەکان دا بوو کە تا 3 نەسڵ دەیان نەوەی، پێشتر بەقازانجی خالسی ئەو رۆژنامەیە دەژیان. زۆربەی ئەفرادی نەسڵەکانی دوواتر دڵبەستەگیەکی عاتفی وایان بەم رۆژنامەیە نەبوو و کاتێك بەرانبەر بە مەبلەغێك پووڵی نەختی بەرچاو داوای فرۆشتنی رۆژنامەکەیان لێ دەکرا، دەست بەجێ بەشی خۆیانیان دەفرۆشت.

بۆنموونە لەشاری "لویس ویل"ی "ئەیالەتی کنتوکی" دا خانەوادەی "بینگهام" یەکێك لە بەرجەستەترین رۆژنامەکانی ئەو وڵاتەیان پێك هێنا. لەساڵی 1986 لە نێوان وەرەسەکەیان دا شەڕو کێشە لەسەر دابەش کردنی ئیرس دەستی پێکردو یەکێك لە کچانی ئەو خانەوادەیە کە بەتەنیا، ساڵێك 300 هەزار دولاری بە بەردەوامی وەردەگرت، بەشەکەی خۆی فرۆشت بەشیرکەتی "گانت" بە 84 میلیۆن دۆلار. لەئاکام دا شیرکەتی "گانت" تەواوی بەشەکانی تری خانەوادەکەی کڕی.

رۆژنامە سەرەکی و عومدەکان، لەدەیەی 1960 دا لەبازاری سەهامی (ئێستارك مارکت) دەستیان کرد بە فرۆشتنی بەشەکانیان. ئەو دامەزراوانەی کە بەشی ئازاو گشتی بۆ فرۆشتن دادەنێن، بەپێی قانوون دەبێ تەواوی نووسینگە ماڵییەکانیان بەرووی خەڵك دا ئاواڵە بێ. جگە لەمەش سەرمایە گوزارانی زاڵ ئێستریت، بەهیچ شێوەیەك مایل بەسەرمایە گوزاری لەسەر ئەو شتانە نین کە جێگای گومان و ئێبهام بێ.

ئەمانە تەنانەت لە (کومیتەکانی چاوەدێر بەسەر گورینەوەی پووڵ و وەرەقەی بەهادار)یش داوای زانیاریی زیاتری ناوخۆیی دەکەن. لە دەیەی 1960 دا لەناکاو دنیای سەرمایەگوزاری، تیجارەتێکی یەکجار پڕ لەقازانجی بەناوی (ڕادیۆو رۆژنامەکان) کەشف کرد.

هەر لەو کاتە بەم لاوە، بەربەرەکانێ بۆ کونترۆڵ کردنی رادیو و رۆژنامەکان دەستی پێکردو بەدووای ئەودا پاوانکردنی مالکیەت رۆژ بەرۆژ زیاتر بوو.

حیسابی داهاتی سەرانەی بەرێوەبەری سەرەوەی رۆژنامە محەلییەکان کە (بەزۆری لەنێوان 20 تا 40٪ دایە) و بۆ شیرکەتی دایك ئامادە دەبێ، هێشتاش بەتێکەڵاو بوونی لەگەڵ حیسابە گشتییەکانی سیرکەت دا، مەعلوم نییە و نادیارە هوەکەشی بەزۆری بەرگرتن بە نارەزایەتی هەواڵنێرانی محەلی و کرێکارانی رۆژنامەکانە.

بەوپەری سەرسووڕمانەوە زۆربەی رۆژنامە نووسان کە نسبەت بەنهێنی کاری لەکارە دەوڵەتییەکاندا حەساسیەتیان، لەبابەت ئاستی باڵای قازانجی رۆژنامە یان دەزگایەکی تری راگەیاندن کە کاری بۆ دەکەن، ئاگادار نین تا دەیەی 1940 تلویزیون لەژێر کۆنترۆڵی مالکیەتی یەکگرتوودا بوو.

3 شەبەکەی تلوزیونی و ئیزگا وابەستەکانی سەر بە مالکیەتی ئەمانە، زیاتر لە 2.3 تەماشاچییان هەبوو. وە لەبەر ئەوەیکە ژمارەی فرێکاسی ناوچەکان کەمنو دەوڵەتیش رادیو و رۆژنامەکانی خۆی بەرامبەر بە رەقیبانی دەپارێزێ، دەزگاکانی راگەیاندن لەجۆرێك مافی پاوانخوازیی تەبیعی و زاتی بەهرەمەندن.

وادێتە پێش چاو کە مالکیەتی یەکگرتوو نوتفەی بوونی رادیوو رۆژنامەکان دا بووە. ئەم یەکرگتووییە لەساڵی 1919 دا بەپێك هاتنی شیرکەتی "ئار. سی. ئەی" (ریدیو کورپوریشن اف ئەمریکا) وەك چەتری ئینحسارات کەلەژێری دا "جنرال ئەلکتریك" "وستینگهاوس"، (ئەی. تی. اندتی) و "یونایتد فروت کمپانی" لەسەر دابەش کردنی بازاری رادیویی لەناوخۆیایی دا پێك هاتن، دەستی پیێ کرد.

شیرکەتی "ئێن. بی. سی" (ناشناڵ برادکستینگ کومپانی)، شیرکەتی رادیۆییان بوو. "سی. بی. ئێس" تا ساڵی 1927 هێشتا نەهاتبووە مەیدان، و تا ساڵی 1943 ی خایاند تاکو (ئێف. سی. سی.) (فدراڵ کامیونکشن بێرد)ی ناچار کرد کە دەست لەیەکێك ئیزگە رادیویەکانی هەلبگرێ، و بەم شێوەی شەبەکەی"ئەی. بی. سی" پێك هات.

لە "وال ئێستریت" دا تلویزون بەناوی (نیوە ئینحسار) ناودەبرێ. نەك لەبەرکەم بوونی ژمارەی خاوەنەکانی، بەڵکوو لەبەر ئەوەیکە لەزۆربەی شارەکان دا ئیزگە گەورەکان لەراستی دا قازانجەکانیان زەمانەت کراوە، و تەنیا (ریتینگ)و ژمارەی تەماشاچییان دیاری دەکەن کە کام شیرکەت قازانجی زیاتر ببا.

رووداوەکانی ئەم دووییانەی ناو رادیو و رۆژنامەکانیش بووەتە هۆی زیاتر یەکگرتنی تلویزونەکان. لەسەرەتادا هیچ شریکەتێك حەقی نەبوو زیاتر لە 7 ئیزگەی رادیویی و 7 ئیزگەی تلویزیونی لە مالکیەت دابێ. لەژێر فشارە سیاسیەکان دا، بۆ "هەڵوەشانەوەی قانوونەکانی تەنزیم کردن" ساڵی 1984 "ئێف. سی. سی ئیجازەی دا کە شیرکەتەکان تا 12 ئیزگەی رادیویی ئێف. ئێم، 12 ئیزگەی رادیویی ئا. ئێم، و 12 ئیزگەی تلویزیونییان لە مالکیەتدا بیێ".

لەو کاتەوە کە بازای زانیاری و خەبەرە سەرتاسەریەکان رەونەقی پەیداکرد، گۆڤارەکان گرنگی‌یەکی تایبەتییان پەیداکرد. سەدەیەك لەوە پێش، کاتێك کە بەرهەم هێنەرە سەنعەتییەکان لە ئاستێکی باڵادا دەستیان کرد بەناردنی کالا مەسرەفییەکان بۆ بازاڕ، هەست بە لە پێشگرتنی رەوشتێکی لەبار بۆ بڵاوکردنەوەی، گۆڤارەکان بەتەنیا وەسیلەی گەیاندنی خەبەرە سەرتاسەریەکان بەحیساب دەهاتن.

چونکە رۆژنامەکان لە ئاستی محەلی و ناوچەییدا بلاْوەبوونەوە. بەم شێوەیە گۆڤارەکان بوونە وەسیلەیەك بۆ چاپ کردن و بلاْوکردنەوەی خەبەرە تازەو بەرەنگ و بۆەکان. بەپێچەوانەی رۆژنامەکان، گۆڤارەکان دەیانتووانی خەبەرو وێنەی رەنگی لەسەر کاغەزی باشتر چاپ بکەن. بەرە بەرە گۆڤارەکان بوون بە موئەساتی پڕ داهات کە هەڵسووڕێنەرانی گەورەو یەکگرتوو تریان دەخواست.

لەدەیەی 1860 دا، کاتێك کە تلویزیونی رەنگی بەتووانایەکی تەبلیغاتی سەرسووڕهێنەرەوە هاتنە ئاراوە، ئەو گۆڤارانەی کە تایبەتمەندی گشتییان هەبوو، وەك: لایف. لوك، ساتردی ئونینگ پۆست و هی تر، لەناوچوون. بەلاْم گۆڤارە تایبەتییەکان، بەتایبەت گۆڤاری ژنانە وەك گوڤاری پڕ قازانج مانەوە. نرخی داهاتی گۆڤارەکان هەروەك رادیوو و رۆژنامەکانی تر کە مالکیەتی یەکگرتوویان پێك هێنا، بەچوونە ژێر دەستی چەند شیرکەتێکی زاڵ بەسەر بازاردا، بەرزبووەتەوە.

لەم ساڵانەی دووایدا بۆ نموونە، شیرکەتەکانی وەك (تایمز وارنر) بەرادەیەك بەسەر بازاری کتێب دا زاڵ بوون کەسەرەڕای بوونی 11000 گۆڤاری جوراوجۆر لەئاستی وڵات دا، تەنیا 3 شیرکەتی گەورە زیاتر لەنیوەی بازاریان لەکۆنترۆڵ و بەردەست دایە.

لەدەیەی 1960دا، بەهاتنی سەنعەتی گەورەی ئەلکترونیکی و سەربازی وەك (ئی.بی.ئێم.) ، (ئی. تی. تی.) ، (ئا.سی.ئەی)، (ری تیان)، (زیراکس)، (جنرال ئەلکتریك)، (وستینگهاوس) ، (جنرال تەلەفوون ئەندالکترونیك) بۆ بازاری نەشری کتێب، زۆربەی شیرکەتە ئێنتشاراتییەکان کەوتنە ژێر مالکیەتی شیرکەتەکانی دەرەوەی نەشر و بلاْوکەرەوەی کتێبەوە. لەو سەرمەدا ئەم شیرکەتە گەورانە پێیان وابوو کە دەرس وتنەوە لەمەدرەسەکانی ئەمریکا بەم زووانە لەرێگای کەلك وەرگرتن لەکامپیوتر بەرێوەدەچێ.

بەم شێوەیە کۆنترۆڵی بازاڕی کتێب ئەوانی دەخستە مەوقیعیەتێکەوە کە بەئاسانی بتوانن هەموو جورە وەسیلەیەکی کامپیوترەکان، بەشێکیان خودی ئەم

شیرکەتانە وەبەرهەمی دێنن، بفرۆشن. هێشتا کامپیوتر لەئاستێك دا کە پێش بینی دەکرا، لەمەدرەسەکان دا بەکارنەهێنراوە. بەڵام مالکیەتی شیرکەتە گەورەکانی دەرەوەی بلاوکردنەوەی کتێب بەشێوەیەکی بەرچاو زیادی کردووە.

ئێستۆدیۆ فیلمسازی‌یەکانی هالیوود هەر لەزووەوە لەژێر کونترۆڵی مالکیەتی یەکگرتوودا بوون و ئەم رەوتە ئێستاش هەر بەردەوامە، بەڵام بەشێوەیەکی سەیرو سەمەرەو پێشرەفتەترەوە. ئەم ئێستۆدیۆوانە، بەپەیوەندی‌یەکی پتەوتر لەجارنیان لەگەڵ رادیو و رۆژنامەکانی تر، و تەئسیری توندبوونەوەی تەبلیغاتی کە هاوکات لەسەریەك سووژە پێك دێ، تووانایی‌یەکی سەرسوورهێنەریان پەیداکردووە.

ئەمانە کۆنترۆڵی تەواویان بەسەر دروست کردنی سیماو کەسانی خۆشەویستی رۆژ" و "مودەکانی رۆژدا" هەیە کە (ماناکەی هەمان قازانجی زیاترە). ئێستاکە زۆربەی ئیسێتۆدیۆکانی فیلمسازی لەمالکیەتی رادیوو رۆژنامەکانی تردا بەشیان هەیە، و بە بەرەکەتی فەرامۆشکاری سیستمی بازاری ئازاد لەبابەت قانوونەکانی دژی تراستەوە، ئێستۆدیۆکانی فیلمسازی دەستیان کردووە بە کرینی سینەماکان تا بتووانن بۆ ئەو فیلمانەی کە خۆیان دروستیان کردوون، تەماشاچی هەمیشەییان هەبێ، و لە هەمانکات دا نەهێڵن فیلمەکانی رەقیبەکانیان بەئاسانی دەستیان بەبازاڕ ڕابگا. لەساڵی 1984 دا، دادگای باڵای ئەمریکا مالکیەتی شیرکەتەکانی بەسەر سینەماکان دا بەپێچەوانەی قانوونی تراست راگەیاند. وەزارەتی دادگوستەری ئەمریکا لەم ساڵانەی دواییدا ئەم حوکمەی لەبەرچاو نەگرت و تا ساڵی 1989 چەند شرکەتێکی فیلم سازی، کونترۆڵی 1.3 تەواوی سینەماکانی ئەمریکا یان لەمالکیەت و کۆنترۆڵ دایە.

لەوانەیە

بڵێن کە هۆی ئەوەیکە شیرکەتە گەورەکان لەحاڵی بەدەستەوە گرتنی کونترۆڵی رادیوو رۆژنامەکانی ئەمریکادان، ئەوەیە کە خەڵکی ئەمریکا ئاوایان دەوێ. بەڵام واقعیەت ئەوەیە کە تەقریبەن بەشێوەی گشتی بۆ ئاگادار بوون لەمەسەلەکان، وابەستە بەخودی ئەم رادیوو رۆژنامەو تلویزیونانەن، لەرۆژنامە و گۆڤارەکان و رادیوو تلویزیونەکانی خۆیان دا بەدەگمەن و زۆر بەکەمی خوێندوویانەتەوە و بیستوویانەو یان دیتوویانە کە ماناکەی "ئاگادارکردنەوەیان بێ لەبابەت مەترسی سیاسی و ئابووری کۆنترۆڵی یەکگرتووی شیرکەتەکان بەسەر رادیوو رۆژنامەکاندا.

ئەم مەسەلەیەش راستە کە خەڵکی ئەمریکا ئیتر ئەو بەرداشتە نادروستەی دەورانی کۆنیان نسبەت بەخاوەنانی رادیوو رۆژنامەکان، وەك ئەفرادێکی خۆپەسەند نەماوە کە لەسەدەی نوزدەیەم دا وەك "رۆژنامە نووسانی زەرد" ناویان دەبرن.

زۆربەی خاوەنان و کاربەدەستانی رادیوو رۆژنامەو تلویزیونەکان، ئێستا ئیتر بەشێوەی وشك و توندوتیژیو سادە ئەندێشانە، ئەو خەبەرانەی کە لەفیلمەکانی (سیتی زن کین) و یان (فرانت پیچ) دا بلاودەبنەوە، بەقازانجی ئامانجە سیاسی و ئابووری‌یەکانی خۆیانی نازانن.

ئێستاکە رەوشتی باش و جێگای پەسەند ئەوەیە کە دەبێ کارەکان بەرێكوپێكی و جووانی و هێمنییەوە ئەنجام بدرێ تا تەئسیر و کارامەیی و ئاکامەکەی بەشێنەیی و زیاتر بێ، لەباری پیشەییشەوە موحتەرەمانە بێ، یانی بلاوبوونەوەی هەواڵی دژ بەقازانج و بەرژەوەندییەکان بەشێوەی کورت، کەمرەنگ و لێرەو لەوێ بێ و هەواڵێك کە لەمەسڵەحەتی قازانج و بەرژەوەندیی کومپانی و شیرکەتە گەورەکان دایە، بەشێوەی بەردەوام، چڕوپڕترو ماوەیەکی دوورو درێژتر بخایەنێ.

نموونەیەکی تری ئەم شێوازە نوێ‌یەی کۆنترۆڵ بەرانبەر بە شێوازی بێ پەردەو راستەوخۆی کۆنترۆڵی ئاسایی لەسەدەی رابووردوودا، ئەوەیە کە جاروبار دەبێ هەواڵ و یان برێك رەخنەش کە بەرووالەت دژ بەقازانج و بەرژەوەندییەکانی خاوەن رادیوو رۆژنامەو تلویزیونەکانە، بلاوبکرێتەوە. لەبابەت هەواڵە گرنگە سەرتاسەری‌یەکانەوە (نەك هەواڵە محەلییەکان) بەهۆی رەقابەتێك لەنێوان رۆژنامە محەلی و ئیزگە سەرتاسەری‌یەکان دایە، بلاونەکردنەوەی خەبەرێکی گرنگ دەبێتەهۆی ئابڕوو چوونیان و تەئسیری خراپ دادەنێ.

بەشێوەی گشتی، دوو شێوە تەئسیردانان لەسەر بیروڕای گشتی لەئارادایە. یەکێکیان تەئسیر دانانی کورتخایەن و ئەوی تریان درێژخایەن و قووڵ. بەڵام بەشێوەی هەواڵی لێرەو لەوێ لەنێوان دەیان خەبەری تردا ون و فەرامۆش دەکرێن. هەمیشە هەر هەواڵێکی نوێ ی لەم چەشنە، دەبێتە هۆی فەرامۆش بوونی هەواڵی پێشووتر. ئاکامی حاشا هەڵنەگری لێکۆڵینەوەکانی خانمی (دبرالیپساد) لەکتێبی:

"ماواو ئیعتقادات" دا، نیشانی دەدا کە رۆژنامەکانی ئەمریکا لەنێوان ساڵەکانی1933تا1940دا،گوزارشاتێکی زۆریان کردەوە کە بەیانگەری شکڵ گرتنی ئەو رووداوە ترسناکە بوو لەئوروپا، کە بەسەر یەهوودی‌یەکانی ژێر سوڵتەی هیتلێر دا هات. بەڵام زۆربەی ئەم گوزارشانە لێرەو لەوێ بەدەگمەن لەلاپەڕەی یەکەمی رۆژنامەکان دا دەبینران.

هەروەها ئەم خەبەر و گوزارشانە هیچکاتێك بەشێوەی بەردەوام و رێکو پێك کە بتوانرێ لەهەموویان تەسویرێکی گشتی و یەکانگیری لێ وەدەست بێ، بڵاو نەدەکرانەوە رۆژنامەکانی ئەوکات، هیچکامێك خۆیان بە لێکۆڵینەوەی راستی و یان ناراستی قسەکانی کاربەدەستە رەسمییەکانی ئاڵمانەوە ماندوو نەدەکرد. لەئاکام دا ئەو جینایەتانەی کە ڕوویان دەدا لەلای بیروڕای گشتی هێندە گرنگ نەبوو.

بەهۆی بێ لایەنی و ئەم بێ عەلاقەییەی خەڵکەوە. دەوڵەتیش لەم بابەتەوە ئێقدامێکی کاریگەر و جیددی نەدەکردو گوێ نەدەدا.

تەنیا رێگا و رەوشتێکی کاریگەر لە بزوواندنی بیروڕای گشتی ئەمریکادا ئەوەیە کە هەواڵێك بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ بڵاوبکرێتەوە و قووڵتر لێك بدرێتەوە. هەواڵی بەردەوام و هەمیشەیی و بەتەئکیدەوە بڵاوبکرێتەوە، تا ئەولەوییەتێکی تایبەتی لەزەینی خەڵك و (هەروەها دەوڵەت دا) پێك بهێنێ. بەبەهرەمەند بوون لەئاوا توانایییەك، یانی توانایی شێوەی بڵاوکردنەوەی هەواڵ و یان تەنانەت دارشتنی بابەتێکی خەبەری لەئاستی بیروڕای گشتیدا دەردەکەوێ کە قازانجی خاوەنانی ئەم رادیو و رۆژنامە و تلویزیونانە لەهەواڵ و خەبەرەکان دا نەخشی هەیە.

هەڵبەتە ئەمە ئەمرێکی تەبیعی و پێویستە کە هەر ئیزگەو دەزگایەکی راگەیاندن دەبێ لەناو کۆمەڵێك هەواڵ و بابەتی جۆراوجۆر و یەکجار زۆر دا، هەواڵ و بابەتی دڵخوازی خۆی هەلبژێرێ، یان بریار بدا کە لەسەر کام هەواڵو بابەت تەئکیدی زیاتر بکاو کام هەواڵی کەمڕەنگ و



سەرسەری بڵاوبکاتەوە. هەروەها دەبێ بریار بدا کە چ کاتێك قووڵ لەبابەتێك بکۆڵێتەوە، یان سەرسەری بەسەری دا تێپەڕی.

ئەمە مافی رەوای هەر سەر نووسەرێکە. بەڵام راست بەهۆی تەبیعی و زەرووری بوونی ئەم مافیە کە چونیەتی نەفووزی خاوەن رادیوو رۆژنامەکان دەردەکەوێ و نەخشیان بۆ وەدەست هێنانی قازانجی زیاتر بەزەوقی خۆی دەنوێنێ.

لەئەمریکادا هیچکاتێك رۆژنامەیەکی میللی و سەرتاسەری وجوودی نەبووە. سیاسەت لەبیروڕای گشتی ئەمریکا دا زیاتر مەسەلە محەلییەکانی رەچاو کردووە تا مەسەلە ناوخۆیی و جیهانییەکان. بریاردان لەبابەت مەسەلە گرنگەمانی وەك فێربوون، نەزم، شێوەی کەڵك وەرگرتن لەزەوی،ماڵیان لەسەر دەخلو دان و زۆر

کاروباری تر کە لەولآتانی تردا لەئاستی ناوخۆدا ئەنجام دەدرێ، لەئەمریکا لەئاستی میللی دا بەرێوەدەچێ.

هیچکام لە رادیوو رۆژنامە خەبەرییە سەرتاسەرییەکانی ئەمریکا بەتەنیایی ناتووانێ ولآمدەری تەواوی نیازەکانی کەسێکی ئەمریکایی بێ. لەم رووەوە سەرەرای بونی زیاتر لە 6100 رۆژنامەی محەلی، تەنانەت یەك رۆژنامەی سەرتاسەری بەمانای راستەقینەی وشە وجودی نییە. تەنیا شتێك کە لەرۆژنامەی سەرتاسەری دەچێ، "وال ئێستریت جورناله" کە ئەویش لەراستیدا رۆژنامەیەکی تایبەتی و تەخەسووسیە.

" نیویورك تایمز " بەرە بەرە خەریکە وەك رۆژنامەیەکی سەرتاسەری لێ دێ کە لەهەموو شوێنێکی ئەمریکادا وەدەست کەوێ. رۆژنامەی "یو. ئێس. ا. تودەی" بەناو سەرتاسەرییە بەلآم بەبێ ئەوەیکە خۆشی ئیدیعا بکا رۆژنامەیەکی گرنگو جیددییە، زیاتر لە گۆڤارێکی رۆژانە دەچێ تا رۆژنامەیەك و هیچ جۆرە هەواڵ و روانگەیەکی جیدیی نییە.

لەولآتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دا بەپێچەوانەی ولآتانی تر، کاتێك کە چەند شیرکەتێکی گەورە کە ژمارەیان لەقامکەکانی دەست تێ ناپەرێ کۆنترۆڵی زۆربەی رۆژنامەکان بکەن ،بەرەبەرە دەست بەسەر ئینحساراتی ناوچەییش دا دەگرن. تلویزیونەکان (کە کەمتر بەشێوەی سیستماتیکی رۆژنامە محەلییەکان خەبەر بلآودەکەنەوە) وەك نیوە ملکی 3 شەبە ئەسلییەکانیان لێ هاتووە.

لەگۆڤارەکان و بلآوکردنەوەی کتێب و بەرهەمە سینەمایییەکان دا بەشێوەی نسبی رەقابەتی زیاتر هەیە، بەلآم مالکیەتی ئەوانیش لەماوەیەکی دوور و درێژ دا یەکی گرتووە و هەلۆیستی زیاتری هەیە، بەلآم مالکیەتی ئەوانیش لە ماوەیەکی دوورو درێژدا یەکی گرتووە و هەلۆیستی کۆمەلآیەتی و سیاسیشییان لەجاران زیاتر وەك یەکی لێهاتووە.

چەندین ساڵ بوو کە رادیوکان، لەبەر هاتنە ئارای دەزگاکانی "ئێف. ئێم" لەحالێ گۆرانکارییەکی خێرادا بوون، بەلآم بەکۆتایی پێهاتنی ئەم گۆرانکاریانە ئێستاکە گورویە رادیوییەکان لەجاران زیاتر لە ژێر مالکیەتی یەکگرتوودان و ئەگەر داهاتی ئیزگەکانی رادیوو تلویزیون و بەشی بیسەران و بینەران بەراورد بکەین، 3 شیرکەتی ئەسلی زیاتر لەنیوەی تەواوی بیسەران و بینەرانیان لەبەردەست دایە.

هەر ئێستاکە 14 شیرکەتی گەورە، بەسەر نیوەی زیاتری رۆژنامەکانی ئەمریکا دا زالن، کە 7 ساڵ لەوەپێش ژمارەیان 20 شیرکەت بوو. 3 شیرکەتی گەورە تلویزیونەکانیان لە کونترۆڵ دایە کە 7 ساڵ لەوەپێشیش هەر هەمان شیرکەت بوو.

6 شیرکەتی گەورە بەسەر بلآوکردنەوەی کتێب دا زالن، 7 ساڵ لەوەپێش ژمارەیان 11 شیرکەت بوو، 7 ساڵ لەوەپێش 4 شیرکەت بەسەر سەنعەتی سینەمادا زالن بوون کە ئێستاش هەر 4شیرکەتە. ئەگەر ئەمرۆکە ژمارەی شیرکەتە گەورەکانی هەر دەزگایەکی راگەیاندن حیساب بکەین لەسەریەك دەکاتە 30 شیرکەت، بەلآم بەهۆی ئەوەیکە برێك لەم شیرکەتانە بەسەر زیاتر لەدەزگایەك دا مالکیەتیان هەیە، لەسەریەك ژمارەی ئەو شیرکەتە گەورانەی کە بەسەر تەواوی رادیوو رۆژنامە جوراوجورەکانی ئەمریکادا زالن، تەنیا 23 شیرکەتن.

(بۆ نموزە شیرکەتی نیوهاووس ئەندتامسۆن، هاوکات بەسەر رۆژنامەکان و گۆڤارەکان و کتێب دا زاڵە، پارامونت کامیونیکیشن کە تا نیوەی ساڵی 1989 بە (گلف و وسترن) ناودەبرا، بەسەر کتێب و بەرهەمە سینەمایەکان دا زاڵە، و شیرکەتی مورداك، کونترۆلی بەسەر رۆژنامەکان و گۆڤارو بەرهەمە سینەمایییەکاندا هەیە).

خاوەن شیرکەتە گەورەکان بۆ پاساوکردنی ئەم پاوانخوازییەیان دەلێن:

بەهەرحاڵ هێشتا بەشێکی زۆر لەشیرکەتە بچووکەکان لەسەر سەحنەدان، کە بەتەولوی دروستەو دەبێ بێن. ئەمانە ژمارەی تەواوی ناشرانی کتێب بە (52900) بنکە ناو دەبەن. بەلآم ئەگەر لەم ئامارەدا ئەو شیرکەتانەی کە لانی کەم لەساڵ دا کتێبێك یان زیار بلآوبکەنەوە لەبەرچاو بگرین، لەراستی دا ئەم ژمارەیە دەکاتە (2500) شیرکەت یان بنکە.

بەم شێوەیە کاتێك کە زیاتر لەنیوەی تیجارەتی کتێب لەژێر سولتەی تەنیا 6 شیرکەتی گەورەدا بێ، (بەلەبەرچاوگرتنی ئاستی متەوەستی سەرمایە لەهەر بارێکەوە) هەر کام لەم (2496) شیرکەتەکەی تر بەئاستی نیوەنجی سەرمایەکەیان کە 500 میلیۆن دولارە، دەبێ

رەقابەت بکەن. ئەگەر بمانهەوێ رەقەمەکان بەو شێوەیەی کە شیرکەتە گەورەکان پێیان خۆشە، یانی بڵێن 25 هەزارە، تووانایی ئینحساراتی ئەم 6 شیرکەتە لەمەش زیاتر دەبێ و دیارە کە کام لایەن لەم هەڵسەنگاندنە نابەرابەرەدا سەرکەوتووە.

کاتێك قسە لەسەر نفوزو دەسەڵات بەسەر بازاڕی کتێب دا دەکرێ، بە لەبەرچاوگرتنی تووانایی‌یەك کە شیرکەتە گەورەکان لەبابەت: تەئمینی ئێعتبار لەلای بانکە گەورەکا ن بۆ پەرەپێدان و کرینی شیرکەتە بچووکەکان، تووانایی وتووێژ بۆ کرینی نوسخەی دەست نووس، تووانایی ماڵی بۆ ناردنە بازار و لەویترین دانانی کتێب لە کتێب فرۆشییەکان- کە جاران زیاتر لە مالکیەتی شیرکەتە گەورە زەنجیرەی‌یەکان دان، تەعلیم دان و ناردنی پرسنێل ی تەبلیغاتی سەرتاسەر، کرینی خەبەر و ئاگاداری، وە هەروەها پێك هێنانی وتووێژی تلویزیونی بۆ نووسەران و تەبلیغات لەسەر کتێبەکانیان، بەتایبەت بۆ ئەو شیرکەتانەی کە بەسەر رادیوو تلویزیون و گۆڤارو رۆژنامەکانیشان دا مالکیەتیان هەیەو بۆ نەقدی کتێب و چاپ کردنی وتار لەبابەت نووسەرانیەوە کەڵکی لێ وەردەگرن، دەردەکەوێ کە تا چ رادەیەك نفوزکردن بۆ شیرکەتە گەورەکان کارێکی سادەو ئاسانە.

لەهەر زەمینەیەك دا، لەرادیوو رۆژنامەکانەوە بگرە تا پوودری جل و بەرگ شوردن، کاتێك کە بەشی زۆری بازار لەژێر سوڵتەی چەند شیرکەتێکی گەورەدابێ، و بەشەکەی تری بازار بەشێوەی لێرەولەوێ لەدەست چەند سەد شیرکەتێکی بچووك دابێ، ئەوە تەنیا ئەو چەند شیرکەتە گەورەیەن کە بازار کونترۆڵ دەکەن.

لەبابەت تایدو پوودری جل‌وبەرگ شوردنەوە ماناکەی دانی قیمەتی زیاتر و مافی هەڵبژاردنی کەمتر بۆ مشتەری‌یە. لەبەت رادیوو رۆژنامە گشتی‌یەکانیشەوە کە کالاکانی ژێر سوڵتەو مالکیەتیان هەواڵ، زانیاری، بیرورای گشتی و فەرهەنگی کۆمەڵە، راست هەرم بەم شێوەیەیە.

لەم ساڵانەی دواییدا بەتێکەڵاوبوونی هەرچی زیاتری تووانایيە ماڵیەکانی ئەم شیرکەتانە (و یان بانکەکان و دامەزراوەکانی سەرمایە گوزاری لەگەڵ ئەوان دا) تەنانەت لەئاستی جیهانیش دا، وەدەست هێنانی ئاماری دەقیق لەبابەت سەرمایەکانیانەوە زۆر سەخت و دژوارە. دەستەی نووسەرانی گوڤاری (دایماندس) بەر لەفرۆشتنی لەساڵی 1988 دا، خاوەنی 7٪ی دەستەی بیمەی (پرودنشال) بوو. بەر لەو سەر بە "سی. بی. ئێس" بوو کە ئەو شیرکەتەش لەسەنعەتی تری وەك سەنعەتی نیزامی دا دەستی هەبوو. لەم دواییانەدا شیرکەتی (دایماندیس) فرۆشرا بەشیرکەتێکی ئینتعاراتی فەرانسەیی بەناوی "هاچت" کە بەرپرسی هەڵسووڕێنەرانی ئەم شیرکەتە هاوکات بەرپرسی گەورەترین سەنعەتی سەربازی‌یە لەفەرانسە.

بریك لە شیرکەتە گەورەکان هێشتا بەشێوەی شیرکەتی سەهامی (تایبەتی) ماونەتەوە (وەك هرتیس، نیوهاووس و ریدرز دایجست) کە بەناچاری هیچ قانوونێکیان بۆ عەلەنی کردنەوەی حیسابی سەرمایەکانیان نییە. دیاری کردنی بەشی بازاری ئەم شیرکەتانە لەرێگای کارناسانی وال ئێستریتەوە لەرووی زانیاری‌یەکی گشتی لەبابەت تیراژو لاپەرەکانی زانیاری‌یەکانیانەوە بەراورد دەکرێ.

شیرکەتەکانی تری وەك "رۆبێرت مورداك" لەوڵاتانی جوراوجۆری جیهانیدا خاوەنی چەندەها شەبەکەی پێشکەوتوون کە لە ژمارەیەکی یەکجار زۆری شیرکەتە سەهامییەکانی سەر بەخۆیان پێك هاتوون. شیرکەتەکانی زاڵ بەسەر بازاڕدا، بە بەردەوامی بەگۆرینەوەی بەشەکانیان لەشیرکەتەکانی تردا، لەبازاڕی جێگای سەرنجیان دا سوڵتەو دەسەڵاتی یەکتر بەرینتر دەکەنەوە و ئەو بەرنامانەی کە بۆ سوڵتەو بەسەر بازار دا دایان رشتووە، بەکەڵك وەرگرتن لەم گۆرینەوەی بەش و یەکگرتنەیان، بەئەنجامی دەگەیەنن. ئەم شیرکەتانە لەداهێنانی دیاردەیەکی نوێ دا بەناوی (جانگ باند) لەدەیەی 1980 دا کە جۆرێك وەرەقەی‌نەناسراوی بەشەکان بوو، و لە باند بازی‌یەکانی تردا لەوال ئێستریت، نەخشی سەرەکی‌یان هەبوو.

بەم شێوەیە لە بەرزترین ئاست دا، تووانایيە ماڵی و خەبەری‌یەکانی جیهان بەشێوەیەك لێك گرێ دراون، کە سوڵتەیەکی بەرینیان بەسەر ئەو شەبەکانەدا پێك هێناوە کە خەڵکی بۆ وەدەست هێنانی خەبەر و زانیاری‌یەکان کەڵکی لێ وەدەگرن.

***

# وتووێژ:

- چاوپێکەوتنی ڕزگارعومەر لەگەڵ بژاری شاعیر

- وتووێژ لەگەڵ سپیدە کوشا دەرهێنەری شانوی (مەرگـو کچەکە)
  لەفارسییەوە: بیستون

- وت و وێژ لەگەڵ عەلی ئەشرەفی دەرویشیان
  لە فارسیەوە: سەعید ئەمانی



# چاوپێکەوتنی
# ڕزگارعومەر لەگەڵ بژاری شاعیر

رزگار عومەر: کاك بژار ئەزموونی شیعر لەلای تۆ بە چ گۆڕانکاریەك دا تێپەڕیوە، بۆ نمونە تۆ بە سەرەتایەکی دەتوانم بڵێم رۆمانسی دەستت پێ کرد، دواتر تێکەڵ بەو جۆرە لە نووسینی شیعر بووی کە دەتوانین بە زۆر شت تەعبیری لێبکەین، ئەدەبی مولتەزیم، ئەدەبی شۆرشگێڕ.... هتد، تۆ چۆن ئەم تایبەتمەندیانەی ئەم ئەزمونەت هەڵدەسەنگێنی؟

بژار:- ووشەی ئەزموون بۆخۆی گەلێك توخممان بەبیر دێنێتەوە کە دەبن بە پێکهاتەی، لەوانە تێڕوانین و پرۆسەی نووسین و هەڵسوکەوتی رۆژانەی ژیانی کۆمەڵایەتی و ئاستی رۆشنبیری و هتد.

ئەزموون لەمەیدانی شیعردا پێ بەپێی نەشونما کردنی توانا فکری و تەکنیکییەکان پێدەگات. ئەگەر شیعر بەدوو بەشی سەرەکی و لەیەك جیا نەبووەوەی شێوە و ناوەرۆك بزانین ئەوا ئەزموون بەمانای بردنە پێشەوەی هەمەلایەنەی ئەو دوو بەشەیە لە پەیوەست بە گۆڕانکارییەکانی ناوەوەی شاعیر و ئاستی ڕوو لەسەری مامەڵە کردنی لەگەڵ دیاردەو ڕووداوە کۆمەڵایەتییەکاندا.

وە لێرەوەیە کە من چ وەك تەمەن و چ وەك تێگەیشتنم لەدنیای شیعر و دەوروبەر بە ماتەریاڵی ئەزموونێکی



سنووردار دەگەم. ئەگەر سەرچاوەی رۆمانسییەت لەشیعرەکانمدا بە خۆشەویستییەکی بێ سنوورو دڵدارییەکی بەئاکام نەگەیشتوو بێت، ئەوا وەکو سەرەتەیەك کە دەست پێ دەکات و وەکو ئەو گۆڕانکارییانەش کە دێت بەسەریدا، لەچڕ بوونەوەیەکی بێ ئەندازەدا دەبێت بەیەك توخمی بنچینەیی لەسەرتاپای ژیانی شیعریمدا. وە هەر ئەمەشە کە وام لێ دەکات قۆناغ بەندیی لەئەزموونی شیعریی خۆمداو لەنێوانی رۆمانسیزم و ڕیالیزمی سۆشیالیستیدا بەدی نەکەم ئەگەر بەجۆرێکی

تر گوزارشت لەم بیرۆکەیە بدەم، دەڵێم ئەو رۆمانسیزمەی کە لەسەرەتاوە رژاوەتە ناو شیعرەکانم، هەتا ئێستاش درێژە بەژیانی خۆی دەدات و لەهەموو شیعرێکی سیاسیمدا بە بێدەنگی و بەنهێنی شەپۆل دەدات. من لێرەدا مەبەستم لەیەك ڕەنگیی تاقیکردنەوەکان و ڕاوەستانی هەڵچوونی نەمامی ئەزموونی شیعریی و هەژاریم لە مەیدانی تەکنیکدا نییە، بەڵکو مەبەستم لەیەکدا چوونی بەشەکانی یەك ئەزموونی شیعرییە کە لە پلەکانی گەشەکردنیدا هەمەگیر بووە. ئەگەر مەسەلەی دڵداری، ئیلتیزام لە نێوان دوو کەسی عاشق بەیەکتری پێك دەهێنێت، ئەوا مەسەلەی چینایەتی و نیشتمانی و نەتەوایەتی و هتد، ئەم ئیلتیزامە لەڕوانگەی شاعیرەکانی ئەو بزووتنەوە کۆمەڵایەتییانەوە بەرز دەکاتەوە بۆ ئاستێکی زۆر باڵاتر و بەرفراوانتر. من وەکو شاعیرێکی سەر بە بزووتنەوەی کۆمۆنیزم ئیلتیزامێکی چینایەتیم لە بەرانبەر شۆرشی کۆمەڵایەتی چینی کرێکار و کۆمەڵگای سۆشیالیستیدا هەیە.

ئەم ئیلتیزامە چینایەتییەم چونکە هێندە بەرپین دەبێتەوە کە مرۆڤایەتی دەخاتە باوەشیەوە، ئیتر هەست بەهیچ جۆرە قەیدوبەندێك ناکەم لەدەست و پێی شیعرمدا.

من لەڕوانگەی ئیلتیزامی حیزبییەوە سەیری شیعر ناکەم، چونکە ئەوە بەلەقاڵب دان دەزانم، نەك هەر ئەوەندە بەڵکو لە ئیلتیزامی چینایەتیمەوە سەیری حزب و ئیلتیزامەکەشی دەکەم. واتە ئەو دونیایەی دەمەوێت شیعرەکانم تیایدا لەدایك بن، دنیای خەباتی چینایەتی، هێندە گەورەو فراوانە کە هەموو دنیاکانی تر لەناویدا جێگەیان دەبێتەوە. شیعری شۆرشگێرانەش وەکو شیعری دڵداری لە خۆشەویستیدا شەپۆل دەدات، بەڵام نەك بۆ تاکە کەسێك بەڵکو بۆ ڕگازربوونی مرۆڤایەتی. من ڕێبازی شۆرشگێرانەم بۆ شیعرەکانم هەڵنەبژاردووە، ئەوان منیانبۆ ئەو کارە دیاری کردووە.

جۆش و خرۆشی ناوەکی شیعر تەنیا خاسیەتێکی رۆمانسی نییە، ئیلتیزام و شۆرشگێریەتی لێی دابڕاو نین و دژیەتییەکیان لەبەرانبەریدا نییە، ئەو شاعیر و نووسەرانەی بە نامۆی دەزانن لە شیعری سیاسی، تێگەیشتنیان بۆ یاساکانی شیعر پێچەوانەیە. ئەزموونی شیعرییم وەکو کۆمەڵێك هەوڵ و بەرهەم و هەڵوێستی جۆراوجۆری لەیەك دانەپچڕاو بەشێك لەژیانم پێك دەهێنن.

لەگەڵ ئەوەشدا کە خودی خۆم بەدرێژایی مێژووی شیعرەکانم توخمێکی کارای ئامادە بوو بووم تیایدا، بەڵام هاوکات بەدەر لەویست و ئارەزووی من، ئەو کاروانە بەرێگایەکدا کە هەڵی بژاردووە رۆیشتووە. ئەزموونی شیعریی من وەیان هەر شاعیرێکی تر، هەرچەندە لەڕواڵەتدا وەکو یەکەیەکی سەربەخۆ دێتە بەرچاو، بەڵام لەجەوهەردا پەیوەندی دەبێتەوە بە کۆمەڵێکی هێجگار زۆر لەفاکتەری ڕەنگاورەنگەوە.

بێگومان لەڕوانگەی ئەم تێگەیشتنەوە، هەڵسەنگاندنی ئەزموونی شیعریی کارێکی ئاسان نابێت و ڕووبەری چەند لاپەڕەیەکی ئەم چاوپێکەوتنەش بواری توێژینەوەی ئەو بابەتە نادات، بۆیە ئەوەی کە لێرەدا ووتوومانە و دەیڵێین، لەچەند هێمایەکی کورت و دەرگا کردنەوەیەکی خێرای چەند بابەتێك و چاو پیاخشاندنێکی سەرپێی زیاتر شتێکی تری تیا نادرێت بەدەستەوە.

مەسەلەی ئیلتیزام لەشیعردا، بۆخۆی مەسەلەیەکی ئاڵۆزە و پێویستی بەلێکۆڵینەوەی دوورودرێژ هەیە. ئەڵبەتە مەسەلەی رۆمانسیەت و ئەزموون و شۆرشگێریەتیش لەشیعردا هەر بەهەمان شێوە ئاڵۆزن و دەبێت بەهەناسەی درێژییەوە کاریان لەسەر بکرێت. من بۆخۆم ئەگەر رۆمانسییەت و ئەزموونو ئیلتیزم لەیەك هاوکێشەدا ببینم، ئەوا بەزیادکردنی ڕادیکالیزم بۆ سەریان هەرچەندە بارودۆخێکی نوێ بەخۆوە دەگرن، بەڵام لەچوارچێوەی شیعرێکی سەرکەوتوو دا یەکانگیر دەبن.

ئەم تێبینییەم بەو مانایە نییە شیعرە جیاوازەکانی تر ڕەت بکەمەوە، چونکە ئەوە تاوانێکە کە من لەژیانمدا پێی هەڵنەستاوم و پێشی هەڵناستم. ئەوەی کە لێرەدا جێگای سەرنجی منە، ڕادیکالیزم نەك هەر نامۆ نییە بەدنیای شیعر، بەڵکو لە کەشوهەوایەکی سیاسیدا ڕەونەقێکی تر بەشیعر دەدات. شیعر گرمۆڵە کردن لە سۆزێکی هەرەمەکیدا، پێش ئەوەی ساویلکەیی تێڕوانینەکەی پیشان بدات، زنجیر کردنی شیعر خۆیەتی. بۆئەوەی شیعر ئازاد بێت، دەبێت ئەو قاڵبانە بشکێنین کە تیایدا گیری دەدەن.

ئیلتیزامی چینایەتیم بەشیعری شۆڕشگێڕانەوە لەڕوانگەی لابردنی سنووره شیعرییەکانەوە سەرچاوە دەگرێت، وەهەر لەوێشەوە ئەزموونی شیعریم بالاّ دەکات و دەستی سەرەتاکانی شیعرم لەتەوقەیەکی بەردەامدا دەگوشێت و رۆمانسیەتیش وەك یادگارێك لەگەڵ خۆیدا هەڵدەگرێت و وەکو توخمێکی چالاکیش لەپرۆسەی دروست بوونی شیعرەکاندا رۆڵی گرنگ دەبینێت و دەوڵەمەندیش دەبێت.

ڕزگار عومەر: دەمێکە ئەدەبی مولتەزیم لەژێر فشاردایە، چ بەهۆی گرفتە ئیستاتیکیە بێ وەلاّمەکانی ئەم جۆرە لەنووسین، چ بەهۆی بەرژەوەندی سیاسی جیاواز، چ بەهۆی کەم بوونەوەی رۆژ لەدوای رۆژی ئەو قەڵەمانەی کە لەم دیدگایەوە شیعرو بەرهەمیان دەنووسی، بەلاّم بەپێ ی ئەم بەرهەمانەی کە تا ئێستاش بلاّویان دەکەیتەوە واز لەم جۆرەی نووسین ناهێنی، لۆژیکی پەنای ئەم بەردەوام بوونە چی یە ؟

بژار: ـئەدەبی مولتەزیم لەلایەن هەڵگرانی ئەم ڕێبازەوە بەو مانایە لەژێر فشاردایە کە لە لایەکەوە ئیلتیزام وەکو خاسیەتێکی سیاسی بۆ شیعر ڕەچاو دەکەن و لەلایەکی تریشەوە بەگوێزانەوەی شیعر بۆ دنیای بیرکردنەوەی ئەو کەسانەیە کە ئیلتیزام وەکو بەشێکی سروشتی پێکهاتەی شیعر نابینن. ئەوان بابەتێکیان نییە بەناو ئیلتیزامەوە کە لەدەرەوەی بازنەی سیاسەت کردنەوە درێژە بەژیانی خۆی بدات.

لەو هەموو شیعرانەی کە لەبوارەکانی جوانی و سروشت و خۆشەویستیدا دەنوسرێن. هەست بەبوونی پەیوەندییەکی گیانیی ناکەن کە ناوی ئیلتیزام بێت. ئیلتیزام ئەو تەنیا بوونەوەرەیە کە لە جوگرافیای بیردا واتای ژیان پەیدا دەکات، نەك هەر ئەوەندە بەڵکو لەو جوگرافیایەشدا ڕای دەکێشنە ئەو بەشەوە کە بەسیاسەتەوە پەیوەست دەبێتەوە. ئەگەر واوەتر بڕۆین لەهەرێمی سیاسەتیشدا هەڵی دەبڕن بۆ ئەو جێگایەی کە بەئەدەبی شۆڕشگێر ناوزەد دەکرێت. یانی سەرو بنی مەسەلەکە دەبەستنەوە بەکێشەی خۆدان لەگۆڕانکارییە کۆمەلاّیەتییەکانەوە.

کەواتە ئەم جۆرە ناوزەد کردنەی ئیلتیزام و داماڵینی خاسیەتی شیعریی لێی لە بناغەدا بۆ ڕەخنە گرتنە لە تێکەلاّوبوونی شیعر بە خەباتی شێلگیرانەی چینی کرێکارو کۆمەلاّنی خەڵکی زەحمەتکێش و ئازادی خوازو ئینسان دۆست. ئەم جۆرە تێڕوانینە بۆ ئیلتیزامی شیعریی و هێنانە خوارەوەی رۆڵی کاریگەرانەی لەسەر ئاستی کۆمەڵگا و پاساودانی بەوەی کە گرفتە ئستاتیکییەکانی بێ وەلاّمە، لە بنەڕتدا تێڕوانینێکی چینایەتییانەیە کە لەبەرەی ئۆردوگای سەرمایەداریدا و بەدژی سۆشیالیزم سەنگەر دەگرێت. من بەش بەحاڵی خۆم گرفتی ئیستاتیکی بۆ شیعرێك کە ئیلتیزامی سیاسی هەڵگرتبێت نابینم.

ئەوە چۆنیەتی توانای شیعریی و هەژانی ناوەکییانەی شاعیرە کە بوون و نەبوونی گرفت لەم نێوەدا دیاری دەکات. مەسەلەی جوانناسی ئەگەر لەپرۆسەی گەشەکردنیدا پەیوەندی بەقۆناغە مێژووییەکانی بزووتنەوەی شێعەوە هەبێت، ئەوا بە جیاوازی نێوان قوتابخانەشێعریەکان و کێشە کۆمەلاّیەتیەکان و بابەتە جیاوازەکانی هەر سەردەمێکی دیاری کراوەوە پەیوەست نابێتەوە. ئەم جوانناسییە لەبنەڕەتدا دەگەڕێتەوە بۆ شاعیرەکەو لەوێشەوە پەیوەندی لەگەڵ چەندین فاکتەری تردا پەیدادەکات.

گرفتی جوانناسی هەرچەندە لەلایەن شاعیرەکەوە کۆنترۆڵ ناکرێت. بەلاّم خودی شاعیرەکە مەیدانی پێکدادانی ئەو توخمانەن کە توانا و ڕێرەوی ئیستاتیکی شیعرەکە دەست نیشان دەکەن. ئەوانەی کە پێیان وایە ئیستاتیکای شیعریی جوانییەکی ئاوێزانە بەناسکی و ئەمەش بۆخۆی دەکەوێتە ناکۆکییەوە لەگەڵ زبریی سیاسەتدا و لەدواییشدا ئیلتیزام وەکو دەرئەنجامێکی سروشتی و هەڵوێست گرتنێکی دروست لەو سیاسەتەی پێی لەمەنگەنە دەدەن، ڕێك پێناسەیەکی داتاشراوە لەواقعیەتێکی ئاوەژوو کراو، کە بالاّنسی بەرژەوەندییە چینایەتییەکانیان دەکات لەم مەیدانەدا، دەدوورن بەبالاّی ئیستاتیکادا. نە ئێستاتیکا لەدایك بووی نەرم و نیانییە و نە سیاسەتیش (بەهەموو باڵەکانیەوە) زبریی لەسەرخۆی تاپۆ کردووە.

ئەگەر ناسکیی خاسیەتێکی جەوهەریی جوان ناسی بێت، ئەوا بەپێی تێڕوانینی چینایەتییانەی جیاواز جیّ گۆڕکیّ بەخۆیەوە دەبینێت. جوانناسی شیعریی لەبواری سیاسەتدا بەمانای زبر بوونەوەی ناسکیی نایەت، بەڵکو بەمانای تێهەڵکێش بوونی ئەو ناسکی یەیە لە ئازادی مرۆڤ و ڕزگاربوونی خودی جوانناسیشە لەو زنجیرانەی بەناوی ناسکی و شەپۆلی سۆزەوە دەکرێنە دەست و قاچییەوە. ئەڵبەتە سیاسەت بۆ خۆی وە بەشێوەیەکی گشتی دوو جۆری هەیە کە ئەوانیش بەپێی تەوەرە بەستن بەدەوری بەرژەوەندییە چینایەتییەکانی بۆرژوا و پرۆلیتاریادا دیاری دەکرێت. ئیستاتیکای شیعری سیاسییش لەبواری سفتی و زبری دا بەپێی تێڕوانینی چینایەتی جیاواز هەڵسوکەوتی لەگەڵدا دەکرێتو، جگە لەچێژە گشتییەکەی، چێژی تایبەتی لەو ڕوانگانەوە بۆ خوێنەر بەدەستەوە دەدات. گرفتی ئیستاتیکی ئەدەبی مولتەزیم لەوێوە نییە کە بیّ وەڵامە، لەبنەڕەتدا لەوێوەیە کە بەرەی کۆمۆنیزم و ڕادیکاڵ، بەدامەزراندنی حکومەتی کرێکاری وەڵامی پراکتیکییان بە بەرەی سەرمایەداری نەداوەتەوە.

بەو پێشەی کە ئیلتیزام وەکو خاسیەتێکی ئەدەبی شۆڕشگێڕ بۆ ڕزگار بوونی مرۆڤی چەوساوە بەرز دەکەنەوە و تینو تەوژمی چەوساوەکانی دنیاش بۆ ڕاپسکاندنی زنجیری دیلێتی لەئاستێکی لاوازدایە، ئەو ئەدەبەش بەهۆی ئەو بارودۆخەوە کەوتووەتە ژێر فشارێکی عەینی یەوە و ئیلتیزامەکەشی بێگومان هەمان حاڵەت بەخۆیەوە دەگرێت. لەڕاستیدا ئەدەبی مولتەزیم گرفتی ئیستاتیکای نییە، ئەو گرفتانەی کە هەیەتی کۆمەڵایەتی و سیاسییە. دوورکەوتنەوەی ئەو قەڵەمانەی کە لە دیدگای ئەدەبی مولتەزیمەوە، خۆت واتەنی، دەیاننووسی، پەیوەند دەبێتەوە بەو هێرشە جیهانییەی کە لەپاش ڕووخانی بلۆکی شۆڤیەتەوە بەرەی بۆرژوازی ئازاد لە ڕۆژئاوادا کردوویەتیە سەر بەرەی کۆمۆنیزم و ڕادیکالیزم لەسەرانسەری جیهاندا.

دوور کەوتنەوەی ئەو قەڵەمانەی لەگۆڕانی بۆچوونە سیاسییەکانیانەوە سەرچاوە دەگرێت و بەرئەنجامی ئەو هێرشە جیهانییەو هاوسەنگی تازەی هێزەکانە لە کێشمەکێشە چینایەتییەکاندا. واتە هیچ پەیوەندییەکی بە مەسەلەی گرفتی ئیستاتیکییەوە نییە. من بۆ خۆم کە شیعری سیاسی دەنووسم نەك هەر کێشەیەکم لەگەڵ ئیستاتیکادا نییە، بەڵکو پەنا بردنیشم بۆ مشتوماڵ کردنی شیعرەکانم لەباری هونەرییەوە تەنیا بۆ ئیستاتیکیە. ناسکی ئەگەرچی بەشێکە لە ئیستاتیکا بەڵام پێناسە نییە بۆی.

ئیستاتیکا هەر لەکێش و سەروا و ئیقاعەوە دەست پێدەکات تا دەگاتە هەژان و بیرو بابەت و هتد. ئیستاتیکا توخمێك نییە لەناو شیعردا سەربەخۆ هاتووچۆ بکات، دەزوویەکە بەهەموو توخمەکانی سەرتاپای شیعردا ڕایەڵ بووە. شیعری سیاسی ئەگەر نەڵێم لەهەموو شیعرەکانی تر زیاتر، ئەوا لانی کەم بەقەد ئەوان پێویستی بە ئیستاتیکایە. من خۆم هەست دەکەم ئیستاتیکا بۆ شیعری سیاسی ڕەوان دێت بە دەستەوە (بەدەر لەوەی کەتوانای شیعریی من سنووردارە).

لەگەڵ ئەوەشدا کە ئیستاتیکا وا دەردەکەوێت کارێکی خودیی (زاتی) بێت بەڵام من لەشیعری سیاسیدا بەپێویستیەکی کۆمەڵایەتیشی دەزانم. واز نەهێنانی من لەم جۆرەی نووسین لەبڕوا بوونمەوەیە بە شۆڕشی کۆمەڵایەتی چینی کرێکارو ڕاگەیاندنی (حکومەتەکەی) و دامەزراندنی سۆشیالیزم. من نەك پێم وانییە شیعر لەم مەیدانەدا وشك دەبێتەوە و خاسیەتە ئیستاتیکی یەکەی بەڕادەیەکی زۆر لەدەست دەدات، بەڵکو پێم وایە تەڕو پاراوییەکەی هەم زۆر و هەم خۆڕسکانە دەبێت.

ئەو لۆژیکەی کە جووڵانەوەی شیعریی من دەخاتە ژێر باڵی خۆیەوە، هەبوونی بۆشاییەکی شیعریی و پێویستییەکی کۆمەڵایەتی و زەمینەیەکی سیاسی گونجاوە. نەهێنی واز نەهێنانم لەم جۆرەی نووسین، هەوار خستنی کاروانی شیعریمە لە جەرگەی کێشمە کێشە چینایەتییەکاندا.

ڕزگار عومەر: کاتی خۆی لەشاعیر (ئەحمەد شاملو)یان پرسی، ئەدەب و سیاسەت لەکویّ بەیەکتر دەگەن؟ ئەو ووتی: ڕێك لەسەرمەیتی یەکتر! ئەی لەلای تۆ ئەم دوو دونیایە چۆن بەیەکتر گەیشتوون؟

بژار: -سیاسەت ئەگەر وەکو زانستی یەکلایی کردنەوەی کێشە چینایەتییەکان و لەڕوانگەی بەرژەوەندییەکان و ئامانجەکانی چینی کرێکارەوە سەیری بکەین، ئەوا دەبێت وورد بینانە بەناویدا شۆڕ ببینەوە و ژێیر بێژانە ڕۆشنایی بخەینە سەر شوێنە تاریکەکانی. ئەم دەڤەرە (سیاسەت) شارەزابوون لێی چەندە گرانە، وون بوونیش تیایدا ئەوەندە ئاسانە. هەر حزبە و لەچۆنیەتی تێگەیشتنیەوە بۆ هاوسەنگی هێزەکان لەلایەکەوە، وە لەلایەکی تریشەوە ڕاگرتن و هێشتنەوەی جێگاو ڕێگای خۆی لەو نێوەندەدا و لەبزووتنەوەیەکی هەمیشە ڕوو لەسەردا، دەبێتە کرۆکی ئەو تێڕوانین و مامەڵە کردنەی کە لەمەڕ سیاسەتەوە هەیەتی و دەیکات.

ئەگەر بۆ حزبەکانی سەر بە ئۆردوگای سەرمایەداری بەو پێیەی کە ئامانجەکانیان پیرۆز نییە و ڕێگای نا پیرۆزیشی بۆ دەگرنە بەر، سیاسەت کردن تەنیا هونەری بردنەوەی دەسەلاّت بێت، ئەوا بۆ حزبەکانی بزووتنەوەی کۆمۆنیزم ڕێك بەپێچەوانەوەیە. سیاسەت کردن بۆ هەموو حزبێکی مارکسیستی لەئاسۆی ڕزگار بوونی چینی کرێکارەوە سەرچاوە دەگرێت، بۆیە پەیوەست دەبێتەوە بە خستنە گەڕی هەموو توانایەکی مرۆیانە لەمەیدانەکانی بیر و کرداردا و گرتنە بەری هەموو ڕێگایەکی پیرۆزیش دەبێت بەئامرازی دەستەبەر کردنی ڕۆیشتن و گەیشتنی کاروانی خەباتی چینایەتی بەو ئامانجە پیرۆزە.

سیاسەت وەکو دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی و بەشێك لەسەرخانی کۆمەڵ، یاسا ناوەکی و دەرەکییەکانی جووڵانەوەی دابیین دەکەن. جا بۆ پەی بردن بەو سیستەمی جووڵانەوەیە، دۆزینەوەی ئەو یاسایانە پێویستە. لێرەدا کە دەگەینە ئەم خاڵە، ئیتر سیاسەت لەباری تیۆرییەوە پاراو دەبێت و لەگەڵ ئاسۆو ئامانجی شیعردا کە چێژو بەختەوەری و ڕزگاربوونی تەواوی مرۆڤایەتییە، بەیەك دەگەن و لەبۆتەی خەباتێکی هاوبەشدا بەمل یەکدا دەتوێنەوە. سیاسەت و شیعر نەك لەسەر مەیتی یەکتری بەیەك ناگەن، بەڵکو دووچرای داگیرساوون بۆ یەکتری و دوو ڕێبواری سەریەك ڕێگەن. نە سیاسەت هونەری فڕوفێڵ و چاوبەست کردنە لە جەماوەرو نە شیعریش بەرهەمی وەبەر هاتووی پرۆسەی خەیاڵی بازیی شاعیرەکانە.

ئەگەر سیاسەت لە ئەنجامی بەیەکدادانی چینەکانەوە و لەسەر بناغەی ژێرخانی کۆمەڵەوە بۆ گەیشتن بەدەسەلاّت و دامەزراندن و سەقامگیر کردنی یەکێك لەدوو سیستەمە کۆمەلاّیەتییەکە، سەرمایەداری و سۆشیالیزم، دێتە گۆڕێ، ئەوا شیعریش بەهەندێك جیاوازییەوە لەنێو ئەو کێشمەکێشەدا و بە بەشدارییەکی سەرومڕو بەهێنانە دەرەوەی ئاسۆ و ئامانجە مرۆییەکان و لەدوو توێی سەنگەر گرتنی چینایەتییەوە و پەل هاویشتنی بۆ هەموو بوارەکانی ژیان و دابەش بوونی بەسەر چین و توێژەکانی کۆمەڵگادا و خزمەت کردن بە بەرژەوەندییەکانیان لەدایك دابێت. ناساندنی سیاسەت و شیعر بەزبری و سفتی، نامرۆیانەو مرۆیانە، ووشکی و تەڕی، نا سۆزاوی و سۆزاوی، بێوەفاییی و وەفاداری، درۆ بێژی و ڕاست بێژی و هتد، پڕوپاگەندەو تێڕوانینی لایەنگرانی سەرمایەدارین. ئەوان بەم کارەیان دەیانەوێت شیعرو هەموو بەشەکانی تری ئەدەب و هونەر لەسیاسەت دوور بخەنەوە بۆ ئەوەی ڕۆڵی شۆڕشگێڕانە، کە خەباتی سیاسی و کۆمەلاّیەتی چینی کرێکار گەرمتر دەکات، نەبینن.

یانی ئەوان بەلەقاڵبدانی شیعر بەم شێوەیە، دەیانەوێت چەکێك لەدەست جەنگاوەرانی بەرەی چەوساوەکانو هۆشیار کەرەوەیەکی گرنگی کۆمەلاّیەتییان دەربهێنن. ئەم مەسەلەی ناتەبایی شیعرو سیاسەتە هێندەبەربلاّوو کاریگەرە کەتەنانەت بەشێکی بەرچاوی لەئازادی خوازان و ڕادیکالیست و مرۆڤ پەروەرانیشی بەلای خۆیدا ڕاکێشاوە.

ئەحمەد شاملۆ کە بەتواناترین شاعیری نیوەی دووەمی سەدەی ڕابووردووی ئێرانە و بەشیعرەکانیشی سەلماندوویەتی کە لەمەیدانی ئەدەبدا لەڕیزی پێشەوەی پێشکەوتن خوازاندایە، بەلامەوە سەیر نییە کە ئەو دەربڕینە لەمەڕ شیعرو سیاستەوە بەکاردەهێنێت، ئەویش تەنیا لەبەر ئەوەی مەنسوور واتەنی: شاعیری بزووتنەوەی ئێمە (بزووتنەوەی کۆمۆنیستی) نییە.

من دڵنیام ئەگەر ئەحمەد شاملۆ شاعیری بزووتنەوەی کۆمۆنیوم بووایە، قەت بەو شێوەیە گوزارشتی لەپەیوەندی نێوان شیعرو سیاسەت نەئەدا. من نامەوێ لێرەدا بچمە توێژینەوەیەکەوە کە شیعری تێدا یەکالاّ بکەمەوە و لەوێوە پەیوەندییەکانی لەگەڵ سیاسەتدا دەربهێنم. چونکە ئەوە

لێکۆڵینەوەیەکی دوور و درێژی دەوێت و ئەم چاوپێکەوتنەش ئەو دەرفەتەی تیا نارەخسێت. ئەوەی کە شیاوی باسە بۆ من، یەکانگیر بوونی ئەم دووانە (شیعرو سیاسەت) ناگەڕێتەوە بۆ هەبوونی چەند گرێبەستێك و ڕککەوتنێکی کۆمەڵایەتییانەی داسەپێنراو بۆ پەیدابوونی پەیوەندییەکی دەرەکییانە لەنێوانیاندا، بەڵکو لەبنەڕەتدا بەپێی یاساکانی دابین کردنی بزووتنەوەی ناوەکییان ئاوێزانی یەکتری بوون و پەیوەندییە دەرەکییەکانیشیان هەڵهێنجراوی ئەو بارودۆخە سروشتییە ناوەکییانەیانە. ئەڵبەتە بۆرژووا چۆن سیاسەتی هەیەو دەیکات، ئاواش شیعری هەیەو دەینووسێت.

سیاسەتمەدارانی بۆرژووا و شاعیرەکانیان هەمان رۆڵی چینایەتی لەمەڕ خزمەت کردن بەچینەکەی خۆیان دەگێڕن. بەڵام نوێنەرە سیاسییەکانی بۆرژووا بەو ڕادەیە گرنگی بە شیعری چینەکەی خۆیان دەدەن کە بتوانێت وەکو مادەی سڕکەر لەسەر جەماوەر کاریگەریی هەبێت و ڕێگەش لەچوونە پێشەوەی شیعری خەباتکارانەی چینەکەی بەرانبەری بگرێت. دوورخستنەوەی شیعر لەسیاسەت بۆ بۆرژووا زۆر سوودمەندە.

لەگۆترە نییە کە لەهەموو لایەکەوە کەوتوونەتە گیانی شیعر، بەخۆڕایی ئەو هەموو ووتارو نامیلکەو پەرتووکانەی لەسەر دەرناکەن. هێرش کردن بۆ سەر شیعر، هێرش کردنە بۆسەر هەموو بەشەکانی تری ئەدەب و هونەر. لەشیعرەوە هەموو جارێك دەست پێدەکەن، چونکە شیعر سەنتەرە. ئەگەر شیعر بڕوخێنن، توانای ڕووخاندنی ئەوانی تریشیان لە هەگبەدایە.

شیعر ئەو بورکانەیە کە بەستەڵەکی بیرەکان دەکاتەوە. بۆرژووا باش ئاگای لەوەیە بۆیە قەت وازی لێ ناهێنێت، لەڕاستیدا گرفتەکە لەویادا نییە کە نوێنەرە فەرهەنگی و سیاسییەکانی بۆرژووا چۆن لەشیعر دەڕووانن و بەچ شێوەیەك لێی دەدەن و چ داوێکی بۆ دەنێنەوە، بەڵکو گرفتەکە لەبڵاوبوونەوەی پەتای پڕوپاگەندەیان و تووش بوونی ژمارەیەکی بەرچاوە لەشیعر ویستان و لەقەڵەم بەدەستانی ڕادیکاڵ و ئینسان دۆست پێی. وەڵامدانەوەی ئێمە بۆ هەڵتەکاندنی بنەما فکرییەکانی ئەوان سەبارەت بەو هێرشەیان بۆ سەر شیعر لەلایەنێکیدا بەرگرتنە بەتەنینەوەی ئەو پەتایە و لەلایەنێکی تریشیدا یارمەتیدانی چاك بوونەوەی تووش بووەکانە. بۆرژووا بە هەڵگرتنی لافیتەی دەکردنی شیعر لە جوگرافیای سیاسەت، نەك هەر لەبەرانبەر شیعری شۆڕشگێڕانەدا ڕادەوەستێتەوە، بەڵکو شیعریچینایەتی خۆیشی لەو بوارەدا دەکاتە قوربانیی سەرکەوتنی پیلانەکەی.

ڕزگار عومەر: ماوەیەك لەمەوبەر زنجیرە ووتارێکت لەسەر شاعیری بەرزی کلاسیك نالی بڵاوکردەوە، من لەم هەوڵ دانەی تۆ دوو شت بەخەیاڵما دێ، یەکەم: تۆ زیاتر وەکو شاعیرێکی مولتەزیم ئەنووسی، چۆنە سەرلە نالی و ئەدەبی کلاسیك دەدەی؟ دووەم: لەم لێکۆڵینەوەی کردت ئەتویست بەکورتی چی تازە لەبارەی نالی بەخوێنەران بڵێ ی؟

بژار:-من بەو مانایە شاعیرێکی مولتەزیمم کە سەر لەئەدەبی هەموو قۆناغەکان و قوتابخانەکان بدەم. بەهۆی پەیوەندییە چینایەتییەکانمەوەیە کە ناتوانم لە قاوغێکی بەرتەسکدا خۆم مەڵاس بدەم. ئیلتیزامی من دەرگا کردنەوەیە بەڕووی جیهانی دەرەوەدا، پەل هاویشتنە بۆ هەر شوێنێك واتا مرۆییەکان و داهێنان و نوێخوازی تیابدۆزمەوە.

ئەوە ئیلتیزام نییە کە جوڵانەوەی من سنووورردار دەکاتەوە، چونکە ئیلتیزام هەمیشە هەموو کۆمەڵگا بەمەیدانی ململانێ دەزانێت. ئەدەبی کلاسیکی لەڕوانگەی خەباتی چینایەتیمەوە ڕەت ناکرێتەوە، بەڵکو بەڕەخنەگرتن و هەڵبژاردن، بە بەراوورد لەگەڵ سەردەمەکەی خۆیدا، مشتومالْ دکرێت.

ئەدەبی کلاسیکی بۆ من جێگای شاخو باڵ لێ ڕوواندن نییە، بەڵام دەستکەوێتکی گەورەی رۆشنبیریی نەوەکانی پێشووە و جێگای فەرامۆش کردن نییە. بێ باکین لەڕەخنەگرتن لەلایەنە فکریو هونەرییە لاوازەکانی، بەڵام بێباکیشین لەهەڵبژاردن و ستایش کردنی لایەنە ڕەونەقدارەکانی. سەردانی من بۆ ئەدەبی کلاسیکی لەڕاستیدا سەردان بووە، چونکە من پێش ئەوەی شیعرەکانم بەکەشوهەوای شیعری ئەوانەوە موتوربە بکەم و لەگەڵیاندا گەورە ببن، ناسیوومن و ناسیاویەتیەکەشم هەمیشە بەرەوسەر هاتووە.

نالی وەکو بەتواناترین شاعیر لەئەدەبی کلاسیکی کوردیدا، ئاشنایەتی گیانییم هەیە لەگەڵ مۆسیقاو وێنە و دەربڕینە شیعرییەکانیدا. ئێستا هەندێك لەشیعرەکانی کە دەیانخوێنمەوە بەئەفسوونی دەسەڵاتەکەی زیاتر لەجاران سەرسام دەبم. من وەکو شاعیرێکی مولتەزیم بەرگار بوونی چینی کرێکارو هەموو بەشمەینەتەکانی کۆمەڵگاوە، ناتوانم پەلی خوێندنەوە و تێرامان و نووسین بۆ هەموو کون و قوژبنەکانی ئەدەبی مرۆڤایەتی درێژ نەکەم، وە ناتوانم لەو بێشەیەدا بۆنی هەموو گوڵێکی بۆنخۆش و گەشاوە نەکەم.

شیعری نالی هەرچەندە دڕك و داڵێکی فکریی زۆری بەخۆیەوە گرتووە، بەڵام لەباری هونەرییەوە بێشەیەکی سەرتا خوار ڕازاوەیە لەگوڵ. لێکۆڵینەوە لەشیعرەکانی نالی کارێکی نامۆ نییە بە ئیلتیزامی سیاسی و شیعریی من، چونکە شیکردنەوە بە بەکارهێنانی میتۆدی مارکسیستانە لەهەچ بوارێکدا بێت، ئاسوودەیی دەبەخشێت بەگیانم. من پێنج ووتارم بەزنجیرە لەکۆی شەش ووتار کە لەسەر نالی ئامادەم کردبوو، بڵاو کردەوە.

هەرچەندە پرۆژەکەم تەواو نەکردبوو، بەڵام هەندێك شتم تیا دابوون بەدەستەوە. بەلای منەوە زۆر لایەنی تاریك لەژیانی نالیدا هەیە کە هێشتا رۆشن نەکراوەتەوە، لەو چەند ووتارەدا پەنجەم بۆ هەندێکیان ڕاکێشاوە. خۆت واتەنی بەکورتی دەمویست بەخوێنەر بڵێم: نالی ئاشقی حەبیبە بووە، بەڵام حەبیبە ئاشقانە نالی خۆش نەویستووە. حەبیبە هەم ڕێزی نالی هەبووە لای و هەم سۆزێکی بەزەیی ئامێزیشی بۆ هەبووە. حەبیبە بەزۆر بەشوو دراوە و مێردەکەشی خاوەن پلەوپایەیەکی کۆمەڵایەتی بووە.

حبیبە نەیویستووە کێشە بۆ نالی دروست بکات و ڕازیش نەبووە نالی ئەو کێشەیە گەورە بکات، بۆیە جوابی نالی کردووە. بزووتنەوەی سۆفیزم لەناوچەی سلێمانی دژایەتی نالی یان کردووە و لە تراژیدیای ژیانی نالی دا دەستیان هەبووە. ئەوەی کە حەبیبەی هێناوە، کەم و زۆر پەیوەندییەکی لەگەڵ سۆفییەکاندا هەبووە.

نالی هەرچەندە مەلا بووە، بەڵام کابرایەکی دنیایی و کراوە بووە. نالی هەر تەنیا ئەو شیعرانەی لەسەر حەبیبە دانەناوە کە ناوی حەبیبەی تیا هاتووە، بەڵکو چەندین شیعری تری دیوانەکەی کە ناوی حەبیبەشی پێوە نییە، هەر بۆ حەبیبەی داناوە.

ئەمانە و زۆر شتی تریش هەبوون کە دەمویست لەدوو توێی شیعرەکانیەوە بچمە بنج و بناوانیەوە، بەڵام بەداخەوە پرۆژەکەم بۆ ماوەیەکی زۆرە وەستاوە. بەو هیوایەم لەئایندەیەکی نزیکدا بگەڕێمەوە سەری. لەتوێژینەوەی شیعرەکانی نالیدا زانیاری کۆمەڵایەتی، ئاستی بیر کردنەوەی خەڵك، چۆنیەتی داب و نەریت و کاریگەرییەکانی، کێشەی سیاسی و هتد بەڕادەی جۆراوجۆر بەدەست دێت.

شیعرەکانی نالی ئاوێنەیەکی بێگەردی سەردەمەکەشی نەبێت، بەڵام لانی کەم ئاوێنەیەکی بێگەردی ئەو بابەتانەیە کەلێی دوواوە. ئەو جگە لەوێنەی بەهێزی شیعریی و قووڵی واتاو هونەری رۆیشتن و گەیشتن بە ئامانج، مۆسیقای شیعریشی بەڕادەیەکی زۆر بردووەتە پێشەوە. خۆم بە تەمام لەدەرفەتێکدا و لەدوو توێی ئەو پرۆژەیەمدا شتێك لەسەر مامەڵەی نالی لەگەڵ مۆسیقای شیعریی و ئاستە جیاوازەکانی ئەو مۆسیقایە و چۆنیەتی هاتنەوەیان لەگەڵ خودی شیعرەکاندا و پیشاندانی رۆڵی پۆزەتیفانە تیایاندا، بنووسم.

توانی شیعریی نالی لای ئێمە چۆن جێگای پەسنە، لای خۆیشی هەروا بووە. ئەو کەباسی شیعرەکانی خۆی دەکات و پیایاندا هەڵدەدات، مەبەستی لەخۆ قەبەکردن نییە، بەڵکو ڕاستییەکمان لەدلاَ بۆ دەچەسپێنێت کە لامانە. ئەو دەڵێی گیانی خۆی بەلفکە شۆردووە. هێندە بەپاکی لەو بارەیەوە قسەمان بۆ دەکات. نە نووسین لەسەر شیعرەکانی نالی و شۆڕبوونەوە پیایاندا کاری یەك و دوانە و نە هەڵەکردنیش تیایاندا سەیرو سەمەرەیە.

رۆیشتن بەرێگای توێژینەوەدا، هەمیشە شان دانە بەر کارێکی قورسە. بەدەر لەوەی کە پلەی توانایی مرۆڤەکان لەم بوارەدا جیاوازن، بەدەر لەوەی کە بتوانن خوێنەر بەتەواوی ڕازی بکەن یان نا، بەدەر لەوەی بەمەرامی خۆیان بگەن یان نەگەن، بەدەر لەوەی هەستانیان بەم ئەرکە ئاسان بێت بۆیان یان تاقەت پڕووکێن، مادەم ئامانجەکانیان هێنانە دەرەوەی ڕاستییەکانە، ئیتر لەگەڵ ڕاست

کردنەوەی کەموکوڕییەکانیاندا دەبێت جێگای پێزانین بێت.

ڕزگار عومەر: خوێندنەوە، پرۆسەی دەوڵەمەند کردنی فەنتازیاو خەیاڵی شیعریە، ئەو کتێبانە چین، ئەو نووسەرو شاعیرانە کێن بەهەموو جیاوازیەکانی خۆیانەوە، کە حەز دەکەی کتێبەکانیان هەمیشە لەماڵەکەت دا هەبیٚ؟

بژار: -خوێندنەوە پێش ئەوەی پرۆسەی دەوڵەمەند کردنی فەنتازیاو خەیاڵی شیعریی بێت، هۆکاری کرانەوە و بەرفراوانی بیرو پەیداکردنی شارەزایی هەمەلایەنەو گەیشتن بەرێگای سەرکەوتووتری هەڵسوکەوت کردن و، ماندوو نەبوون لەهەوڵدان بۆ دەرهێنانی ڕاستییەکان و هەڵبژاردنی بابەتی سەردەمانە و خستنە ڕووی کرۆکی مەرامەکان و پەی بردن بە چێژی گشتی و دۆزینەوەی هونەری وەڵامدانەوەیە بە داخوازی توخمەکان لەخۆ ڕێکخستنەوەی هەمیشەیی شیعرییاندا.

زۆر پرسیاری بیٚ وەڵام هەیە لەهەر یەکێك لەمەیدانەکانی ئەدەب و هونەرو سیاسەت و کۆمەڵ ناسی و سایکۆلۆجی و هتد کە ڕوو بە ڕوو بوونەوەیان پەیوەستە بە چوونە پێشەوەی مرۆڤایەتییەوە. هەرچەندە لە هەر یەکێك لەو بوارانەدا هەنگاوە گەوری لەلایەن شارەزایان و پسپۆرانەوە نراوە و دەستکەوتی باش بەدەست هاتووە، بەڵام هێشتا بۆ هەر یەکێك لەوانە هەزارو یەك دەرگا کراوەیە بۆ چوونە ژوورەوە و پشکنینی زیاتر و تێگەیشتن و دەرهێنانی گەوهەری دیکە. ئەگەر خوێندنەوە ئاگاداریی و پێزانینی گشتیی ڕاگوزاریمان لەسەر هەموویان بداتیٚ، ئەوا دەتوانین لە دووتوێی هەڵبژاردنی، لانی کەم، یەکێك لەو شتانەوە، بەشێوەیەکی تایبەتی بکەوینە سۆراخی دۆزینەوەی نهێنی. باقەبارەی باسەکەمان بچوك بکەینەوە بۆ ئەدەب و لەوێشەوە بچووکتری بکەینەوە بۆ شیعر. هێشتا ئەم مەیدانەش بەو هەموو باسو لێکۆڵینەوە و توێژینەوانەی کە لەسەری کراوە، زۆر لایەنی تەکنیکی و فکری بەتاریکی ماوەتەوە و ڕۆشن نەکراوەتەوە.

بۆ نموونە، هێشتا مەسەلەی کێش و سەروا لەسەر بناغەیەکی مێژوویی و ژیربێژی و پێویستییەکانی بزووتنەوەی ناوەوەی شیعر یەکلایی نەکراوەتەوە. باس و لێکۆڵینەوە و ڕاو بۆچوونی جیاواز زۆرن لەسەریان، بەڵام، زیاتر وەکو تێڕامان و ڕاڤە کردنێکی بیرەوانیانە چوونەتە پرۆسەی دەرهێنانی پێناسەیانەوە. خۆدان لەدۆزینەوەی نهێنی هەر بابەتێك، لەپێشدا خوێندنەوەیەکی چڕوپڕو پەیداکردنی سەرچاوەی جۆراو جۆری بایەخداری دەوێت. هەر ئەنجامی ئەو کارە بۆ خۆی چەق بەستنی بیرکردنەوەی لەسەر زیاد دەکاتو لەدوو توێی تێهەڵکیش کردنیەوە بە ئەزموون و مێژووچە و هەوڵدان بۆ دەرهێنانی یاساکانی زاڵ بەسەر بزووتنەوە ناوەکییەکەیدا، یان بە مەنزڵ دەگات، یان بڕێکی باش لەو ڕێگایە دەبڕێت. ئەگەر بەدەربڕینێکی کورت کۆتایی بەدووانم لەسەر سوودمەندی خوێندنەوە بهێنم، دەڵێم: لەپشتی هەموو داهێنانێکەوە خوێندنەوە ڕاوەستاوە.

پێش ئەوەی ئاماژە بەهەندیٚ لەو پەرتووکانە بدەم کە ئاشنایەتییەکی گیانییم لەگەڵیاندا هەیە. ئەگەر شیعر لەڕیزی پێشەوەدا وەستابێت، ئەوا لیکۆڵینەوەی ئەدەبی و ڕۆمان و شانۆگەریی و داستان و ڕووداوی مێژوویی و گەردوون ناسی و بایۆلۆجی، دەبنە گوڵەکانی ئەو بێشەیەی کە شیعر سەردەستەیانە. وە سەبارەت بە هەریەکێکیش لەو لقانە چەندین پەرتووکیان هەیە کە جێگای شیاویان لەدڵی مندا هەیە.

ئەو شاعیر و نووسەرانەی کە حەز دەکەم پەرتووکەکانیان هەمیشە لە ماڵەکەمدا هەبن، لەڕاستیدا ژمارەیەکی زۆرن و ناتوانم لێرەدا ناوی هەموویان بهێنم. بەڵام بۆئەوەی هەم وەڵامی پرسیارەکەت بدەمەوە و هەم خۆیشم لەناو هێنانی ئەو هەموو پەرتووکانە بپارێزم، تەنیا ئاماژە بەچەند پەرتووکێك دەکەم لەمەیدانی شیعری کوردیدا و بەس. ئەتوانم بڵێم دیوانەکانی نالی و مەحوی و مەولەوی وەفایی و گۆران و هەردی لەگەڵ (دەربەندی پەپوولە)ی شێرکۆ بێکەس و (شەونامەی شاعیرێکی تینوو)ی عەبدولاّ پەشێو و (ملوانکەی هەزارویەك دەنکە)ی جەمال شارباژێڕی کۆمەڵێکن لەو پەرتووکانەی کە حەز دەکەم هەمیشە لام بن. هەروەك درێژکراوەی ئەو پەرتووکانە، پێشم خۆشە هەمیشە کۆمەڵێك لە شیعرە نایابەکانی کاك حەمە عزیز و فاتیح عیززەدین و موحەمەد عومەر عوسمان میوانی کتێبخانە بچکۆلەکەم بن. ئەڵبەتە

ئەم حەزەم بەهەندێك جیاوازییەوە لە نێوانیاندا زیاتر لە تەكنیكی شیعرییانەوە سەرچاوە دەگرێت.

ڕزگار: وەكو شاعیرێك مێژووی 14 ساڵی ڕابردوو، واتە لە ڕاپەڕینی 1991 وە بگرە تا ئەمرۆ، چۆن ئەخوێنیتەوە، پێت وایە سەرەتایەكە و كۆتایەكی دیاری كراوی دەبێ، پێت وایە هەگبەی ئەو ڕووداوانەی كە بەڕێوەیە، ئاڵو گۆڕی دڵخۆشكەری لەخۆی بار كردبێ؟ پێت وایە ئایندەی كوردستان بەرەو كوێ دەڕوا؟

بژار: -مێژووی 14 ساڵی ڕابووردوو، مێژووی كێشمەكێشی نێوان دوو هێز بووە. هێزێكیان هەمیشە بەرگری لەیەكسانی ژن و پیاو و مافە مەدەنییەكانی مرۆڤ و ئازادییەكانی دەربڕین و چاپەمەنی و مانگرتن و خۆپیشاندان و هتد، كردووە، هێزەكەی تریشیان هەردەم خەریكی زیندوو كردنەوەی پەیوەندییەكانی خێڵایەتی و داسەپاندنی كۆنە پەرستی ئاینی و بەكاربردنی دەسەلاتی میلیشیایی خۆی بووە بۆ سەركوت و پاشەكشە پێ كردنی ڕەوتی ڕوو لەپێشی ڕادیكال لەكۆمەڵگەدا.

خەڵكانی كرێكار و زەحمەتكێش و حزب و ڕێكخراو و ئینسانە كۆمەنیست و پێشكەوتن خوازەكان، دواكاری هەرچی زیاتری چاكسازییە ئابوورییەكان و جێگیركردنی ئاشتی و ئاسایش و ڕامالینی دواكەوتن و هێنانی شارستانیەتی سەردەمانە بوون بۆ كۆمەڵگا، لەكاتێكدا كە بەرەی حزبەكانی ناسیۆنالیزمی كوردو دوژمنەكانی مۆدێرنیزم لەلایەنە ئیسلامییەكان و نوێنەرە بێ ئاسۆكانی پەیوەندییە هەلۆوشاوەكان، هەر لە هەوڵی گەڕاندنەوەی كۆمەڵگادا بوون بۆ باوەشی سەردەمە بەسەرچووەكات.

مێژووی 14 ساڵی ڕابووردوو مێژووی ململانێی چینایەتی بووە لە كوردستاندا. مێژووی هێرش هێنانی برسیەتی و بەگژاچوونەوەی برسییەكان بووە. مێژووی وردە وردەی سەقامگیر بوونی بۆرژووای كوردی وەكو چینێك و بەرزبوونەوەی مەیلی ڕادیكالیزم بووە بۆ داسەپاندنی مەرجە ئابووری و سیاسی و كۆمەلایەتییەكانی بەسەر ئەو چینەدا. ئەڵبەتە ئەم باروودۆخە، سەرەتایەكی بێ كۆتایی نییە. ناكرێت هەر ئاوا درێژە بەژیانی خۆی بدات. گۆڕانكارییەكان دەستیان پێ كردووە و لەوەش دەچێت بەردەوام بن.

لەباری سیاسییەوە ڕادیكاڵیزم هاتووە بەخۆیدا و فشارێكی لەسەر كۆنەپەرستی هێزە میلیشیاو دەسەلاتدارەكان داناوە و لەباری ئابووریشەوە، كردنەوەی پرۆژەی جۆراو جۆر و چوونە پێشەوەی ئاوەدانی و هێنانە خوارەوەی بێكاری كە بەرئەنجامی دەست پێ كردن و جولانەوەی سەرمایەگوزارییە لەكوردستاندا، بە بەراوورد بە ساڵانی پێشووەوە وەرچەرخانێكی پۆزەتیڤانەیە. دەبێت پەیوەستیان بكەینەوە بە كێشمە كێشە چینایەتییەكان و هەلومەرجی عێراق و ناوچەكەو جیهانەوە. منیش خۆم وەكو هەموو كەسێكی ئینسان دۆست پێم خۆشە ئالوگۆڕی دڵ خۆشكەر سەبارەت بەدانیشتووانی كوردستان بەڕێوە بێت، بەڵام ئامرازی ئەم ئاڵوگۆڕانە دەگەڕێنمەوە بۆ هاتنە مەیدانی ئیرادەی هاوبەشی چەوساوەكان بۆ باشتر كردنی باری ژیانیان و دوا جاریش بڕیاردان لەسەر مەسەلەی چارەنووسی خۆیان

ڕزگار عومەر: بەرهەم و پرۆژەكانت چین؟

بژار: -كۆكردنەوەی شیعرەكانم و بەچاپ گەیاندنیان. تەواو كردنی لێكۆڵینەوەكەم لەسەر شیعرەكانی نالی. تەواو كردنی تێبینییەكانم لەمەڕ حزبی تازەوە بۆ هاوڕیان. توێژینەوەیەكیشم لەسەر یەكالا كردنەوەی شیعرو دەرهێنانی یاساكانی بەدەستەوەیە كە زیاتر لە 80 لاپەڕەم لەسەر نووسیووە، هەرچەندە ماوەیەكی زۆرە وەستاندوومە بەلام بەتەمام بچمەوە سەری و ئەگەر بتوانم تەواوی بكەم. ئەمانەی سەرەوە ئەو پرۆژەو بەرهەمە تازانەن كە نیازمە هەنگاویان بۆ هەڵبگرم و دەرفەتیان بۆ برەخسێنم.

ڕزگار عومەر: سوپاس بۆ بەشداریت.

بژار: سوپاس بۆ بەڕێزیشتان.

***

# وتووێژ لەگەڵ سپیدە کوشا
# دەرهێنەری شانوی (مەرگ‌و کچەکە)

لەفارسییەوە: بیستون

سپیدەی کوشا لەماوەی 17 ساڵ لە ئەزموونی شانۆی خۆیدا لە 15 شانۆدا زیاتر رۆڵی بەرچاوی گێڕاوە. رۆڵی بەرچاوو کاریگەری ناوبراو لەو شانۆنامەو کەسایەتیانەدا بەرجەستە بۆتەوە کە بریتین لە (حبسی) (شەوباش دایە)ی بەرهەمی مارشا نورمەن، (ژنی ئاشەوان) نووسینی بەهرامی بەیزایی، میزبان لە (سندووق)دا بەرهەمی (کوبوابە) و هەروەها ژن لە (ورچ)و (خوازبێنی) لەبەرهەمی چیخۆف.

هەروەها ناوبراو خۆی چەند شانۆ نامەیەکی نووسیوە کە ئەمانەن (سەرەتا)، (ئاوێنە)، (ئەگەر برۆی تەنیا ئەمێنمەوە)، (پیاوەکە و چوار ژنەکەی و دایکی)، (چ کەسێك هەلی ترمان بۆ دەرەخسێنێ)، (ئەو دەزانێ)، (مەلی سەحەری) و (سەرەتای وەرزێکی سارد).

هەروەها دەرهێنەری زۆربەی بەرهەمەکانی خۆی و ئاساری نووسەرانی تری بەناوبانگی کردووە. ئێستاش ئەوەی دەیخوێننەوە دەقی وەرگێڕداوی وتووێژی ناوبراوە کە پاش کۆنفراسی بونیادی توێژینەوەکانی ژنانی ئێرانی لەشاری برکلی ئامریکا لەگەڵی سازدراوە.

(توانایی و لێهاتوویی سپیدەی کوشا لەگێڕانی رۆڵی ژنێك کە لەدۆخی سوننەت‌و مۆدێر نیم دا گیرۆدە بووە، سەرنج راکێشە. ئەمجارە سپیدە لەپلەی دەرهێنەری شانۆ نامەی (مەرگ‌و کچەکە)دا، هێزی هونەری ناوبراو زیاتر دەردەکەوێ. سپیدەو ژنانێکی وەك ئەو نیشانەو نموونەی گەشەو پێشکەوتنی بزووتنەوەی ژنانە لە هەموو بوارە جۆراو جۆرەکانی کۆمەڵگای بەشەریدا.

پرسیار: با بێ پێشەکی، باس لە شانۆ نامەی (مەرگ و کچەکە) بکەین. ئەنگیزەی تۆ لەهەڵبژاردنی ئەم شانۆیە بۆ کۆنفراسی ئەمساڵی بونیاد چ بوو؟

وەلاّم: ئێمە 7 ساڵ لەمەوپێش ئەم شانۆیەمان هێنایە سەر سەحنە. شانۆ کە لەبواری دراماتیکیەوە زۆر بەهێز بوو، ئیجرای ئەم شانۆیە هەم بۆ هونەرمەندان و هەم بۆ دەرهێنەر زۆر سەرنج راکیشە. بەلاّم گرینگتر لەوانەش ئەم شانۆیە زۆر لەهەل‌و مەرجی ئێران نزیکە.

مەبەستم ئێرانی ئەمرۆنیە. مەبەست هەل‌ومەرجێکە کە دیکتاتۆری نەمێنێ. ئەوکات ئێمە دەمانهەوێ چ کارێك بکەین؟ ئەمە پرسیارێکە کە هەر ئێرانی‌یەك و هەر کەسێك کە لەولاّتێکی دیکتاتۆر لێدراو بژی، دەبێ ئەم پرسیارە لەخۆی بکات، ئێستا دای بنێین ئەوان رۆیشتن، ئێمە دەمانهەوێ چۆن بەر خوردیان پێ بکەین. ئایا دەبێ لەسەر شێوەی ئەوان، رەفتاریان لەگەڵ بکەین؟

پرسیارێك کە بەبڕوای من (اریل درفمەن) لەئاخری شانۆکەدا مەترەحی دەکات، سەرنج ڕاکێشە. ژن لەبەرانبەر پرسیاری ئەشکەنجە گەر کە دەپرسێ، بۆچی گوزەشت ناکەی، دەڵێ: ((بۆچی من، بۆچی دەبێ کەسانی وەك من گوزەشتیان هەبێ)). بۆچی بەردەوام لە ئینسانە باشەکان داوا دەکەن کە لێبوردنیان هەبێ. بۆچی دەبێ ئێمەش لەخۆمانی بکەین.

پ: بەبڕوای تۆ شانۆ نامەکە وەلاّمی ئەم پرسیارەی داوەتەوە؟

وەلاّم: شانۆ نامە نابێ وەلاّمی پێ بداتەوە.شانۆ دەبێ پرسیارەکە مەترەح بکات. لەڕوانگەی منەوە هونەرمەند

نابێ بڵێ کە چ دەکەین، دەبێ پرسیار هەڵ خرێنێ بۆئەوەی بیرو زەینی بینەر بەرانبەر بەمەسەلەکە بوروژێ و بیری لێ بکاتەوە.

پ: وا دێتەر بەرچاو کە شانۆ نامەکە بەهێنانە گۆڕی مەسەلەی شکەنجەو تەجاوزبۆسەر ژن لەلایەن بازجووە، راستەوخۆ زۆر پەیوەندی بەمەسەلەی ژنانەوە نەبێ؟

وە: بۆچی، بەتەواوی پەیوەندی هەبوو. ژن کەسێك بوو کە زوڵمی لێکرابوو. لەلایەکی ترەوە پاش ئەم هەموو ئەشکەنجەیە کاتێك ئازادکراو گەراوە بۆ ماڵێ، هاوسەرەکەی لەگەڵ ژنێکی تر دەبینێ. ئەم شکەنجەیەو ئەم رووداوە، ژنەکە تووشی نەخۆشی دەروونی دەکەن. بەدرێژایی ماوەکە، پیاوەکە کۆنترۆڵی دەکات بەلام دواتر کاتێك ماجەرای ئەم شانۆیە هاتە پێش و کاتێك کۆنترۆڵ دەکەوێتە دەستی ژنەکە، زۆر لەپیاوەکە رادیکاترو پێشکەوتووتر بیردەکاتەوە. چونکە ژنەکە کەسێکە زوڵمی لێکراوە و دەڵێ بۆچی دەبێ شتێك لەبیرخۆم ببەمەوەو لێی ببورم، بەپیاوەکە دەڵێ تۆ دەتوانی کەسێکی دیموکرات بی ئەوانە هیچ کارێکیان لەگەڵ تۆ نەکردووە.



پ: تۆ لەقسەکانت دا وتت کە قەرارنیە هونەرمەند رێگاچارە بدۆزێتەوە. بەلام چۆنیەتی گەلاڵەی مەسەلەکە، بەرادەیەك لەناو خۆیدا هەڵگری رێگاچارەیەکی مەسەلەکەیە ئەمرۆ ئێمە لەگەڵ ئەو مەسەلەیە رووبەرووین کە ژمارەیەك لەجەنایەتی 20 ساڵەی رژێم دا دەستیان هەبووە، وەك گەنجی و جلائی پوورو زۆر کەسی تر، رواڵەتێکی ئازادیخوازی و ئیسلاح تەڵەبی یان بەخۆوە گرتووە.

چۆنیەتی بەرخوورد بەو جۆرە کەسانە کەلە کەسانی سوخەنرانی کۆنفرانسی برلینیش بوون، یەکێك لەمەسەلە نەکراوەکانی ئەم کۆنفراسە بوو، وە پرسیاری زۆریشی لێ کەوتەوە. بەتایبەت ئەوەی کە کەسانێکی وەك گەنجی لەبەرانبەر دروشمی (لەبیرمان ناچێ، لێبوردنیشمان نابێ)، بەخەڵك دەڵێ، ئەگەر ویستتان لەبیری بەرنەوە لەبیری ناکەن، بەلام لێبوردنتان هەبێ. دێتە بەرچاو کە شانۆ دەیهەوێ بەهێنانە گۆڕی ئەو مەسەلەیە لەراستییەکان نیزیك بێتەوە و لەم رێگایەوە بینەر ناچار بەبیر لێکردنەوە بکات؟

وە: بەبڕوای من تەنیا کاتێك دەکرێ لەجینایەتکاران خۆش بی کە ئیعتراف بە جەنایەتەکەیان بکەن. کەسانێك کە ئەم کارەیان کرد دەبێ موحاکەمە بکرێن. هەڵبەتە من دژی حوکمی ئیعدامم. بەلام دەبێ جینایەتکاران بناسرێن و بەتێکڕایی خەڵکی موعەرەفی بکرێن، پاش ئەوە دەکرێ لێیان خۆش بی بەلام نابێ هیچکات ئەم جینایەتانە لەبیر بچن. چونکە سەرلەنوێ دەتوانن سەرهەڵدەنەوە. لەخودی شانۆکەش دا، ژن بەشکەنجەگەرەکەی دەڵێ بەم هۆیەنیە کە دەمهەوێ تۆ بکوژم چونکە ئەوکارانەت کردووە بەڵکو هۆیەکی ئەوەیە کە حاشای لێدەکەیی و پەشیمان نی.

پ: ئایا (اریل درفمەن) شانۆکەی چاوپێکەوت؟

وە: نەخێر شانۆکەی لە کۆنفرانس نەدی. کاتێك مۆڵەتی ئیجرای شانۆکەمان لێ وەرگرت وتی بۆ من شانازییەکە لە سیمیناری ژنانی ئێرانیدا ئەم شانۆیە ئیجرا بکرێ، چونکە ولاتی ئێوە زۆر شتی هاوبەشی لەگەڵ ولاتی شیلی هەیە.

پ: بگەرێینەوە سەر شانۆی (مەلی سەحەری) ئەو شانۆیە کە نوسراوی خۆتەو لەرۆلێکیشا دەوورت گێراوە، باس لەسێ نەسلی ژنان دەکەی. لەراستیدا نەسلێك کە دایکانی ئێمەن و نەسلی خۆمان و نەسلی دوای ئێمە کەبە نەسلی دوو ناسراون. تۆ گیروگرفت و مەسەلەی هەریەك لەو نەسلانەت لەو شانۆیەدا گەلاڵە کردووە. وا دێتەبەرچاو کەسایەتی خانمی ئەرجومەندی، ژنێکە لەنەسلی دایکانی ئێمەیە لەژیانی هاوسەرایەتی و پەیوەندی هاوسەرایەتی کە شێوازی بنەماڵەی سوننەتییە ڕازییەو دوو نەسلی دواتریش ناڕازی. ئایا تۆ لایەنگری گەڕانەوە بۆ بڕادووی؟

وە: ئەم بۆچوونە بەبڕوای من سادە بیرکردنەوەیە. من شانۆ نامەیەکی راستەقینەم نووسیوە. رۆڵی راستەقینەی ژنێك کە بێجگە لە سوننەت هیچی تر ناناسێ و لەژیانەکەی ڕازیە.

ئەرجومەندی ژنێکی سوونەتی بوو کەهاوسەرەکەی پیاوێکی خراپ نەبوو، لێی نەئەداو ئەرکەکانی خۆی بەرێوەدەبرد و ئەویش هیچ چاوەڕوانییەکی تری نەبوو بەلاّم ژنێك کە پێوانە کۆمەلاّیەتییەکانی پێشووی شکاندووەو خوازیاری پەیوەندیەکی بەرابەرو یەکسان لەگەڵ هاوسەرەکەیەتی ئاشکرایە کە ئەگەر وانەبێ لەژیانەکەی ڕازی نییە.

ژمارەیەك لەپیاوانی زۆر مۆدێرنیش نەتەنیا ئەرکێك کە پیاوانی قەدیمی بەرانبەر بەهاوسەرەکانیان بەجێیان دەگەیاند، ئەنجام نادەن. بەڵکو وەك ئامرازێك لەمۆدێرنیسم و فێمێنیسم کەڵك وەردەگرن کە دیسانیش ژنان ئەزیەت و ئازار بدەن. واتە ژنان بە جۆرێك لە کۆمەڵگای مۆدێرنیش دا مافیان پێ شێل کراوە. لەهەمان کات دا کە ژن ئیمتیاز گەلێکی بەدەست هێناوە، ئیمتیازیشی لەدەست داوە.

بۆ وێنە ئێمە وەك دایکێك ئێستاش سەرجەم ئەرکەکانی دایکایەتی‌مان لەسەر شانەو دەبێ کاری دەرەوەش بکەین، ژن ئێستا دەبێ هەم ژن بێ، هەم پیاو، ئەگەر ژن ئیعتراز بکات پیاو دەڵێ. مەگەر مافی بەرابەرت ناوێ؟ ئەوەی کە بۆ ژنان یەکسان نیە ئەوە بەمانای دژوارتر بوونەوەی هەل‌ومەرجی ژنانە. هەم جل‌وبەرگ بشواو بگۆڕێ هەم دەبێ شیربدا بەمناڵ، وێڕای ئەوانەش دەبێ بەکاروباری دەرەوەی ماڵیش ڕابگات.

واتە بەرەبەرە لەپرۆسەیەك تێپەڕدەبین و بەرەو قۆناغێکی تر دەرۆین و نەسڵی ئێمەش کە لەم بەینە داگیری کردووە و زوڵمێکی زۆری لێدەچێ.

پ: بەرەو کوێ ئەبێ بچین ؟

وە: دەبێ بەرەو شوێنێك برۆین کە هەموو بەرابەرو یەکسان بن. دایکایەتی و باوکایەتی دەبێ یەکسان و وەك یەك بێ. بەرهەحاڵ لەشانۆی (مەلی سەحەری)دا ئینسانەکان راستەقینەن. ئێستا هەرکەس بەلێکدانەوەی زەینی خۆی لەم راستی‌یە ئاکام وەردەگرێ. مەسەلەکە ئەوەبوو کە هەوڵم داوە باورودۆخی سێ ژن نیشان بدەم و گرینگتر ئەوەی کە قسەی کەسانی تریان نەدەکرد قسەی خۆیان بوو وە تەنیا قسەی من نەبوو.

پ: بەلاّم تۆ وەك هونەرمەندێك روانگەو بۆچوونی خۆت هەیە و تەنانەت دەتوانی لەراستی‌یەکانیش بەرزتر بڕوانی و ئاسۆیەکی دوورەدەست دەربخەی؟

وە: من شێوازی رئالیستیم هەڵبژاردووەو کارەکانم بەم جۆرە ڕادەپەڕێنم. کارێك کە دەکرێ لەبواری هەستەوە پەیوەندی لەگەڵ دابمەزرێ و لێی تێبگەی. کارێك کە لەگەڵ ژیان گونجاو بێ. هەڵبەتە لەشێوازی رئالیستشدا کاراکتێر دروست بکەی ئەگەر ئەم کارەش نەکرێ خراپە. واتە بڕوام بەوەنیە کە قسەی منێکی 30 و چەند ساڵە لەشانۆی (مەلی سەحەری) دا بخرێتە سەر زمانی ژنێکی وەك ئەرجومەند کە 60 و چەند ساڵێك تەمەنی هەیە. مەسەلەن ژمارەیەك ناڕازی بوون کە بۆچی ئەو کچە جەوانە قسەی خراپ دەکات. من خۆم بەم جۆرە قسە ناکەم بەلاّم سەرجەم کچانی تەمەن 17 ، 18 ساڵەلە ئامریکا بەم جۆرە دەدوێن، بەرهەمی رئالیستی سەرجەم پەسەندی ناکەن بەلاّم راستەقینەن. ئەم کەسایەتیانە هەنو بەسەرهاتی خۆیان هەیە.

پ: ژن بوون تا چ ڕادەیەك شوێنەواری داناوەتە سەرکارو هەڵسوورانی هونەریت؟ و خەباتی ژنان چۆن دەبینی؟

وە: هیچکات من بەشێوەیەکی ئاگایانە لەسەر مەسەلەی ژنان نانووسم. دڵم دەخوازێ قسەیەك کە دەیکەم لەژن و پیاو تێپەڕێ. بەلاّم چون ژنم و بڕوام بەئازادی ژن هەیە، ئەوانە بەجۆرێك لەکارەکانم رەنگ دەدەنەوە.

بەبڕوای من لە کۆمەڵگای ئێراندا هەر ژنێك تەنانەت کە مووی سەریشی لەژێر رووسەری‌یەوە دەردەخات خۆی خەباتە، موبارەزەیە.

ژن بوون لەئێران خۆی موبارەزەیە. بۆ ژنێك ، ژن بوون و سەربەخۆ بوون خەباتەو بۆ من ئەوە موبارەزەیەکی شەخسی و سیاسی یە کە پێناسەی خۆم بکەم و لەژێر سایەی کەسی تردا نەناسرێم. من وای تێدەگەم کە بمهەوێ و نەمەوێ لەریزی بزووتنەوەی ژنان دا قەرارم گرتووە.

***

# وت و وێژ لەگەڵ عەلی ئەشرەفی دەرویشیان

لە فارسیەوە: سەعید ئەمانی

***ئەم وت و وێژە رێکەوتی 1375/5/22 ی هەتاوی ئەنجام دراوە، لەگەڵ ئەوەی 9 ساڵی بەسەر دا تێپەڕیوە بەڵام ئێستاش زۆر لە قسە و باسەکان هەر تازەن و شیاوی دیسان گوێ لێگرتنەوەن.***

## من هەمان شەریفی" ساڵە هەوریەکان "م

پرسیار: چۆن بویتە نووسەر ؟

وڵام: بە رێکەوت، لە ساڵی سێی ناوەندی(کە دەکاتە ساڵی یەکەمی دواناوەندی ئێستا) ئینشایەکم نووسی و بەتوندی تەشویق کرام. ئەمە بوارێکی ڕەخساند تا پەی بە توانایی خۆم لە نووسین دا ببەم.بەڵام تا سی ساڵەگی شتێکم چاپ نەکرد. لە زانکۆ و کۆلیژی باڵا(دانشسەرایعالی) بە هۆی ئاشنایی لەگەڵ جەلال ئال ئەحمەد، دکتور ئەمیر حسێن ئاریان پور و دواتر لەگەڵ باقرموئمنی، بێ ئازیزین و... نووسینم بۆ بوو بە ئەمرێکی جیددی. بە تایبەتی جەلال ئال ئەحمەد و خانمی دکتور سیمین دانشوەر هانیاندام بۆ نووسین. و هەڵبەت ئەمانە بە گشتی بە ڕێکەوتیان دەزانم.

پ: شێوەی کارتان بە چ چەشنێکە؟ هەموو ڕۆژێك دەنووسن یان چاوەڕێی ئیلهام دەمێننەوە؟



و: گشت ڕۆژێك دەنووسم. هیچ کاتێك چاوەڕێی ئیلهام ناکەم. کارێکی بەردەوام و ڕۆژانە. من کارێکی جیا لە خوێندنەوە، ئەزمون کردن لە ژیان و نووسینم نیە. سەبارەت بە ئیلهامیش بۆچوونی خۆم لە خوارەوە دەخەمەڕوو.

پ: ئایا بەر لە نووسین شکڵێکتان لە زەین دا هەیە بۆی؟

و: پێشتر سەبارەت بە بابەتێکی کە سەرنجی ڕاکێشاوم، بیر دەکەمەوە. شکڵ و فۆرمەکەی تا ڕادەیەك

دیاری دەکەم و دوایە دەست دەکەم بە نووسین. ئەم بیر کردنەوە سەبارەت بەو بابەتە ڕەنگە مانگێك بیرم بە خۆیەوە خەریك بکات.

پ: نووسەران و شاعران قاعیدەتەن دەفتەرچەی یادداشتیان بە بەردەوامی لە گیرفان دایە، ئەی ئێوە؟

و: بەڵێ، دەفتەرچەی یادداشت بە یەکێك لە کەرەسە سەرەکیەکانی نووسەر دەزانم. خۆزگە دایك وسیذی بیرەوری و ڕوداوەکانی ژیانی ڕۆژانەی بکردایەم. ئەمە پەسەندازێکی گەورەو گەنجێکی پڕ بایەخ دەبێ بۆ داهاتووی مرۆڤێك، چ ببێتە نووسەر و چ نەبێتە نووسەر. پێشنیار دەکەم بەر لەوەی حیسابی بانکی بۆ منداڵەکانتان بکەنەوە دەفتەرچەیەکی یادداشتی ڕۆژانەی بۆ بکڕن. بەڵێنی دەدەم ئەمەی بە قازانجترە.

پ: دەست نووسەکانتان چەند جار پاك نووس دەکەنەوە؟

و: زۆر جار بە بەردەوامی دەست نووسەکانم پاك نووس دەکەمەوە. ڕۆمانی چوار جلدی" ساڵەهەوریەکان"م یازدەجار پاك نووس کردەوە.

پ: ئایا بەرهەمەکانی خۆت هەڵدەسەنگێنی؟

و: لێکدانەوە و هەڵسەنگاندنی بەردەوامی بەرهەم کارێکی گرینگە و من زۆر جار ئەم کارە دەکەم.

پ: بۆچوونتان سەبارەت بە دەست پێکی ڕۆمان یان داستان چیە ؟

و: پاراگرافێکی کە لەرێگای ئەوەوە ڕۆمان یان داستان دەست پێدەکات کارێکی گرینگە. دەست پێکی داستان زۆرجار دەتوانێ خوێنەر ڕاکێشێ یان هانی بدات کتێبەکە لێکبنێ. ڕۆمان ی" ساڵەهەوریەکان"یش سەرەتاکەی بەم چشنەیە (قیژە، قیژە، قیژی دایکم ژوورەکەی پڕکردوە.)

پ: نێوی داستان یان ڕۆمان، کەی وچۆن دیاری دەکەن؟

و: گەێك جار دوای تەواوبوونی داستان، یان لەگەڵ نووسینی بابەتەکە یان کاتی بیرکردنەوە سەبارەت بە نووسینی، نێوێکی بۆ دیاری دەکەم. هێندێك جاریش چەند نێوێکم بە زەین دەگات و باشترینیان هەڵدەبژێرم. بۆ نموونە بۆ" ساڵەهەوریەکان" نزیك بەدەنێوم دیاری کردبوو.

پ: ئایا لە داستان دا جێگا و شوێنێکت شەرح داوە کە ئەزموونێکی دروستت سەبارەت بەو نەبووبێ؟

و: من لەتوانامدانیە شتێك جیالە ئەزموونەکانم بنووسم. ڕەنگە بتوانم شەرحی کار و زەحمەتی وەرزێرێك لە کاتی دروێنەکردن دابیینم و بنووسم بەڵام ئەگەر خۆم داس بەدەستەوە بگرم و کاربکەم چاکتر دەتوانم بنووسم.

پ: بەم پێیە بەشێکی زۆری نووسینەکانت ئاکامی ئەزموونی شەخسیتن؟

و: بەبڵێ. نەوەدو نۆ دەرسەدی نووسینەکانم.

پ: ئایا نووسەر پێویستی بە ئیلهامیش هەیە؟

و: ئیلهام لە لۆغەت دا بە واتای "دەرکەوتن" و "بە دڵاهاتن" ە.

لە ڕەوانکاوی دا، بە سەرچاوەی سەرەکی ئیلهام دەڵێن زەمیری ناخود ئاگا و نیوەئاگا کە بە باسی بیرەوەری و یاداوەریەکانی زەین مەڕ بووت دەبێتەوە. واتە هەر ئەو باسە کە "سوور ڕئالیستەکان " زۆری جەخت لەسەر دەکەنەوە. ئەوان لەسەر ئەو باوەڕەن کە زەمیری هونەرمەند هێندێك جار بەبێ کۆنترۆڵی ئەقڵ، دەست دەداتە دەربڕین و ئیرایەی ئەو شتەی کە لە خۆی دا زەخیرەی کردوە و ئەم زەخیرە زەینیە، لە چەشنی ئیلهام و یاداوەری دا، سەرچاوەی داهێنانی هونەریە. "سوور ڕئالست"ە کان ئیلهام بە چەشنێك ئینفجاری چاوەڕوان نەکراوی ڕۆح و ئاڵوگۆڕی دەروونی دەزانن کە لە عەرسەی زمان دا دێتە ئاراوە. ئەمانە دوتر چەمکی ناخودئاگا و نیوە ئاگایان تا ڕادەیەکی زۆر کەم کردەوە و ڕوویان کردە گۆڕەپانی ئاگایی شاعیرانە و هونەرمەندانە. بەڵام ماتریالیستەکان بواری مادی و دیاردەیەکی زەینی و بیرێکی سەر بەم لایەنەیان بۆ ئیلهام پەسەند و قەبووڵە. ڕەوانشناس و ڕەخنەی نوێی ئەدەبی ئیلهامی هونەری کە خۆیدیاردەیەکی ڕەوانی لە هونەرمەند دایە قبووڵە و ڕوانگەی ماوەرای مادی ڕەد دەکاتەوە. من باوەڕم بە ئیلهام وەرگرتن لە دنیای مادی و زەوینی و خەڵکی هەیە و بەردەوام نیازمەندی ئەم چەشنە ئیلهامە بووم.

پ: شێوە کاری ئێوە بۆ گۆڕینی کەسایەتیەکی ڕاستەقینە بە کەسایەتیەکی داستانی چۆنە؟

و: پێم خۆش نیە خەتونیشان بۆ هونەرمەند و نوسەر بکێشم. یەکێك لە تایبەتمەندیە زۆر ئاشکراکانی هونەر،

لایەنە جۆراو جۆر و زۆر هەمە چەشنیەکەیەتی. لە غەیری ئەمە دا گشت بەرهەمە هونریەکان یەك لایەنە و یەك دەست دەبن. ئەم دابەشکردنانە دروست نین. هونەرمەند دەتوانێ لە ژیانی دا بە پێی ڕۆحیات، حالات، ئەنگیزەکان و ڕووداوگەلێکی کە ڕووبە ڕووی دەبنەوە دەست بداتە بەرهەم هێنانی شوێنەواری هونەری جیاواز و سنوور بەزێنانە. ریعایەتی حەد و سنوور و چوار چێوە و شتی لەم چەشنە لەم بارەیەوە قابیلی قبووڵ نیە.

پ: لە بەرهەمەکانت دا تا چ ڕادەیەك خۆ بە قەرزداری ڕاستیە کانی دەورووبەر دەزانی؟

و: بۆ نموونە"بیبی" لە "ساڵە هەوریەکان" دا لە نەزەر بگرە.گشت ئەو تایبەتمەندیانەی کە بۆ بیبیم هێناوەتەوە ڕەنگە سەبارەت بەو ڕاست نەبن بەڵام بە درێژایی ژیانم گەلێك پیرێژنی کرماشانیم دیوە، چ لە شار و چ لە دێهات. کەوایە دەتوانم بۆ هەرچی باشتر باوەڕاندنی بیبی بە خوێنەر، بۆ هەرچی نزیکتر کردنەوە و ناساندنی، لەو حەرەکات، کردار و ڕەفتارانەی تایبەتی ئەو دەورە لە تەمەنن کەڵك وەربگرم و تیپی بیبی دروست کەمەوە.واتە کەسایەتیەکی شیاوی پەسەند بە دی بێنم.

پ: لە کەسایەتیەکانی نێو داستانەکانت کامیان هەڵێنجراوی کەسایەتی خۆتانە؟

و: زۆریان. لە "ئاوشۆران" دا، "لەم وڵاتەوە" لە داستانەکانی هەتاو و زۆر لە داستانەکانی تر دا خۆم حزوورم هەیە. شەریف لە "ساڵەهەوریەکان" دا خۆمم.

پ: لە کاتی نووسین دا تا چ ڕادەیەك مەسایلی داستان نووسین لە بەر چاو دەگرن و بەڕێوەی دەبەن؟

و: ڕاستەکەی سەبارەت بە فەننی داستان نووسین، ڕەنگە نزیك بە تەواوی کتێبەکانم خوێندۆتەوە بەڵام کاتێ دەنووسم نووسینەکە خۆی ڕێ و شوێنی خۆی دەدۆزێتەوە و لەو دەمە دا لە بیری ئەوە دانیم کام فەن بە کار بێنم. نازانم کوشتی گیرێك کاتی کوشتی گرتن لە بیری ئەوە داهەیە کە بڵێ باشە ئێستا ڕەقیبەکەم فتیلە پێچ بکەم یان پاشقولی بدەم؟ یان ئەوەی کە بە پێی حەرەکاتی پێشبینی نەکراوی بەرانبەرەکەی دەجوڵێتەوە.پێم وابێ لە هونەریش دا هەر وایە،دەست بەیەخەبوون و دژکردەوەی بابەتەکەیە وادارت دەکات تا گونجاوترین فەن بەکار بێنی.

پ: ئایا نووسەر بۆخۆی دەنووسی؟

و: دیسانیش ئەڵێم کە هونەرمەند، شاعیر و نووسەر موختارە تا بۆ دڵی خۆی بویرێنێ. بەڵام من لەوشتانەی والەدەور و بەرمن و کارم تێدەکەن سوود وەردەگرم و دەنووسم و مەبەستیشم وشیارکردنەوەی خوێنەرلە ڕووداوەکانی دەور و بەریەتی. وەك چخۆف ئەڵێ:( گشت ئەو شتەی من دەمویست ئەوەبوو سادقانە بە خەڵك بڵێم" چاوبکەنەوە و بڕواننەخۆتان. بزانن چ ژیانێکی خراپ و پڕلە مەرارەت بەسەر دەبەن." ئەمە گرینگترین شتێکە کە دەبێ خەڵك بیزانن. وە کاتێ بەدروستی لەمە حاڵیبوون، بەبێگومان ژیانێکی نوێ و باشتر پایە ڕێژی دەکەن... مرۆڤ کاتێ باشتر ئەبێ کە بەو شێوەیەی هەیە بە خۆی بناسێنن.)

پ: بۆچی ئەنووسیت؟

و: بۆ ئەوە دەنووسم تا شوێنەوارێکی، هەرچەند بچوك، لەسەر دنیای ئەو خەڵکەی لە دەور و بەرم ئەژین دابنێم.

پ: تا چ ڕادەیەك لەگەڵ داهێنان و نۆی ئاوەری لە ئەدەبیات دای؟

و: لەگەڵ نۆی ئاوەری لە ئەدەبیات دا هەم بەڵام تا ئەو ڕادەیەی کە خەڵك لە هونەر و ئەدەبیات بێزار نەکەین. هێندێك دەڵێن ئێمە بۆ دڵی خۆمان بەرهەم دێنین. ئەمە درۆیەکی ڕەزیلانەیە. ئەگەر بۆ دڵی خۆت دەنووسی کەوایە بۆچی نایئاخنیە سووچی ژوورەکەتەوە؟ بۆچی چاپی دەکەی؟ چاپی دەکەی تا خەڵك بیخوێنێتەوە و بزانێ تۆ چۆن ئەڕوانیە دنیا و چۆنت هەست بەم گەردونە کردوە.

پ: نەزرتان سەبارەت بە کۆمەڵگای نووسەرانی وڵاتەکەمان بفرموون؟

و: نووسەرانی ئێران، بەتایبەتی لەم دەورەیەدا، لەگەڵ گرفتێکی زۆر ڕووبەڕوون بەڵام هەروا لە هەوڵی خوڵقاندنی بەرهەمی جۆرا و جۆردان.

پ: لە ژێر کاریگەری کام نووسەری ئێرانی یان غەیرە ئێرانی دا بوون؟

و: لە مەودای ژیانم دا نوووسەرانێکی زۆرم تاقی کردۆتەوە. کەوتوومە ژێر کاریگەریانەوە و دوایە هەوڵم داوە لە سەر پێی خۆم ڕاوێستم. هەر لە پاوەرەقی نووسەکانی ڕۆژنامەپێشوەکانەوە بگرە تا نووسەرانێکی

پێشڕەوی وەك جەماڵ زادە، هیدایەت، چوبەك، عەلەوی و کەسانی تر.

پ: بە بڕوای ئێوە چ جیاوازییەك لە نێوان نووسەرێك و کەسێکی ئاسایی دا هەیە؟

و: هیچ جیاوازییەك بوونی نیە. بێجگە لەوەی کە مەسیری ژیان ئەوانی بەم ڕێگایەدا کێشاوە. زۆریان خوێندۆتەوە. سارد و گەرمی رۆژگاریان چێشتوە و لەگەڵ ڕۆحیەیەکی هەستیار دا نەیانتوانیوە لە بەرامبەر تەنگ و چەڵەمەکانی ژیان دا ئارام و بێدەنگ دانیشن.

پ: داهاتووی ڕۆمان و کورتە داستان لە ئێران چۆن دەبینن؟

و: لەگەڵ گیر و گرفتێکی لەگەڵیدا ڕووبەرووین، لەگەڵ پێشوازی نەکردنێکی لە کتێب دەکرێ، لەگەڵ هەڵسەنگاندن و سەخت گیریەکی سەبارەت بە ئیزنی چاپ لە ئارا دا، لەگەڵ گرانی و بێکاری و بە هەزاران گرفتی دیکە، داهاتووی کتێب ناهومێد کونەندەیە.

پ: لە نووسین دا تا چەند کەڵك لە ڕەوانشناسی وەردەگرن؟

و: من لە زانکۆی تاران فەوقە لینسانسی ڕەوانشناسی و بارهێنان و لە دانیشسەرایعالی‌ش فەوقەلینسانسی ڕاوێشکاری و ڕێنمای تەحسیلم خوێندوە و هەڵبەت ئەم زانیاریانە گاریگەریان لەسەر بەرهەمەکانم بوە.

پ: نووسەرێك تا چ ڕادەیەك پێویستە ئاوڕ لە گرفتە کۆمەڵایەتی و سیاسیەکانی سەردەمەکەی بداتەوە؟

و: نووسەر وەك ئەندامێك لە ئەندامانی کۆمەڵگا ناتوانێ جیا لە ئازار و ئاڕمان و تێکۆشانەکانی گەلەکەی بێت.

پ: جیاوازی نووسراوە بازاری و غەیرەبازاڕیەکان لە چی دایە؟

و: جیاوازی فیلمی "گەنجی قاڕون" لەگەڵ "گای" مێهر جوویی لە چیدایە؟ جیاوازی فیلمی "دەپیاوی خەبیس" لەگەڵ فیلمی "حەوت سامۆڕایی" بەرهەمی کوروساوا، یان فیلمی "ئەم گروپە توڕەیە"ی سام بکین پا لە چی دایە؟ هونەری بازاڕی زەوق و سەلیقە و بینشی جوانی ناسانە لە مرۆڤدا دەکووژێ و لە ناوی دەبا و لە ئاکام دا بوونەوەرێکی بێ بەند و بار و بێ تەفاوەت سەبارەت بە جوانیەکانی جیهان بە وجود دێنێ و هونەری پێشڕەو و سازەندەش ئینسا بەرەو پایە بەرزی و عیزەت دەبات.

پ: پێتوایە ئەرکی ڕەخنەگر چیە؟

و: بەبێ کینەو بوغز بەرهەمەکە هەڵسەنگێنێ. ڕێنمایی کردنی هونەرمەند لە ڕاستای باشتر ئیرایە دانی بەرهەمەکەی.

پ: کاردانەوەت سەبارەت بەو ڕەخذانەی بەرهەمەکانت دەکوتن چیە؟ و پێتوایە چلۆن ڕەخنەیەکن؟

و: بەڵێ. لە بەرانبەریاندا بێدەنگ بووم. بەڵام سەرسەختانە و لە خۆبردوانە خوێندمەوە و نووسیم. بە چەشنێکی وەحشەتناك خەریکی خوێندنەوە بووم، تا سنووری لە کەڵك کەوتنی خۆم. نووسیم و فێربووم ئێستاش خەریکی فێربوونم. زۆر جار لەو ڕەخنانە دا ئیرادم لێدەگرن کە فەننی داستان نووسین ڕیعایەت ناکەم و هەڵبەت ئەمە یەکێك لە تایبەتمەندیەکانی کاری منە چون نامەوێ پێ لە جێ پێی کەسانیتر دابنێم و بە دوای هیچ تەرتیب و ئادابێکەوە نیم و هەر چۆنێك دڵی تەنگم بیەوێ ئاوا ئەدوێم.

پ:ئایا فۆرمول و قاعیدەیەك هەیە کە لە ڕێگایەوە بتوانی ببیە نووسەرێکی باش؟

و: سامڕست موئام ئەڵێ: "یەك دەرسەد ئیستعداد و نەوەدونۆ لە سەد کار و هەوڵدان." من باوەڕم بەمەیە.

پ: قسەیەك بۆ نوسەرانی تازە کار، ڕێنمایت؟

و: داوام لێیانە دەفتەرچەی یادداشتی ڕۆژانەیان هەبێ. لە هەر مەجاڵێك بۆ خوێندنەوەی کتێبە باشەکان کەڵك وەرگرن. لە ناو جەرگەی خەڵك و کۆمەڵگا دا بن تا بەردەوام بەرهەمەکانیان نوێ بێ. من کاتێ "ساڵە هەوریەکان"م تەواوکرد نزیك بە 3 کارتۆنی گەورەم یادداشت و فیش هەبوو کە لەسەر ئەساسی ئەوان ڕۆمانی 2400لاپەڕەیی "ساڵە هەوریەکان"م نووسی. لە هەموو گرینگ تر عیشق و عەلاقە بە کارکردن ئەگەر ئەمەیان نەبێت ئینسان بە هچ کوێ ناگات.

زۆر سپاس بۆ بەشداریت لەم وت و وێژە دا.

منیش سپاسی ماندوو بوونی ئێوە دەکەم. سەرکەوتوو بن.

***

# چیرۆك:

- ئاویەر

ن: عەلی ئەشرەف دەروێشیان و: یۆسف عەلی پوور

- ئینشا

نووسینی: ماریە گرونبورگ ئاوبەرت وەرگێڕانی لە نۆڕوێژیەوە: فەڕوخ نێعمەتپوور

- دیارکەوتنی مراواری

نوسینی: سەعیدەی پاک نژاد وەرگێڕانی: مەجید مارابی

- من دز نەبووم

ن: نیشتمان ئەسەدی



# ئاویەر

ن: عەلی ئەشرەف دەروێشیان
و: یۆسف عەلی پوور



ژێر باڵی دەگرم. گەرما لە دەستە سارد و سڕەکانم دەگەڕێ. سەری پەنجەکانم گەرم دەبێتەوە و گەرما بەرە و لای سینگ و دڵیشم دەچێ. ئەو هێشتا ئەو گەرمایەی لە لەشی دا ڕاگرتووە، گەرمای چاوەڕوانی. زیندوومانەوە بۆ چاوپێکەوتنی کەسێك کە بە درێژایی ساڵانێك لووتی خەمی بۆ داژەنیبوو. بە هێواشی دەیبەم هەتا بیخەوێنم. لە ژێر ڕووناکایی چرا ڕەنگ پرتەقاڵییەکەی سەر دیوارەکە، لە قاوەخانەکە لە شوێنە هەمیشەییەکەی خۆی. دەکۆخێ: (( هەموو ئێسقانەکانم هەر زیڕەیانە)) بۆ ئەوەی کە منیش لەم بێدەنگییە سارد وسڕەدا قسەیەکم کردبێ دەڵێم: "ئیشی سەرمای ئەم بەفرەیە کە بەردەوام چەند حەوتوویەکە دەبارێ."

دەموچاوی دەڵێی ڕەنگی نانی گەنمەشامی‌یە. هەر بەو زووری و زوو تێك چوونەی جێ‌پێی خۆر و باو باران و فرمێسك، هەروەها جێگای شین و ڕۆڕۆ و جێ نینۆك لەسەر کولمەکانی کە ئەو کات وەکو گوڵێکی تازە پشکووتبوو، ماونەتەوە. ئەو کات... ئەو سەردەمە لە من دوورترە هەتا ئەو. لەوانەیە بۆ ئەو هەر دوێنێ بێ. تەنیا هەر ئەو هەڵاتنەی بە شوێن وانت بارێك دا کە لاشەی ئازیزی لە شاردا دەگەڕاند، بەس بوو بۆ ئەوەی کە سیمای هەڵقرچێنێ، بەڵام چاوانی هەر ئەو چاوە جوان و درەوشاوە بوون. وەکو دوو گێلاسی تازە لێکراوەن کە بە شێوەیەکی گونجاو لە نانی گەنمە شامیت دا ناشتبن.

ئاخ... دیسان شەوی جومعەیە. خاوەن قاوەخانەکەو مشتەریەکانی زووچوونەوە. پیرێ ژن لە سوچێك دا بەتەنیا ماوەتەوە. لە سوچێکی ڕەش دا کە شۆقە پرتەقاڵیەکە سەرەڕای هەموو سڕپێك کە تێیدایە ئەوەندە نی‌یە کە بتوانێ ڕەنگی کات. چاوە گێلاسییەکانی بەرەولای دەرگا شینەکەی هاتنە ژوورەوەی قاوەخانەکە دەسوڕێنێ. هەمیشە ڕوو لە دەرگاکە دەخەوێ. خەو

کەچی، من پێم وانییە کە تەنانەت شەوانەش بخەوێ، چونکە هەر کاتێك کە چوومەلای چاوەکانی کراوە بوون و لە چاوەڕوانی دا بووە. ئاخێك هەڵدەکێشێتەوە و سەری وە سەر کۆڵ و کراسێکی کۆن دەکات کە سەردەمێك هی خۆشەویستەکەی دا بووە و بۆنی ئارەقەکەی لەشی ئەوی هێشتا لە خۆی دا ڕاگرتووە.

بەردەوام چاوەڕوانی ئەوەیە کە شەوێك لە شەوان، لە باو بارانێك دا، دەرگا تەختە شینەکە پێکدادرێت و ئەو قاچە بە هیزەکانی لە بەردەرگاکە بە زەویەکەدا دا و بەفرەکە لە خۆی بتەکێنێتەوە و پیرێ ژن بە چاوێك سەیری ئەو و بەچاوێکیش سەیری من کات و لە خۆباییانە بڵێت: "بابەك، دیت گوتم دەگەرێتەوە!"

تۆزێك سەری بەرز دەکاتەوە و وەکو هەموو شەوانی تر دەڵێ: "چراکە مەکوژێنەوە بۆ ئەوەی بزانێ کە ئێمە نەخەوتووین."

دەگەڕێمەوە بۆ پشتەوەی هەیوانی قاوەخانەکە. قاوەخانەکە چۆڵ و هۆڵە. دەزانم کە لە دەرەوە هەتا ژێر دوو پەنجێرە چکۆلەکەی بە بەفر داپۆشراوە. بەفرەکە وەها پشت دەرگای هاتنە ژوورەوەی ئاخنیوەکە دەڵێ چەندین حەوتوویە هیچ کەس پێی نەناوەتە نێو ئەم قاوەخانەوە لە حاڵێك دا دوو سێ سەعات لەمەوپێش بوو کە مشتەریەکان و خاوەنی قاوەخانەکە چوونە دەرێ.

پیرێ ژن لە خەودا هەر وڕێنە دەکات و دەڵێ: "ئەو دێتەوە، چراکە مەکوژێنەوە." خەوم کەمە، منیش چاوەڕێم. بەڵام چاوەڕوانی من و پیرێژنە کە جیاوازە، من چاوەڕوانی ئەو ساتەم کە کەڵکەڵەی دەروونم سەرکوت کەم. ساتێك کە ئامادە بم بەسەر هەموو ئەو شتانەدا کە منیان لەم چوار دیوارییە پڕتەقاڵییە دا بەستۆتەوە، تێپەڕم، بەڵام جارێ دەبێ خۆم بەشتێکەوە خەریك بکەم. شتێك دەبێ گڕوتینم پێ بدا. وەکو گەرمای ژێر باڵی ئەو. یان گەرمای چاوەڕوانی. نابێ ساردببمەوە. سارد بوونەوە یانی بوون بە خاك و خۆڵ. با خاك و خۆڵ هەڵدەگرێ و نابوتی دەکا، بەڵام ئاگر تیژتر دەکات. ئاگری تیژ، کەڵکەڵەی ڕۆیشتن.

دەستەکانم کە هێشتا گەرمای ژێر باڵەکەی ئەویان تێدایە لەسەر ئاگری مەقەڵییەکە ڕادەگرم. ئاوێنەی سەر دیوارەکە کە شکاویەکەی ئەڵێی خەنجەرە، بۆتە سێ کوت. سێ وێنە لە سێ شوێنی قاوەخانەکە دەکەوێتە سەر لەتەکانی ئاوێنەکە. بەم وێنانە مانا بە ژیان دەبەخشم. شکاویەکەی لای ڕاستی پیشان دەدا کە دایکم لەوێ ڕاکشاوە. لەسەر پانتای خەنجەرکە میز و کورسی ناوەڕاستی قاوەخانەکە بەرچاو دەکەوێ. لەتەکەی لای چەپ سوورە و شتێکی وەك باریکەیەکی خوێن لەگەڵ وێنەیەکی نادیار قەراخە تەنەکەکەی ئاوێنەکە نیشان دەدات.

لە تەنیشت ئاوێنەکە شتێکی تریش هەیە کە منی ئاوێزانی ژیان کردووە و وای کردوە کە لە بەرامبەر چۆڵی گوماناوی ئەو شەوە ساردەدا خۆ ڕاگرم. کارتۆنێکی چوار گۆشە کە بە بەنێك بە دیوارەکەوە هەڵمواسیوە. چەندین ساڵ لەمەوبەر لەسەر کارتۆنەکە تابلۆیەکی چکۆلەم چەسپاندبوو. تابلۆ، سیمای نەقاشی کراوی بابەکی خوڕڕەمی‌یە کە لە کتێبی تاریخی ساڵی یەکەمی ناوندیم دا بوو. دوای ئەم کارەساتەی کە گوڵی ڕومەتی دایکمی ژاکاند، ئیتر نەمتوانی بچمەوە مەکتەب. تابلۆی (بابەك)م بە تیغ لە کتێبەکەم دەرهێنا بوو و بەو کارتۆنەوەم نوساندبوو. شەوانە کارتۆنەکە بەرئاوەژوو دەکەمەوە. ڕوومەتی بابەك ڕووی لە دیوارەکە دەبێت و لایەکی تری کارتۆنەکە ڕووی لە منە. لەم لا وێنەیەکی تری لێیە کە شەوانە لەگەڵ ئەو بەسەردەبەم. وێنەیەك کە هەر ئەو ڕۆژانە، لەسەر ڕاگەیاندنێك چاپیان کردبوو و لە نێو خەڵك دا بڵاویان دەکردەوە. وێنەکە ڕەش و سپی‌یە. پیاوێکە کە بە تەنافێك پێچراوە و دەستێکیشی قرتاوە. دەستە بڕاوەکەیان لەسەر ڕانی داناوە. گوللەیەك لای چەپی سینگی دڕیوە. چاوەکانی بە تەواوی لێك نەناون. وەك خەوە کەروێشکە و سمێڵەکانیشی ڕێك وەك سمێڵەکانی تابلۆکەی بابەکی خوڕڕەمی‌یە.

سەیری ئاوێنەکە دەکەم. لەم تەنیایی و بێدەنگییە دا هیچ کەس نی‌یە کە لەگەڵی بدوێم. لە لا تیژەکەی خەنجەرەکە کە ناوەڕاستی شکاویەکەیە دەڕوانم. نوکە تیژەکەی ڕێك دێتە خوارێ و ڕێك لە لێواری قابە تەنەکەیە کە ڕۆدەچێ. چاوم لە نووکەکەیەوە بەرە و دەسکەکەی دەسوڕێنم.

لە پڕدا وێنەی پیاوێکم دێتە بەر چاو کە لە پشت مێزی قاوەخانەکە دانیشتووە. دەبێ مشتەریەکەم بخەمە ڕێ. بە پێی عادەت دووسێ جار دەسماڵەکە لە سەماوەرەکە ڕادەکێشم. گیزەگیزێکی کەم لەو بێدەنگیەدا بەرز دەبێتەوە. بۆ جارێکی تر چاوم لە پانایی خەنجەرەکە دەبڕم و دەبینم کە پیاوەکە قامکی بۆلای من درێژ کردوە: "هێلکەیەکم بۆ لە ڕۆنیکە کورە!"

دەمزانی کە تەنیا ئەوە کە هەمیشە هێلکەیەکی دەوێ. ئەوەم لە زمان خاوەن قاوەخانەکەوە بیستووە. لە ناکاو دڵم وەتەپەتەپ دەکەوێت و خێرا خێرا لێدەدا. وەهەناسە بڕکێ دەکەوم. وەکو کەسێك کە مەودایەکی زۆر ڕایکردبێ. دەستەکانم بەلێوارە گەچەکەی بەر هەیوانەکە دەگرم هەتا نەکەوم. لە ماندوویەتی لە ڕاکردن. تەمەنم دوازدەساڵانەیە و خەریکی ڕاکردنم. بە خێرایی ڕا دەکەم. زیاتر لە وزە و توانای خۆم. قاچەکانم سڕ بوون. بۆ مەگەر منداڵێك چەندە دەتوانێ لە ژێر ئەو خۆرە بەتینە دا ڕا بکات. ڕا کردنێك هاوکات لەگەڵ ترس و دڵەڕاوکێ. هاوکات لەگەڵ کوڵە گری و فرمێسك. هاوکات لەگەڵ شوروشەوقی چاوپێکەوتن، بە شوێن سەیارەیەکی بار هەڵگری ئەرتەشی لە لە نێو قەرەباڵغی خەڵکی شاردا. دەمخەن و جار جاریش شەقێکیش لە قاچەکانم هەڵدەدەن. لە ڕووبەڕووم ئەو پیاوەیە کە بە تەنافەکە پێچراوە و پاڵی وە ژووری سەیارەکەداوە، دوو سەربازی چەك بەدەست لە هەر دووك لاوە هەڵتروشکاون و لولەی چەکەکەیان ڕوو پێ لەو خەڵکە کردوە کە بە دوای سەیارەکەدا ڕا دەکەن. ئەگەر دەستە قرتاوەکەی نەبێ، ئەگەر جێگای گوللە بە سینگیەوە نەبێ، هیچ کەس باوەڕ ناکات کە ئەو مردوە. سەرو چاوی هیچی لێ نەهاتووە. گوێچکەشی کە هەمیشە من دەمگرت و ڕامدەکێشا، هیچی لێ نەهاتووە. تەنانەت جێگای، ماچە تووندو چکۆلەکانیشم لەسەر ڕوومەتە گەشەکەی هەر وەك خۆیەتی. بەڵام ڕوومەتی خوێنێکی خەستی پێوەیە. با، سمێڵەکانی کە هەر وەك سمێڵەکانی بابەکن بە سەر ڕوومەت و لێوەکانی دا بڵاو کردونەتەوە.

ڕادەکەم. زۆر بە خێرایی. تەنانەت دایکیشم بە هەڵاتن کە هەر دەڵێی هەڵپەرکێی کوردی دەکات نامگاتێ. دەوەستم هەتا بگاتە من. ئارەقە لەسەر ڕوومەتی هەر وەك گوڵێ جێی خۆش کردوە و جێ نینۆکەکان ڕوومەتی بریندار کردوە. خوێن لەژێر چەناگەیدا کۆبۆتەوە. ئەگریجە ڕەشەکانی پرچ بە پرچ لە سەری هەڵکەندوە و لە دەستەکانی ئاڵاندون. هەر کە دەگاتە من، بە هەناسەسواریەوە هاوار دەکات: "بابەك! ئەوە ئەو نی‌یە. پیاوێکی 30 ساڵە نابێ ئەوەندە پیر بێت و بشکێتەوە."

دەگەڕێمەوە و سەیری ئاوێنەکە دەکەم. چاوم بە پیاوەکە دەکەوێ کە دەڵێ: "چایەکی تاڵم بۆ بێنە!"

سەر لە نوێ وەهانکە هانك دەکەومەوە. ڕادەکەم. لە ناکاو سەیارەکە بە ستۆپێکی توند ڕادەوەستێ. ئەو پیاوە کە بە تەناف پێچراوەتەوە بۆ پێشەوە فڕێ دەدرێ و دەکەوێتە سەر یەکێك لە سەربازەکان. سەربازەکەی تریش خۆی لە سەیارەکە دەخاتە خوارەوە و دەیهەوێ ڕا بکات. ئەو سەربازەش کە کەوتۆتە ژێر لاشەی پیاوەکەوە، هەوڵ و تەقەلا دەدات کە خۆی دەرباز بکات. لەو مەجالە کەڵك وەردەگرم و دەستێك بە سەرو چاوی پیاوەکەدا دەهێنم و دەستە قرتاوەکەی ماچ دەکەم. دەستم خوێناوی دەبێ. ڕەنگە ئەویش لەبەرامبەر خەلیفەدا، دەستەکەی تری لە خوێن هەڵکێشاوە و بەسەر و چاوی خۆی دا هێناوە: "بۆ ئەوەی نەزانن کە لە ترسان ڕەنگم تێك چووە."

ئەو دەورییە ڕەش و قوپیوەی کە هێلکە و ڕۆنەکەم تێدا دروست کردوە بە دەستماڵێك هەڵدەگرم و لە پێش پیاوەکە دایدەنێم. سمێڵێکی لێ بادەدا و پاروی لێدادەگرێ. زۆر هەوڵدەدەم کە سەیری ڕووخساری بکەم بەڵام ناتوانم. لەبەر ئەوە نی‌یە کە بترسم. ناترسم بەڵام لە ناخی دا هەست بە شتێك دەکەم کە ناچارم لە بەرامبەری دا سەرم دا بخەم. بە خێرایی دەگەڕێمەوە و لە پێش هەیوانەکە ڕادەوەستم و چاودەبڕمە نێو قەدی ئاوێنە شکاوەکە. کابراکە خەریکە کۆلەپشتیەکەی دەپشکنێ. ویزە ویزی گوللەکان دەبیستم و بێ ئەوەی کە ئاگام لە خۆم بێ بەرەو لای پەنجێرەکە دەچم. وا پێدەچێ کە کەسێك لە دەرەوەڕا بەفری سوچی پەنجێرەکەی سری بێتەوە. بە سەر لێشێواوی سەرم بە شوشەی پەنجێرەکەوە دەنێم. لە دەرێ تەنیا بەفرە دەبیندرێ کە خەریکی بارینە. دەگەڕێمەوە سەر جێگاکەی خۆم. هەڵمێکی لاواز لە سەماوەرەکەوە هەڵدەستێ. چاو دەبڕمە وێنەکە. باو بۆران

دەرگا شینەکە دەلەرێنێتەوە و بۆ دیوی ژورەوە پاڵی پێوە دەنێ. لەم لاولای کون و قەڵشتی دەرگاکەوە بەفر خۆی بە ژوورەکەدا دەکا.

پیاوەکە سەری داخستوە و دوایین پارو لە دەوریەکەی دەدا. سەر لە نوێ بە قامکێ ئاماژە دەکات: "چایەکی تاڵ." دەڕۆم چای بۆ تێدەکەم. دەنگی چەند گوللە لەو باو بۆرانەدا دەبیسترێ. هەر لە دەرگاکەوە هەتا پشت سەری پیاوەکە بە سیلەی چاو سەیر دەکەم. دەرگاکە هەروا داخراوە. بەفری تەنیشت دەرگاکە هەتا پێش مێزی کابراکە هیچ جێ پێیەکی پێوە دیار نییە. خێرا وەردەسورێمەوە و درێژەی ڕێگاکە لە ناوەڕاستی ئاوێنە شکاوەکەدا دەبینم. سەروروی کابراکە هیچ ئاسەوارێکی بەفری پێوە نی‌یە. دانیشتووە و لەسەرەخۆ بە بێ سەرنج دان بە دەنگی گوللەکان، کوڵەپشتی‌یەکەی دەپشکنێ. لێی نزیک دەبمەوە. خەریکە نارنجۆکێك لە کوڵەپشتی‌یەکەی داوێ. هەست بە گەرمای دەستەکانم دەکەم. گەرماکەی هەر وەك گەرمایی ژێر باڵی دایکم. گەرما ورە و گوڕوتینەکەم زۆر دەکات.

دەپرسم: "کاتێك کە دەهاتی ڕێگا ئەمن و ئەمان بوو؟"

بێ ئەوەی کە لێم بروانێت بە دەنگێکی ئاشناوە پێم دەڵێ: "هیچ جێگایەك ئەمین نی‌یە."

"پاسگا!"

" بە بێ هیچ تێك هەڵچوونێك بە تەنیشتی دا تێپەڕیم."

"لەم باوبۆرانەدا بۆ کوێ دەچی؟"

"کوڕە هەرچی زۆرتری لێ بزانی چەرمەسەریشت زیاتر دەبێت."

پشتم دەلەرزێ. سەرمام دەبێ. دەگەڕێمەوە کە بچمەلای هەیوانەکە. چاوم بە خوێنێك دەکەوێ کە قاچی پیاوەکەش و زەویەکەشی سوور کردوە.

تووشی دڵە خورپە دەبم. دەمهەوێ خۆم بخەمە باوەشی‌یەوە و گوێچکەکانی ڕاکێشم و پێی بڵێم کە قاچەکانی خوێناوی بوون و ئەو بە بێ سەرنج دان بە برینەکەی لە کوڵەکەی نوقڵی سپی "بیدمشك"م دەداتێ و منیش سەر گۆناکانی ماچ ئەکەم: "باوکە ئیتر مەڕۆ!"

پیاوەکە دەنگی من نابیستێ. منیش هاواردەکەم. "دایە... باوکم.. باوکم گەڕاوەتەوە!"

پیرێژنەکە دەکۆخێ. کوڵەپشتی‌یەکەی و کراسەکەی ژێری هەڵدەگرێ و بە شەلەشەل، خۆی دەگەیەنەتە من. دەنگی لاو و ناسك بۆتەوە: "دەمزانی نەمردووە. دەمزامی دەگەڕێتەوە."

چاوە گێلاسی‌یە درەوشاوەکانی پاك دەکاتەوە. سەیری ئەم ولاو ئەو لا دەکات: "ئەی... ئەی کوا ئەو باوکە دەربەدەرەت؟"

دەچمە لای و ژێر باڵی دەگرم هەتا بیبەمە لای مێزەکە. جەستەی گەرم و بەتینە. دەستم لا دەبات: "خۆم دەتوانم بە ڕێگا دا بڕۆم."

دەگەینە ناوەڕاستی قاوەخانە. کورسیەکە بە تاڵە: "لێرە بوو دایە.. وەڵڵا لێرە بوو!"

جەستەی ڕاست دەکاتەوە. بە توندی دەکۆخی. کوڵەپشتیەکەی دەداتە دەستم: "بابەك، بڕۆ لەسەر کورسیەکەی دانیشە!"

کوڵە پشتیەکەی لێوەردەگرم. دەچێتە لای هەیوانەکە. قژە سپیەکانی لادەدا: "چیت بۆ بێنم؟"

قامکی ئیشارەم بەرز دەکەمەوە: "هێلکەیەکم بۆ لە ڕۆن کەو... دواتریش چایەکی تاڵ."

***



# ئینشا

نووسینی: ماریە گروندورگ ئاوبەرت Marie Gronborg Aubert

وەرگێڕانی لە نۆرویژیەوە: فەڕوخ نێعمەتپوور

دیسان دەفتەر بە دەستەوە دانیشتبوو. دیسان دەبا ئینشا بنووسیٚ. چ ئەرکێکی بیٚ مانا! ئەمە سەر دێڕی ئینشاکە بوو: "چ شتێك بە لاتەوە خاوەنی گەورەترین مانایە؟" حە! زۆر چاکە! لانی کەم لەسیٚ لاپەڕەدا و لە پێنجیش پتر نەبیٚ. جگە لەوە پنت و ڤیرگول و پیتی گەورە و نیشانەکانی دی ڕستەتان لە بیر نچێت!

لێوی خۆی کرۆشت. چ دەبیٚ ئەگەر درۆیەکی بچکۆلانە بکا، یا وەکو هەندێك زمان لووسی! نە، باش نیە. بە ڕاست ئێستا چ شتێك بە لایەوە خاوەنی گەورەترین مانایە؟ بە هەر حالْ ئەوە (مۆرتەن morten ) ناوێکی پیاوانە، نیە کە لای وی خاوەن گەورەترین مانایە. نا! بیر لە مۆرتەن مەکەوە1 جانتای قوتابخانە بکەوە و دەست بکە بە نووسین. بە سەر دەفتەرەکەیدا دەنەوێتەوە. سەر و بەندی هاتنەوەی دایکیەتی. دایك لە ئیدارەیە کار دەکا. ئۆی! خەریك بوو لە بیرم بچیٚ! بەلێنی بە دایکی دابوو کە پەتاتە وەسەر بنیٚ. بەلاّم ئەمە پێش دەمبۆلەکەیان بوو. دایکی بلوزە خوریەکەی بۆ نەکڕیبوو. گوتبووی زۆر گرانە! پاشان گوتبووی دەتوانین هەر لەو بلوزە لە شوێنێکی دیکە بە هەرزانتر بکڕین! نزیك مانگێکیش بەسەر کڕینی شەلوارەکەیدا تێپەڕیبوو.

دایکی تێناگات! لە شوێنێکی دیکە بلوزی وا بەو نەقش و نیگارەوە پەیدا نابێت. کوا چوارسەد کرۆن زۆرە؟ ئۆی دەبیٚ ئینشاکەی بنووسیٚ. دەتوانیٚ سەبارەت بە ئیمتحان بنووسیٚ. یان سەبارەت بە پشیلەکەیان کە ناوی تینکاTinka بوو، کە ئێستا لەسەر قاچی پالْ کەوتبوو و نوستبوو. یان دەیتوانی لەسەر هەندبالْ یا خود لەسەر ... نا ئیدی ئەمانە بە لایەوە زۆر گرنگ نەبوون. هەستایە سەر پیٚ. بە ئاستەم بە لاقی، تینکای لادا و چوو بۆ مەتبەخ.

دیسان هەوا بەرەو تاریکی دەڕۆیشت. وەیش لە پایز! وەیش لە ئینشا! وەیش لە پەتاتە! پەتاتەکەی پاك کرد و خستیە ناو قابلەمەیەك و سەر ئاوری خستن. پەنجەکانی لەبەر ئاوەکەدا سوور هەلْگەڕان. حەزی نەدەکرد دایکی بێتەوە. بێگومان ئێستاش هەر تورە بوو. دەنگی سەیارەیەك. بلێی ئەو بێت؟ نا. دایکی نەبوو. بزەیەکی هاتیٚ. هەستی بە لەش سووکیەك کرد. تینکا لە خەو هەستا و ئارام بەرەو لای هات. لە باوەشی گرت و بەرەو لای دەفتەرەکەی گەڕایەوە.

ڕەنگە بیەوێ لەسەر تینکا بنووسێ. ئەوەندەی پێ نەچوو کە دەرگاکە کەوتە سەر پشت.

—کچم ئانیا! Anja لە ماڵی؟

—بەڵێ!

—خەریکی دەرسەکانتی یان شتی دیکە؟

—ئینشام هەیە.

—ئۆۆ، دەبێ بابەتێکی سەرنج ڕاکێش بێت.

هات لە پەنای کچەکەی دانیشت و ویستی لە ئامێزی گرێت. ئانیا کشایەوە.

—ئەوە چیە، بێ تاقەتی؟

—نا!

—تورەی؟

—یان دیسان بەزمی بلوزەکەیە؟

—نا... نا، گوتم کە هیچ نیە!

—زۆر چاکە.

دیکی ئەمەی گوت و ڕۆیشت. پشتی دایکی تورە دیار بوو.

—ئاگات لە پەتاتەکانە؟

—ئا، وابزانە کە ئاگام لێیانە!

—ئاوا لەگەڵ من مەدوێ.

ئەوسا چوو بۆ هۆڵی دانیشتنەکە، ڕۆژنامەکەی هەڵگرت و دەستی کرد بە خوێندنەوەی.

دیسان ئینشاکە. چ دەبێ ئەگەر لەسەر بلوزەکە بنوسێ هەر ئێستا ئەمە بۆ ئەو خاوەن مانایەکی گەورەیە. بەڵام کەمێك منداڵانە دەنوێنێ. "ئەوەی کە بە لای منەوە خاوەنی گەورەترین مانایە، ئەویە کە من ئەو بلوزەم بەر نەکەوت کە بۆخۆم حەزم لێی بوو..." نە نە نە! سوکە



شەقێکی لە تینکا سرەواند هستی کرد تینکا ترسا. تینگا جگە لەوەی کە لە ژێر مێزەکە دانیشتبوو و قاچی ئەوی گەرم دەکردەوە، هیچ تاوانێکی دیکەی نەبوو!

—ئانیا، دەتوانی بێی مێزەکە بچنی؟

—بەڵام من دەبێ ئینشا بنووسم...

—دەتوانی دواتر بینووسی.

—نە، ناتوانم. ئەوەندە کاتم مەگرە!

ئەمەی گوت بۆ ئەوەی قسەکەی ڕەقتر بێت.

—هەر ئێستا دێیت و ئەوە دەکەی کە من پێم گوتی. لە دوو دەققە زیاتر ناخایەنێ. هەروەها ئاگام لێیە جارێ هیچت نەنووسیوە.

—باشە دەی!

ئەمەی گوت و ڕاچەنیە سەر پێ. فرمێسکی تورەیی چاوانی لێڵ کرد.

—بەردەوام دەڵێی و دەڵێی! قەتیش ناتوانم بلوزێك بکرم! کەچی دەبێ هەمیشەیش یارمەتیت بەم. ئەگەر چی کاریشم هەبێ. ڕەوا نیە! ڕقم لێتە پیرە! پیرێژنی زۆر بڵێ!

هێشتا قسەکانی تەواو نەبووبوو کە پەشیمانی دایگرت. دایکی بۆ ماوەیەکی درێژ لێی ڕاما. دواتر گوتی:

—بە ڕاستتە!

—ئا بە ڕاستمە!

دەیزانی درۆ دەکا. دەیزانی کە زیاتر حەزی بەوەیە کە دایکی لە ئامێز گرێ و داوای لێ بوردنی لێ بکا.

—بڕۆ ئینشاکەت بنووسە.

بەڵام نەڕۆیشت. مایەوە و لە عەرزەکە ڕاما. داوای لێ بوردن بکا یا نا...؟ ئەوسا بیر بلوزە نەرم و جوانەکە کەوتەوە کە دایکی بۆی نەکڕیبوو. ئەمە کەمێك ویژدانی ئاڵۆزی ئارام دەکردەوە. گەڕایەوە بەرەو ژوورەکەی، بەرەو تینکا و ئینشا نەنوسراوەکەی. دەنگێك لە ژووری دانیشتنەکەوە دەهاتە گوێی. بڵێی دەنگی گریانی دایکی بێت؟

دیسان بەدیار ئینشاکەوە دانیشتەوە. بەڵام بێ سوود بوو. کاتی ئەوە بوو کە تەلەفۆنەکە بۆ مۆرتەن بکا. تەلەفۆنی بۆ بکا و باسی بلوزەکەی بۆ بکا و ئەویش دڵنەوایی بداتەوە. بەڵام ئەم حاڵەتە زۆری نەخایاند. مۆرتەنی گێژ و وێژ! ئینشای بێ مانا! ئۆف، دنیای نەفرین لێ کراو!

لە ناو جێگاکەیدا بوو کە دایکی هات. سەری کردبووە ناو سەرینەکە و هەوڵی دەدا نەگری.

—ئانیا خەوتووی؟

—نا نەخەوتووم.

لەو گریانەی بەر بینگی پێ گرتبوو، تووڕە بوو. سکی لە برسا قوڕەی دەهات. ئەم شەو هیچی نەخواردبوو.

—کەمێك لات دادەنیشم.

بۆ ماوەیەك هیچیان نەگوت.

—ئانیا ئەوە دەگری؟

—نا ناگریم.

هەنیسکی دەدا. سەری لەسەر سەرینەکە هەڵگرت. دژوار هەناسەی هاتەوە بەر. حەزی دەکرد دایکی بڕوا.

—دایکە؟

—بەڵێ؟

—من ... نا لە بیری کە.

دایکی دانەویەوە. باوەشی پێدا کرد و ئارام لاواندیەوە. وەك منداڵێکی بچووك. ئێستا ئیدی دەستی کرد بە گریان و چیدی دەربەستی شاردنەوەی نەبوو.

—دایکە خۆشم دەوێی.

—منیش خۆشم دەوێی.

—دایکە ڕقم لێت نیە. بە ڕاستم نەبوو.

—دەزانم.

—نە پیریت و نە پیرێژنی زۆر بلێ.

سەری خستە سەر شانی دایکی. لە دەروونەوە دەکرایەوە. دایکی دەستماڵێکی دایە.

—ئینشاکەت تەواو کرد؟

کەمێك پێکەنی و بە دەستماڵەکەی لووتی سڕی.

—نە هێشتا دەستم پێ نەکردووە.

هەردوو دەستیان کرد بە پێکەنین.

—دایکە زۆرم برسییە.

—کەمێك ئاوم سەر گازەکە خستووە.

گوێی لێبوو کە دایکی ئاوەکەی دەکردە ناو کتریەکەوە. دەفتەر و قەڵەمەکەی دیسان هەڵگرتەوە. ماوەیەك ڕاما و بیری کردەوە ئەوسا دەستی کرد بە نووسین.

***

# دیارکەوتنی مرواری

نوسینی: سەعیدەی پاك نژاد

وەرگێڕانی: مەجید مارابی

دەستەکانم لەدولاوە دەکەمەوە. وەکوو ئەوەی بڵێی دوو ئاوێنە لەهێڵی ئاسۆدا دولایی بوون. دەریاو ئاسمان بەرانبەر بەیەکتر. هێڵە ڕاستەکانی رووناکی تێك دەشکێنن و وەردەگەڕێنەوە. ستوونگەلێك لەگەردیلەکانی تیشك لەزاویە گەلێکدا سەما دەکەن‌و لەیەکتر تێ پەڕ دەبن. بڵقە سپیەکان بەتەوێڵی شەپۆلەکان دا دەخزێن.

سینە بەسینەی شەپۆل‌و و با دەڕۆینە پێش...

دایە! پێت وایە حەتمەن دەبێ بڕۆین بۆ ڕاوی مرواری سوور؟

-بەڵێ ئازیزەکەم، ئێمە دەبێ بیدۆزینەوە. کەم کەس توانیویەتی ڕاوی مرواری سوور بکات.

دەزانی000 کە ئەرزشی زۆرە.

-کەوایە... دایە تۆ.... دەزانی چ ئەرزشێکی هەیە؟

-نرخەکەی خۆ لەمەترسی دانە. بۆ هەر شتێکی بەنرخ دەبێ خۆ لەمەترسی بدەیت.

-کەوایە لەم حاڵەتەدا دەبێ بڵێین کەشفی مرواری، نەوەك ڕاو...

-ڕەنگە .... بەڵێ ڕاست دەکەی... کەشف؟

بایەوانەکان ڕادەکێشم، تەنافەکە کە لەدەوری قۆڵەکانم دەئاڵێنم. خێرایی زۆر دەکەم بەلەمەکە تەکانێکی بەهێز دەخوات و لەجێ هەڵ دەکەنذرێ. گوشار لەسەرشان و قۆڵەکانم قورسایی دەکات. تەموومژێکی تەنك خۆی بەسەر دەریادا کێشاوە.

نەسیمی دەریا پرچەکانمی بەپشت سەرمدا پەریشان کردووە. لەسەر لووتکەی بەلەمەکە دەوێستم. دەستەکانم لەدولاوە دەکەمەوە. وەکوو ئەوەی دوو ئاوێنە لەهێڵی ئاسۆدا دولابووبنەوە.

دەریا و ئاسمان بەرانبەر بەیەکتر. هێڵە راستەکانی روناکی تێك دەشکێنن‌و وەردەگەڕێن ستوونگەلێك لەگەردیلەکانی تیشك لەسەر زاویەگەلێك سەما دەکەن و لەیەکتر تێ دەپەڕن. بڵقە سپیەکان بەسەر تەوێڵی شەپۆلەکاندا دەخلیسکێن. سینە بەسینەی شەپۆل و با دەڕۆینە پێش. رووکەشی شووشەیی ئاو لەپێکدادانیدا لەگەڵ لێوارەی بەلەمدا هەزاران پەڕەی لێ دەبێتەوە. خۆی بەلووتکە دادەکوتێ و بەدەوری بەلەمدا بەغیژ-غیژێکی هێور دڵی شەپۆلەکان هەڵ ئەدڕێ و دەڕواتە پێش.

چاو دەبڕمە لووتکەی بەلەم. ئاو لەپێکدادانی دووبازوی حەوت لەت دەبێت و لەدولای بەلەمەوە بەرەو دوا دەکرێتەوە. تاڵە شینەکانی ئاو، دەستە دەستە بەلای بەلەمەکەدا بەخێرایی تێ دەپەڕن بەدوای ئێمەوە هێڵێکی سپی لەکەف بەجێ دەێڵن.

کچەکەم قاچەکانی شۆڕکردوەتەوە بۆ نێو ئاوی دەریاکەو بەنی قولاپی ڕاوەماسی بەدەوری دەستەکانیدا پێچاندووە. بەنی قولاپ، هێڵێکی سووری خستوەتە دەور دەستی. جاروبار ماسیە سەرئاڵتوونیەکان سەریان لەئاوەکە دەردێنن. هەناسەیەکی قووڵ هەڵدەکێشن‌و دووبارە دەچنە ناو ئاوەکەو لەچاو ون دەبن. لەدوای ئێمەوە ریزێکی سپی لەبڵق و کەف لوولە دەبن. پڕیشکەی ئاو بەرز دەبنەوە بۆسەر بەلەمەکەو بەسەروچاوم دا دەپرژێن.

جلەکانم تەڕبوون و بەجەستەمەوە نووساون.

-دایە! وشیار بە لەسەر لووتکەوە فڕێ نەدرێی.

-مەترسە کچم، من ئاوم خۆش دەوێ، هەر بۆیەش پێم لەخاك بڕیوەو لەدەریام داوە.

-لەدەریادا رێگای سێهەم نیە. یان مەرگ، یان ژیان.

پێ دەکەنم:

-نیگەران مەبە، وریام، هێشتا، لەسەرەتای رێگا داین. تا شوێنی مەبەست زۆری ماوە. مەترسە، بەجێت ناهێڵم.

قولاپەکە لەئاوەکە دەردەکێشیٚ، ماسیەکی سپی لەوسەری قولاپەکە شۆڕدەبێتەوە.

—ئەمەش نانی نیوەڕۆی ئەمڕۆمان.

قاچەکانی لەئاوەکە دەردێنێت و خۆی بەرەو لای لوتکە دەکێشیٚ. قۆڵی لە قۆڵم ئاڵقە دەکات. چاوەکانی لێك دەنێت و زوڵفە ڕەشەکانی بەبادەسپێریٚ. چارۆکەی بەرزو پڕ با زگی داوە. کەوان کەوانی و سپی. هەروەکوو ئەم شەپۆلە لوول خواردوو پێڵەکەوانیانە.

—دایە، پێت وایە بەم خێراییە دەگەینە شوێنی ڕاو؟ ناتەویٚ خێرایی بەلەمەکە زیادکەی؟ تەمو مژەکە بەتەواوەتی ون بووە. با تەمو مژەکەی ڕامالیوە.



—دەگەینیٚ، پەلەمەکە.... ئەگەر بەلەمەکەمان گەورە بوایەت و چارۆکەی بەرزتری هەبوایە، خێراییەکەیمان زیاتر دەکرد، بەلاًم چی بکەم بەم بەلەمەوە، لەمە خێراتر ناتوانین برۆین.

چاو لەمن هەڵدەگرێت و سەیری ئاسمان دەکات. ئاسمانێك کە تاقمێك باڵندەی کۆچەری بەرەو ئاسۆی بیٚ کۆتایی، بەسنگی کراوەوە بەشێوەی دوو قۆڵی وەك حەوت دەفڕن. ئیتر سەرەتای حەوتەکە نابینم. دوو باڵندەی ماندوو لەوسەری دوو هێڵەکەوە لەئێمە دوور کەونەوە.

—دایە! دەزانی ئەو باڵندەیەی کە لە نووکی (حەوتەکە) دەبێت پاش ماوەیەك فڕین دەمرێت و جێگاکەی دەدات بەباڵندەیەکی تر.

ڕاستیەکەی نەمدەزانی.

—نا..

—دەزانی زاڵ بوون بەسەر هەوادا و بڕین و تێك شکاندنی چ توانایيەك لەباڵندە دەستێنیٚ؟

باڵندەکان لەسەر دوو بازووی (حەوت) لەهێڵێکی لەرزاندا شەپۆل دەدەن و دەچنە پێش. پۆل پۆل. وەرزی کۆچ دەستی پیٚ کردووە. ژێر قاچمان سەیر دەکات. کەفەکانی ئاو دێنە سەرو دەڕژێنە سەر بەلەمەکە. دەڵێم:

—نابینی هەموو جلەکانم تەڕ بوونەو تەنافەکان دەستمیان بریندار کردووە؟

هاوار دەکات:

—لەلووتە وەرەخوار، دەترسم باهۆزێکی هەڵی کردووە، فرێت بداتە نێو دەریاوە. پۆلێك لە باڵندەکان ڕۆیشتوون و پۆلێکی تر بەسەر سەرمانەوەن. لەپێشەوەی ئێمە باڵندەیەکی ڕەش گولۆڵە دەبێت و بەتەقڵەلێدان دەکەوێتە نێو ئاوەکە.

—یەکێکیان کەوت، دایە..... دەیبینی؟

سەیری سمانم کرد. ریكوپێکی پۆلەکە تێك چوو بوو. (حەوتەیەکە) خوارببوو. قۆڵێکیان کورتتر بوو لەوی تر. باڵندەیەك لەقۆڵی بەرز خێرایی دەگرێت. سەری هەڵدێنیٚو باڵەکانی لار دەکاتەوە. کەچ دەبیٚ بەرە پێش و لەنووکی (حەوتەیەکەدا) دەبێتە پێشەنگ.

ماسیەکی سەر ئاڵتونی سەری لە ئاوەکە دەردێنێو دوبارە دەیباتەوە ژێر ئاوە.

کچەکەم لەلووتە دێتە خوارەوە و دەچێت لەسەر لێوارەی بەلەمەکەدا دادەنیشێت. منیش دەیٚمە خوارەوەو لەپاڵیدا دادەنیشم.

—دایە ماندوو بووی؟

—بچۆ سەرەوە تەنافەکان بگرە با تۆزێك هیلاکی دەرکەم.

—پێت وایە چەند ڕۆژی تر بەریگاوە دەبین؟... پێت وایە بەسلاًمەت دەگەینیٚ؟

—بەهەرحاڵ دەبێت خۆمان بگەیەنین بەئامانج. (ماژلانیش) سەفەری دەوری دونیای بەپێنج کەشتی و 340 مەلەوان دەست پیٚ کرد، سەفەرێك کە هەر ڕۆژەی لەگەڵ مەرگ و نەخۆشی و برسیەتی دا هاوڕیٚی بوو. وایان ليٚ هاتبو و ناچار بوون لەبرسان قایشی پێڵاوەکانیان و ئەو

مشکانەیان دەخوارد کە لە کەشتیەکەدا هێلانەیان کردبوو. کە باڵندەیەکیان لەئاسماندا دەبینی ورەو هیوای پێدەبەخشین. پاش نزیکەی سێ ساڵ ئاوارەیی لەنێو ئاوە بێ کۆتایەکاندا تەنیا کەشتیەك و 36 مەلەوان مابوون. ئەویش هەموویان بەزەلیلی و نەخۆشی و پەك کەوتەیی. ئەم بەسەرهاتە دەریاییانە یەکێك و دوان نین. (کریستۆف کولومبر) بەسێ کەشتی و نەوەد مەلەوانەوە چوو بۆ دۆزینەوەی ئامریکا. بەڵام بەکەشتییەك‌و پەنجا مەلەوان گیانی بەدەربردو گەڕایەوە، یا....

هەتاو دابەزیووەو وەکو تۆپێکی لە کڵ نراوی سوورەوەبوو کەوتوەتە سەر سەفحەی پرتەقاڵی دەریا.

لەسەر ئاوەکە چینگەلێکی سووری لاپاڵ کورت پشتاوپشت بەسەریەکدا دەخلیسکێن دەچنە پێش.

—دایە، دەمەوێ خۆم بخەمە سەر ئەم زەڕ وەرەقە نەرم و سورەی دەریاو زوڵفەکانم پەخشان بکەم بەسەر ئاوەکەدا.

—خێرایی بەلەمەکە کەم دەکەمەوە.

—شەو دەبێ بەخێرایی کەمترەوە بڕۆین.

—مەترسیەکە بەس سەری شەودایە کە چەند سەعاتێك تێپەڕی عادەت دەکەین.

ماسیە سەر ئاڵتونیەکان زەڕوەرەقە نارنجی و زەردەکە دەشەکێننەوە.

تەقڵە لێ دەدەن دەمیان لە ئاوەکە دەردێنن. لەهەر شوێنێکی ئاوەکە ڕۆدەچن ئاوی ئەو شوێنە بازنەیی شەپۆل ئەدات. ڕەنگە بچنە بنی دەریاوە بۆ ئەوەی شەو ڕۆژ بکەنەوە. با لەهەناسەکەوتووە و ئارام بووەتەوە، کچەکەم دەستەکانی لەنێو ئاوەکەدا ڕادەشەکێنێ.

—دایە، پێم وایە زەوین و دەریا زۆر لەیەك دەچن، هەردووکیان بێ پایان و خڕن و ئەو کات ئێمە خاڵێکی نابەردەوامین لەسەر ئەم بێ پایانە.

—بەڵام هەم ئێمە مێژووی لەدایك بوونمان هەیە، هەم زەوین، بەم جیاوازیەوە کە ئێمە بۆ خۆمان جێژنی لەدایك بوون دەگرین، بەڵام کەسێك بۆ زەوین وەها کارێك ناکات..

—کەوایە ئەمەش لەخۆ پەسەندی ئێمەوەیە...

—نە، باسی خۆشەویستی نیە، ئێمە لەدڵی ئەم بێ کۆتاییەدا کە زمانی پێدەڵێن. تەنها هەلێکی زۆر کەممان هەیە بۆ ژیان هەلێك لەئاستی چاو نووقانێکدا ...

دەڵێی پێ ی سەلمێندراوە. سەری دەلەقێنێ:

—ڕەنگە لەبەرئەمە بێ دەمەوێت زوتر بگەینێ.

بەڵام تەمەنی مێژوو کورت نیە.. ئەوانەی کە ساڵەهای ساڵ پاش ئێمە دێن.

سەبارەت بەئێمە باشتر لەخۆمان قەزاوەت دەکەن.

—پێت وایە کەسێك وەبیری دێنێتەوە کە ئێمە لە وەها ڕۆژێکدا بۆ دۆزینەوەی مرواری سوور وەها مەترسیەکمان قوبوڵ کرووە؟

—ئەگەر بتوانین ڕاو، یان بەقەولی تو کەشفی بکەین.

—ڕاست بەو جۆرەی کە (کولومب) قاڕەی ئامریکا ی کەشف کرد؟

—بەڵێ. لەساڵی 1492 تا ساڵی 1522 بەدرێژایی نەسڵێك جیهان بەتەواوەتی و بەشێوەی بنەڕەتی ئاڵووگۆڕی بەسەردا هات. بەدرێژایی ئەم ماوەیە سەدان پیاوی پەیجۆر،بە جەبەربەزەو لێڕاو نەخشەی جیهانیا ن سەرلەنوێ کێشاوە و هەموو شوێنەکانیان پێکەوە گرێ داوە.

هێڵێکی ناسکی سپی لەئاسۆ دێتەسەر. شەوقێکی شین لەژێرەوە ئەدرەوشێ‌و وەردەگەڕێ و دووبارە بەرەو دەریا شۆڕ دەبێتەوە. شەپۆلە شینەکان، بەسەماکردن تا ئەوپەڕی دەریا دەچنە پێش.

سەر دەریا بەبڵقی سپی داپۆشراوە. ماسیەکان سەریان لەئاو دەرهێناوەو لەدەمیاندا گەردیلەکانی هەوا پێکەوە دەلکێن. روناکیەکی توند لەژێر دەریاوە دێتەدەر. تیشکەکانی خۆر کۆلکە زێڕینەیەکی جوانیان لەئاسمان پێك هێناوە. ئێستا ئێتر ئاسۆ دەرکەوتووە و تیشکی خۆر کەم کەم دەردەکەوێ. دێتەسەرو سەرترەوە. لەنزیك ئاسۆ، هەتاوێکی تر هێور هێور. دڵی ئاوەکان دەدرێت و دێتەدەر. هەڵاتنی دوهەتاو هاوکات دەڵێی مرواریەکی سوور لەنێو ئاوەکاندا ئەمبەرو ئەوبەر دەکات. چۆرەی ئاو جەستە تەڕ دەکات و بەپێکەنین و ڕوون لەدرەوشانەوەی گەردیلەیی ئاودا قوڵتیان دەدا. هەتاو لە ئاسۆدا کامڵ دەبێت و دێتەسەر.

کچەکەم هاوار دەکات:

—دایە! ئەمە هەر ئەو مرواریە سوورەیە ؟

دەچمە سەر نووکی بەلەمەکە. لەنووکی (حەوت)ی بەلەمەکە. سینە بەسینەی با. پرچم لە پشتەوە پەخش و پەریشانن. دەستەکانم دەکەمەوە. هەتاو لە باوەشمایە. سەمای نوور بایەوانەکانی کردۆتە زەردو نارنجی.

***

# من دز نەبووم

ن: نیشتمان ئەسەدی

گەرمایەکی زۆرسەیربوو. تیشکی هەتاو وەکو چەقۆ لەتەپڵی سەری دەچەقی. ئارەق بە نێوچاوانیدا دەهاتەخوار، زوو زوو بە گۆشەی چارشێوەکەی دەیسڕی و هەنگاوەکانی بەپەلەتر دەنا. ئەوە سێ ساڵ بوو نەیدیبوو زۆرتاسەی کردبوو ئەوەندە بەپەلە دەرۆی پای لە بەردێك هەڵکەوت و شوشە گولاوەکەی بە دەستیەوەبوو لێی کەوت و شکا. لەگەڵ ئەوەی زۆر قەڵس بوو فرمێسك پەڕیەچاوەکانی، هەی تف لەوشانسەی من، هەی لەعنەت لەو رۆژەی ئەمن بووم چاو...چاو چەندە نەگبەتم.

دوای شەڕە کورتەکەی لەگەڵ بەختی خۆی هەستاو چارشێوە ڕەشەکەی کە هەموو ببو بە یەك پارچە خۆڵ تەکاند و ڕێەوتەوە لە دوورەوە دیتی زۆر بێ ناز کەوتبوو دیار بوو لەو سێ ساڵەدا ئەویش کەسێ تر سەری لێ نەداوە بۆیە دیار بوو زۆریشی تینووی بوو. بە پەلە خۆی پێ گەیاند و خۆی بەسەردا خست دایە گیان ئۆخەی کە بۆ جارێکی تر دیتم. وای کێلی گڵکۆکە لە باوەش کردبوو بە ڕاستی گەرمای لەشی دایکی تێدا هەست دەکرد.

– دایە گیان ئاخۆ تۆش تاسەی منت کردبوو؟ زۆرم حەول دابۆیەك جاریش بێت بێم وبتبینم بەڵام بۆچی ئەمانە حاڵی دەبن! خۆ دڵنیان نیە دەڵێی لەبەرد دروست کراون.

چاوێکی گێرا بەدەور و بەری دا قەبرستانەکە پڕببوو چیها گڵکۆی تازە لای گۆڕەکەی داکی هەڵکەنرا بوو. لەسەر گڵکۆیەکی تازە چەند ژن بەبێدەنگی ورتەیان دەهات. لێیان نزیك بۆوە

–خانم ئەو تۆنگە ئاوەتان ناوێ نەختێك ئاو بۆ سەر گۆڕەکەی دایم دەبەم؟

– فەرموو دادەگیان

تونگەکەی لە تەنیشتی دانا و شوشەکەی لە جانتاکە دەرهێنا و یەك دوو مشت لە خۆڵی سەر گڵکۆی تێ کرد و پاشان ئاوەکەی بەسەر گۆڕەکە دا کرد.

– خۆ ئەو جارە کە ئەو قەلەڕەشە پیسە شوشەکەی لێ شکاندم پێی دەگوتم دەتەوێ بەم یاریانە مادەی سڕکەر بێنیتە ناو زیندان زۆری لێ پاڕامەوە گوتم بەم جۆرە لە تۆ نزیك دەبم بۆنت دەکەم و لەگەڵت دەردە دڵ دەکەم. شوشەکەی لێ ساندم و بە ڕقەوە بە عەرزی دا دا پاشان قاقا پێکەنی و یەك زللەی لێدام بۆ... ئێوەش ڕەحمتان هەیە...

ئەگەر وایە بۆ مادەی سڕەر بڵاو دەکەنەوە و خەڵکی پێ بەدبەخت دەکەن

کە شوشە خۆڵەکەمی شکاند زۆر ڕقم هەستا پێم گوت ئەم فیلمانە بۆ من مەگێڕە کەس نەزانێ من چاك دەزانم هەوەڵ جار هەر ئێوە بوون ئەو مادەیەتان بڵاو دەکردەوە لە بەینی من و هاو زیندانیەکانم دا

– ئاخێکی قوڵی هەڵکێشا و ... دەی دایە گیان دەبێ بڕۆم دێمەوە ئەوجارە زوو دێمەوە قەول دەدەم چیدی کچێکی چاك بم ئەگەر بهێڵن؟



نەیدەزانی بەرەو کوێ دەڕوا بەبێ هەدەف ڕێکەوت.

چاوی لە ویترینی دوکانەکان دەکرد لە پێشو ڕازاوەتر و لە پێشوش دورەدەست تر لە دەسەلاَ تی ئەو.

تەقەی کەوشێکی وردیلە سەرنجی بۆ لای خۆی ڕاکێشا منداڵێکی قژ زەردی خڕۆکە چارشێوەکەی دایکی گرتبوو دەی کێشا و بە گریان و پاڕانەوە دەیگوت:

–دەی... دەمهەوێ بۆم بکڕە دەی.

–باش ئەگەر کچێکی ئاقڵ بی بۆت دەکڕم حەتمەن.

* * *

کارنامەکەی بەدەستەوە بوو بە پێکەنین و هەڵتیقان ڕایکرد هەر دەهەنگاوێك بە هەنگاوێك دەپێوا. چەکمە درێژەکانی ژێرئەژنۆی ئازاردەدا بەلاَم وەك جاران گوێی نەدەدایە ئەوەندە توند ڕای دەکرد کە کەوت و کتێبەکانی لەناو ساکە دەستیەکەی، کە دایکی بەتەلیس بۆی دووری بوو گوڵدۆزی کردبوو، بەر بۆوە و بەخێرایی کۆی کردنەوە و دیسان دەستی بە ڕاکردن کدەوە. بەدەست و بەلەقە لە دەرگای دەدا، دایە...دیە...ئاها هەموو نمرەکانم بیستە! دەی کەوشەکانم بۆ بکڕە. کوشە تەق تەقیەکانم بۆ بکڕە. بۆم ئەکڕی؟ ئەرێ؟ باشە دایەگیان ڕاوەستە با ماندووت بحەسێتەوە.

با بابت بێتەوە پێی دەڵێم.

– ئا تۆخۆا دایە گیان بۆم بکڕە جانتام ناوێ هەر ئەم تەلیسە باشە بەس کەوشە تەقتەقەکانم بۆ بکڕە ئاها هەموو نمرەکانم بیستە، هێندە ژیر بووم نمرەی ئینزباتیشم بیستە، لە خۆشیاندا نانی پێ نەخورا هەر چاوی لە زاری باوکی بوو.

پیاوەکە هێندە ماندوو بوو کە چاوی بۆ هەڵنەدەبڕا دەستە قەڵشیوەکانی بە ڕۆنی تاوەکە چەور کرد و هەر لە جێگای خۆی خەوی لێ کەوت هەوا بەرەو گەرمی دەڕۆیشت چەکمەکانی ژێر ئەژنۆی ئازار دەدا گوێی لە دەنگی خانم موعەلیم بوو بەلاَم چاوی لە پێلاَوە تەق تەقیە سورەکانی پوران بوو...

ئەو ڕۆژە لە ژوری کۆبونەوە بۆ چاو لێکردن لە فیلم چووبون پێلاَوەکانیان داکەندبوو.

– خانم موعەلیم یجازە هەیە برۆمە دەر.

– برۆ و زوو وەرەوە.

بە ئەسپایی چەکمەکانی لە تەلیسەکەی خست و کەوشەکانی لەپێ کرد هێندگەورە بوون کە ڕانەدەوەستان لە پێی دا. بە زۆری لە عەرزی دەخشاند و دەچوو.

– ژاڵە گیان ئەو کەوشانەت لە کوێ بوو؟

– دۆزیمەوە دۆزیمەوە بە خوا دایەگیان.

– زۆر گەورەیە لە پێی مەکە بۆ ساڵێکی ترت.

– چەکمەکان ژێر ئەژنۆی ئازاردەدا گوێی لە خانم موعەلیم بوو چاویشی لە پوران، کە خۆی لە تەنیشت دایکی حەشار دابوو دەگریا.

– منداڵە ئاقڵەکان دوێنێ کە چووین بۆ ژوری کۆبوونەوە کە چاو لە فیلمەکە بکەین پێڵاوەکانی پوران وون بوو هەرکەس دیویەتەوە بێت بە من بڵێ باشە؟ جایزەیەکیشی دەدەمێ دەستی هەڵهێنا و ڕۆی بۆ لای خانم موعەلیم و وتی: بە گوێت دا شتێك دەڵێم، گوێی بۆ هێنایە پێشی.

– کەوشەکانی پوران من دۆزیومەتەوە.

– باشە سبەنێ بە دایکت بڵێ بیهێنێتەوە.

ژنە چارشێوە تەنکەکەی بەسەر لایەك لە ڕوومەتید دابوو لە گۆشەی ئوتاقیموعەلیمەکان کوشمەی کردبوو ئارەقی دەڕشت. سرتەی موعەلیمەکان لە گوێی دا دەزرینگایەوە و... ئەرێ داکی کچە دزەکەیە.

لە گۆشەی دەرکی ئوتاقی موعەلیمەکانەوە چاوی لە دایکی بوو.

دای لە قڵپەی گریان و هەڵاتەوە بۆ پۆلەکەی خۆی.

خۆشی نەیدەزانی کە بۆ پێڵاوەکان دەگری کە لێی دەستێننەوە یان بۆ دایکی کە لەوێ لە شەرمدا سوور هەڵگەڕابوو...

* * *

زۆر بە هێمنی هەنگاوی دەنا هەنگاو کەنا لاقی لەسەر عەرزەکە کێش دەرد.

ئیتر گوێی بە ئازاری ژێر ئەژنۆی نەدەدا ((ئەگەر دایە بە باوکم بڵێ دەمکوژێ)) لە دڵی خۆی دا سەدجاری دووپات کردەوە.

پێی خۆش نەبوو بگاتەوە ماڵ لە دورەوە قەرەباڵخی بەر ماڵی خۆیانی دیت هەنگاوەکانی توند کردەوە بە ڕاکردن بەرەو ماڵ ڕۆی تەرمێکیان لە پەتویەك پێچابوو لە ماڵەوە دەریان هێنا گوێی لە سرتەی دوو ژن بوو کە دەیانگوت ئیتر تاقەتی نەمابوو...

– تاقەتی چی‌ی کێ دەزانێ بە چ هۆیەك خۆی سوتاندووە.

بەڵام ئەم دەیزانی دایکی بۆچی تاقەتی نەمابوو.

چاوی بە باوکی کەوت. ویستی بڕواو باوەشی پێدا بکات و لەگەڵی بگری بەڵام ئەو پەلاماری دایەو _ هەر دەتکوژم دەبێ بمری دەنا لەمە خراپتریشم بەسەردا دێنی سەری دایکت خوارد ئەتکوژم سەری منیش دەخۆی ڕای کرد زۆر بە توندی ڕای کرد لەو ڕۆژە بە دواوە نەیدیتەوە بە هۆی ئەوەی کە لەسەر شەقامەکان و لە ناو کۆڵانەکانیش گەورە بوو... گۆڕەکەی دایکی ببوو بە تەنیا ڕەفیق و هەموو کەسێکی. جار جاریش کە دەگیرا و دەخرایە زیندان شوشە خۆڵەکەی سەر گۆڕەکەی هاودەمی بوو ئێستا ئەگەر بیری لێ دەکاتەوە دەزانێ ئەو ڕۆژە نە بۆ کەوشەکان دەگریا و نە فامی ئەوەی بوو کە بۆ دایکی بگری. بۆ ئەوە دەگریا کە کەس بیری لەوە نەدەکردەوە کە بۆچی ئەو کارەی کربوو بۆ ئەوە دەگریا بێ بەزەیانە پێیان دەگوت دز و کەس نەیدەگوت ئەو دز نیە...

تەنانەت خانم موعەلیم نەیدەزانی ئەو لەبەر جایزەکە نەبوو کە ڕاستی گوتبوو، بەس لەبەر ئەوە بوو کە دایکی، ئەو دایکەی ئەوان شەرمەزاریان کرد. فێری ڕاستی گوتنی کردبوو...

***

# شێعر:



- **بۆ یادی دوکتور جەعفەر**

لە لایەن یەکێک لە هاوڕێیانی یەوەوە

- **دەرسی هەتاو و سرودی ئاگرێک**

دوو شێعری پێشڕەو

- **تۆم لە شاری  شپرزەیی "مرۆڤەکان"دا ناسییەوە**

هەژیر نینا

- **((هاو پێک))**

ئا...رەها

- **ویشکەرۆیی**

ناسر حەقپەرەست

# بۆ یادی دوکتور جەعفەر

*"لەلایەن یەکێك لە هاورێیانی یەوەوە"*

لە نێو بەرینایی ژان و ئازار و کارەسات
ئەو دەمانەی نە هاوار و نە سکالاّ
هەواڵی خەمێکی ئەم ماڵیان
بەو ماڵی تر نەدەگەیاند.
ئەو دەمانەی نە پێکەنین، نە بزەیەك، نە چرپەیەك
هەواڵی شادی و سرووری
ئەم باخچەیان بۆ باخێکی تر نەدەبرد
تۆ بەژنی بەرزی ئازار بووی
لە هەر چوار لاوە دەبیندرای
ئەتۆ پەیکی مژدە بەخشی بەهار بووی و
هەگبەت پڕ بوو لە شادی
ماڵ بە ماڵی شار و دێهات دەگەڕای و
گەورە و منداڵ بە دیتنت دڵخۆش دەبوون.
تۆ رێبوارێکی چالاك بووی
بەر لەوەی کە ئەستێرەکەی کاروان کوژە بێتە ئاسمان
رێ کەوتبووی
بەلاّم هەنگاوت شارەزای رێگە بوو.
ئەو کاتانەی تۆ دەهاتی
تاوە باران دەشتی تینووی خەنی دەکرد
دەنگی گەنم لە منداڵدانی زەویدا
خەونی سەوزی دەغڵ و دان و
ئاوەدانی و
نانی دەدیت.

ئەو کاتانەی تۆ دەهاتی، لە زستانی بەستەڵەکدا
لە ژوورێکی بچکۆلەدا
گەورەو بچووك هەژارەکان
ئاڵقەیان دەبەست لە دەورت
کەلامی تۆ دڵنیایی پێدەبەخشین
وەکو تینی کوانووی ئاگر.
تۆ هەرچیت کرد
بۆ ئەوە بوو
کە ئینسان بەختەوەر بژی
دووای کۆچی تۆش
گەلێك جاران کۆچی بەهار
بەم ناوەدا تێدەپەڕێ.
دوای کۆچی تۆش
گەلێك جاران گەرووی رووبار
سروودی سەرکێشی شەپۆل
دەچریکێنێ
بەلاّم ئەمن بە دڵنیایی دەزانم
نە بەهار و نە رووبار و
نە شنەی با
هەتا لە حاند یادی گەش و بەرزی تۆ دا
سەر دانەخا و
سلاّو لە خاکی عەتراوی بەر پێت نەکا
تێپەڕ نابێ.

***

## "دەرسی هەتاو"

## "سرودی ئاگرێك"

دوو شێعری پێشڕەو

کاتێ هەتاو سەر هەڵدێنێ
مانای گەرمی ئامێزێکی پاك و ڕووناك
گەرمی مێهر و...
وەفاداریم
پێ فێر ئەکات.
کاتێ پڕشنگی زێڕینی
بەسەر زەوی دا... ئەپڕژێنێ
مانای بەخشینم فێر ئەکات.
کاتێ لەسەر پشتی
شاخەکانی ئەم وڵاتە
خۆی هەڵ ئەدات
وشەی ئاسۆم ئەخاتە یاد.
کاتی دنیا ڕوون کردنەوە
تیشکی هیوا...
تیشکی بڕوام
چراوگی ڕێگەی ژینم ئەخاتە یاد.
ئەمجار کاتێ...
بە باڵای جوانی دنیا دا
لە سەرەوە... هەتاکو پێ
خۆی کێشایە پشت شاخەکان
پێی فێر کردم... کە چۆن بمرم
لە پاش ژیان...
سەقز
1372/2/9 هەتاوی

وا ئەزانن گڕوسۆزی مۆمێکی کزین؟
بەتەنیا بایەکی بچووك
دڵمان ئەمرێت و ئەبەزین؟
وا ئەزانن ئێجگار نزمین؟
بە هەنگاوێك پێ تان بنێنە سەر سینگمان
بە سامناکیتان دائەڕزین؟
وا ئەزانن لەنێو نیگای دڕندەتان
زراومان دائەڕژێ بۆتان
ئەبینە دیلی چەوساوەی،
لە ژیان دا نەحەساوەی،
ژێرپەنجەتان؟
* * *
بەڵام بایەقوشانی نیوە شەو
ڕێگرانی بەردینە خەو
ئەژدەهاکانی سەرمایە
لاشەخۆرانی بێپایە
گوێم لێ بگرن:
پێتان وایە!؟
کە هاتوینە ئەم جیهانە
ژیان کردنمان تاوانە و
بۆ دیلی دەستی دێوانە
یان
بۆ کوشتن و نەمانە
ئەگەر وایە
باش بزانن
شوشەی تەمەنی نەحستان
لە مشتی شۆڕشم دایە
.........

# تۆم لە شاری
# شپرزەیی "مرۆڤەکان"دا ناسییەوە

هەژیر نیذا
85/5/18

تۆ کە لە ناخمدا
هاوڕێیەکی بێدەنگ بووی،
کڵپەت لە دەروون بەرئەدا
ئێستاش
هێندەی شاری چاوەکانم خۆشم ئەوێی
گەر بزانی
چەندە لەناو شێعرەکانما
مانات هەیە،
گەر بزانی چەندە نیگام
لە جادەکانی پیاسەت دا وێڵن
گەر بزانی چەندە وشە
فێری ئەزمونی داهاتووم دەکات
ئەوسا دەزانی
ئینسان پێویستی بە ئینسانە و
بڕوا جێگای بڕوا دەگرێتەوە
ئەوسا پێم دەڵێی وەرە
پەنجەرەیەك بۆ میوانی یەکتر کەینەوە
ئەریٚ هاورێم
وشەکانمان تێکەڵ بە قامووسی
ئەبەدیی یەکتر کەین
نەکا ڕۆژێك لە شاری
خۆزگەکانم بەجێم بێڵی
تۆ ویژدانی شێعرەکانمی

تۆ
ڕۆمانی نێو قەفەسی دیدەکانمی
پەنا بۆ چیرۆکە
حەقیقەتەکانت ئەبم،
ئێوارەیەك
لە چاوەڕوانی تۆدا دەمێنمەوە
ئێوارەیەك
هاکا چاوەکانم
لە ژێر پێی پیاسەکاندا چرۆ دەرکەن
ئای لەم
ئێوارە
سەراپای جەستەمی
بە تۆ ناساند
یەکەم ماچی ماندوویەتیت
لە ژێر گڵۆپە کزەکانی
سلێمانی
لەسەر گۆنای
نامۆی یەکتر پشوویان دا.
لەو کاتەوە
بوویتە هاورێی
شەوانی ئاسوودەیم،
بەیانیان
لە ئاوێنەی چاوەکانتا
خۆم ئەبینم.

***

# ((هاو پێك))

ئا...رەها

ئێوارانێك دەمە پاییز
دانیشتن ببوو بە كارم
لە لێواری خۆم و ماتەم و تەنایی
دەبوو بە هاو پێكی خەمم
خۆری دەمەو ماڵ ئاوایی و
گوێی دەدایە دەردە دڵم

كە تاقەتی بەسەر دەچوو
توانای گوێگرتنی لێم نەدەما
هێواش هێواش
پەردەی ئاوابوونی بە ڕوخساری دا دەكێشا



# ویشکەرۆیی

ناسر حەقپەرەست

کۆترەکان ،
دەیانهەوێ سەفەر کەن
لەو ئاقارە نەنیشنەوە
ڕەنگە بە ئاسمانەوە بمرن .

گوڵەگەنمەکان ،
دەیانهەوێ بە ناخی خاکا بچنەوە
لەو تەقتەقانییە نەروێن .

کانیاوەکان ،
دەراوەکانیان دەخۆنەوە
بۆنی ویشکەرۆیی لە گەروویانەوە دێ
دوو منداڵی سەر ئاڵۆسکاو
هەریەکەو بە قولاپێکەوە
بۆ گوێچکە ماسی دەگەڕێن .

قووت دەدەن ئۆقیانووس و
تێیدەتووڕێنن هەورەکان ،
تینوو ... تینوو
گوڵەبەردینەکان هەڵدەوەرێن .

پۆستچی نامەیەکی هێنابوو
پەڕەسێلکەکان نوسیبوویان :
ئیتر ناگەڕێینەوە

چرکەژمێرەکان ،
دەیانهەوێ لە خوولگەی خۆیان دەرچن .
ژمارەکان یەك بە یەك داوەریون ،
چۆڵەوانییەکە پڕە لە چرکەی سەرگەردان و هیلاك ،
قاپی کاتژمێرەکان .

چەند پیتێك
لە کیبۆردی داتاکان ون بووە
بوونەتە دوگمەی بەرۆکی
عابای کۆتەڵێکی ڕهۆڵ

بە سەرشەقامەکانەوە
لە پشت جامە نەبینەکان
سەیرمان دەکەن !
کەچی خۆیان رووت ... رووتن .

2006/9/17

***




- "به یادی عومران سەلاحی"

له ئینتر نێتەوە ئامادە کراوە. پەیمان80

- خەڵاتی "نۆبلی" ئەدەبیاتی 2006، درایە ئۆرهان

پامۆک ئامادەکردنی: پێشەنگ84

- یادێک لە جوهەیلئا:

پێشەنگ87

- فیلم سازی ئوسترالیایی جین

لەفارسییەوە: بێستون 92

- قەت لە بیری ناکەم ن:

موحەممەد شەمس و: شەما لَ 94

- حکایەتی بەردی گۆڕەکەی شاملو ن:


# پروشە:

# "بە یادی عومران سەلاحی"

لە ئینتر نێتەوە ئامادە کراوە. پەیمان

بەشێك لە شێعری «عیادەت»

مەرگ لە پشت پنجێرەوە لێم دەڕوانیٚ

ژیان لەبەر دەرگا

نیازی ڕۆیشتنی هەیە

ڕۆحم لە میچەوە تێدەپەڕیٚ

قرژاڵێك لە جەستەمدایە و

دەمپشکنیٚ

کەس و کارم لێم ئەترسن

ئاشناکانیشم

دێن بۆ بینینی گەنجە پەرستاریٚ

* * *

بە داخ و کەسەرێکی زۆرەوە مەرگی، عومران سەلاحی شاعیر و تەنزپەردازی ناودارمان بیست. عومران سەلاحی بە هۆی سەکتەی قەلبییەوە لە نەخۆشخانەی "تووس"ی تاران، و لە تەمەنی 60 ساڵیدا، گیانی لەدەست دا. ئەم ڕووداوە بنەماڵە و دۆست و ئاشنایانی عومران سەلاحی بە توندی ماتەمبار کرد و لەتەمیەکی گەورەش بوو لە ئەندامی کۆمەڵگای ئەدەبی و فەرهەنگی ئێران.

عومران سەلاح ئێوارەی ڕۆژ شەممە ڕێکەوتی 11ی ڕەزبەری 1385–3ی ئوکتوبری 2006 بە هەست کردن بە ئێش لە لای قەفەسەی سینگی ڕەوانەی نەخۆشخانەی "کەسرا" کرا و لەوێشەوە بۆ نەخۆشانەی "تووس" و لە بەشی سی. سی. یوی ئەو نەخۆشخانەیە دا بەستەری کرا. و بەیانی ڕۆژی دواتر بۆ هەمیشە ماڵئاوایی لە ژیان کرد.



عومران سەلاحی غەمگینانە پێکەنی و بزەی خستە سر لێوی خەڵکی تر تا ڕێگا لە فرمێسك، دوژمنی شادی بگرێت. سەرەڕای نەخۆشی و پشت ئێشە بەشدارێکی شێلگیری کەمپەینی «ئاڵ و گۆر بۆ بەرابەری» بوو تا بەشکوو وتەکانی لە پەیوەند لەگەڵ بێعەداڵەتی دا ڕیٚ خۆشکەری هاتنە مەیدان و ڕیٚ نیشاندەری لاوانێکی جەسووری پر گوڕ و تینی ئەم ڕێبازە بێت.

بە مەرگی عومران هۆگرانی شێعر و شاعری و نوکتە پەردازی، یەکێك لە پشتیوانان و دڵسۆزانی ئەم بوارەیان لە دەست دا. ئەم هونەرمەندە لە وڵامی کردەوەی ئەو کەسانەی ئەزیەت و ئازاری ئینسانە تێکۆشەر و خاوەن هەڵویستەکان ئەدەن، وتوویەتی:

"... بەرد هاوێژان نەیانزانی

کە لە ئاوێنەیەکی شکاو دا ،

مانگێك ئەبێتە هەزار مانگ ،

ئەستێرەیەکیش هەزار ئەستێرە .

ورد و خاش بووین وەك ئاوێنە

زۆر و زۆرتر ئەبین و
بەرین و بەرینتر ئەکەین ڕۆشنایی..."

* * *

زایەڵەی پەیامی تەنزە تاڵە کۆمەڵایەتیەکانی، ئێستاش لە پەسکووچەی بیرەوەری بەشدارانی شەوە شێعرەکانی "ئەنستیتۆ گۆتە" و... لە تاران، دا هەر دەزرینگێتەوە.

عومران سەلاحی، وێڕای شارەزایی لە ئەدەبیات و هونەری فارسی و تورکی ئازەری دا، مرۆڤێکی بەهیمەت، مێهرەبان، خۆبەزڵ نەزان و ئاسایی بوو. بە درێژایی تەمەن، قایم و پێداگر داکۆکی لە ئازادی بەیان و قەڵەم و ڕێکخراوبوون دەکرد. هەر کەس لە گەڵیدا ناسیاوی بوایە ئیمکانی نەبوو وتاری شیرین و مەتانەت و کەسایەتی عومران کاری تێنەکات.

لە مانگی ڕەشەمەی ساڵی 1325هەتاوی لەدایك بووە. تێکۆشانە ئەدەبی و هونەریەکانی لەگەڵ گۆڤاری "تۆفیق" دا دەسپێکرد. ساڵانێکی زۆر لە بەشی ڕاگەیاندن دا لەوانە لەگەڵ گۆڤاری "گوڵ ئاغا" کاری کرد و تەنزی نووسی.

لە ساڵی 1357دا لەسەر بانگهێشتی "نادر نادرپوور" چووە نێو گرووپی ئەدەب و هونەری ڕادیۆ و تلویزیۆنەوە. لە بەرهەمەکانی دەکرێ ئاماژە بە ڕۆمانی تەنز ئامێزی لە گوڵستانی بەبری وەرەقی، شاید بروانەکەی، گریان لە ئاودا، ئێستا بەسەرهاتی ئێمەیە، عەتارێك لە مژدا، لەناکاو لە پرێکاو هەڵبژاردەی شێعرەکانی، کە لە ژێر ناونیشانی ئەی سروەی بەیان دا چاپ کراوە، بکرێ.

ئەو، دەستێشی دابووە کۆکردنەوە و هەڵسەنگاندنی بەرهەمە ئەدبیە کلاسیکیەکان و سەردەمی ئێستا و لەم بوارەش دا دەکرێ ئاماژە بە: تەنز ئاوەرانی ئەمڕۆی ئێران، کە گوڵبژێرێکی تەنزی هاوچەرخە لەگەڵ "بیژەن ئەسەدپوور" بەرهەمیان هێناوە، روئیاکانیپیاوی نەیلوفەری، هەڵسەنگاندنی شێعرەکانی سەرمەد کاشانی، مەلانەسرەدین، لێوێك و هەزار پێکەنین، خەندەسازان و خەندەپەردازان، یەکەمین ترپە ئەویندارانەکانی دڵم، بکرێ. هەروەها چەندین کتێب و کۆمەڵە شێعریشی بە زمانەکانی فارسی و تورکی لەژێر چاپ دایە. بەم دواییانە لە سەفەری چین گەڕابۆوە و لەوێ سەبارەت بە شێعری هاوچەرخی ئێران سوخەنڕانی کردبوو.

عومران سەلاحی بەم شێوەیە سەبارەت بە خۆی دواوە: "ئەوەی ئەمڕۆ پێی گەیشتووم ئەمەیە کە پێویستە بە جێگای سەنگ و قورسایی (وزن) باس لە هاوسەنگی (توازن) بکەین. واتە گەیشتن بە چەشنێك هاوسەنگی کە پێکهاتەی شێعری دروست دەکات. چون شێعر هونەرێکی گوێلێگرتن و بیست یاریە کە لەگەڵ مۆسیقا دا پیوەندی هەبوە و هەیە. هەر بەم هۆیەش تەنانەت کاتێ شاعیر لە تەنیایی خۆیدا دەنوسێ بە سەرنجدان بە ئاهەنگێکی شاراوەی توێی وشەکان هەر ئەڵێی شێعرێك ئەڵێت بۆ ئەوەی بە دەنگی بەرز بخوێندرێتەوە.

کەوایە زایەڵەی وشەکان گەلێك گرینگە. شاعیر بۆ گەیشتن بە هاوسەنگی و هاوئاهەنگی دەبێ کەڵك لە هەر ڕێگا و ڕەوشتێك وەرگرێ. نەك هەر لە سەروا عەروزیەکان.

ئەو دەڵێ: شێعرەکانم چەشنی ئاجیلی چوارشەممە سوورین. هەمووشتێکیان تێدا دەست دەکەوێ. مەعمولەن هەر کەسەو لە بواری کاری هونەری یان نووسەری دا لەسەرەتاوە تا کۆتایی تەمەنی وتەیەك تێکرار دەکاتەوە، بەڵام لە چوار چێوە گەلی جیاواز دا.

لەقەدیم دا شێعرم دەوت بەڵام قەت سەرم لەوە دەرنەدەکرد کە شێعریانی چی. چ بگات بە پێکهاتەکەی! ئەمانەش لەم چەند ساڵەی دوایی دا فێر بووم! بنیادەمەکان لەگەڵکو بیر لە چۆن بە ڕێگادا رۆیشتیان بکەنەوە، خوار و خێچ بە ڕێگادا دەڕۆن، وەکو من!

عومران سەلاحی سەبارەت بە هەل و مەرجی ئێستای تەنز لە ئێران وتویەتی: «بە داخەوە کۆمەڵگای ئێمە گەلێك هەستیار (حساس) بوە و ئەم هەستیارییەش گەیشتۆتە ئاستێك کە ئیتر جەماوەری وڵاتی ئێمە توانای خۆڕاگری لە بەرابەر هیچ شتێکی دانیە چ بگات بەوەی تۆ بێی و تەنزێك سەبارەت بە کەسێك بنووسی. بەم هۆیەوە نووسینی تەنز و کێشانەوەی کارێکاتۆر کێشەی لاوەکی زیاتر و چاوەڕوان نەکراوی بە دواوەیە. هەر بۆیە نووسەران و کاریکاتۆریستەکانی ئێمە بە گشتی شتێك دەنووسن و دکێشنەوە کە ڕاستەوخۆ ڕووی لە جێگایەك نەبێ و کەسێك هەڵنەخرێنێ. ئەمەش بە هیچ جۆرێك گونجاو نیە چون تەنزپەرداز دەبێ بتوانێ ئازادانە قسە بکات و ئاوێنەکە بەردەوام ڕوو بە کۆمەڵگا ڕابگرێ و بێگومان هەر

ئەمەش بە قازانجی کۆمەڵە و دەتوانێ ئیرادەکانی ئاشکرا بکات.»

ئەم تەنزپەردازە سەبارەت بە هەستیار بوونێکی کە کۆمەڵگای ئێمەی داگرتوە، وتی، «تەنزپەرداز پێویستە بتوانێ ژیانی خۆیشی بەرێوە بەرێ نەك ئەوەی کە بە نووسینی بابەتێك، کە دەتوانێ هێڵە سوورەکان ببەزێنێ، ژیانی لە دەست بدات و بەم هۆیەشەوە یەکێك لە پەتاکانی تەنزنووسین واتە خۆسانسۆری، کە خرابترینیانە دێتە دەستوری کاری زۆربەی نووسەرانەوە. واتە دەکەوینە هەل و مەرجێکەوە کە نووسەر بۆخۆی دەست و پێی خۆی دەبەستێ. و لە لایەکی دیکەشەوە رۆژ بە رۆژ هێڵە سوورەکانیشمان زیاتر و تۆخ تر دەبن و سزاکانیش هەر باس ناکرێ.

جەواد موجابی: شاعیر و نووسەر، سەبارەت بە عومران سەلاحی دەڵێ: "... سەلاحی، لە دەرد و ئازارەکانی خەڵك جیانەبوو، چون خۆی لە خەڵك جیا نەبوو و لە گشت ئەو بەرهەمانەی دا کە خوڵقاندبوونی، مەسایلی هاوبەشی بەینی ئەو و جەماوەر دەبینرێ و ئەم سیفەتەش تایبەتمەندی داوەتە کارەکانی عومران سەلاحی... لە پشت تەنزە شادەکانی عومرانەوە بەردەوام ماتەمێکی بەرین بەسەر چارەنووسی ئادەمیەوە شەپۆل ئەدات و ئەمەش تایبەتمەندی تەنزپەردازێکی چیرە دەستە... کاری عومران سەلاحی نەگەیشتبووە کۆتایی و لە بواری ئەدەبیاتی تەنز دا بەرەو لوتکەی شیفتەگی و بەرزترین ئاستی هونەریەکەی لەرێدا بوو کە بەداخەوە لەم رێگایە دا لە پێ کەوت... ئەو بۆ خەڵکی دەنووسی و خۆیشی یەکێك لەوان بوو، لە باشترینەکانیان.

نمونەیەك لە تەنزەکانی:

دابین کردنی کار

کەسێك دەچێت بۆ ئیدارەی کاریابی و دەڵێ "من دەسەکانم سەدەمەی دیوە و ئیتر ناتوانم سمێڵەکانم با بدەم. بە واتایەکی تر توانایی خۆ مەشغول کردم نەماوە."

پێی دەڵێن "تۆ برۆ ئێمە خۆمان مەشغەڵەی ترت بۆ ئەدۆزینەوە."

حەوتوویەك دواتر کەسێکی دیکە دەچێ بۆ ئیدارەی کاریابی و دەڵێ: "بەرپرسی کارخانەکەمان کاریابی کردوە (واتە اشتغال زایی کردوە) و ئێمەی لە کارخانەکەی کردۆتە دەرێ. تکایە ئێوە فکرێکمان بۆ بکەنەوە."

وەڵامی ئەدەنەوە و ئەڵێن: "حەوتوویەك لەوە پێش کەسێك هات و وتی دەستەکانی سەدەمەی دیوە و ناتوانێ سمێڵی با بدات. تۆ دەتوانی بچی سمێلی ئەو بابدەی و خۆتیان پێ مەشغول بکەی؟"

داواکار دەڵێ: "ناکرێ کارێکی‌دیکەمان بۆ بدۆزنەوە؟"

لێی دەپرسن" مەگەر ئەم کارە چ ئیرادێکی هەیە؟ بە قەولی شاعیر برۆ کار بکەی مەڵێ چییە کار، چون سروەتێکی جاویدانیە کار."

داواکار دەڵێ: "دەزانم، کار عەیب نیە. ئەی ئەگەر سمێڵی کابرا هەڵپروزا چی؟"

وەڵامی ئەدەنەوە کە: "نیگەران مەبە ئەو کات دەستت لە جێگایەکی دیکە گیر دەکەین."

* * *

لە رێ و رەسمێك دا کە کات ژمێر 9ی بەیانی رۆژی پێنج شەممە دەی رەزبەر لە بەردەم خانەی هونەرمەندانی ئێران لە تاران بەرێوە چوو، شاعیران، نووسەران و دۆستانی



عومران سەلاحی، کۆبوونەوە و پەیکەری شاعیران بەرە و قەڵای هونەرمەندانی بەهەشتی زارا بەرێ کرد.

جەواد موجابی دەچێتە پشت میکرۆفۆن و وێرای سەرەخۆشی کردن لە بنەماڵە و دۆستانی عومران و بەشدارانی ڕێ و ڕەسمەکە، دەڵێ: "تۆ بەم جوانیەتەوە نامری. نامرن هیچ کات کەسانێك کە سەرتاپا چەشنی ژیانن وەك عومران سەلاحی... عومران قەت باسی مەرگی نەدەکرد. بەردەوام لە ژیان ئەدواو بۆی ئەهۆنیەوە... سەرەڕای شیرین کەلامی، ژارێکیشی تێدا دەجمی کە لە واقعیەتێکی تاڵەوە سەر چاوەی دەگرت و ئەو لێهاتوانە هەر دوو ڕوانگەکەی بۆ ئێمە دەردەخست... ئەو چەشنی زاتی زیندەگی، دەوروبەری لە خۆی دا ئەرخەیان و شادمان دەویست. نامرن کەسانێکی وەك عومران کە بە گشت وجوودەوە شادمانین. ئەو تەواوی ژیانی لەگەڵ خەڵکی کوچەدا ژیا."

## نووسینێکی عومران سەلاحی بۆ یادێك لە ئەحمەد شاملو

### ئاخرین دیدار

نزیك بە چل ڕۆژ بەر لە کۆچە هەمیشەییەکەی شاملو، چووم بۆ نەخۆشخانەی "مێهر"ی تاران تا هەم چاوم بە گوڵشیری بکەوێ و هەم شاملوش ببینم. گوڵشیری لە نهۆمی سێیەمی نەخۆشخانە کە بەستەری کرا بوو شاملوش لە نهۆمی چوارەم. گوڵشیری لە بێهۆشی دا بە سەری دەبرد و فەرزانە تاهیری خەریك بوو دەزگای ئۆکسیژێنی بە دەم و لووتیەوە دەبست. فەرزانە پەردەی ژوورەکەی دادابۆوە و دەیوت ئەو نایەوێ دۆستانی بەم شێوەیە ببینن. گاڵتەیەکی بێتامم کرد و بە فەرزانەم وت ئێرە بۆتە کانوونی نووسەرانی ئێران. جەلالی بایرامیش لەوێ بوو گەلێکیش نیگەرانی گوڵشیری بوو، وەك قاسم ڕووویین و چەند کەسێکی دیکەش. جەمشید بەرزگەر هاتبوو. سەید عەلی ساڵحی سەردانی کردبوون و ڕۆیشتبوو. لەگەڵ ڕەزا سەید حسێنی و عەلی و سیمین بێهبەهانی و چەندانی تریش ماوەیەك مامەوە.

دواتر لەگەڵ عەلی و سیمین چووین بۆ نهۆمی سەرەوە بۆ دیداری شاملو. کاتێ چووینە ژوورەکەوە لە پێشدا ئایدامان بینی و دوایە شاملو و چەند کەسێکی کە لەوێ بوون لەوانە کازروونی. سیمین بێهبەهانی تاریفی جوانی و شکۆمەندی شاملوی کرد و وتی ئێستاش هەر وا لەبەر دڵانە. شاملو بە ئایدای وت: بڕوانە ئایدا، لەلای تۆ خەریکە عیشق بازیم لەگەڵ دەکات!

منیش خۆم کێشاو شاملوم چەند جار ماچ کرد. لەگەڵ هەر ماچێکدا شاملوش لە دڵەوە دەیوت: گیان!

کاتێ زانیم شاملو حالی باشە، نەقڵێکم بۆ گێڕانەوە: کەسێك دەمرێت و دەچێ بۆ بەهەشت. هەر کە دەچێتە بەهشتەوە، داوادەکەن مەتەیەکی بڕقی بێنن و هەردوو شانەکانی کون کون دەکەن. کابرا توڕە دەبێ و ناڕەزایەتی دەردەبڕێ کە بۆچی ئەم کارەی لەگەڵ دەکەن؟ پێی دەڵێن چون تۆ کەسێکی پاك بووی و لەو دنیا هیچ گوناهێکت نەکردوە، دەمانەوێ دوو باڵت بۆ دروست بکەین تاببی بە فریشتە.

ماوەیەك دەگوزەرێ و دیسان دەستوور دەدەن مەتەکە بێننەوە و ئەمجار دەیانەوێ کەللەی سەری ئەم مەڕحومە کون کون بکەن و ئەویش دیسان توڕە دەبێ و ناڕەزایەتی دەردەبڕێ کە بۆچی ئەم بەڵایەی بەسەر دێنن؟ ئەوانیش، مەئمورەکانمی بەهەشت، دەڵێن دەمانەوێ خەرمانەیەکی نووریش لە دەوری سەرت دروست بکەین.

ئەو مەڕحومە ناڕازیانە هاوار دەکات و دەڵێ من ئەم بەهەشتەم ناوێ، تکایە بمبەن بۆ جەحاندەم. پێی دەڵێن جەحاندەم شوێنێکی شیاو نییە. و لەوێ دار لە دامێنی بنادەم دەبڕن. ئەو مەڕحومەش ئێژێ: ئەوە گەلێك باشترە. چون لانی کەم خۆمان کونەکەیمان هەیە!

شاملو گەلێك بەم نەقڵە پێکەنی. دواتر بیستمەوە ئەویش ئەم لەتیفەیەی بۆ کەسانی دیکە گێڕاوەتەوە. خۆزگە منیش ئەم نەقڵەم لە زمان ئەوەوە بیستبایە. شاملو بۆ گێڕانەوەی جۆك و لەتیفە مەحشەر بوو، هێندە بە تام و لامە نەقڵی دەکرد تای نەبوو.

کوا لە دنیا دا وەکو ئەو بێ کەسێ
بۆیە تەنیا شاملو دەیتوانی شاملو بێ

بەرز و بەڕێز بێت یادی شاعیر و تەنزپەردازی خاوەن هەڵوێست عومران سەلاحی.

***

# خەڵاتی "نۆبلی" ئەدەبیاتی 2006، درایە ئۆرهان پامۆك

ئامادەکردنی: پێشەنگ

ئاكادیمی زانستی سوئێد، ڕۆژی پێنجشەممە دوازدەی ئۆكتۆبر، ڕایگەیاند كە خەڵاتی نۆبلی ساڵی 2006 بە ئۆرهان پامۆك، نووسەری خەڵكی توركیە، دراوە. دەبیری كۆمیتەی دایمی ئاكادیمی سوئێد، بەیانی ڕۆژی پێنجشەممە وتی: خەڵاتی نۆبل ی ئەدەبی ساڵی 2006 بەر ئۆرهان پامۆك نووسەری توركیە كەوتووە چون "نیشانە گەلێكی نوێی هەڵس و كەوت و پێكەوە هەڵكردنی فەرهەنگەكانی شار و زادگاكەی خۆی دۆزیوەتەوە."

وتەبێژی كۆمیتەی ئاكادیمی سوئێد، ئەم دەنگۆیەی ڕەد كردەوە كەگوایە بەخشینی خەڵا تی نۆبلی ئەمساڵ ئاوێتە بە ئەنگیزەی سیاسی بوو بێت و لەم ڕووەوە بەخشرابێتە نووسەری ناڕازی توركیەو وتی: "ئەو كەسێكە كە هونەری ڕۆمان نووسینی نوێ كردۆتەوە."

پامۆك، لەو یەكەمین نووسەرانە بوو كە فتواكەی خومەینی بۆ كوشتنی سەلمان ڕوشدی مەحكوم كرد. هەروەها لە پەیوەند لەگەڵ موحاكەمەی یاشار كەماڵ، نووسەری ناوداری توركیە، لایەنی یاشار كەماڵی گرت و داكۆكی لێكرد. یاشار كەماڵ، بەم هۆیەی كە بە دژی سەركوت و كوشتار و ئاوارە بوونی كوردەكانی توركیە كە لە لایەن دەوڵەتی ئەم وڵاتەوە ئەنجام دەدرێ هەڵوێستی گرت، كێشرایە دادگا.

ئۆرهان پامۆك، ساڵی 1957، لە شاری ئەستانبول، لە توركیە، هاتە دنیاوە دوای تەواو كردنی دەورەی ناوەندی، لەسەر داواو پێداگری ئەندامانی بنەماڵە، لە بەشی بیناسازی كۆلێژی فەننی ئەم شارە دا درێژەی



بە خوێندن دا. بەڵام زۆری نەخایاند ئەم بەشەی بەجێهێشت و چووە بەشی ڕۆژنامە نووسیەوە.

پامۆك، كاری نووسەری لە تەمەنی 23 ساڵیەوە دەست پێكرد. لە ساڵی 1998 دا ناونیشانی پڕ بایەخی "هونەرمەندی دەوڵەتی" لە لایەن دەوڵەتی توركیەوە، ڕەد كردەوە و وتی: ئەگەر ئەو ناونیشانە قەبووڵ بكات، ئیتر سەری لە بەرانبەر ئەو خەڵكەدا هەڵنایەت كە بەتەمایە لە پێناو بەرژەوەندی ئەواندا بنوسێ.

ئەو، لە ساڵی 1974 وە، كاری نووسەری وەك پیشەیەك هەڵبژارد. پامۆك، یەكەم ڕۆمانی خۆی بە نێوی "تاریكی و نوور"، نووسی كە یەكێك بوو لەو ڕۆمانانەی خەڵاتی ئەدەبی ناوەندی بڵاوكردنەوەی میللیەتی لە ساڵی 1979 بە دەست هێنا. تا ئێستا بەرهەمەكانی بە 35 زمانی بیانی تەرجومە كراون و 100 وڵاتیش بڵاوكراونەتەوە. ئەو گەلێك خەڵاتی ئەدەبی جۆراوجۆری لە توركیە و باقی وڵاتانی تر پێبەخشراوە. ڕەنگبێ ئۆرهان پامۆك، دوای تەنز نووسی بەناوبانگ عەزیزنەسین و یاشاركەماڵ،

بەناوبانگترین نووسەری تورکە کە شۆرەتی جیهانی بەدەست هێناوە. ئەو، سەبارەت بە هەڵوێستە سیاسی‌یە ڕوون و ئاشکراکانیشی خاوەنی ناو و ناوبانگە. لەو هەڵوێستانەی دەکرێ ئاماژە بە کوشتاری ئەرمەنیەکانی دانیشتووی تورکیە لە سالەکانی شەڕی جیهانی یەکەم و کوردەکان لەم دەیانەی دوایە دا بکرێ، کە ئاماژە بەم مەسەلانە، لەلایەن پامۆکەوە، ڕەگەز پەرەستانی تورکییەی بە توندی بە دژی هاندا. تەنانەت کار گەیشتە جێیەك کە بیکێشنە پای موحاکەمەش. کێشانە دادگای پامۆك، بە هۆی هێنانە گۆڕی ئەم بابەتانەی کە بە توندی سیاسی و لە مەسەلە بڤە و قەدەغەکراوەکانی تورکیە بوون، قسە و باسی مەسەلەی ئازادی بەیان و قەڵەمی بۆ جارێکی دیکە لەم وڵاتە و لە دەرەوەی وڵاتیش هێناوە گۆڕێ.

ئۆرهان پامۆك لەسەر ئاماژە بە قەتڵ و عام کردنی نزیك بە یەك ملیۆن ئەرمەنی و زیاتر لە 30هەزار کورد بە توندی کەوتە بەر ڕەخنەی تورکە نژاپەرەستەکانی تورکیە و لە ڕۆژنامەکانی ئەو وڵاتەدا، لەگەڵ ئەوەی داواکاری دادگایی کردنی بوون، تەنانەت خوازیاری لە سێدارەدانیشی بوون. ئەو بەم هۆیەوە ناچار بوو بۆ ماوەیەك بە شێوەی مەخفی ژیان بەسەر بەرێت.

پامۆك، چوار ڕۆژ بەر لە دیاریکرانی جەلەسەی دادگایی‌یەکەی نووسی: "کەسێك کە وەك من لە وڵاتێکدا دەژی ڕێزی بێ ئەوپەڕ بۆ پادشاکان، قەدیسەکان، مەلا و قەشەکان دادەنێ و نووسەرەکانیشی بە بێ ڕێز و ئیحترام دەبێ ساڵانێکی زۆر لە دادگا و زیندانەکاندا بەسەر بەرن، بۆم جێی سەرسوڕمان نیە ئەگەر دەبردرێمە دادگا. ئێستا تێدەگەم کە بۆچی هاوڕێکانم بە پێکەنینەوە پێیان دەوتم، سەرەنجام تۆ بوویە نووسەرێکی ڕاستەقینە تورکیە!"

پامۆك لە وت و وێژ لەگەڵ ڕۆژنامەیەکی تورکیەدا – ڕادیکاڵ– وتبووی:"لە مانگی فوریەی 2005 دا، لە ڕاپۆرتێك دا کە بۆ ڕۆژنامەیەکی سوئیسی‌م نووسیبوو، باسی کوژرانی ملیۆنێك ئەرمەنی و 30هەزار کوردم لە تورکیە کردبوو. بە گلەیەوە نووسیبوم بە هۆی تابۆ بوونی ئوم بابەتانە لە تورکیە دا، بواری قسەکردن لەم زەمینەیە دا نییە... بەڵام وتە بێژانی دەوڵەتی تورکیە– کە بەشی زۆریان دیپلۆمات بوون– لەگەڵ ئەوەدا کە بەردەوام ژومارەی کوژراوانی ئەرمەنیان کەمتر لەو ئامارە ڕادەگەیاند و ئەوەیان ڕەد دەکردەوە کە قەتڵ و عامێکی سیستماتیك لە ئارادا بووبێت، باسی کوژرانی موسڵمانەکانیان بە دەستی ئەرامەنەش دەکرد... هێندێك لە ڕۆژنامەکان لە سەردەمێکدا بابەت گەلێکی پڕ لە نەفرەتیان بە دژی من چاپ کرد، بەشێك لە پەراوێز نووسەکان، نووسیان پێویستە مۆری بێدەنگیم لە دەم بدرێ، گرووپە نیژادپەرستەکان بە کۆبونەوە لە دژی من، ڕێ پێوانیان وەرێ خست، کتێب و وێنەکانی منیان ئاگرتێبەردا. لەبەر ئەوە بوو کە وەك "کا" پاڵەوانی ڕۆمانی چوار ساڵ لەوە پێشم، بەفر، بە هۆی هەڵوێستە سیاسیەکانمەوە لەو شارەی کە خۆشم دەویست، لە کوڵانەکانی ئەستامبول دوور خرامەوە. نە دەموویست ئەم ڕووداوە لایەنی بەرینتر بەخۆیەوە بگرێ و نەدەشمویست کەس لەم بارەیەوە هیچی بەرکوێ بکەوێ. بەم هۆیەوە ماوەیەکی زۆر بێدەنگیم هەڵبژارد و تەنانەت بە سەر شۆڕیەکی گاڵتە جاڕانەوە لە هەوڵی ئەوە دا بووم ئەم بابەتە بچێتە خانەی لە بیر چوونەوەوە. بەڵام بە ئاگر تێبەردانی کتێبەکانم لە لایەن فەرماندارەوە و پەروەندەیەکی کە لە دادگا دا بۆم کرایەوە، لایەنێکی جیهانی بەخشیە مەسەلەکە. زانیم کە ئەم کردارە دەست درێژی کارانەیە، کە ئاوێتە بە بەرچاو تەنگی و حەسادەتی فەردیش بووە، گاڵتە جاڕیەکی تایبەت بە من نییە و بۆم دەرکەوت لەگەڵ هەل و مەرجێك دا بەرەو ڕووم کە پێویستە لە ئاستی تورکیە و جیهاندا قسە و باسی لەسەر بکرێ. گرنگترین شتێکی کە کەرامەتی میللەتێك لە کەدار دەکات، قسە کردن لەسەر لایەنە ڕەش و تاریکەکانی ژیانی ئەو میللەتە نیە، بەڵکو بێدەنگ بوون لە بەرانبەر ئەو خاڵە ڕەشە دایە..."

لەسەرودەمی بێنەوبەرەکانی بۆ دادگا و خرانە ژێر گوشاری لە لایەن دەوڵەتەوە، سازمانی لێبووردنی نێو نەتەوەیی، ئەنجوومەنی (قەڵەم) و کۆمەڵێك لە

نووسەرانی ناوداری جیهانی وەك گابریل گارسیا مارکێز، جان ئاپرایك، گونترگراس و ئومبرتواکو، هاتن بە هانایەوە و پشتیوانیان لێکرد.

ئورهان پامۆك، ئاڵ و گۆڕێکی نوێی لە ئەدەبیاتی داستانی تورکیە دا بەدی هێنا و بە شێوەیەك خاڵێکی کۆتایی لەبەردەم ئەدەبیاتی داستانی پێش خۆی دانا . لەگەڵ یاشار کەماڵ، هەڵ و کۆششێکی هاوبەشیان بوە، لەوانە: مانگرتن لە خواردن لە بەرانبەر حکومەت دا و هەوڵدان لە پێناو کێشەی کوردەکان و...

ساڵێك لەوە پێش کاتی وەرگرتنی خەلاتی ئاشتی بلاوکراوەکانی ئاڵمان، وتبووی: "بە پێچەوانەی بۆچوونی زۆرێك لە خەڵك، سیاسەتی ڕۆمان نووس هیچ پەیوەندیەکی لەگەڵ کۆمەڵگا، حیزب و گروپێکی کە ڕەنگە پەیوەندی پێیانەوە هەبێت، نییە. سیاسەتەکانی ڕۆمان نووسێك لە خەیالاتیەوە سەرچاوە دەگرێ. لە تواناییەکانیەوە بۆ وێنا کردنی خۆی بە جێگای کەسانی تر. ئەم هێز و تواناییە نەتەنیا دەیکاتە فەردێکی کە هەوڵ بۆ دۆزینەوەی ڕاستەقینەی مرۆڤایەتی ئەدات، بەڵکو دەشیکاتە زمانحاڵی ئەو کەسانەش کە توانایی دەربڕینمیان نیە، وتە بێژی ئەو کەسانەی کە هیچ کەس تورە بوون و خەم و ئازارەکانیانی نەبیستوە و یان قسەکانیان پشت گوێ خراوە...

ڕۆژی 12ی ئۆکتۆبر، هاو کات لەگەڵ بەخشرانی خەلاتی نۆبێلی ئەدەبیات بە ئۆرهان پامۆك، پارڵمانی فەڕانسە، گەلاڵەیەکی خستە دەنگدانەوە، ئەگەر بێت و ببێتە یاسا، ئیزنی ئەوە ئەدات کە هەر کەسێك کوشتاری ئەرمەنیەکانی دانیشتوی تورکیە، لە شەڕی جێهانی یەکەم دا، بە پاکتاوی ڕەگەزی نەزانێت بکەوێتە بەر لێپرسینەوەی یاسایی و سزاش بدرێ. ئەم مەسەلەیە قەیرانێکی لە پەیوەندیەکانی نێوان تورکیە و فەڕانسە دا دروست کردوە و پەرلەمانی تورکیەش هەڕەشەی کردەوەیەکی هاو شێوەی کردوە.

بە پێی ئەم گەلالەیەی پەرلمانی فەڕانسە، ئەو کەسانەی نەسڵ کوژی ئەرمەنیەکان ڕەد دەکەنەوە ڕەنگە سزای ساڵێك زیندانیشیان بەسەر دا بسەپێ و یان بە 45 هەزار یۆرۆ غەرامە بکرێن. ئەگەر ئەم تەرحە لە پارڵمانی یەکێتی ئوروپادا پەسەند بکرێت، هێندێك لە ولاتانی تریش بە پێی ئەم یاسایە دەکەونە ژێر لێپرسینەوە، لەوانە کۆماری ئیسلامی ئێران، بە هۆی قەتڵ و عامی زیندانیانی سیاسی لە ساڵی1367 دا و سەرکوت و کوشتاری خەڵکی کوردستان.

پامۆك خاوەنی کەسایەتییەکی گۆشە گیر و کەم نوتقە و کەمترین کات لە تەلەفزیۆن و ڕۆژنامەکاندا دەر دەکەوێ، لەو بارەیەوە دەڵێ: "بە هۆی ئەو پرسیارە ئاست نزم و مەسخەرە ئاسایانەی لێم دەکرێت، هێندێ جار ولامی مەسخەرە و گاڵتە جاڕی دەدەمەوە، ئەمەش مایەی پەسەند نییە لای هەموان.

ئۆرهان پامۆك لە حاڵێك دا خەلاتی نۆبێلی بە دەست هێنا کە هاوکات قسە لە کەسانێکی وەك: فیلیپ ڕاس ی ئامریکایی، ئاموس لە ئیسرایل، ئەدۆنیس ی سووری و ماریو بارگارس ی پرۆیی، بۆ بەدەست هێنانی ئەم خەلاتە، دەکرا.

لەبەرهەمە بەناوبانگەکانی پامۆك، دەکرێ ئاماژە بەم ڕۆمانانە بکرێ:" (قەلای سپی)، (کتێبی ڕەش)، (ژیانی نوێ)، (بەفر)، ... هتد." لە زۆربەی ئەو نوسینانە دا، بە تایبەتی ئەوانەی دوایی، پامۆك ئاماژە بە چەند خاڵێکی هەستیاری پێکهاتەی نەتەوەکان دەکات، و باس لە وردەکاریەکانی دژایەتی‌یە ڕەگەز پەرەستیانەکان دەکات کە لە نێوان نەتەوەکاندا، و لەسەر دەستی دەوڵەتەکانیان، بە زیانی میللەتەکانیان تەواو دەبێت.

ماوەتەوە بڵێین بەرندەی خەلاتی نۆبل، ملیۆنێك و چوارسەد هەزر دۆلار جایزەی نەغدی، و دیپلۆمی ئیفتیخار و میداڵی تەلای پێدەبەخشرێ. ئێمە لای خۆمانەوە، بەم بۆنەیەوە، جوانترین پیرۆزبایی ئاڕاستەی ئۆرهان پامۆك و کۆمەڵگای فەرهەنگی پێشکەوتنخوازی تورکیە دەکەین.

سەرچاوەکان:
ئینتێرنێت، نوسراویکی بارام ڕەحمانی، لاپەڕەی ڕەخنەی چاودێر

***

# یادێك لە جوهەیل

ئا : پێشەنگ

لەمانگی ژولایی ساڵی 1937 دا کاتێك کە ئیتحادیەی کرێکارانی سەنعەتی جیهان تووشی پرش و بڵاوی هاتبوو، لەئورگانی رەسمی خۆی دا بەناوی "مانگنامەی ئیتحادیەی گەورە" نووسیبووی:

–یەکێك لەو خزمەتە بەنرخانەی کە ئیتحادیەی کرێکارانی سەنعەتی جیهان بە بزووتنەوەی کرێکاری کرد، دەرخستنی بایەخی سروود و گۆرانی شۆرشگێرانە بوو لەخەباتی رزگاری خوازیدا. بەناوبانگترین بەتواناترین شاعێرو گورانی بێژی ئەم ئیتحادیەیە (جۆزێف هێلستروم) بوو، کە میلیونها کەس لە گۆشەو کەناری دنیادا بەناوی "جوهەیل" دەیناسنەوە.

جەوهیل، 7ی ئوکتوبری ساڵی 1879 لەوڵاتی سوئید لەدایك بوو. باوکی کرێکاری رێگای ئاسن بوو، و موسیقارکەی، ئاماتور بوو کە لێ دەدا، هەرچەندە جەوهیل لەماڵ دا گوێی لە مووسیقای باوکی دەبوو چاوی لەدەستی دەکرد، حاکم ئیشارەی بە گورانیی ئاغای (بلاك) کرد کە جەوهیل بۆ بلاك کرێکاری مهاجری دانابوو، و راگەیاند کە هەرخودی ئەم گورانییەت بەڵگەی تاوانبار بوونتە.

دواتر ئەم قسەیەی حاکم و ئەوەیکە ئەم گۆرانییە (بلاك) لەتەواوی محاکمەکان دا ببووە دیفاعێك و پاڵپشتێك بۆ ئەندامانی ئیتحادیە بەرانبەر بەتومەتی قەتڵێك کە لە وتیلەند دا ئەنجام درابوو، ببو بەهۆی زیاتر بەناوبانگ بوونی. رۆژنامە نووسێکی کالیفۆرنیایی لەساڵی 1914 دا




نووسی: ئێستا گۆرانیی بلاك، بەناوبانگترین و پەسەندترین گۆرانییە (ئەلیزابت گورلی فلین) رۆژی 22 ی مانگی مەی ساڵی 1915 لە نەشریەی (هاوپشتی) دا لەستایشی جەوهیل دا وەك گۆرانی بێژێکی بەتووانا، نووسی:

–جەوهیل گۆرانی وا دادەنێ کە دەفرێ، دەڵێ، پێ دەکەنێ و شەوق دەداتەوە، گورانییەکانی ئاگری راپەرین لەدەروونی چەوساوەکان و پێ شێل کراوەکان دا هەڵدەگیرسێنێ و گوروتین و هیوای ژیانی سەربەست لەیەکە بەیەکەی کۆیلەکاندا دەبزوێنێ. جوهەیل، ئاوات و ئارەزوەکانی کرێکاران و زەحمەتکێشان و چەوساوەکانی بۆ گەیشتن بەئازادی، لەوشەدا بەیان کردووە، بەبێ ئەوەیکە ئەو کچە جوانانەی لەبیرکردبێ کە دیلی دەستی ستەمکاران و قژی ژنانی دەوڵەمەند شانە دەکەن.

ئەلیزابت لەدرێژەی بابەتەکەی دا دەڵێ:
—لەتەواوی بەرهەمەکانی دا، لە گۆرانییە شادەکانییەوە وەك ئاغای بلاك و کیس جونز بگرە تا سروودە جیدییەکانی، وەك ئەگەر تفەنگێکم هەبا، ستمکارم لەسەر تەختی ستەمگەری دەهێنایە خوارەوە هەموویان بوونەتە شوعاری تەبلیغی، جەوهیل بەلام لەم زەمینەیەدا لەفێربوونی موسیقا بێ بەهرە بوو. ساڵی 1902 لەتەمەنی 23 ساڵی دا چووە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاو 10 ساڵی تەواو بەکاری جوراوجۆری وەك کشتوکاڵ، لوولەکێشی، کرێکاریی هوتێل و رەستوورانەکانی شاری نیویۆرك و ماوەیەکیش بەکاری دەرهێنانی مس و کارکردن لە کەشتیدا سەرگەرم بوو. لەبارخانەکان و کورەکانی ئاسن تووانەوەدا کاری دەکرد و لەگەڵ کارەکەشی دا شتی دەنووسی، شێعرو سروودو گۆرانی دادەنا و هەموو شتێکی دەنووسی.

جوهیل لەساڵی 1910 دا لەهەرێمی کالیفۆرنیا بە لقێکی محەللی ئیتحادیەیەکەوە پەیوەست بوو. لەو کاتەدا 75 ساڵ بوو کە (ئتحادیەی کرێکارانی سەنعەتی جیهان) دامەزرابوو. ئەم رێکخراوەیە ساڵی 1905 لەکۆبوونەوەیەك دا بە بەشداریی حیزبی سوسیالیست و ئانارشیستەکان، و لایەنگرانی ئیتحادیەی سنفی و شۆرشگێرەکان لەشاری شیکاگۆی ئەمریکا دا پێك هات.

لەپێك هاتنی ئەم ئیتحادیەیەدا کەسانێکی ناسراوو هەڵسووراوی وەك دایە جۆنزی پیری 75 ساڵەی رێکخەری ئیتحادیەی کرێکارانی مەعدنەکانی ئەمریکا، یوجین دبزی، رێبەری حیزبی سوسیالیست، دانیل دولئون رێبەری حیزبی کرێکارانی سوسیالیست، "لوسی پارسنز"ی گیانبەخت وی ماجەرای هێی مارکێت، ویلیام هوود مەعدەنچی و بەرپرسی خەزانەداری ئیتحادیەی مەعدەنچییەکانی رۆژئاوا، بەشداربوون.

دروشمی ئەم ئیتحادیەیە پێك هاتبوو لە 3 وشە کە بریتی بوو لە رزگاری، فێربوون و رێکخستن. ئەم ئیتحادیەیە کۆمیتەو بنکەو ناوەندی تەبلیغی و ناوەندی فێربوونی سەنعەتی جوراوجۆری دامەزراند. سەدان هەزار تراکت و نووسراوەی تەبیلغی و نامیلکە و بەیاننامەی چاپ و بڵاوکردەوە. کەزوریان بە وێنەی سادە و ساکار نقاشی کرابوون.

لەگەرمەی هەڵسووران و کاری تەبلیغی و رێکخستن دا برێك لەهەڵسووراوانی کرێکاری پێشنیاریان ئەوە بوو کە بەهۆی کاریگەربوونی سروود و گۆرانیی شۆرشگێرانەوە ئیتحادیە بڵاوکردنەوەی نامیلکە بەرهەمە ئابووری – سیاسییەکانی وەلابنێ و تەنیا کتێبی سروود و گۆرانی بڵاوبکاتەوە.

جەوهیل ئەگەرچی لەگەڵ ئەمەدا نەبوو، بەلام لەو باوەرەدا بوو کە ئەگەر کەسێك بتوانێ راستییە ساردو بێ رۆحەکان لەقاڵبی گۆرانی دا بەیان بکاو گورو تین و جوانییان پێ ببەخشێ تا لەحاڵەتی وشك "بێنەدەر" دەتوانێ لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر لەو کرێکارانەی کە نەخوێندراون یان تاقەت و توانای متالێعەی بابەتە عیلمی و ئابوورییەکانیان نییە و نایان خوێننەوە، پەیوەندی بگرێ و رێکیان بخا.

جەوهیل لەساڵی 1911 دا کاتێك کە لە بارخانەی (سان پدرو)دا کاری بارکردن و داگرتنی کاڵاو کەلوپەلی دەکرد، شێعری یەکەم گۆرانیی بەناوبانگی خۆی بەناوی (کیسی جونز، مانشکێنی ئیتحادیە) دانا. جوهەیل ئەم گۆرانیەی بۆ کرێکارانی مانگرتووی (ساوس پاسیفیك لاین) دانا کە مانگرتنەکەیان بەهێنانی تاقمێکی مانشکێن لەلایەن خاوەن کارەکانەوە لەگەڵ شکست بەرەوروو بوو، گوت و تێیدا باسی اعتساب شکاندن و خەراپەکاری لە ئیتحادیە دا دەکاو هێرش دەکاتە سەر کیسی جونز ی مانشکێن.

ئەم گۆرانییە بەخێرایی کەوتە سەر زمانەکان و لەسەر کارتی رەنگی چاپ کراو بۆ فرۆشتن رەوانەی بازار کرا تا بەداهاتەکەی هەزینەی مانگرتنەکە دابین بکرێ. هەڵبەتە هەرواش بوو، داهاتەکەی کۆمەکی زۆری بەدرێژەدانی مانگرتنەکە کرد.

لەماوەی چەند مانگێك دا ئەم گورانییە بوو بەوێردی سەر زمانی تەواوی کرێکارانی ئەمریکا و لە کارگەو کارخانەو هەموو جێگایەك دا دەیانوتەوە و کرێکارانی مهاجریش شار بەشار دەیانبرد بڵاویان دەکردەوە.

جەوهیل زۆر زوو بوو بەیەکێك لەنووسەرو شاعێر و گورانی بێژە بەتواناکانی دەستەیەکی بچووکی شاعێران و گۆرانی بێژانی کە بریتی بوون لە راڵف و چاپلین، جیمز

کانال ی سوسیالیستی ئیرلەندی و چارلز ئەشلی، کە بەرهەمەکانیان لە گۆرانی و کتێب دا تۆمار دەکرا و بڵاودەکرایەوە. برێک لە گۆرانییە بەناوبانگەکانی جوهیل بریتی بوون لە:

ئەوەیکە ئێمە دەمانهەوێ، ماڵ بەکۆڵەوە، ئەمەیە هێز، کچی شۆرشگێر، مانشکێن، و کویلە، ئەگەر سەرباز بووم ئاغای بلاك و چەند گۆرانییەکی تر.

ئەم گۆرانییانەی جەوهیل هەروەك لەناوەکانیان دا دیارە، رەنگدانەوەی هەلومەرجی واقعی و خەباتی کرێکاران بوون و کرێکاران وەك چەکێکی کاریگەر لەخەباتیان دا بەکاریان دەهێنا. لەشێعرێکی دا بەناوی (هێز لەئیتحادیەدا یە) ماناو ناوەرۆکی ئیتحادیە بەیان دەکات، کە دەڵێ:

—ئەمەیە هێز، ئەوەتانێ هێز لێرەیە

لەحەلقەی کرێکاران دا

کاتێك رادەوەستین دەست لەناو دەست

ئەمەیە هێز، ئەمەیە هێز

هێزێك کە دەبێ بەسەر هەموو جێگایەکدا حاکم بێ

ئیتحادیەیەکی سەنعەتیی گەورە

ساڵی1911 (لەململانێی نێوان وابلییەکان و سپای رزگای دا لەسەر راکێشانی کرێکارانی مهاجر بۆ ریزەکانی خۆیان)، جەوهیل بۆ لەقاودانی دووروویی و ریاکارییەکانی کەشیشەکانی کلیسا کە بەرەوزە خویندن و بەڵێنی دانی بەهەشت خەڵکیان فریو دەداو دەیانچەوساندنەوە، بەدەنگە خۆشەکەی گورانیی "رەوزە خوێن و کۆیلە"ی دەوتەوە:

—دەیانهەوێ پێت بڵێن کە چ شتێك غەڵەتەو چ شتێك دروستە

بەڵام تا دەپرسی ژیانم چلۆن دەبێ؟

بە زمانێکی لووس و چەور، بەدەنگێکی نەرم و ناسك دەڵێن:

لەو سەرزەوییە شکۆدارە دا، لەئاسمان

ئینشا ئەڵڵا بەنان و خوانێك دەگەی

کاربکەو دوعا بکە، بەگژوگیا بژی

کاتێك کە مردی لەئاسمان دا شرینیت دەدەنێ.

لەرۆژەکانی ژیانەوە و گەشەکردنی ئیتحادیەدا، کرێکارانی مانگرتوو و پارێزەرانی مانگرتنەکان هەر هەموو پێکەوە گۆرنییەکانی جەوهیل یان دەگوتەوە.

کاتێك چەکدارەکانی کەلانتەر هێرشیان کردەسەر کرێکارانی گیا دروو لە ویتلەند، کرێکارەکان گۆرانیی (بلاك)یان وت. ئەم گۆرانییە، جەوهیل بۆ کرێکارێکی مهاجری دانابوو بەناوی بلاك، کە رۆژێك مەئموورانی بەکرێگیراوی "نووسینگەی کار" دەیگرن و لەدەرەوەی شار دا هەموو لەشی دەشکێنن.

جەوهیل کە کرێکارێکی مهاجر بوو، لەساڵی 1911 تا 1913 هەر دەمێك لەشوێنێك کاری دەکرد. جاروبار لەرێگای ئاسنو بەینا بەینیش دەچوو میوە چنین و بەزۆریش لەبارخانە کاری دەکرد. ساڵی 1913 هەڵسووراوانەو چالاکانە لەخەبات و بزووتنەوەی کرێکاری دا کە لەشاری (یوتا) لەئارادا بوو، بەشداری کرد. سەعات 4.6 ی شەوی دەیەمی مانگی ژانویەی ساڵی 1914 چەند چەکدارێك هێرش دەکەنە سەر دووکانداریك و خۆی و کورەکەی دەکوژن. جەوهیل کە لەو دەوروبەرە بوو پاش تەوابوونی تەقە، لەو دووکانە نێزیك بووەوە و دووکاندارەکەی بە بریندار دیت چوو کە دوکتۆر بهێنێ وئەو پیاوە لەمەرگ رزگار بکا، پۆلیس رژایە ئەو ناوەو چەندین کەسی گومان لێکراوی دەستگیر کرد کە یەکێك لەوانە جەوهیل بوو.

بەتاوانی بەشداری لەو قەتڵەدا، جەوهیل یان گرت و رەوانەی زیندان کران. دوای ماوەیەك دەیکێشنە پێی محاکمە: بەڵام دەڵێ، من ئاگام لەم مەسەلەیە نییە و هیچ شتێك لەم بارەیەوە نازانم، لەوەڵامی دا دەڵێن درۆ دەکەی. چیتر وڵامی پرسیارەکانیان ناداتەوە.

رۆژی 22ژانویەی 1914 محاکمەی جەوهیل دەستی پێ کردو بەبێ ئەوەیکە بەڵگەو مەدرەکێکیان لەدەست دا بێ، جەوهیلیان خستەژێر لێپرسینەوە.

جەوهیل کە پووڵی نەبوو وەکیل بگرێ، خۆی بوو بە وەکیلی خۆی و لەلایەن خۆیەوە کەسی وەك شاهێد بەدادگا نەناساند و بێ باکانە هەستایە سەرپێو وتی: من بێ تاوانم و لەکوشتنی ئەو دوو کەسەدا هیچ دەستێکم نەبووە و ئاگاداریش نیم کە کێ بووە و چلۆن بووە.

لەکاتی محاکمە کردنەکەیدا، ئامانج و دروشمەکانی ئیتحادیەی لەشکڵ و شێوەی ئەمرو هەمیشە زیندوو دا، یانی گۆرانی خەڵکی و شۆرشگێرانە، گۆرانی عامیانە دا داڕشتووە و سروودەکانی بەهێزو پرشنگدار کردووە بۆ نموونە لە گۆرانی ی (ئەوەیکە ئێمە دەمانهەوێ) دا دەڵێ:

—ئێمە دەمانەوێ، کەشتیوان و خەبات و نەجار
تەواوی ئاشپەزەکان و کچە قاپ قاچاخ شۆرەکان،
ئێمە دەمانەوێ، عەودالأنی مرواریو
ئەو کچە لاوانەی کە قژی ژنانی دەوڵەمەند شانە دەکەن،
نانەواو قاوەچیو رەنجبەران،
ئێمە دەمانهەوێ پیاوێك کە خزمەتکارو بەردەستەو
ئەو کە بۆ پوڵێکی کەم تا ئێوارە کاردەکا،
هەر هەموو لە ئیتحادیەیەکی گەورەدا کۆببنەوە.

جەوهیل چەند بەڵگەیەکی خستەروو کە بێتاوانەو بەهیچ شێوەیەك لەو قەتڵەدا دەستی نەبووە. بەڵام پۆلیس و دادگا رایانگەیاند کە جەوهیل درۆ دەکاو ئەوەیکە ئەو دەیڵێ راست نییە. هەوڵ و تەقالای جەوهیل بێ سەمەر بوو، چونکە بەر لە محاکمە کردنی بەتاوانبار لەقەڵەمیان دابوو. سەرمایەداران و حاکمانی بێ ویژدان و چاوچنۆك، بەڵگەی جەعلی و تەزویریان بۆ جەوهیل دروست دەکرد. رۆژنامەی "ئیونینگ نیوز"رۆژی24ی ژانویەی ساڵی 1914 لەبابەتێك دا بەناوی (پێشینەی تاوانبارانی هیلسترۆم لە کالیفۆرنیا) نووسی:

—جەوهیل لە چەتەیی رێگری و دزی کردن لەمسافرەی ئۆتومبیلەکان لەخیانەتەکان دا دەستی هەبوو.

نەك هەر ئەم تۆمەتە بەڵکوو چەندین تۆمەتی تریان بۆ سازکردو تەنانەت یەك کەلیمەش چییە، دیفاعی لەخۆی نەکردو ئەوانیش لەم بێدەنگ کردنەی کەڵکیان وەرگرت و ئیدیعاکانی خۆیانیان دەسەپاند. بەڵام دواتر لەنامەیەك دا کە بۆ ئەندامانی ئیتحادیە نووسی بوو، وتبووی:

—بەپێچەوانەی ئەو درۆو دەلەسەو قسە ناشیرینانەی کە لەبارەی منەوە چاپیان کردووە، من لەمە تەنیا یەکجار زیندانی کراوم و ئەویش لە (سان پدرۆی کالیفۆرنیا) لەسەردەمی مانگرتنی کرێکاران و باربەرانی بەرخانەدا بوو.

لەو کاتەدا دەبیری کومیتەی مانگرتنەکە بووم و بەهۆی هەڵسووراو بوونمەوە، دەوڵەت بەتاوانی (بەرەڵڵایی) مانگێك زیندانی کردم. ئەمە هەمووی پێشینەی تاوانباریی منە، من هەمیشە بۆ دابین کردنی بژێوی بەرێچوونم کارم کردووە و کەس گلەیی لێم نییە و کاتی بێکاریم بەوێنە کێشان و گۆرانی و مقام دانان و موسیقا لێدان دەبردە سەر.



سەرلەبەیانی رۆژی 19ی نۆڤامبری ساڵی 1915، جەللادانی دژی بەشەرو بەکرێگیراوانی دڵرەق، جەوهیل یان بەرانبەر بەجوخەی ئاگر، بەست بە کورسییەکەوە. 5 چەکدار ئامادەی دەستریژ بوون. کەڵانتەر فەرمانی دا:

نیشانە بگرن. جەوهیل گوراندی: بۆ راوەستاون، نیشانە بگرن، دەسرێژ بکەن! کەڵانتەری ترسنۆك و جینایەتکار فەرمانی دەسرێژی دا و جەوهیل یان دایە بەر دەسرێژی گوللە و تیرەبارانیان کرد. سەعاتی 7 و 42 دەقیقەی بەرەبەیانی رۆژی 19ی نۆمبری 1915 مەرگی جەوهیل راگەیەندرا.

دوستان و هاورێیانی، تەرمی جەوهیلی شۆرشگێریان ئەسپەردە کردو بەمەبەستی بەرێوەبردنی مەراسیمی پرسەو سەرخۆشی کردن، نەیانتوانی سالونێك پەیدابکەن، چونکە خاوەنی هوتێل و سالۆنەکان نەیاندەوێرا بۆ ئەم

مەراسیمە سالۆنەکانیان بەکرێ بدەن و ئاخریەکەی مەراسمی یادکردنەوەکەی جەوهیل لە ساختمانێکی بچووك دا کە چەندین هەزار کەس لە دەرەوەی ساختمانەکەدا کۆببوونەوە، بەشکۆیەکی تەواوەوە بەڕێوەچوو. یەکێك لە هاوڕێیانی جەوهیل رووی لەبەشداربووانی مەراسیمەکە کردو گوتی:

–جەوهیل بۆ ئەوەیکە قەزاوەتی لەسەر بکرێ دەچێتە دادگایەکی بالاٌتر کە عەدالەت لەوێ دا حاکمە. ئەندامانی ئەم دادگایە چینی کرێکاری سەرتاسەری جیهانن، ئەوان ولاٌمی ئەم جینایەتە دەدەنەوە و ولاٌمیان لەم پەڕو ئەوپەڕی دنیادا دەنگ دەداتەوە. کاربەدەستانی ئەیالەتی لەداهاتوویەکی نێزیك دا سزای ئەو تاوانەیان وەردەگرن کە بەرەبە یانێك دا جەوهیل یان بەبێ تاوان، تیرباران کرد. ئەوکات روو لەئامادەبووان، ئاخرین وەسیەتنامەی جەوهیل ی خوێندەوە کە بەم شێوەیە نووسرابوو:

–ئاخرین وەسیەت. وەسیەتم زۆر روونە و ئاسانە، ئیرس و میراتێکم نیە، هاوریانم شیوەن و زاریم بۆ نەکەن بەردی ئاوەسوو قەوزە هەڵناگرێ. ئەگەر بەدەستی خۆم بوایە، دەمگوت لاشەکەم بسووتێنن، تاشنەبایەك هەڵکاو خۆڵەکەم بەرەو گوڵستانەکان بەرێ، بەڵکو گوڵێکی سپی و ژاکاو بپشکوێ و دووبارە بژیەتەوە. ئەم ئاخرین وەسیەتی منە. ئیتر هەر هەمووتان شادو سەرکەوتوو بن.

رۆژنامەی "ئیدنینگ نیوز" مەتنی وەسیەت نامەکەی چاپ نەکردو تەنیا ئەوەی نووسیبوو کە جەوهیل جێی وەسیەت نامە شێعری نووسیوە. تەرمی جەوهیل یان برد بۆ شیکاگۆو بە بەشداریی 30 هەزار کەس بەخاکیان سپارد. هەواڵنێرێك کە گوزارشی ئەم مەراسمەی بۆ رۆژنامەی نیوز ناردبوو، نووسیبووی:

تا ئێستا لەشیکاگۆ دا ئاوا مەراسیمێك بەرێوەنەچووە، ئالاٌیەکی
سوور کە لەپێشەوەی ئەو تابووتەوە بوو کە لەداری سنەوبەر دروست
کرابوو، جاروبار بۆ رێزگرتن لەپیاوێك کە بەحوکمی قانوون لەلایەن
کاربەدەستانی دەوڵەتەوە لەیوتا دا تیرەباران کرا، بەرز دەبووەوە.
نەدوعا خوێندنێك لەئارادا بوو، نە سروودێکی مەزهەبی. بەلاٌم
هەر هەموو بەدەنگی بەرزو بەشەوقەوە گورانییەکانی
جەوهیل یان دەوتەوە. بەرووی تابووتەکەوە نووسیبوویان:
بەیادی جەوهیل کە قەت لەبیری ناکەین.
یەکێك لەهاوڕێیانی جەوهیل بەلەحنێکی توندوتیژەوە گوتی:
–جەوهیل یان لەبەرئەوە تیرباران کرد کە ئەندامی هەڵسووڕاوی
چینی کرێکار، یانی ئیتحادیەی کرێکاران بوو. هەرچەندە جسمی ئەو
مردووە، بەلاٌم لەلای ئێمە هەر زیندووە و نامرێ! لەبەربوونی
فەزای وەحشەت و خەفەقان نەمانتوانی دیفاعی لێ بکەین! ئێمە

بەڵێن دەدەین کە درێژەپێدەری رێبازەکەی بین و ژیانی خۆمان فیدای ئارمان و باوەری بکەین کە قەت شکست ناهێنێ، باوەرێك کە جەوهیل سەربەستانە سەرومالٌ و ژیانی خۆی لەم پێناوەدا بەخشی. جەوهیل نەمردووە و نامرێ و لەدڵی چینی کرێکاردا زیندووە. لەهەر شوێنێك کە کرێکاران لەرەنجو ئازارو ژان دان، سروودەکانی جەوهیل دەڵێنەوە ئەو سروودانەی کە رێگای یەکگرتن و یەکانگیر بوونیان پێ نیشان دەدا.

***

# فیلم سازی ئوسترالیایی جین

لەفارسییەوە: بێستون

هەمیشە ژمارەی فیلم سازانی ژن کەمبوەو ژنانێکیش کە فیلمی لەیادنەچوویان دروست کردوە دەگمەنن. لەراستیدا ئێستاش تارمایی پیاوەمزنی خۆی بەسەر سەنعەتی سینەمادا کێشاوە و ئێستاش ژنان نەیانتوانیوە پێناسەی راستەقینەی خۆیان لەسینەمادا ئاشکرابکەن.

ئەوانەش کە قسەیەکیان هەیە، بەرهەمەکانیشیان نەیتوانیوە بۆ بینەرانی سەرنج ڕاکێش بێ لەراستیدا بۆئەوەی ژنان هەلومەرجی ئینسانیخۆیان لەسینەمادا وەدەست بێنن رێگایەکی دوورودرێژییان لەپێشە.

بەلاّم لەنێو ئەو ژمارە کەمەی سیمای ژنان لەسینەمادا کەلە بواری فیلم سازیدا سەرکەوتنیان وەدەست هێناوە، جین کۆمپتون یەکێك لەو ژنانەیە کە تەمەنی 43 ساڵەو خەڵکی ئوسترالیایە. لەسەرداوای دایکی کە هونەر پیشەیەکی سینەمایە، هاندراوە بەشێکی زۆر لەفیلمەکان ببینێ. هەرچەند چوونە سینەما لەسەردەمی منالّی دا بۆئەو ناخۆش بووە بەلاّم هەر بەدیتنی پەیوەندی ئینسانەکان لەسەر پەردەی سینەما، کاریگەری هەبوە لەسەر هەستو نەستی و دواتر بۆتە فیلم سازێکی سەرکەوتوو.

جین پاش تەواو کردنی خوێندنی دانشگا لەرشتەی کۆمەڵناسی و لەرشتەی شێوەکاریدا درێژەی بەخوێندن داوە و دواتر بەقەولی خۆی تەنیا بۆ ئەوەی لەو بوارەدا هەنگاوێکی هەڵگرتبێ بەدووربینێکی بچووك، فیلمێکی ناسەرکەوتووی بەناوی (دەسماڵەکان) دروست کرد.

بەلاّم پاش دروست کردنی ئەم فیلمەو ئەزموون وەرگرتن لەوبوارەدا، توانی رۆڵی خۆی لەژیاندا ببینێ و هۆگری زیاتری بەسینەما پەیداکرد، واتە هۆگری بەکارێکی پەیداکرد کە هەرگیز ماندوی ناکات و تەنیا ئامرازێکە بۆ دامرکاندنەوەی رەنجو ئازارەکانی تەنیایی خۆی.

پالەوانانی سەرەکی بەسەرهاتی ناو فیلەمەکانی جین کۆمپتون هەمیشە لەژنەکان پێکهاتبوون و هێنانەگۆڕی مەسەلەی پەیوەندیدار بەژنانەوە، بەشێکی سەرەکی لەناوەڕۆکی فیلمەکان پێك دێنن.

یەکەم فیلمی درێژو سەرکەوتووی ناوبراو ناوی (شیرین)ە کە لەساڵی 1989 بەرهەمی هێناوە. داستانی ئەم فیلمە سەر بردەی ژنێکی لاو دەگێڕێتەوە کە پەیوەندیەکی چڕوپڕو دژواری لەگەڵ خوشکی سەرشێتی خۆی و بنەماڵەکەی پەیدادەکات.

فیلمێکی تری ناوبرا (فریشتەیەکی سەرمێزەکەم) ە کە لەساڵی 1990 بەرهەم هاتووە. سیناریۆی ئەم فیلمە لەسەر بنەمای وتەی ژیانی ناسراوترین شاعیرو نووسەری (نیوزلەندی) بەناوی (جانت فریم) تەنزیم کراوە، واتە

بەسەرهاتی ژنێکی تاک و تەنیا کە بەهۆی هەلومەرجی نالەباری ژیان، ماوەی 8 ساڵ لەناوەندی نەخۆشی یە دەروونیەکاندا ژیان بەسەر دەبات.

(پیانو) ناوی فیلمێکی جین و لەساڵی 1993 دروست کراوە و پاش وەرگرتنی خەڵاتی ئۆسکار بۆ باشترین دەرهێنەرو باشترین هونەر پیشەی ژن، توانی سنورەکانی سەرکەوتن ببەزێنێ و دەروازەی ئاوازەو ناسراوی بەرووی ئەو ژنەدا بکاتەوە.

(پیانو) بەسەرهاتی ژنێکی(سکاتاندی)یە کە پاش بەشوودانێکی زۆرەملی و نەخوازراو هاوکات لەگەڵ کچەکەی رووەدکاتە (نیوزلەند).



رەخنەی لێدەگرێ. لەماوەی فیلمەکەدا ئەوین، بەرزەفڕی، غرورو هەستی ژن لەروانگەیەکی مادیانەو مەسرەفی یەوە شی دەکرێتەوە پەیامی (جین) لەو فیلمەدا ئەوەیە کە هەرچەند بۆ ژن و پیاو ئیمکانی هەڵبژاردنێکی گونجاوو دڵخواز لەئارادانییە، بەڵام گرینگ ئەوەیە کە بکەوێتە شوێن ئەوینی راستەقینە، چونکە عەشق و ئەوینی راستەقینە، دڵو دەروونی ئینسان بەرز رادەگرێ.

جین کمپتون دەڵێ:(هنری جمیز) نووسەری رۆمانی (سیمای خانمێک) کە خۆم بناغەی فیلمەکەم

ئەم ژنە کە توانای قسەکرنی نییە، رێگای دەنگ و نەوای پیانۆ، لەتەوین دەدوێ و باس لەئازارەکانی دەکا. لەراستیدا پیانۆ زمانی ئەم ژنە بێ زمان و بێ دەرەتانەیەو سەرەنجام هۆگری ئەم ژنە بەپیانۆ، کاردەکاتە سەر ژیان و ئەوینی و رەوتی ژیانی دەگۆڕێن.

فیلمێکی تری جین کمپتون کە لە ساڵی 1996 کەوتە ناو بازاڕی سینەماوە، (سیمای خانمێک) بوو. ناوەڕۆکی ئەم فیلمە بەسەرهاتی ژیانی ژنێکە، کە دیلی سوننەت و نەریتەکان بووە.

لەراستیدا جین لەرێگای ئەم فیلمەوە، جیهانی پیاوەمەزنی ئوروپای سەدەی 19 بەدەربڕینی هەستێکی ژنانەوە

لەسەر ئەو رۆمانە داڕشتووە، لەڕاستی دا منی فێرکرد کە هەرچەند جیهان وەك زبڵدانێك وایە، بەڵام ئەرکی هونەرمەند ئەوەیە کە بەلێبڕاوی و جەسووری ڕاستی یەکان وەکو خۆی بگێڕێتەوە و بکێشێتەوە.

هەربۆیە لەهونەری سینەمادا، درکاندنی ڕاستییەکان بۆمن گرینگترین مەسەلەیەو تا ئەو جێگەیەش بتوانم هونەرەکەم لەسینەمای بازرگانی بەدوور ڕادەگرم و هەوڵ دەدەم بیروڕای خۆم بەو جۆرە کە هەیە لەڕێگای سینەماوە، وێنەکانی بکێشمەوە.

***

# قەت لە بیری ناکەم

ن: موحەممەد شەمس
و: شەما ڵ

ئەمە یەکەمین پشووی هاوینەی من بوو کە لە گەڵ خاڵم دەڕۆیشتینە بازاڕ، تا وەکوو لە کارگەیەکیدارتاشیدا دەس بە کار بم، ئەو ساڵە، سەرەڕای ئەوەی کە تازە بابم لە دەست دابوو، بەڵام شازوخوشحاڵ بووم بەوەی کە پۆلی پێنجی سەرەتاییم بە بێ کەوتن تێپەڕاندبوو و بە خەیاڵێکی ئاسوودەوە لە گەڵ منداڵانی گەڕەك لە بەرەبەیان تاکوو شەو یاری بکەم. بەیانان یاری ((هەلەق مەلەق)) و ((چل تۆپ)) بکەم، و دوانیوەڕوانیش، کە زۆرتر خەڵکی گەڕەك خەریکی حەوانەوەن، مریشك و کەڵەشێرەکەم لە گەڵ جووجەڵەکانیان بەرەڵا کەمە کۆڵان و لە گەڵ ئەو منداڵانەی کە بە پسکە پسك لە ماڵەوە دەهاتنە دەر، لە سەرسەکۆی بەرماڵی حاجی سمساری یاریەی((ناوە تەمر)) و لەسەر ئەو خۆڵ و خاکانەی بۆ قوڕەکاریان ڕۆکردبووە کۆڵانەوە، تا دەمەو ئێوارە یاریەی ((قەڵای شا هی کێیە))، و ئەو کاتیش کە شەو بەسەردا دێت، لە گەڵ منداڵان دا یاری((شێرم دیوە)) دەست پێ بکەین. ئاخ، یاری .......بەڵام بە داخەوە کە کات بۆ یاری و سەیران، بۆشاد و گەش بوون و منداڵی کردن، زۆر کەم بوو.

خاڵم سپاردمیە دەس حاجی ماشەڵلا و ڕۆیشت، حاجی ماشەڵلایش هەر زوو ژێڕاخەرێك و، تەختە بەردێکی چەند کیلۆیی، چەکوشێك و پووتێکی حەڵەبی گەورەی پڕ لە بزماری لاروویری ڕژاندە بەر دەستم و دواییش چەند دانەیەکیشی لێ ڕاستەوە کرد، هەتا من فێری چۆنیەتی ڕاست کردنەوەی بکات. تەواوی ئەو ڕۆژە ڕقم هەستابوو. ئێوارە، حاجی ماشەڵلا پێنج قرانیەکی پێدام و گوتی((سەید ڕەزا بیرت نەچێت، شەممە کاتژمێر هەشت لێرە بی.))



چەند جار دووبارەی کردەوە کە لە یادی نەکەم. هەتاکوو بەر ماڵێ گریام.

دایکم ڕۆیشتبوە نانەوایی. هێشتا فرمێسکم لە چاودابوو دایکم گەڕایەوە، جۆرێك چاوی لێکردم وەکوو ئەوەی تەواوی ڕۆژەکەی لە گەڵم بووبێت و ئازارەکانمی هەست پێ کردبێت. وەکوو ئەوەی ئازاری پێدادانی چەکوشەکە کە بە جێی بزمارەکە دەیدایە سەر دەستمدا، هەست پێدەکرد. قامکی ئاماژەم قڵەشابوو و لە ژێر یەك لە نینۆکەکانیشم دا خوێن کۆ ببووەوە. ناڕەحەت و بە

گریانەوە دەستە بچووکەکانمی خستە دەستیەوەو گوتی:((ئیدی نامەوێ بڕویە سەر کار،بڕۆ دەست وەدەمووچاوەکەت بشۆو وەرە نانەکەت بخۆ و بڕۆ لە گەڵ منداڵان لە کۆڵان یاری بکە.))

ڕۆیشتم لە حەوزەکە دەست نوێژم گرت، تا نوێژەکەم بخوێنم و دوایەکەشی بە دڵێکی ئاسوودەوە لە گەڵ منداڵاندا ((شێرم دیوە )) یاری بکەم. پاروە نانێك کە خۆشکە گەورەکەم بە ڕۆن و شەکرەوە بۆی پێچابوومەوە، خواردم و لە ماڵ ڕۆیشتمە دەر. بەڵام دەنگی حاجی ماشەڵڵا پەیتا پەیتا لە گوێم دا دووبارە دەبووە: ((سەید ڕەزا، بیرت نەچێت شەممە بەیانی کاتژمێر هەشت لێرە بیت.)) ئاخ، من ناچار بووم بڕۆم بۆ سەر کار، تا یارمەتییەك بم بۆ دابین کردنی بژیوی ژیانی بنەماڵە شەش کەسیەکەمان. ئایا دەبوو بێجگە لە لەش خستنە ژێر باری کارەوە، و خۆ بەری کردن لە یاری و شادی، خوێندن و فێربوون، چەرخەی ژیانی ئەم بنەماڵەیە بسووڕێنی؟! ئەمە سەرەتای زوڵمێك بوو لە من .... زوڵمێك کە بۆ نیوو سەدەیە بە بێ ڕاوەستان درێژەی هەیە.

ئەومنداڵە بچووکە ئێستە خۆی بابی دوو منداڵە، قژی سپی کردوەو هەروەها خەریکی ئیش کردنە. هەرچەند ساڵانێك لەو ڕۆژانە تێدەپەڕیت، بەڵام هێشتا برین ولەتمەی کاری دەورانی منداڵیم بە سەر گیان و زەینمەوە ماوەتەوە. هێشتاکەیش حەسرەت و ئاواتی ڕۆژهایەکم لە دڵایە کە بە جێی یاری و خۆشی و شادی، بە جێی وانە و ڕاهێنان، ناچاری کار کردن بووم و ئازار و ڕەنجی کار بڕێژمە گیانی بێزار و ماندوومەوە. بەشداری لە کۆبوونەوەی پاڵتاکی((گوێگرتن بۆ وتەی منداڵانی کار لە ئێران))، کە لە لایەن ((داروگ)) وەکوو بەشێك لە کەمپێنی پشتیوانی لە مافی منداڵی و تێکۆشان بۆ هەڵوەشاندنەوەی کاری منداڵ لە ڕۆژی 27_ی مانگی ئووتدا بەڕێوە برابوو، جارێکی دی بردمیەوە ئەو ڕۆژە حەسرەت بارانە. بۆ ڕژانی کارگەی حاجی ماشەڵڵا و کاتژمێرە سەخت و دژوارو درێژەکانی ڕاستەوە کردنی بزماری لار و وێر.



لە سەر باڵ و پەڕی وتە ڕۆخێنەرەکانی هەڤاڵانی کرێکاری بچووکم، ئەوانەی کە وەکوو منداڵی من بۆ یارمەتی بە بژیوی ژیانی بنەماڵە و بە ناچار ئیشیان دەکرد، دانیشتم و سەفەرێکم کردەوە کارگەکەی حاجی ماشەڵڵا. موحوممەدی یازدە_دوازدە ساڵە دانیشتبوە سەر زەوینەکە و بە ڕقێکی بێن خواردوو لە ناخ دا و فرمێسکێکی‌شاراوە و نهێنی لە چاودا، بزماری ڕاستەوە دەکرد و لەعنەتی دەکرد لە چارەڕەشی خۆی. ئاواتە بچووکەکەی یاری و شادی بوو، خوێندن و فێربوون بوو، هێمنی و ئاسایش! ئەو ئاواتانە لە بەین چوون، بەڵام ئاواتەکانی سایر و

سومەیەکانی ئێمە بۆچ وای لێبێت؟! بۆچ ئەوان دەبێت کار بکەن، ئازار و ڕەنج بچێژن، لە فێرکاری و پەروەردە دوا بکەون، بۆچ ڕووی هێمنی و ئەمنیەت نەبینن؟ ئەو کۆبۆنەوەو وتەکانی منداڵانی ئێمە، منداڵانێك کە بۆ یارمەتی بە بژیوی ژیانی بنەماڵە بۆیاخی پێڵاو بکەن، سەوزی پاك بکەنەوە، قەند دەشکێنن، بنێشت و ڕۆژنامە دەفرۆشن، لە کارگاگەلی میکانیکی و..... هیتد خەریکی ئیشن، باس لە شێواز و هەل و مەرجی کاریان، لە ئاوات و ئارەزوە بچووکەکانیان کە دەست پێڕاگەیشتنیان هاسانە، هێندە تەکاندەر و ئازاردەر بوو کە پێنووس لە نووسینی شەرمەزارە.

بەڵام ئەوەی کە مووچڕکم پێدا دێنێ و ئازارم دەدات،هەربە تەنیا ئەمە نیە. بەڵکوو کەم نین لە نێوان چینی کرێکارو چالاکانی بزووتنەوەی کرێکاریدا، هەزاران هەزار کەس کە لە منداڵیەوە ناچار بە کار کردن بوون و، هێشتاش ڕەنج و حەسرەتی ئەو ساڵانەیان لە دڵایە، هەزاران هەزار کەسێك کە وەکوو من، هێشتاش خەریکی کار کردن و مایە نیانن لە گیانی خۆ، هەتا وەکوو منداڵانی خۆشەویستیان لە کاری دەورانی منداڵی دوور کەونەوە، بڕۆنە خوێندنگە، شاد بن، یاری بکەن، و لە ئەمنیەت و ئارامیا بن. لێرەدا ئەمەیە ئازاری من ئەدات، کە ئەم هەزاران هەزار مرۆڤی کرێکارە، ئەو هەزاران هەزار چالاکی بزووتنەوەی کرێکاریە، وان لە کوێ و بۆچ بۆ سایر و سومەیەکان، ئەم منداڵە خۆشەویستانەی چینی خۆیان، هەوڵێك نادەن؟!

منداڵانی چینی کرێکار بە چ زمانێك دەبێت هاوار بکەن کە نایانەوێت کار بکەن، دەیانەوێت بڕۆنە قوتابخانە، یاری بکەن، شاد بن و لە ژیان و منداڵی خۆیان چێژ وەرگرن. بۆچ بەم دیاردە و تراژدیە نامرۆڤانە و دڵ هەژێنەی کە ڕۆژ بە ڕۆژ بەربڵاوتر دەبێت، بێ دەنگی دەنوێنن؟! بۆچ ئیشی منداڵ و((داخوازی هەڵوەشاندنەوەی))، بەس بووەتە دروشمێك کە ساڵێ جارێك لە سەر ڕاگەیاندنەکانی یەکی ئەیاردا دەنووسرێتەوە؟! بۆچ چالاکیەکی لێبڕاوانەو پەی گیر بۆ((هەڵوەشاندنەوەی کاری منداڵ)) ڕێکناخەین؟! قسەی من لەگەڵ بزووتنەوەی کرێکاری وچالاکان ولق وپۆکانیەتی.

قسەی من لە گەڵ ئەو هەزاران هەزار کرێکارەیە کە ئێستەش ڕەنج و حەسرەتی کاری منداڵیان بە کۆڵەوەیە.

ئێمە لە پێناو منداڵانی کرێکار، لە پێناو ڕۆڵەوجگەرگۆشەکانی چینی خۆمان دا بەرپرسیارین. ئێمە نابێت ئیزن بدەین منداڵانمان بکێشرێنە ژێرکارەوە و ژیانیان تێدا بچێت. بە تایبەت ئەوەی کە کاری منداڵان، بە پێچوانەی بۆچوونی باو، لە درێژ ماوەدا و بە پێی توێژینەوەکان نەك نابنە هۆی یارمەتیەك بۆ بژیوی ژیانی بنەماڵەییمان، بەڵکوو دەبنە هۆی لەتمە لێدان و لە ناو چوونی ئەمنیەت و هێمنی پیشەیی و هاتنە خوارەوەی ڕادەی حەقدەست و هەروەها مانەوەمان لە کۆیلەیەتی و هەژاری و ڕۆژڕەشیدا.

ئێمە دەتوانین بە هێزی یەکگرتووی خۆمان، کاری منداڵ و پارە پێ هێنانەوەیان لێ قەدەغە بکەین، ئێمە دەتووانین بە کاری وشیاری دەرانە، بنەماڵەکان بخەینە سەر ئەو باوەڕەی کە کاری منداڵان نە لە بەرژەوەندی منداڵایە و نە لە بەرژەوەندی بنەماڵەکانیش! ئێمە دەتووانین بە کۆبوونەوە و دەربڕینی ناڕەزایەتی لە بەرانبەر ئەو کارگایانەی کە منداڵان دەخەنە ژێرکارەوە، منداڵانمان لە کۆیلە بوونی حەقدەستی ڕزگار کەین!

ئێمە دەتوانین دەوڵەت ناچارکەین کەئەرکی خۆی بباتە ڕێوەوخوێندنی بەخۆڕایی وشیاوی هەموو منداڵان تا تەمەنی 18 ساڵی بگرێتە ئەستۆ.

بەڵێ، ئێمە دەتووانین بە هێزی یەکگرتووی خۆمان هەمووی ئەم کارانە جێبەجێبکەین. لەم ڕێگەیە، بەپشتیوانی دۆستانە و گەرم و گوڕ لە ناوەند و کەمپین گەلێك کە پشتیوانی لە مافی منداڵان و هەڵوەشاندنەوەی کاری ئەوانیان بە هەوڵ و تێکۆشانێکی بێ وچان وماندوویی نەناسانەوە گرتووتە ئەستۆ بە تایبەت کەمپێنی لە کاتی بەرەو پێشچووندا بە ناوی((یەك ، دوو، سێ، ڕەنج و کار بەسە، هەموو منداڵان بەرەو مەدرەسە!))، کە لە لایەن ((کۆمەڵەی هەڵوەشاندنەوەی کاری منداڵان لە ئێران )) و(( ناوەندی ئەدەبیاتی زارۆك_داروگ)) لە پشتیوانی لە مافی منداڵان و بۆ هەڵوەشاندنەوەی کار و خوێندنی بە خۆڕاییان بۆ ڕێکخستوون، هەنگاوێکی گرینگ و بنەڕەتیە.

***

# حکایەتی بەردی گۆڕەکەی شاملو

ن: ڕەزا بەراهەنی
و: پێشەنگ

هەواڵی تێک رووخاندنی بەردی گۆڕەکەی شاملو، هەواڵی ترسێکی شاراوەیە لەو خاوەن گۆڕە، لە کەسێکی کەلەو ژێرەدا قەراری گرتوە، وهەر وەها هەواڵی ئیرەیی پێ بردنی زیندوو بەمردویەکە. بە غیلی لەم بارەیەوە کە ئەم رۆژگارە پڕ لە زۆرداریەی سەردەم تێپەرێت و لەگەڵی دا ئێسك و پرووسکی خاوەنانی دەسەلات سەرپاك بهاڕدرێ. و ئەو دەنگە بمێنیتەوە و سروود بڵی و بیخوێننەوە و بخوێندرێتەوە.

وای دانێین بەهۆی ئاگری ئیرەییەوە ژیلەمۆی ئەو ئارامگایەت بە چوار گۆشەی گۆی زەوی‌دا پرژاند، یان ئێسکانەکانت ڕفاند و بەنرخێکی ناچیز فرۆشتت. رازی ئەم نوکتەیش بێژە کە ئەو بۆچی هەر دەمێنیتەوە؟ بەبێ ئەوەی خۆی لە خۆی دا خاوەنی هیچ دەسەلاتێك بێت، و تۆش لە ناو ئەچی، هەر چەند کە هێزی سەرتاسەری ولاتێکت بە هەزار فێڵ و درۆ هێنابێتە ژێر رکێفی خۆتەوە.

یاسای تۆشتێکەو، یاسای ئەو شتێکی‌تر، ئەو دوانەتان بەسەر دوو سەرزەوینی جیاوازدا هەنگاو ئەنێن. دوو ئاسمانی جیاواز بەسەرتانا ئەڕوانێ. کەسێکی کەلە تارێکی‌دا قوڵنیك بەدەست دێتەپێش، لەگەڵ کەسێکی کەلە رووناکایی‌دا قەڵەمبەدەستەوە دێت، لە چوارچێوەیەکدا ناگونجێن. یەکێك پەنجەرەکان پێوە ئەدات، پەڵکی دارەکان دەشکێنێتەوە، دنیای بە تاریکی گەرەکە. ئەویتر ئەوژنە بانگهێشتی بەرپەنجەرە ئەکات، ئاسمان بە بەر ڕوخسارو پرچە کراوەکەیدا تێدەپەرێنی و دەشتە زەنوێرەکان بە رووی باران دا دەکاتەوە.



گیانی شاعیر لە جێیەکی دیکەیە، نەك لەو نێوەدا کە تۆ بە قوڵینك کەوتویەتە ویژەی. ئەگەر لە هەر خولەکێك دا هەزاران کەرەت بمرێت، دیسان هەر زیندوە، لە هەر ئان و چرکەیەك دا، و نەك تەنانەت بەردەوام لە دڵی خەڵکی ئاساییدا، کە ڕەنگە ناخافڵ ڕازی بەتێك دانی بەردی گۆڕەکەشی بووبێتن. تەرازوو بە دەستانێك هەن کەلە رێدان و دەگەنێ، بەردوام لەرێدان و دەگەنێ تاسرشتێکی ڕەوانی هەڵسەنگێنن کەهەستی خۆی نایە پێناوە زمانەوە، تەنانەت لەپشت مەرگەوە، چون شاعیر ئەگەر شاعیر بێت، زمانەکەی ئاوێتە بە مەرگ نییە. بەڵام ئێوەی بێچارە چی؟ مەرگێك لە چاوەڕوانیتان دایە کە وەك هەر نەبووبێتن وایە.

تەنانەت ئەگەر ئێمە لە رۆژی رۆشنیش دا کۆبینەوە و نەیەڵین ئێوە بەردی گۆڕە کە بە تاراج بەرن، دیسانیش

کەلاك خۆرەکانتان هەر خاوەنی زەنییەتی تاریکی خۆیانن. و تاریکی شەو، ئەویش شەوی گۆرستان و لە تاریکی دنیاش دا هەر کردەوەیەکتان لێدەوەشێتەوە. کابووسی ئەو تاریکیەش تا ئەبەد لەگەڵ ئێمەدا رێدەکات. بەڵام ئەوەی لەدەست ئێوە نایەت، قەبوڵکردنی ئەم ڕاستیەیە کە وەك رۆژ روونە ولە داهاتوودا منالەکانتان دەستیان دەکاتەمێعیارو پێوانەکانی و نفرین بۆ ئێوە دەنێرن سەبارەت بەوەی کەلەسەردەمی شاعیردا ئیزنتان نەداوە قومێك ئاوی ئاسودەیی بەگەرووی ئەو و هاوبیرانیدا بچێتە خوارێ. ئەتانتوانی کاتی زیندوو بوونی سوود و چێژی لێوەرگررن. بەڵام لایقی ئەوە نەبوون. و شاعیر چ تۆڵەیەکی لێکردونەوە. لەکاتی زیندوو بوونی دا نەتانتوانی دەستی بۆبەرن، بەڵام ئێستا بە نێنۆکی تەشوێ خەریکن رووخساری گۆرەکەی دەرووشێنن. لە گۆرە کەیدا بە بوێریتان پێدەکەنێ، بەعەقڵ و بەغیرەتتان. ئێوە تەنیا جۆرئەتی ئەوەتان هەیە کە ترس و نیگەرانیەکانتان دەربخەن. کەوایە ڕاکەن و خاك و خۆڵی لاشەکەیدا بێژن.

نەشکۆیەك لە ئارادایەونە خەڵەتاندنێك. تۆزەکەی چاوی نەوەکانتان بەرووی زۆرداریەکانتاندا دەکاتەوە. یەقینێکی سەرچاوە گرتوو لە شێعرەوە کە چاوە گوێرەکان بەرەو رۆشنایی وەردەگێرێ. نەخۆشخانەیەکتان بە بەرینایی ولاتێك گەرەکە، شاعیر دەستی داوەتە تیمار کردنی رۆح و ڕەوانی دنیایەك.

بڕوانە سووکایەتی لە سەردەمێك دا کە شەڕخوازێکی جیهانی دەستی داوەتە کوشتاری گەلان، چە قۆکێشەکەی گەڕەك خەرێکە بە نووکی ددانی شاکردەکانی ناوی شاملو لە سەر بەردی گۆڕەکەی دەکرێنێ. بڕوانە ئیرەیی بردنی زیندوو بە مردوو. مردوو گەلێك بەر لە ئێستا ئەمەی دەزانی. بەڵام زیندوەکە ئێستاش نایزانێ.

سەڵای شاعیر لە ژێر گڵ و لە پشت سەدەکانەوە، لە رێگای دەنگی شاملوەوە دەگاتە گوێ کە دەڵێ: ئاو و خاکی ئەم ولاتە کەسی بێ قیمەت و پێنەزان بەرهەم دەهێنێ. کوا هاورییێك کە لە گەڵیدا ئەم هەوارە جێبێڵم. خەسارە بولبولێکی وەك من لەم قەفەسەدا، بەم زمانە پاراوەوە بێدەنگ وەکوو سووسەنم.

***







- وت و وێژی ڕادیۆدەنگی کۆمەڵە لەگەڵ سەعید ئەمانی سەبارەت بە قەتڵی عامی زیندانیانی سیاسی لە ساڵی 67 دا

  سازدانی: ناسر حەق پەرەست ڕێکەوتی: 2006\7\11
- وت و وێژی تلویزیونی کۆمەڵە سەبارەت بە زیندان لە کۆماری ئیسلامی ئێران دا لە گەڵ "ئەحمەد ساڵحی"
- ئەشکەنجەی جنسی و خۆڕاگری بەکۆمەڵ نموونەی: مکزیک — سن سالوادر تاتنکو

  و: کەریم ئەمانی
- لەزیندانی "پول چەرخی" کابوڵەوە هەتا وەکیل "ئابادی مەشهەد" "چەند بیرەوەرییەک لەزیندانی ئەفغانی، زیندانی وەکیل" ئابادی مەشهەدو وەزعییەتی ناو زیندانەکە".

  ئا: پێشەنگ
- دەست درێژی کردنە سەر ژنان لە زیندانەکانی کۆماری ئیسلامی دا

  ئا: دەریا
- بڕینی زمانی ڕوانین کە باسێکە لەسەر زیندانی ج.ا

  ئا: پێشەنگ
- چەند بیرەوەرییەک لە زیندانەکانی ژنان لە "ج.ا" دا

  ئا: پێشەنگ
- یادیک لە کۆمۆنیستیکی نەسرەوتوو

  سۆهراب غولامی

# وت و ویێژی ڕادیۆدەنگی کۆمەڵە لەگەڵ سەعید ئەمانی سەبارەت بە قەتڵی عامی زیندانیانی سیاسی لە ساڵی 67 دا

سازدانی: ناسر حەق پەرەست
ڕێکەوتی: 2006\7\11

سەرتاسەری تەمەنی نگریسی کۆماری ئیسلامی ئێران پڕە لە تاوانی گەورە و بچووکی جۆراو جۆر و هالەیەك لەجەنایەتی دژی ئینسانی مێژووی دەسەلاتی 28 ساڵەی ئەو ڕژیمەی دەورداوە. یەکێك لەو جەنایەتە لەبیرنەکراوانەش کوشتارو قەتڵ عامی زیندانیانی سیاسیە لەساڵی 1367 ی هەتاوی دا. ئەم کردەوەیەی ڕژێمی ئیسلامی کاردانەوەیەکی قوڵی لەسەر هەست و ئێحساسی کۆمەڵگای ئێران بەگشتی و بنەماڵەو کەس‌وکاری ئەو ئینسانە شەریف و خەبات کارانە داناوە و هەموو ساڵێك لەمانگەکانی هاوین دا یادی ئەو ئازیزانە، ئاوێتە بەنەفرەتێکی بەرین لەو دەستەلاتە دژی ئینسانیە، دەکرێتەوە.

هەر لەم پەیوەندیە دا و بۆ ڕێز گرتن لەیادو خاترەی ئەو کەسانەی لەساڵی 67 دا ئیعدام کران، وتوێژێکمان لەگەڵ هاوڕێ سەعید ئەمانی پێکهێناوە.

سەعید ئەمانی لەدایك بووی ساڵی 1339ی هەتاوی یە و لە ساڵی 60وە هاتۆتە نێو مەسایلی سیاسیەوە، سێ جار لە لایەن کۆماری ئیسلامیەوە دەستگیر کراوە و سەرجەم 5 ساڵ زیندانی کێشاوە. ئێستاش لە بەشی ڕاگەیاندنی تەشکیلاتی کۆمەڵە دا سەرگەرمی چالاکی سیاسیە.



پرسیار: هاوڕێ سەعید تۆ وەك کەسێکی کە زیاتر لە 5 ساڵ لە زیندانەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران دا بەسەرت بردووە، دەکرێ بڵێین بەرخوردو هەڵسوکەوتی ئەم ڕژێمە لەگەڵ زیندانیانی سیاسی‌دا بەچ شێوەیەکە، ئایا لە ڕووی یاسایەکی سەقامگیرو دیاری کراوەوەیە یان مەقتەعی و ناسەقامگیرە؟

وەڵام: یەقینەن بەرێزیشت پێت وایە هەڵسوکەوتی ڕژێم لەگەڵ زیندانیانی سیاسی دا یاسامەند نییە، بۆیە ئەم پرسیارە دێنیە گۆڕێ. نەخێر هیچ یاسایەکی دیاری کراوی سەقامگیر بۆ بەرخوود لەگەڵ زیندانیانی سیاسی دا لە ئارادا نییە. ئەوە ڕووداو و گوشارە ناوخۆیی و دەرەکیەکانە شێوەی بەرخوردی ڕژێم، لەسەردەمە جۆراوجۆرەکاندا، دیاری دەکات.

ڕەفتار و بەخوردی کۆماری ئیسلامی ئێران بەردەوام بەرخوردێکی چەند مەنزووره بووه. له سەردەمێك دا، بەپێی هەڵسەنگاندنی ڕژێم لەگەڵ بەرژەوەندیەکانی دا، بەئاشکرایی و بێ پەرده نەیارانی سیاسی خۆی به جووخەکانی ئێعدام سپاردووه و تەبلیغی پێوەکردووه و لەمەقتەعێکی تردا بەشێوەی شاراوه بەرێوەی بردووه و پەیکەری ئێعدام کراوەکانی یا بەدزی شاردۆتەوه یان لەمەلاولا فرێی داون.

پ: ئەگەر بمانەوێ پۆلێن بەندییەك لەم پەیوەندیەدا بکەین، واته دەورەو سەردەمه جیاوازەکانی بەخوودی ڕژێم دیاری بکەین، ئەم پۆلێنی بەندیه بەچ شێوەیەکە؟.

و: بەڵێ بۆئەوەی بتوانین تایبەتمەندی کوشتاری زیندانیانی سیاسی ساڵی 67 بەباشی نیشان بدەین پێویسته بەرخوردی ڕژێم بەم شێوەی خوارەوه مەرحەله بەندی بکەین: لەساڵی 57 ەوه بۆ ساڵی 62، واته کۆتایی 62. لەساڵی 63 وه بۆ ساڵی 67 و سەرئەنجام بێینه سەر ڕووداوی قەتڵ و عامی زیندانیانی سیاسی لەو ساڵەدا.

دوای ئاخێزی جەماوەری ساڵی 1357 ی گەلانی ئێران و ڕووخانی ڕژێمی شا، سەرانی کۆماری ئیسلامی بەپشتیوانی بونگا هەواڵنێریه ڕۆژئاواییەکان توانیان سواری شەپۆلی نارەزایەتی خەڵکی ڕاپەڕیوی ئێران بن و لەپێکهێنانی دەوڵەتی دوای شۆڕش دا بەشێوەیەکی بەرچاو باڵادەست بن.

دوای قیام کەش و هەوایەکی، تاڕادەیەکی زۆر، ئازادو دیموکراتیك بەسەر کۆمەڵگای ئێران دا زاڵ بوو. لەهەموو لایەکەوه کەسایەتی، حیزب و سازمانه چەپ و شۆڕشگێڕەکان لەهەوڵی پاراستنی دەستکەوتەکانی قیام و هەرچی بەرینتر کردنەوەی دابوون. ئەمەش سەرانی ڕژێمی نیگەرانی کردبوو. چون ڕەوتی ڕووداوەکان بەپێچەوانەی مەیل و بەرنامەیی سپێردراوەکانی ئەوان خەریك بوو دەچووه پێش. بۆیه لەگەڵ ئەوەی بەتوندی خەریکی قایمکردنی دەسەڵاتی خۆیان لەشورای ئینقلاب دا بوون، لەم لاولاش به بەسیج کردنی دەستەو تاقمه مەرزهەبی و کۆنەپەرستەکانی سەربەخۆیان، خەریکی ئاژاوەگێری و بەرتەسك کردنەوەی ئازادیه سیاسی و کۆمەڵایەتیەکان بوون.

لەرێگای ئیمام جومعەکانەوه داوایان لەخەڵك دەکرد چەکەکانیان بگێڕنەوه بۆ پادگانەکان، گرفتیان بۆ کۆڕو کۆمەڵه ئازادو چەپ و ڕادیکاڵەکان دروست دەکرد. تەنانەت لەهێندێك شوێن دەستیان دابۆوه زیندانی کردنەوەی ئەو کەسانەی بەدژی ڕژێمی شا خەباتیان کردبوو و لەم پێناوەش دا زیندانی و ئەشکەنجەدرابوون و لەدوای قیامیش نەخشەکانی سەرانی ڕژێمیان خوێندبۆوه، و بەدژی وێستابوونەوه، ئەمانه سەرەتای حەرەکاتی دژی ئازادی و دژی شۆڕشی ئەو ڕەوته بوو که دواتر کۆماری ئیسلامی لەئێران هێنا گۆڕێ.

ڕژێم بۆ چاوترسێن کردنی خەڵکی ئازادی خوازی ئێران و ئەستاندنەوەی ئەو دەستکەوتانەی لەدوای قیام و لەئاکامی خەباتی شۆڕشگێڕانەی خەڵکی کوردستان، لەم ناوچەدا دەستەبەر ببوو، وه لەئاکامی دا پاشەکشه به ڕەوته کۆنەپەرسته مەزهەبی و غەیره مەزهەبییەکان کرابوو، دەستی کرد بەئاژاوه نانەوه و تەحریکات. لەرۆژی 28ی مورداری 1358 دا هێرشێکی جەنایەتکارانەی هێنایه سەر خەڵکی ڕاپەڕیوی کوردستان. مانگێك دوای ئەو هێرشه خاڵخاڵی وەك حاکمی شەرعی ڕژێم ڕەوانەی کوردستان کرا بۆ دادگایی کردنی ئەو کەسانەی لەلایەن ڕژێمەوه گیرابوون.

لێرەوه وەحشی گەری ڕژێم دەست پێدەکات. خاڵخاڵی که نوێنەری ڕژێم بوو لەبواری قەزاییدا، دەستی دایه دادگایی کردنی چەند دەقیقەیی و ئێعدام کردنی گیراوەکان بەشێوەی بەکۆمەڵ و بڵاوکردنەوەی وێنەی تیرباران کراوەکان، که کەسانی برینداری وایان تێدابوو نەیدەتوانی بەپێوه ڕابوەستێ و لەسەر بڕان کارهێنابوویانه مەیدانی تیر. ئەمه مەرحەلەیەك بوو که ڕژێم لەگەڵ ئەوەی گیراوەکانی سزا دەدا چنگ و ددانی خوێناویشی، بۆ هەرچی زیاتر ترساندنی نەیارانی، بەدەوروبەر نیشان ئەدا. لەگەڵ هێرش بۆسەر کوردستان، بەشێوەیەکی بەربڵاویش خەریکی سەرکوتکردنی خەڵکی تورکەمەن سەحرابوو. هێرشی کرده سەر شوراکانی شاری گونبەدو ئەنزەلی و یەکێتی جوتیارانی تورکمەنی تارومارکرد و ڕێبەرانیانی دەستگیر، زیندانی، تاقیب و ترۆرو ئێعدام کرد که دەکرێ ئاماژه به توماج، مەختوم قولی و کەسانی

تر بكرێ. لەمەرحەلەیەكی دیكە هەر لەو دەورەدایە كاتێك دەبینێ ناتوانێ درێژە بەسەركوت و كوشتار لەكوردستان بدات و دەستەڵاتەكەی لەبەردەم مەترسیەكی گەورەدا دەبینێ ئێعدامەكان كەم دەكاتەوە، دیلەكانی ئەشكەنجە نادات، تەنانەت پێشنیاری ئاگربڕو گورینەوەی گیراوەكانی هەردوولا دەكات و ئامادەگی بۆ وتووێژە لەگەڵ گەلی كوردستان ڕادەگەیەنێ. كە كردەوەیەكی تەواو بەپێچەوانەی ساڵێك لەوە بەریەتی.

دوای ئەوەی بەم شێوەیە دەتوانێ كەمێك خۆی بگرێتەوە و هێزێكی تازە نەفەس ئامادەبكات، هێرشەكانی لەئاستێكی بەرین دا تردا لەكوردستان دەست پێ دەكاتەوە. هاوكات لەسەرتاسەری ئێران دا گوشار دەخاتەوە سەر خەڵك و هێزە ڕادیكاڵەكان و بەبیانووی شەڕ لەگەڵ عێراق هیچ مەجالێك بۆ پشوودانێكی ئازاد ناهێڵێتەوە، تەنانەت دانیشگاكانیش، كەشوێنی سەرەكی هەڵسووڕانی هێزە چەپ و ڕادیكاڵەكان بوو، لەژێر ناوی ئینقلابی فەرهەنگی دا بۆ ماوەی 2 ساڵ دادەخرێن و هێرشێكی توندو سیستماتیك بۆ سەر هەر دەنگێكی نەیار و ئازادی خوازانە، بەتایبەتی كومونیست و چەپە ڕادیكاڵەكان دەست پێدەكات. لەماوەیەك پێشترەوە سەركوت و شێواندنی كۆڕو كۆبوونەوەكان دەستی پێكردووە و كەسانی ناڕازی دەستگیرو خراونەتە زیندانەوە.

ڕژێم بەردەوام خەریكی تەحریكاتەو لەبەهانەیەك دەگەڕێ بۆ ئەوەی دەستێكی توند لەنەیارانی بوەشێنێ و سەرئەنجام لە ڕۆژی 30ی خوردادی. 1360 دا بەدوای ڕاگەیاندنی قیامی چەكدارانە بەدژی ڕژێم، لەلایەن سازمانی موجاهیدینەوە، بەمەرامی خۆی دەگات و بەم بیانووەوە ئاستی سەركوت و دەستگیر كردنەكان گشت شارو شارۆچكەو تەنانەت دێهاتەكانی سەرتاسەری ئێران دەگرێتەوە و بەغەیرەز ماڵی ئەندامانی بەسیج و سپا و كەسانی سەر بەرژێم نەبێ هیچ ماڵێك نامێنێ ڕەوەی مەئمورانی سپای پاسداران و ئیتلاعاتیەكان وەسەر دەركەو دیواری نەكەون. ماوەیەكی زۆر كورت دوای حەرەكەتەكەی موجاهیدین ڕژیم دەستی دایە ئێعدامی كەسانێكی كە لە مانگەكانی پێشتر دا دەستگیر كرابوون و هێشتا چارەنووسیان نادیار بوو. ئەم كەسانە بەشێكی زۆریان لە خەباتگێڕانی سەرشناس و خۆراگری ناو زیندانەكانی ڕژێمی شا بوون. لەوانە دەكرێ ئاماژە بە شاعیری كۆمۆنیست و شۆڕشگێر سەعید سوڵتانپوور بكەین. لەماوەی یەك ڕۆژدا و لەسێ نۆبەدا 40 كەس لەو زیندانیانە ئێعدام كران و نێوەكانیان لەڕادیۆی تارانەوە ڕاگەیاندرا. ئەم كردەوە جەنایەتكارانەیە كۆمەڵگای ئێرانی تووشی شۆك كرد.



ئەم كردەوانەی ڕژێم لە ساڵەكانی 61 تا 62، واتە ئاخری 62، بەلووتكەی خۆی گەیشت. لەم ماوەیەدا بەدەیان هەزار كەس لەهەڵسوڕاوان و خەباتگێڕانی ئێران، ڕێبەران و ئەندامانی ڕێكخراوە چەپ و كومونیستەكان گیران، ئەشكەنجەكران، پرۆسەی تەواب ساز یان لەسەر ئیجرا كرا، هێنەرانە سەر تلویزیۆن و ئێعدام كران. لەم دەورەیەدا ڕژێم هیچ باكی لەوە نەبوو كە تا چ ڕادەیەك پێوانە مرۆییەكان پێشێل دەكرێ. و دەیویست لەم ڕێگایەوە تارمایی هەر چەشنە مەترسییەك لەسەر دەسەڵاتەكەی بڕەوێنێتەوە.

خوێناوی ترین و نائینسانی ترین جەنایەتەکانی رژێمی کۆماری ئیسلامی، بەدژی نەیارانی، لەو دوو ساڵەدا بەرێوەچوو.

پ: هاوڕێ سەعید بەبڕوای ئێوە پرۆسەی تەواب سازی لەچ ڕاستایەك دابوو، وە لەکوێدا کۆتایی پێهات؟

و: دەبێ ئەم راستیە بۆ هەموو لایەك بەباشی دەرکەوتبێ کە کۆماری ئیسلامی ئێران، وەك ژومارەیەك گرەوگا ن دەڕوانێتە خەڵکی ئێران و هیچ بەهایەکی ئینسانی بۆ دانیشتوانی ئەو وڵاتە دانانێ. رژێم بۆ ئیمتیاز وەگرتن لەوڵاتانی دیکەو باج ئەستاندن لەدەوروبەر کوشار دەخاتەسەر خەڵکی ئێران. یان بەپێچەوانەوە، گوشارەکانی کەمتر دەکاتەوە و فەزایەکی کراوەو بەڕواڵەت ئازاد پێك دێنێ. ئیتر ئەمە بەستەگی بە چەشنی شاخ بە شاخ بوونەکانی لەگەڵ دەوروبەردا هەیە.

کۆماری ئیسلامی مەبەستێکی سەرەکی بەلاّم بەڕواڵەت شاراوەی هەیە ئەویش ئەوەیە کە بوونەوەرێکی بێ ئیرادە، خەسیو، داتەکاو لە هەرچەشنە کەسایەتیەکی سیاسی و تەسلیمی لەدانیشتوانی ئەم وڵاتە گەرەکە. بۆیە بەردەوام و بەهەموو شێوەیەك دەیەوێ بیانکاتە ئەو مەوجوودە. پەرەپێدانی مەوادی موخەدر، ڕەواجدانی سیستماتیکی فەحشاو زۆر شتی دیکە لەنموونەکانیەتی.

رژێم بە، بەتەوابکردنی زیندانیانی سیاسیش ڕاست هەر ئەم مەبەستە تاقیب دەکات. دەزانێ کەسایەتیەکی سیاسی کە لەکۆمەڵ دا گوێی لێدەگرن، خاوەنی کەسایەتی و ئیعتبارە بەهاتنە سەر تلویزیۆن و پەشیمان بونەوە لەڕابردووی خۆی و تەئیدی کۆماری ئیسلامی ڕاست دەبێتە ئەو ناکەسەی ئەو دەیەوێ، بۆیە لەساڵی 61–62 دا بە توندی لە هەوڵی پەرە پێدانی ئەم پڕۆسەیە دابوو، بەلاّم ئەم هەوڵەشی وەك باقی هەوڵە جنایەت کارانەکانی دیکەی، لەسەر ئەساسی خۆڕاگری ئینسانە کۆمۆنیست و چەپ و شۆڕشگێڕەکان، شکستی هێنا و لە نیوەی هەوەڵی 62 دا باوی نەما. لەگەڵ ئەوەی لەبەرەوپێش بردنی ئەم پرۆسەیەدا توانیبووی ژمارەیەك ئینسانی لاواز، لەباری رۆحیەوە، بکاتە داردەست و گۆپاڵی خۆی بۆ ژێر گوشارخستنی هەرچی زیاتری زیندانیەکان و بەئەنواعی شێوەی وەك جەولەپێکردن و گێران بەزیندانەکانی شارە جۆراوجۆرەکاندا، خستنە نێو سلوولی زیندانیانی تازە دەستگیرکراو، بۆئەوە بەهەر شێوەیەك بێ ئەو زیندانیە برووخێنێ و وادار بە ئیعترافی بکات یان بەجۆرێك زانیاری لێ بکێشێتەوە، کەڵکی لێوەرگرتن، ئەم کەسانە، لانی کەم لەکوردستان، ژومارەیان زۆر کەم بوو. ناوزڕاوترینیان، کە لەهەموو شارەکانی کوردستان دا نێوی لەسەر زمانان بوو، مەعرووف کێلاّنە بوو.

پ: ئاڵوگۆڕەکانی ساڵی 63 بۆ 67 بەچ شێوەیەك بوو، ئەو ئاڵوگۆڕانە لەچیدا خۆی دەردەخست؟

و: وتم کە جەنایەت و وەحشی گەریەکانی رژێم لەساڵەکانی 60 بۆ نزیك کۆتایی 62 بەئەوجی خۆی گەیشت کە تێیدا نامرۆڤانەترین ئەشکەنجەو ئازاری جسمی و رۆحی، دادگایی کردنی کورت خایەن و فۆرماڵ، گیان لێ ئەستاندن لەژێر ئەشکەنجەدا، رووخاندن و بەتەواب کردن، ئێعدامی بەکۆمەڵ و تەسلیم نەکردنەوەی تەرمی گیان بەختکردوان بەبنەماڵەکانیان، کە دەکرێ ئاماژە بەنموونە گەلی وەك ئێعدامی 59 نەفەر لەشاری مهاباد بکرێ، روویان دا. بەر لەساڵی 63 یان لانی کەم تا نیوەی دووەمی 62 خەبەرێك لەملاقاتی حزووری و بەکۆمەڵ لە شوێنە گشتیەکانی وەك مزگەوت و حەساری زیندانەکان و مەرەخەسی، بەمەئمورەوەی زیندانی لەئارادا نەبوو کە وردە وردە دەستی پێکرد. هەواخۆری زیادی کرد، حەمام و پاك و خاوێنی گۆڕانی بەسەردا هات، ژومارەی زیندانیانی نێو سلولەکان کەمتر بوونەوە و هێنرانە نێو ژووری گەورەترەوە، هێنانی کتێب و دەفتەر کەمێك ئازادکرا، تەوابەکان رێزو قوتبیان نەما لای رژێم و هێنانی تلویزیۆن بۆ بەشێك لەژووری زیندانەکان.

بەرخوردی بازجوەکان و زیندانیان لەگەڵ زیندانی دا ئەو توندوتیژیەی پێشتری پێوەدیار نەبوو. تەنانەت هەڵسوکەوتی حاکمەکانیش فەرقی کرد. بۆ نمونە ساڵی 63 ئاغای قەدەمی، حاکم شەرعی دوای خاڵخاڵی و ئەو کەسەی 59 نەفەرەکەی مهابادی بەئێعدام مەحکوم کرد، هەر لەژووری بازجوویی دا زیندانیانی دادگایی دەکرد و خۆی بەشێلاق دەکەوتە وێزەی زیندانیەکان و بەپێی سیاسەتی ژێم بۆ ئەو دەورەیە هەمان رەوشی خاڵخاڵی

بەرێوەدەبرد. بەڵام دوای ئەوەی کۆماری ئیسلامی هەستی بەوە کرد دەسەڵاتەکەی خەریکە دەکەوێتە مەترسیەوە و ئیتر ناتوانێ درێژە بەو کوشت و کوشتارە وە حشیانە بدات دەستی کرد بەهێندێك ریفۆرم. حاکمی دوای قەدەمی کەسێك بەناوی مەزاهیری بوو. ئەو قازیە لەجەولەیەکی کورت و بەپەلەدا ژومارەیەکی زۆر لەزیندانیانی سەرلەنوێ دادگایی کردەوە و بەشی هەرە زۆری حوکمەکانی قەدەمی پوچەڵ کردەوە و مەحکومەکانی لە 5 ساڵ بۆ خوارەوەی بەبۆنەی جێژنی قوربان، لەشاری سەقز، کە زیندانیەکانی زیندانی شاری بۆکان یشیان بردبوە ئەوێ، ئازاد کرد، بەپێچەوانەی قەدەمی کە خۆی زیندانی ئەشکەنجە دەکرد ئەو جیا لەمناڵێکی 10–12 ساڵانە، کەوتیان نەوەی بوو، کەسی تری لەلا نەبوو، ئەو مناڵەش پەروەندەکانی بۆ دەهێنا بەردەستی. ئەم دوو بەرخوردە بەهیچ شێوەیەك ناکرێ بڵێین بەپێی بڕیارێکی یاسامەندی قەزایی بەرێوە چوون بەقەد ئەوەی بڕیارو بەرژەوەندییەکی سیاسی لەپشتەوە بوو.

لەدواکەوتووترین دەوڵەتانی دنیا دا شتێك بەناوی یاسای قەزایی بوونی هەیەو بەپێی شناختێکی کە لەسەر ئەو یاسایە هەتە دەکرێ پێشبینی ئەوە بکەی کە زیندانیەکی سیاسی، بەپێی کارێکی کردویەتی، چارەنووسی بەکوێ دەگات، بەڵام شتێکی وا لەکۆماری ئیسلامی دا پێشبینی نەدەکرا.

ئاڵوگۆڕەکان لەو شتانەی وا لەسەرەوە باسیان کرا خۆی دەرخست. کەش و هەوایەك کرایەوە بۆئەوەی زیندانی بەخۆی دابێتەوە. کەسایەتی ڕاستەقینەی خۆی سەرلەنوێ دارێژێتەوە. پەیوەندی گەرم وگوڕو باوەڕ بەیەکتری لەنێوان خۆی و بنەماڵەو کۆمەڵدا دامەزرێنێتەوە. ئەم خۆگرتنەوەیە گەیشتە ئاستێك کەبنەماڵەکان بەغوررو بەرۆحیەوە بکەونە شوێن چارەنووسی رۆڵەو کەس وکاریان و گوشار بخەنە سەردادگا و بەرپرسانی زیندان. ئەو گومانە تاساڵی 67 بەتەواوی ڕەوییەوە کە ڕژێم، تارادەیەك، توانیبووی لەلای خەڵك دروستی بکات کە گوایە بەشی هەرەزۆری زیندانیان پشتیان لەئارمان و ئامانجە ئینسانی و شۆرشگێڕانەکانی خۆیان کردووە و کەسایەتیەکی بەزیویان لێ دەرهاتووە.

پ: لەگەڵ ئەوەی ئاماژەت بەوە دا کە ژومارە و بەرینایی ئێعدامەکانی ساڵی 67 زۆر لەو ئێعدام و کوشتار و جەنایەتانی رژێم لەمەودای دەساڵەی سەرەتای تەمەنی دا دەستی بۆ بردبوون و ئەنجامی دابوون بەرتەسکترە، هۆی چیە ئێعدامی بەکۆمەڵی زیندانیانی سیاسی لەو ساڵە دا وەها کاردانەوەیەکی لەسەر هەستی خەڵك داناوە کە هەر ساڵە و لەوەرزی هاوین دا یادی ئەم کارەساتە دەکەنەوە؟

و: ئەم مەسەلەیە دەکرێ چەندین هۆی هەبێ کە گرینگ ترینیان، بەبڕوای من، ئەمانەن: کەسانێکی کە لەهاوینی ساڵی 1367 ی هەتاوی دا بەکۆمەڵ ئێعدام کران بەگشتی کەسانێك بوون کە هەموو ئەو ئەشکەنجەو ئازارانەی لەسەرەوە باسمان کردن لەدژوارترین هەل و مەرج دا تەحەموو کردبوو. زۆربەیان بەشێکی زۆری حوکمەکانیا ن نابوە پشت سەرو تەنانەت تێیان دابوو حوکمەکەیان کۆتایی هاتبوو چاوەڕوانی ئەوەبوون ئازادبکرێن.

ئەو کەسانە ژمارەیەك ئینسانی بەئەزموون و خاراوی ژوارترین هەل ومەرجەکانی زیندانی کۆماری ئیسلامی ئێران بوون بەو شیارییەوە خۆیان ئامادەکردبوو بۆ ئازادبوون و هاتنەوە ناو کۆمەڵگاو دەست بەکاربوونەوە. هەرکام لەو کەسانە لەسەر ئەساسی ئەو ئەزموون و ئاگاهی یەی، لە مەودای پشت سەرنانی ماوەی مەحموکمیەتی دا، بەدەستی هێنابوو دەیتوانی ببێتە کۆڵەکەیەکی قایم بۆ بزوتنەوەی کرێکاری، بزوتنەوەی ژنان، خوێندکاران و باقی بزوتنەوە ڕادیکاڵە کۆمەڵایەتیەکان. خۆی، رژێمیش هەستی بەم مەترسیە کردبوو. دەیزانی بەپێی ئاڵوگۆڕێکی کە بەقازانجی خەڵك لەناوخۆی ئێران دا پێك هاتبوو، ئازادبوونی ئەم ئینسانە خاوەن ئەزموونانە ئەوەندەی تر هاوسەنگیەکە بەدژی ئەو دەگۆڕن بۆیە لەبیری لەناوبردنیان دا بوو. بەوجۆرەی کە ژومارەیەك لەو کەسانەی حوکمیان تەواو ببوو بەڵام هەروا لەزیندان دا مابوونەوە، دەکرێ بڵێین بەرلەوەی خومەینی جامە ژەهرەکە بخواتەوە و کۆتایی بەشەڕ لەگەڵ عێراق بێنێ، پیلانی ئەم قەتڵ و عامەیان داڕشتبوو تەنیا لەبۆنەو بەهانەیەك دەگەڕان، کە ئەویش بەهێرشی سازمانی موجاهدین لەسنووری قەسری شیرینەوە، بەناوی "فروغی

جاویدان" وەك هەدیەیەكی ئاسمانی بۆیان نازڵ بوو. لەماوەیەكی كورت دا و لەزمان موسەوی ئەردەبیلی یەوە، بەرپرسی ئەوكاتی بەشی قەزایی رژێم، هەڕەشە لەزیندانیان كرا، لەتۆڵەی ئەو هێرشەدا، و ئەوەبوو بۆماوەی دوو مانگ گشت ملاقاتەكان قەدەغەكران، رادیۆ و تلویزیونی زیندانەكان كۆكرانەوە و رژێم لەماوەی ئەو دوومانگەدا نەخشەكەی خۆی بەكردەوە دەرهێناو كارەساتی ساڵی 67ی خوڵقاند كە تێیدا بەهەزاران كەس لەخۆڕاگرترین، بەئەزموونترین شەریفترین كۆمونیستەكان و ئینسانە ئازادی خوازو بەرابەری تەڵەبەكانی تێدا قەتڵ و عام كران و بەپێچەوانەی ئەوەی كە پێشتر تەرمی ئێعدام كراوەكان لەشاشەی تلویزیونەكانەوە پیشان دەدران و تەبلیغ و هەڕەشەیان پێوەدەكرا، لەوپەڕی بێدەنگی و سانسۆری خەبەری دا شاردرانەوە و ئێستاش باس لەم كارەساتە بەلای كۆماری ئیسلامی ئێرانەوە بقەیە.

پێم خۆشە بیرەوەرییەك سەبارەت بەبەرخوردی زیندانیەك كە لەماوەیەكی كورت دا، دوای ئەوەی لەزیندانی ئیتلاعاتی ورمێ وە هێنایانە زیندانی دەریا، بەیەكەوە ئاشنابووین باسبكەم، مەبەست لەگێڕانەوەی ئەم بیرەوەریە ئەوەیە كە بڵێم زیندانیەكی كە لەدەست ئەشكەنجەو بازجوویی ڕزگاری دەبێ چ ئاڵ و گۆڕێكی بەسەردا دێت و چۆن سەبارەت بە خۆی قەزاوەت دەكات و بەچ شێوەیەك دەكەوێتە هەوڵی خۆ سازدانەوە بۆ دەورەیەكی تر.

ساڵی 1364 بوو لەیەكێك لەمانگەكانی هاوین دا. تازە لە زیندانی ئیتلاعاتەوە هێنابوویانە بەندی 15ی زیندانی ورمێ. لەحەساری هەواخۆری و لەكاتی پیاسەكردن دا پێك ئاشنابوین لە جەریانی قسەوباسێك دا بۆیەكترمان گێڕایەوە كە لەسەر چ جەریانێك گیراوین. بۆی دەركەوت كەمن دوای تەواو بوونی حوكمەكەم واتە 30 رۆژی تر دەبێ ئازاد بكرێم. هەرچی زیاتر بەیەكەوە ئەدواین متمانەمان بەیەكتر زیاتردەبوو ئەوەبوو پێی وتم من پەیامێكم هەیە دەبێ دوای ئازادبوونت حەتمەن بۆم بگەیەنی. منیش بەڵێنم پێدا. هاوڕێیەكمان بوو كە لە جەریانی دەرگیری لەگەڵ هێزەكانی رژێم دا لەگەڵ یەك یا دووكەسی تر لەهاوڕێیانی پێشمەرگەی دا بەبریندارى

گیرابوون. ئەم هێشتا برینی لەشی بەتەواوی سارێژ نەببۆوە.

لەماوەی بازجوویی دا داوای لێدەكەن وتوێژە بكات بۆ تلویزیۆن ئەویش ڕازی دەبێ و بەپێی بۆچوونی خۆی بە شێوەیەك باس لەوە دەكات كە بەچ شێوەیەك، لەماوەی زینداندا، كۆماری ئیسلامی ناسیوە كە بكرێ كەسانێكی كە دەیبینن بتوانن بەپێچەوانەی چاوەڕوانی رژێمیش تەفسیرو تەعبیری بكەن. دیارە دوای ئەوەی كە بۆ تێستی كۆتایی دەبرێتەوە لای بەرپرسی زیندانی ئیتلاعات ئەویش هەست بەوە دەكات كە هێندێك لەجوملەكان نارۆشنن و بەم هۆیەوە دەیخەنەوە ژێر ئەشكەنجەو ئازارێكی زیاترەوە.

پێی وتم بنەماڵەكەم، كاتی ملاقات وتوویانە كۆمەڵە دەیەوێ بتان گۆڕێتەوە. من شەورۆژ لەبیری ئەوەدام ئەگەر ئەم كارە بكرێ من ڕەوانی دەبم چون منێك كە حازربووم بچمە سەر تلویزیون كوا بایەخی ئەوەم ماوە تەنانەت بەسیجە خوێریەكیشم لە بەرابەردا بدرێ! پێویست بەوتنە ئەم هاوڕێیە لەواحیدەكەی خۆیدا بەرپرسی بەشێك ببوو. وتی: پێویستە تۆ دوای رزگاربوون لەزیندان ئەم پەیامەم بەفلان كەس بگەیەنی، ئەو كەسەش ئەوكات فەرماندەی یەكێك لە گوردانەكان بوو، پێی بڵێی كە بەهیچ شێوەیەك ئەم كارە بۆ من نەكەن.

من پەیامەكەیم گەیاند. بەڵام هەلومەرجە كەوا بوو كە مەجالی هیچ موبادلەیەك لەگەڵ رژێم دا نەمابوو.

كوشتاری زیندانیانی سیاسی لە ساڵی 67دا بەبەر چاوی گشت ئەو دەوڵەت و ناوەندانەوە بەرێوەچوو كە پێشتر دادی داكۆكی لە مافی مرۆڤیان عالەمی كەڕ دەكرد. بەڵام، دوای كۆتایی هاتنی شەڕی ئێران و عێراق، بەو گومانەی كە لە داهاتوو دا ئەوانیش بەشداری خوانی چەوری بازسازی ئێران دیبن و بە پاروو قازانج و پارە دەماڵنەوە، چاوپۆشیان لەو جەنایەتە كرد. پێویست بە ئاماژەیە خودی رژیمیش، بەهەست كردن بەم مەسەلەیە، هەلەكەی بە لەبار زانی و، بێ ڕاوەستان، پیلانەكەی بەكردەوە دەرهێنا. سەرخۆشانی بەستنی گرێبەستە كەلانە ئابوریەكانیش خۆیان لێ كوێر و كەڕ كرد.

***

# وت و وێژی تلویزیونی کۆمەڵە سەبارەت بە زیندان لە کۆماری ئیسلامی ئێران دا لە گەڵ "ئەحمەد ساڵحی"

ئەحمەد ساڵحی ئەندامی کومیتەی ناوەندی کۆمەڵەیە کە تەمەنێکی زۆری لە زیندانەکانی کۆماری ئیسلامیئێران دا تێپەڕاندووە, هەر بۆیە داوامان لێ کرد لەو بارەوە جوابی چەند پرسیارێکمان بداتەوە.

TV : هاوڕێئەحمەد بەر لە وەی پرسیارەکانمان دەست پێبکەین ئەگەر ڕو بە بینەراتی کۆمەڵە تی وی قسەێکتان هەیە فەرمون تکایە.

ئەحمەد: سەرەتا پێم خۆشە سلاو رێز و خۆشەویستی خۆم پێشکەشی بینەرانی کۆمەڵە تی وی وهاوزیندانیەکانم و هەمو زیندانیانی سیاسی لە سیاچالەکانی جمهوری اسلامی دا بکەم. هەروەها پیروزبای ئەو کاناڵە ارتباتیەی خۆیان لێ بکەم کە هیوادارم بە هاوکاری و تەلاشی هەمولایێکمان بتوانین لە ئایندەیێکی نزیك دا بیکەینە ئەو کاناڵەی کە هەموان چاوەڕوانی دەکەن و بتوانی وەلام دەرەوەی هەموئەو نیازانە بی کە بە حەق لێی چاوەروان دەکری.

TV : هاوری ئەحمەد هەمو ئەو کەسانەی کە بە بەر دەمی زیندانی دریا لە رەزایە دا تیپەر بوبن چاویان بەوە کەوتووەو خوێندویانەتەوە کە جمهوری اسلامی بە سەر دەرگای ئەو زیندانەوە نوسیویەتی کە ئێمە زیندانمان نییە بڵکو دانیشگایێکمان هەیە کە لەوێ دەرسی ئیسلام دەگوترێتەوە؟ ئێوە کە ماوەی هەشت ساڵ لەو دانیشگایەی جمهوری اسلامی دا بوون دەکرێ پێمان بڵێی چی لێ فێر بوون و چوون دانیشگایێکە؟



گێڕانەوی قسەی هاورێیەکم کە جارێکیان هاتبو بو ملاقاتم دەمەوێ بڵێم ژیان لە سایەی حکومەتیجمهوری ئیسلامی ئێران دا هەموی وەك زیندان وایە, قسەکە ئەوەیە, جارێکیان برادەرێکم هاتبو بۆ مەلاقاتم, ملاقاتەکە لە پشت شیشەوە بو لە شیشەکەرا یێکتریمان دەبینی, بە تەلەفۆنیش قسەمان دەکرد, ئەو دەیهەویست دڵخۆشی من بداتەوەو ورەی من بەرزتر کاتەوە ( گوتی ئەحمەد وامەزانە کە هەر تۆ و ئەوانەی لە ناو ئەو زیندانەدا دەیانبینی لە زیندان دان بڵکو ئێمەی لەو دیو شوشەشەوە و لەو دیو دەروازەو سیمی خارداریشەوە و لە شارو ماڵ و ژورەکانی خۆشمان دا هەر زیندانین, فەرقێك کە هەمانە ئەوەیە کە ئێمە هەموو ڕۆژێك مەلاقاتمان هەیە, ئەو جار گوتی بت گرن و بتخەنە زیندان یێکجاری دەزانی زۆر خۆشترە لەوەی هەمو ڕۆژێك چاوەڕێ بی بێن و بتگرن. کە بە واقع وایە.

بە نیسبەت وەڵامی پرسیارەکەشتان ئەوەی کە جمهوری ئیسلامی دەڵی ودەنوسی ئێمە زیندانمان نییە بەڵکو دانیشگایێکمان هەیە کە دەرسی ئیسلامی تێدا دەگوترێتەوە ئەمن وا دەزانم کە جمهوری ئیسلامی راست دەکا , چونکە کەسانێك کە تاریخی ئیسلامیان خویندبێتەوە وشکەنجەو کوشت و بڕو هەڵسو کەوتی جەلادان و مەئمورورینی ئیتلاعات و کاربەدەستانی ناو زیندانەکانی جمهوری ئیسلامیشیان دیبیێ, دەبینیێ کە چەندە موشابهن ولە یێکەوە نێزیکن.دیارە خو ئیدعاش ناکەن بڵێن دانیشگایێکمان هەیە لە نوعی دانیشگاکانی وڵاتانی پێشکەوتوو کە دەرسی عیلمیو زانستی سەردەم و تکنولۆژیای تیێدا دەگوترێتەوە, مەنزوری ئەوان لە دانیشگاە هەر هەمان دانیشگاکانی ئێرانە کە هەر کاتێك هەستیان بە بونی ئەنگیزەیێکی شورشگێڕانەو پێشکەوتو خوازانە و دژی مەزهەبی کردبی تێی دا ئەو بەڵایەیان بە سەر ئەویش دا هێناوە و دانیشجووەکانیان داوەتە بەر ئەزیەت و ئازار و شکەنجە و کوشت و بڕ.

بۆیە راست دەکەن چونکە ماهییەتیدەسەڵات دارانی دینی لە دوور زەمانەوە هەر وابووە, هەموی توندوو تیژی دژ بە ئینسانەکان و کوشت و بڕ و شمشیر وەشاندن و سەر بڕینو لە سەلیب دان بووە ,ئێستاش لە و عەسرو سەر دەمەش دا کە ئەو ئیدولۆژیانە ئەو هەموە کال بونەوە و دەورێکی وا بەر چاویان لە ناو کومەڵگاکان دا نەماوە لە هەر کویێ دەسەڵاتیان بە دەستەوە بیێ یا دەرفەتێکیان هەبیێ ئەو نوعە توندوو تیژیانە دژ بە ئینسانەکان بە تایبەت ژنان ئەمرێکی ئاساین و بە ڕێوە دەچن , ئەوەتا هەمو ڕۆژێك لە پەنا گوێی خۆمان لەئەفغانستان, لە عێراق ,لە ئێران دەبینین بە انواع شێوە ئینسان ترور دەکریێ, لە ژێر شکەنجە گیانی لیێ دەستێندریێ, سەنگەسار دەکریێ ئیعدام دەکریێ, رەجم دەکری, موسلمانێك کە پە لە یە تی زوتر بگاتە بە هە شت و بە تە ماحیە کە شی جوریکە دەیهە وی زورترین بەشی پێببریێ بە دبە ختە وا مێشکیان ئاخنیوە و زاخاو داوە کۆلیك تی ئێن تی و تە قینەوە لە خۆی دە بە ستیێ و دە چیێ خۆی بەخەلکی تردا دەتە قێنیتەوە کە جمهوری ئیسلامی ئیران ئوستادی یێکەمی هەموو ئەو کارانەو ئەو دانشگایانەیە,کە ئەو دەرسانەی تێدا دەدریێ.

من تێناگەم رەنگ بیێ لە بەر ئەوەبی لەو دانشگایە بەو لاوە دانشگای ترم نە دیوە, وبە هەزار زەحمەت توانیومە مەدرەکی دووەمی رهنمایش وەر گرم, بە لام ئەوەندەی بیستومە لە دانشگا فێری ئیختراعت دەکەن, فێری ژیان و چارە سە ری گیر و گرفتە کانی دنیات دەکەن , فێری عیلم و دانش و مەعرفەتت دەکەن, بە لام لەو دانشگایە ی کە جمهوری ئیسلامی منی لیێ قە بول کردبوو زانین تاوان بوو, هە وڵدان بۆ زانین و وە دواکەوتنی زانین جورم بوو. ئەسلەن جیا لە زانین دەرزیێە کیان پێوە دیبای یا موکێشیك یان تیغێکی ریش تاشین و بگرە قولاپیك کە زیندانی بۆ سە ر گە رمی و حە تا بۆ دەر هینانی بژیو و بە رێچونی ژیانی پێویستی پیێ, بوو کە کیف و ئەو شتانە ی کە بە زە نگیانە ئە چنریێ, پێی بچنیێ پێیانەوە گرتبای لە سەری تە نبیێ دەکرای و دەنێردرای بۆ قەرەنتینە, بونی چرایە کی گە رمایی عەلادینیکی بە سیت بۆ وەی زیندانی غەزایێکی لە سەر گەرم بکا یان گەرم کاتەوە ئیمکانی نەبو, بۆ ئیمە کە بە هەزار زەحمەت بە قتوی تۆنی ماسی و دۆ خینی پاتۆڵە کە نمان چرامان دروست کردبوو ولە فروشگای زیندان شە معمان کڕیبو لە جیاتی نە وت دەمانکردە چرا دەست سازەکان و بە قاچاغی غە زایەکی عادی مەسەلەن تەماتە یە کمان پیێ سورە وە کردبا کاتێك ئاشکرا دە بوو , ودەیان دۆزێوە وایان دە زانی مراد شیرێژیان گرتوە بە چوار قەد فیشەکدانەوە. لە بازداشتگاکان حە تا مداد,قەلەمیکی عادی دەتوانی چەند سال زیندانت بە سەر دا ببریێ یان لێت زیاد کات. ئەوە چ دا نشگایە کە کە قە لەم تێیدا مال وێرانت د ەکاجگە لە دانشگای ئیسلامی نە بێت. لە بازداشتگای مە هاباد زیندانیەك لە کاتی بازجویی دا بیێ ئەوەی بێڵیێ بازجۆ کەی پیێ بزانیێ قە لە مێکی هێنابۆ ناو بەندی سیێ کاتێك خۆی لەو بەندە رۆیشت بۆ منی جیێ هێشت لە گەل ئەوەی دا کە خودی ئەو قە ڵە مە هە ڵگرتنی بە ڵا بوو بە ڵا م هە دیە یە کی بە نرخیش بوو, لە ناو ئەو بە ندە دا وەك گلێنەی چاو دەمان پاراست و جیگاهای باشمان بۆ دە دیوە بۆ ئە وەی زیندان بانە کان (ئوستادانی دانشگا) هە ستی پیێ نە کەن

و لێمان نەگرن کە وا هات رۆژێکیان رەئیسی زیندان جە نابی حاجی ناسری خێری لە خۆی گرتبو, دەیان گوت وە جاق کوێرە بۆ ئەوەی مندالی ببیٚ ئیجازەی دابو هە ر زیندانیەك یەك نامە بنوسیٚ بە کەیفی خۆی یا بۆ دادستان یا بۆ خانە وادەی, ئێمە لە ناو بەندی سێی ئەو کاتە ئەگەر ئیشتبا نەکەم حدودی بیست و چوار نەفەرێك بوین, چوار قەڵەمیان بۆ هێناین لە گەڵ نەفە ری وەرەقێك کاغە ز و پاکە تنامەیەك پێیان وتین دە دەقیقە مەجالتان هە یە نامە کانتان بنوسن, هە رچی بیرمان کردەوە بە دە دەقیقە بە چوار قەڵەم بیست و چوار نامە نا نوسرێن, لای خۆمانەوە وتمان هەوڵدەدەین لە قە لەمە کەی خۆشمان کەڵك وەر دەگرین لە و بشێویە دا کە چە ند قەڵەمی دیکە مان پێیە و خەریکین پێیان دەنوسین کەس تێمان ناگاو بەر لەوەی دە دەقیقە کە تەواو بێت ئەوەی خۆمان هەڵدەگرینەوە, کە نازانم بە راستی زیندان بانە کە هیندە وریا بوو هە ستی کرد کە ئێمە قەڵە مێکمان زیادە یان ئەو خێرە تەرحێك بوو بۆ دۆزینەوەی ئەو قە لە مەی کە خەوی لە ئوستادانی دانشگای ئیسلامی تاڵ کردبوو! بە هەر حاڵ قەلەمەکەی ئێمە ئاشکرا بو و, نە دادمان گەیشتە دادستان و نە هەواڵ و سلاوٚمان گە یشتە خانەوادەمان. بە ڵکو بە چاو بەستراوی هێنایانینە دەریٚ بۆ سەر بە فریٚ و جا وتیان فە رمون ئیعتراف بکەن هی کامتانە. کەسی نەخۆش و پیاوی ئیختیار و پیر و منداڵی ژێر 18 سالیشمان لە گەڵ دا بوون, بە راستی سەرما و لاق چونە کەی زۆر زەحمەت و ئازار دەهە ندە و نا خۆش بوو بەلاٚم لە ویٚ بو کە ئیمە لە مەحەك دەدراین و دەمانتوانی یە کتر بناسین.

کاتیك کە رئیس زیندان و سەربازەکان دور دە کەوتنەوە لەناو ئەو هەموو زیندانیە دا یك کەس هەبوو بڵیٚ کاکە خۆ هەموو تان دەزانن کە ئەو قەلەمە هیکییە دەی با پێیان بڵیین و ئەو ئازارە هیچی تر نەکێشین.

منیش چندجار وتم ئیجازە بدەن با بڵیم هی منە, هەر 22کەسە کەیتر دەیانگوت نە تو حەقت هەیە بڵیی هەی منە ئەگەر وا ش بڵێی دەڵیین راست ناکا، هەر کەسیکی تریش بڵی هی ئەحمەدە بە هەموومان دەڵیین درۆدەکاهی خۆێتی. سەر و نەهێشینم لە سەر ئەو بەفرو سەهۆلە بەو چلەی زستانە زیاتر لە دوو ساعتیان راگرتین دواجار هوا تاریك بو دیار بو بۆیان معلوم نەدەبو کە قەلەمی کێیە. ناعیلاج بردیانینەوە ژوریٚ و لە سەر حسابی هەموو مانیان نوسی و قەلەمەکەشیان موسادرە کردین بو بەیت و ئەلمال.

ئەوی کە من لەودانشگایە چی فێر بووم بە خوشیەوە دەتوانم بڵێم لەوەی کە ئەوان دەیان هەویست هیچ, منتها ناوەرۆکی ئەو دانشگایە و ئەو نەزم ونیزامەم زۆرترو باشترناسی و سورتری کەردم لە سەر موبارزە و هەوڵ دان بۆ زۆرتر لە ناو بردن و کاول کردنی,ئە وبەشە لە تەمەنیشم کە ماوە دام ناوە بۆ مبارزە لە گەڵ پارێزەرانی زیندان و پێشێلکەرانی ئازادی و دێموکراسی.

TV : قەدەغە بونی ئەو شتانەی کە ناوت هێنان بۆ چی یە ولە بەر چییە؟ باشە ئەگەر ئەوانە قەدەغەبن رادیو و تەلەویزیون و و کتێب و ئەوشتانە چوونە ئایا لە ناو زیندان یان ئەو دانشگاە ئیسلامییە ئەوانە ئازادن؟

ئەحمەد:قەدەغە بونی ئەو شتە ئاسایانە بۆ جمهوری ئیسلامی خاسیەتی خۆیان هەیە و هەرناشی لە سەر چاوە کەێتی کە ئەویش ئیدولوژیەکەێتی.

سەرەکی ترین شتی, بۆ مەحدود کردنەوە و فشار هێنان بۆ سەر زیندانی و ئەعمالی توندو تیژیێکە کە بە درێژای مێژوو و تاریخی ئەدیان کەڵکی لیٚ وەرگیراوە تا ئێستاکەش بۆ دواکەوتوراگرتن وپەرەدان بە خرافات و ئەعمالی دەسەلاٚتی خۆیان بە سەر ئینسان دا تندوتیژی سلاحێکی ژنگاوییە بەدەستیانەوە.و قەت حازرنین دایبنین .تەهدید, داپەڵوسین, خشن برخورد کردن, ترساندن ,چنگ ودەدان نشان دان خەسڵەتی حکومەتهای دینین بۆ مانەوەیان لە دەسەلاٚت دا کە جمهوری ئیسلامی نمونەی هەرە برچاویانە.

شتی لە نوعی تیغ, یان موکێش بۆ ئارایش و جوان کردنی ئینسان سازکراوە کە لەجمهوری ئیسلامی دا جوانی تاوانە مەکروە جزوی مونکەراتەو دەبیٚ بیشاریەوە بۆیە قەدەغەی دەکەن پێیان خوش بو هەمیشە ریشت درێژ بیٚ پرچیش بیٚ لە جانەوەر قەیدیٚ ناکا چونکە ئەوە سونەتە لە لای ئەوان و هیچ زەرەرێك ناتوانی بە دەسەلاٚتەکەیان بگەێنیٚ.

بە ئاشکرا زەمانیك دەیانناردین بۆ حەمام ئەفسر نگهبان یان سرگوردێك هەبوو بە ناوی کەفش دووز دەهاتە بەر درگای حەمام و کاتی گەرانەوەمان بۆ بەند دەستی بەریشمان دا دێنا و ئەوانەی پێیوا بو ریشیان تاشیوە جیای دەکردنەوە و دەیبردن بو سزادان،بۆ قەرەنتینە و ئەینفرادی و ئەشکەنجە کردن.

قەدەغەبونی قەلەم و خودکار لە بازداشتگاکان بۆ ئەوەیە کە ئیتلاعات لە مابەینی زیندانیەکان دا رەدو بەدەڵ نەبی.و ئەشکەنجەگەرانی ئیسلامی بە راحەتی بتوانن ئینسانە ئازادیخواز و شورشگێرکان متەهەم کەن و رەوانەی بن پەتی ئیعدام و مەحکوم بە سالهای دور و درێژی زیندانە قوڵترەکانیان بکەن. ئەڵبەتە سەرە ڕای هەموو ئەو مەحدودیت و سەختگیریە کە مامورینی زیندان دەیکەن ناتوانن پێش بە رەدو بەدەڵی ئەو ئەرتباتە بگرن یان نەهێڵن ئەو شتانە بێنە ناو زیندان و ئیستفادەیان لێ بکرێ. ئەوان زۆر لەوە ناتەوان ترن بتوانن پێش بە موبارزە و تێکوشانی ئینسانهای ئازادیخواز و شۆرشگێر بگرن. زیندانی بە هەموجووریك لەگەڵ باقی زیندانیانی تر لە سلولەکانی تر ئەرتبات دەگری, بۆ یەك دقیقە نیگهبانی بەردەرگای سلولەکان لاچی زیندانیەکان هەست دەکەن و دەزانن و لە درزی درگاکانەوە لەگەڵ یك دا قسەدەکەن. لە کونە مشکەکانەوە لەگەڵ یەك ئەرتبات دەگرن جاری وایە دێن بازرسی دەکەن و کونەکان بە گەچ دەگرن و پریان دەکەنەوە بەلاّم دوای زیندانیەکان کونی دەکەنەوە. لە رێگای کاناڵی کولیرەکانەوە لە کاتی کوژانەویان دا لەو بەندە بۆ بەندی تر ئەرتبات دەگیری و قسەدەکرێ. ئەگەر حتا هیچ دەست نەکەوی کاشیەکانی ناو حمام و دستشویە کان دەشکینن و بەکاشیە شکاوەکان لە کاشیە ساغەکان یادداشت دەنوسن و بەدەیان شێوی دیکە ئەو ئەرتبات و تماسە بەرقەرار دەکرێ. نزامی جمهوری ئیسلامی با تەوەجو بەوەی سەر تا پای سەر قاڵی دزی و فزی و رشوە خۆری یە مەئمور و سربازو نگهبانەکانیشیان ئەو نەخۆشیەیان گرتووە و فێر بوون بە پوڵ ورگرتن, ئەو مەجالەت بۆ خۆیان بۆ دەڕەخسێنن بۆئەوەی کام زیندانیە یان کام سلولەت دەویٚ بچی بۆ لای و قسەی خوتی لا بکەی.

دیارە ئەوە زۆرتر لە درنگانی شەو,یان لەو کاتانەی کە نیگهبانە کان دەزانن بازجوەکان نان و دیارنین. بە نسبەت رادیو و شتی لەوبابەتە روشنە کاتیك قەلەم و موکیش ئەو موجازاتەی هە بیٚ ئەگەر کەسێك رادیوی لیٚ بگیری نجات بوونی مەحاڵە, هەرچەند ئەوە کاریکی ئاسان نییە و من هەر نەم دیوەو نەم بیستووە کەس توانیبیتی رادیو واردی زیندان کا, لە بازداشتگاکان غیر از کتیبی قورئان و عدیس و غزوات و ئەو شتانەی کە باسی باشی مزاهیب, دەکەن ما باقی هەموویان قەدەغەن و چاوت پێیان ناکەویٚ.

لەناو زیندانە مەرکەزیەکانیش هەر زیندانێك کە گونجایشی 200 نەفەرە ئەوان 400 و 500 نەفەریشی تیٚ دەکەن یەك تەلەویزیونیان داناوە لە سقفی بەندەکە قایمیان کردووە و مسئولی بەند بۆی هەیە روشنی بکا و کاناڵەکانی بگورِیٚ کە ئەویش بەس شەبەکە ناوخۆیەکانی ئیران دەدا. کە کاتی مسابقاتی فوتبال و هێندیك فیلمی خۆش و نزیك بەدانی عفو نەبی زۆر موشتەری نییە ئەویش سالێکیان22ی بەهمەن بو, جمهوریی ئیسلامی عفوی دا بو بەلاّم عفویکی بەمادە و تەبسەرە بو کەم کەسی دەگرتەوە هەموو زیندانییەکان کۆ ببوینەوە لە نزیك تەلەویزیونەکە هەر کە عەفوکەی راگەیاندو مەعلوم بو زۆری خیر بۆ ئیمە نییە زندانیك کە زۆتر خشتێکی سوری پیدا کردبو لای خۆی دای نابو بە هەموو ئارەزووی خۆی دای لە ناوەراستی تەلەفزیونەکە و هەڵی رشتە خواری.چیان بە سەری ئەو داماوە هێنا, بماند ,بەلاّم ئێمەشی بیٚ تەلەویزیون کرد, نە تەلەویزیونی تریان بۆ دەکرین, نە ئەوەشیان بۆچاك دەکردینەوە, هەتا وەکونیٚ خۆمان پوڵمان کۆ کردەوەو بە خەرجی خۆمان جا بۆیان چاك کردینەوە. بەلاّم کتیبخانە هەیە کە لەویش هەر ئەو کتیبانە دەست دەکەون کە لە بازداشگاکانیش هەن بە تعدادی زورتر, بەعزەن رۆژنامەکانی جمهوری ئیسلامیش دەست دەکەون.

**TV**: هاوری ئەحمەد جمهوری ئیسلامی تبلیغات و ئەرشادی ئیسلامی هەیە و دستگایکی تەبلیغاتی بە هێزیشە کە ئەکسەرەن ملاهایٚکن کە لە حوزەی علمییەی قوم ملایەتیان وەرگرتووە و ئمیکاناتیان بۆ دابین کراوە فەعالیەتی ئەوان لە ناو زیندانەکان چونە؟

ئەحمەد: بەڵێ ئەو دەزگایە لە ناو زیندانیش هەیە و دەفتر و کادر و ئیمکاناتی تایبەتی هەیە وبە ئەنواع شێوە هەوڵ دەدەن کە زیندانیەکان تەعتی تەئسیری خۆیان قەرار بدەن, بەڵام چونکە نە لە قسەیان دا مەنتقێك هەیە و نە لە عەمەلیاندا, ناتوانن لە سەر زیندانی بە تایبەت زیندانیانی سیاسی وەلو چکوڵە ترین تەئسیر دابنین, ئیش و شوغڵیان جاسوس پەروەرییە, ئیستدلال دەکەن کە ئیمام فەرمویەتی جاسوسی بۆ ئیسلام خەراب نییە,و موسڵمانان لە سەریان واجبە کە دەبێ ئەو کارە بۆ ئیسلام بکەن, ئێرشادی ئیسلامییێك کەکەم روژ و مانگ و ساڵ هەبۆن کە هاورێێکت یان هاوچارە نوسێکت یا ئینسانێك بە بەر چاوتەوە رانەکێشن و نەیبەن بەداری دانەکەن و ئیعدامی نەکەن چۆن دەتوانی سەرنجی خەڵك بۆ لای خۆی ڕابکێشێ. بەینابەین جەلەساتی سیاسی و رۆژەخانییان بۆ دەکردین زورتر ڕۆژانی مانگی رەمەزان دەیانبردینە مزگەوتی زیندان کە پێیان دەگوت حوسینیە و لەوێ ئەنواعی درۆو دەلەسەیان بۆ دەگێڕاینەوە لە لە شەڕو غەزای موسڵمانان و ئەسحابەکان و بە درۆ گریانیان دەهاتوو فرمێسکیان هەڵدەڕشتە خوارێ کە زیندانیانی سیاسی ئەوانەی کە نوێژ و ڕۆژوشیان دەگرت هەر گاڵتەیان بەو ریاکایانەیان دەهات ,رەفیقەکانمانیان دەکوشت, ئیعدام دەکرد لەو لاشەوە روزەیان بۆ دەخویندینەوە و کۆلێك منەتیان لە سەر دەکردین. و دەیانگوت بۆیە جمهوری ئیسلامی کەس دەکوژێ و ئیعدامی دەکا بۆ ئەوەی بە تەواوی لە دنیایەکی تر بێ بەش نەبێ، لیرە لەو دنیا مجموعەیك گوناهی کردووە ئەگەر بی کوژین دوای ماوەیك عەزاب و سوتان لە جهەنەم بەلاخرە دەیگێڕنەوە بۆ بەهەشت بەڵام ئەگەر ئیمە نیکوژین و ئازادی بکەین ئەوندە گناە دەکا کاتیك دەچیتە ئەو دنیاکەی تر یکراست دەروا بۆ جەهەنم و قەت چاوی بە بەهشت ناکەوی. لە جوابی ئەوەی دا ئەگەر کەسیکیان کوشت و هیچ گناهی نەبوچی, دەیانگوت ئەگەر گوناهکار بوبێ ئەوە بە سەزای خۆی گەیوە و ئەگەریش گوناهکار نەبوبێ ئەوە رەوانەی بەهەشتمان کردووە غەمتان نەبێ. هەر بۆیە ئەوانیش ئوستادانی بەشی ئێرشادیش لە بەر عەمەل و رەفتاری زشت و ناپسند وکونەپەرستانەو دژی بەشەرییان ناچار دەبونەوە پەنا بەرنەوە بەر زەخت و زورەکانیان, کە زورتر ئەو زەختانە لەڕێگای بڕێك لە مەسئول بەندەکانەوە بە سەر زیندانی دا ئیعمال دەکران, حتا جاریکیان بە ئیعتراز بە برخوردی مسئولی بەند کە کەسێك بو بە ناوی عتا تورك نە چوین بو شامگاە و مانمان گرت مسئولیینی زیندان هاتنە ناو بەندەکەمان و هەموومانیان کۆکردەوە و ئەوکەسانەی موخبریان کردبو بۆیان جیایان کردنەوە بە مسئول بەندەکەشەوە تبعیدیان کردن بۆ باقی بەندەکانی تر. بەوشیوەیە رسوایان کردن ئیستا من نازانم بەراستی لەمورد هەموویان دا ئەوە سیحەتی هەبویان نا، چونکە ئینسانی بە زاهر باشیشیان لە گەڵ بوون, بەڵام ئەوەکارێك بۆ کە مسئولینی زیندان در حەق بە باوڕ پێکراوەکانی خۆیان و فریو خوردەکانی خۆیان کردیان. یعنی ئەوەی کە کاتێك تینیان بۆ دێ هەر ئەو کەسانە دەکەنە قوربانی کە ئیتر کەڵکیان نەماوە بۆیان بەهەر حاڵ بە فیشار هینان بۆ سەر زیندانی دەیانەوێ زیندانی ناعیلاج کەن لێیان نزیك بێتەوە بە مە رە خەستی پێ نەدان بە ملاقات قەتع کردن بە ناردن بۆ قەرەنتینە بە لەسەر کار اخراج کردن و هەر شیوەێك کە بۆیان بکرێ, من لە زیندان بەتەشی بەنم بادەدا شاگردی زیندانیەك بوم بەناوی رسول مەمند کە بداخەوە ئیستا لە حیات دانەماوە مسئول بەندێکیشمان هەبو ئێستا ناوەکەی بە تەواوی لە بیرم نییە, ناوە چکۆلەکەی رەزا بو دانومان بەیکەوەنەدەکولاو چارەی یکتریمان نەدەویست, ئەنواعی بەهانەی پێدەگرتم تاجێگایك چوپێشەوە بە رسول مامەندی گوتبو نابی کاری پی بدەی چونکە ئەوەکافرە, رسول مامند یش ئەو کارەی بە تەنیا بۆ نەدکرا, هەموو زیندانیەکانیش دەیانزانی ئەو پیلانە لە دژی منە حازر نبون تحتی فشاری مسئول بەندسەهلە حتامسئول زیندانیش بچن کارەکەی من بکەن, دوای 3ی روژ لە ناعلاجی بە رسول مەمەندی گوتبو باشە تاکەسێك پیدا دەکەم بچن کارەکەتان بکەن.

**TV**: هاوری ئەحمەد زیندانیانی سیاسی کە هەموویان لە بندیك دا حبس دەکرین معلومە کە گرایشاتی جوراوجوریان هەیە هەر یەکەو عوزو یان لاینگری ئەحزابیکی سیاسی تایبەتن با توجەو بەوەی کە ئیختلاف

سیاسیان هەیە روابت و مناسباتیان چۆنە؟ ئایا یكگرتوییان بەرچاوەترە یان دەژایەتی یەكتر؟

ئەحمەد: بی گومان ئەوە وایە فعال و عوزو و لایەنگری تەواوی حیزب و سازمانەكانی تی دایە بە كومەڵە وحزبی دیموكرات و ئەنواع جریاناتی تر بەلام لەویٚ كەس معیاری ئەوە نییە كە فلانی كۆمەڵەیە یان دیموكراتە یان سەربە فلان حیزبی ترە بەڵكوو زیندانی سیاسی یە و دژ بەو نەزم و نیزامەیە، كە ناوی جمهوری ئیسلامی یە، بۆ روخانی ئەو رژیمە خەباتی كردووە بۆیە گیراوە و زیندانی كراوە, دیارە رژیم هەوڵ دەدا ئەو ئیختلافاتە فكریانە قوڵ كاتەوە و بەم روشە زیندانیەكان لە دژی یەكتر بەكار بێنیٚ بۆ نییەتە گلاوەكانی خۆی بەلام قەت نەیتوانیوە ئەو ئینسجامە بەراستی پولاینە تێك بدا. من ئەگەر نمونە فەقەت لە خۆم بێنمەوە لە بەر ئەوەی كە ماوەیٚكی زۆر لە زیندان دا ماومەوە گرفتهای زۆرم بۆ ها تونە پێشیٚ هەر ئەو دو نمونەی كە زۆتر باسم كردن چە قەزیەی قەلەمەكە لە بازداشتگای مهاباد و چە موزوعی لە سەر كار دەركردنەكەم زیاتر ئەوانەی كە پشتیان گرتم و دفاعیان لیوە كردم سەر بە ئەعزابی غیرە كومەلە بوون بە تایبەت و زۆرترینیان ئەو كەسانە بوون كە دیموكرات بون منزورم حیزبی دیموكراتە چەند كەسێكیان هەر ئێستا لە كویەن و لە وانەیە گوێیان لە دەنگیشم بیٚ.

هەموشیان دەیانزانی چەندە كومەڵەم بەلام بە دلنیایەوە دەڵیم ئەگەر هاوفكری خۆشیان یعنی دیموكراتیش بام هەر ئەوە ندەیان خۆش دەویستم.

لەو ماوە دورو درێژە قەت نەم دی دوكەس لە سەر ئەوەی كە ئیختلاف سیاسیان بەیكەوە هەیە و یان لە سەر تەعسوبی حیزبایەتی دڵیان لەیٚك بێشیٚ یان بەیٚكەوە دەرگیربن یان شتی لەو بابەتە، بۆیە لە ویٚ لەبەر ئەوەی كە هەموو زندانیەكان بەهەر ئیدولوژیك معتقدبن چونكە لەیەك سنگەر دا خەریكن موبارزە دەكەن شەو و رۆژ وەكو یەك بەرخوردیان پیٚ دەكریٚ و ئازار و ئەزیەت دەبینن، بە بەرچاوی هەموانەوە دێن ئەو كەسە كە حكمی ئیعدامی هەیە دەیبەن و بە داری دادەكەن بیٚ گویدان بەوەی كومەڵە یە یان دموكراتە یان حیزبیكی ترە یان كوردە یان فارسە,یان توركە, ئیختلافاتی سیاسی كەم رەنگ دەكاتەوە و روحیەی یكگرتووی و دەخەم یك دا بون تقویت دەكا ئەوە بە شیٚوەی جمعی، دیارە بە شیٚوەی فردیش بەرخوردی ئینسانەكان خۆیان تعیین كنندەیە كە هەڵ سوكەوتی لەگەڵ خەڵك دا چوون بیٚ.

**TV: هاوری ئەحمەد لە قسەكانت دا ئیشارەت بە ئیعدام كرد, ئەو جەنایەتانەیان بە چ شێوەیێك بەڕێوە دەبرد ئایا باقی زیندانیەكانی تر لێی ئاگادار دەبوون ئەگەر دەبوون رەنگدانەوەی لە ناویان دا چلۆن بو؟**

ئەحمەد: ئەو سالانە خەڵكیان زوور ئیعدام دەكرد, كەم رۆژ هەبو كەس یا كەسانێك نەبەن بەداریان دانەكەن وئیعدامیان نەكەن, وای لیٚ هاتبو بە تەجرەبە زیندانیەكان دەیانزانی كە چ رۆژهایٚك كەس دەبەن بۆ ئیعدام كردن, هەر بەیانیێك زوو لە ئوتاقی فەرمانەوە هاواریان كردبا كە نەزافەت چیەكانی قوفلی ئەوەڵ بێن بۆ نەزافەت ئیمكانی نەبو ئەو رۆژە كەس ئیعدام نەكەن,چونكە بەپێی ئاینی ئەوان ئەو رۆژە كە كەسیان ئیعدام دەكرد نە دەبا تاو هەلاتبا , بۆیە نەزافەتیان زوو دەكرد لەبەر ئەوەی دەیانزانی جەلادە خوێن مژەكانیان تەشریف دێنن بۆ لەسیٚدارەدان و گیان ستاندن لە ئینسانەهای موبارز و شورشگیٚر, ئەو رۆژانە ئەو كەسانەی حوكمی ئیعدامیان هەبو خویان ئامادە دەكرد و بە یٚكترینیان دەگوت بلێی نوبەی كاممان بیٚ, بە ئەنواعی شیٚوە خەڵكیان رەوانەی بن پەتی سیٚدارە دەكرد, ئەگەر بییانزانیبایە لە وانەیە كەسێك بە بانگ كردن نەچی وە رەنگە ئیعتراز بكاو هات و هاوار وەگریٚ بانگیان دەكرد دەیانگوت وەرە ملاقاتت هاتووە, كەسەكە بە نیازی مەلاقات دەچوولەویٚ دەستبەندیان لێدەداو دەیانبرد هەڵیان داوەسی, كورێكی شكاك ناوی كازم بو حوكمی ئیعدامیشی هەبو بە راستیش ملاقاتی دەهات نەدەچو, پێی وابو دروی لەگەڵ دەكەن, نەهایەتەن پێیان راگەیاندوگوتیان حوكمەكەت شكاوە بوت بووە بە دەساڵ وەرە لە نانەواخانەی زیندانیش كار بكە وئەو ماوە بگوزەرێنە, چو ماوەیٚكیش لەوی كاری كرد هەتا رۆژێك كاتێك كە بە حەرابانە دەیویست نان ببا بو یٚكێك لە بەندەكان لە سالونی زیندان بیٚ دەنگ گرتبویان و بردبویان هەڵیان واسیبو ,باقی زیندانیەكان بەس دەیانزانی و دەیاندیت كە كەسەكە دەبەن بۆ ئیعدام كردن

بە جورێک کە حەتا هێندێک کەس کاتی رۆیشتن ماڵئاواییان لە رەفیقەکانیان دەکرد. بەلام لە جێگایێک ئیعدامیان دەکردن بە دزیەوە دەکرا لە هێندێک شوین را چاو لێکەی، رەنگدانەوە و تەئسیراتیشیوا بو ئەو روژانەی کە لە بەندی ئێمە بەندی سیاسی کەسیان دەبرد بێتاقەتی و نارەحەتی بەروخساری هەمو کەسەوە دیار دەبو، ئەو رۆژە کەس وەرزشی نەدەکرد، کەس جوابی دوعاکانی سوبگای نەدەداوە، کە ئەوانە حوکم بون و ڕۆژانی عادی نەدەکرا وا بە بەربلاوی ودەستە جەمعی پێیان بێ تەوەجو بی، بەند ئەو ڕۆژانە بێدەنگ وکپ و مات دەبو وەک ئەوەی کەسی تێدانەبێ، زورتری زیندانیەکان دەچونە ژێر پەتو بیریان دەکردەوە فرمێسکیان دەرشت و دەخەوتن،لە عینی حال دا لە گەڵ یکتر و کەس وکارو دووست و رەفیق و هاوبیرو هاوکوپەکانی هاودەردییان دەکرد، سەرەرای ئەوەی کە مەئمورەکان دەهاتن مزاحمەتیان دروست دەکرد تەجەموحەکانیان دەشێواند و ئەگەر بویان کرابا دەیانبردن بۆ قەرەنتینەو ئینفرادیش، بەلام نەیاندەتوانی پێش بە ئەو هاودەردی و هاوسوزیە بە هیچ شێوەێک بگرن.

**TV**: هاوری ئەحمەد ساڵەهایەکە جمهوری ئیسلامی هەوڵ دەدا لاوەوکانی ئێران بە تایبەت کوردستان معتاد بکا بە موادی موخەدر رەنگدانەوەی ئەو سیاسەتە چەوت و دژی ئینسانیەی لە ناو زیندانەکان دا چون بو؟

ئەحمەد: بەدڵنیایەوە دەتوانم بڵێم ئەو سیاسەتەی لە ناو زیندانەکان دا زۆر بەبەرنامە تر و سازما دراوتر بەرێوە دەبا بە تایبەت لە سەر زیندانیە سیاسیەکان، دەڵیلەکانم بۆ ئیسپاتی ئەو حەقانییەتە ئەوانەن: گورەترین خیانەت و گورەترین پروژەی بۆ بە ئاوات گەیشتنی ئەو نەیەتە دژی ئینسانیەی دەر حەق بە زیندانیانی سیاسی لە زیندانی دریای رزایە ئەوە بو کە ماوەی دوساڵی تەواو معتادەکانی لەگەڵ ئێمە تێکەڵاو وقاتی کرد ماوەی ئەو دووساڵە ئێمە زیندانیانی سیاسی لە بەیانییەوە هە تا وەکو ئێوارە لە حەسارێک دا بە یێکەوە لەگەڵ معتادەکان دەژیاین و بە قەرار هەوامان دەخوارد. کە ئەوە سیاسەتێکی دارێژراو ئاشکرا بو بۆ معتاد کردنی زیندانیانی سیاسی لە زیندانی دریا، دیارە ئێمەش هەوڵمان دەدا کەنەک خومان معتاد نابێ ببین بەڵکوو دەبێ هەوڵ بدەین ببین بە یاریدە دەرێکیش بۆ پی ترک کردنی معتادەکان، نازانم ئێمە چندە توانیمان ئەو کارە بکەین بەلام ئەوە دەزانم کە لەوە بەدواوە رۆژ لە گەڵ رۆژ معتاد لە بەندی ئێمە لە بندی سیاسی زۆرتر دەبون بە جۆرێک کە ئینسانی زۆر مبارز جوانی ورزشکار تبدیل بوون بە ئینسانهایێکی گیج و ویج و وێل بەدوای موادی مخدر دا ، وایان لێ هات کاریان بە سەر هیچ وە نەما موادە کەیان دەست کەوتبا هیچی تریان نەدەویست دیارە موادە کە زۆر ئاسان پیدا دەبو، بەلام دەبا پوڵیان هەبا و پوڵیان دەست کە وتبا بۆ کرێنی موادە کە، دەکرێ ئاوا بڵیم بەدەست هێنان و پیدا کردنی پوڵە کە ئاسان نەبو نەک موادە کە، دەست کەوتنی موادە کە پیوەندی هەبوو و گرێ درابوبە پوڵە کە. هەر لەو ئینسانە باشانەی ئەوکات کە دواجار هێواش هێواش معتاد بون و تا ئیستاش هێندێکیان کە حوکمەکانیان تەواو نەکێشاوە و هەر لە زیندان دا ماون دەڵێن بونە معتادی صفر و هیچ ئومیدیک بە ئایندە یان نەماوەتەوەبداخەوە. جیا لەوە هەموو زیندانیانی باقی بندەکان رێگایان دەدرا ،بێن بۆ ناو بندی ئێمە بەلام کەس لە بندی ئێمە بۆی نەبو سەردانی بندێکی تر بکا. حتا لە باشگای وەرزشی و حوسینیە کەشیان دەبوایە تێکەڵاو وقاتی خەڵکی تر نەبین.

بازرەسیە کانیشیان بەحدێک زۆر و تند بون کە کەس نەیدەتوانی شتێک بێنێتە ژورەوە ئەگەر بە رزایەتی خۆیان و لە رێگای مەئمورکانیانەوە نەبایە. بۆیە بە تاکید تەواوی ئەو موادە لە رێگای کار بەدەستان و مەئمورین و مسئولەکانی خۆیانەوە وارد دەکرا.

جاری وا هەبوو باندەکانیان ئاشکرا دەبوون و چەند کەسێک دەگیران دەیانگوت ئەوە موادی موخدریان هیناوە بویە گیراون کە قەت نەبو دانەێک لە بەر پرسە گەورەکانی زیندانیان لەگەڵ دانەبێ جواهیری کە لیپرسراوی ئەو بەشە فرهنگی و ئەرشاد و نازانم چی ئیسلامیە بو بەو تاوانە گرتیان و دوا جار کە لە زیندان چووە دەرەوە لە جێگایێکیتر گوتیان مسئولییەتی گەورە تریان پێ داوە، خودی حوسێنی کە رئیسی زیندان بو دەنگۆی ئەوە هەبو لەناو زیندان، کە جزوی باندە گەورەکانی مافیای موادی موخدرە، هەر بە و جورمە ئەویش گوردرا کە تازە ئاشکرا ببوو ئەو شایعەی لە سەر بلاو ببۆوەوناوی زرابو، بەلام لە

ولاوه کردبویان به رئیسی ستادی مبارزه لەگەڵ قاچاخی موادی مخدر, به قولی کوردی وەك ئەوه وایه کە دەڵـێ بەزی بە پشیلەی بسپێری, بۆیه گومان لەوەدا نییه کە سەرتاپای ئەو رژیمە گەندەڵە و ئەوە سیاسەتێکی گشتی‌یە کە لە هەر کوێ بۆیان بکرێ بە ڕێوەی دەبەن، بە جۆرێك کە حتا رەوانەی نیو ئێمە و باقی ئەحزابی سیاسی لە کوردستانی عیراقیشی دەکەن و تەلاش دەکەن بتوانن لە کوردستانی عیراقیش بلاوی کەنەوە لە تەلەفزیونەکانەوە دەیبینین کە نشانی دەدەن بارەها لە مەرزەکان و بازرەسیەکان دۆزراوەتەوە و دەستی بەسردا گیراوه کم نین ئەو ئێرانیانەی هەر ئێستا بە جورمی هێنانی موادی موخدر بۆ کوردستانی عیراق لە زیندانی ئاسایش دا دەست بە سەرن.



**TV** : هاوری ئەحمەد پرسیاریکی ترمان ئەوەیە کە ئایا لە بواری دەرمان و بهداشت و ئیمکاناتی پێویست بۆ ژیان وزیندوو مانەوە و خورد و خوراك چۆن بە زیندانی رادەگەن؟

حقیقتاجمهوری ئیسلامی داینەناوە کە خەرج لە زیندانی بکا بەڵکوو دەبی زیندانی خۆی و لە سەر خەرجی خۆی زیندان بکێشی. بێ ئەوەی ئەوە لە هیچ کوی نوسرابی یان گوترابی عملا وا بەرێوە دەچوو لە بازداشتگاکان دوو پەتوی سەربازیت دەدەنی کە محاڵە پر نەبن لە ئەسپێ,لە زندانی مەرکەزیش هەروەك بازداشتگاکان دو پتوی سەربازیت پی دەدەن و حەوالەی ناو بەندت دەکەن لەویش ئەگەر زۆر قەڵە بالغ نەبی و تەختی خالی هەبێ تختێکی ڕەقی ڕوت و ڕەجالت دەدەنی، بەڵام زیندانیانی قدیمی دێن بەهاناتەوە و هە تا لە ماڵه وە پتوو لباست بۆ دێنن ناهێڵین موحتاج بی, دیارە صبحانە،و نهار و شامت پێ دەدەن بەڵام قەت ئەوەندەت پێ نادەن کە پێی تیر بخۆی و ئەگەر ناعلاجی نەبی لە صبحانەکە یان بەدەر کە ئەکسەرەن پەنیرە سوێرەیە باقی وەعدەکانی تر غەزاکەیان بۆ خواردن نابێ. بەڵام ماڵیان ئاوادان نەبی وات لێ دەکەن کە ئیشتهای خواردنت نەمێنێ. کاتێکیش کە زۆر فشارت بۆ دێ لە برسان هەرشتیکت دەست کەوی غەنیمەتە. بارها زیندانیم دیوه لە زیندانی مەرکەزی گەڕاوە لە ناو بۆشکەی اشغالەکان نانەرەقی هێناوەتە دەر و خواردویەتی، خودی خۆیشم ئەو کارەم زور کردووه.

بەڵام لە سالەکانی ئاخری دا فروشگایان لە ناو زیندان دانا ئەگەر کەسانیك ملاقاتیان هاتباو وزعی گیرفانیان باش با دەیانتوانی لە فروشگاه شت بکڕن کە ئەوەیش بە نوبە و سەف وسەرە بو کە لەبەر زۆری خەڵکەکە و درێژی سەفەکان بە پول کڕینیش زۆر ئاسان نەبوو. دواجار حتا غەزا خوریشیان دانا غەزا خوری زۆر گەورە و هەموو غزایکی لێ دەست دەکەوت کە ئەویش هەم خاسیەتی باشی هەبوو هەم خەراب، باشە کەی ئەوە بوکە ئەگەر برسیت باو پولیشت باو بتەویست با ژەمێك غەزای باش بخۆی دەتتوانی. خراپیەکەشی ئەوە بۆ کاتێك دەچوی دادەنیشتی و دەستت دەکرد بە خواردنی غەزا و ئەوکەسانەی کە پولێان نەبوو دەهاتن چاویان لێ دەکردی و یان دەت دی کە ئینسانهایکی بێ پولێ دین و دەچن بەرما و وئیسك و پروسکی بە جێ ماوی خەڵکی تر دەتروسنەوە ویژدانی ئینسانی ئازار دەداو برسیەتیە همگانیەکەت هەزار جار زیاتر ترجیح دەدا بەسەر ئەو وزعە دا کە هێندیك تێری تیرو هیندێکیش لە برسان ئەوە دردیان بێ.ئەڵبەتە ئەوە بڵێم زیندانیانی سیاسی نەبون کە وایان دەکرد بڵکو هی باقی بەندەکانی تر بون بندی نیزامی و موعتادین و جرایمەهای تر. من بۆ یێکمین جار کە زانیم ئەو غەزا خوریە دانەراوە لەگەڵ کاك سید مستەفای قادری بەیێکەوە چووین، کاتیك غزامان سفارش دا و دانیشتین تا بۆمان دێنن چەند مورد کەسمان دەدیت کە بە دەوری مێزی خەڵك دا دەهاتن و دەچوون سید مستەفا گوتی من لیره ناتوانم نان بخۆم پێم گوت ئاخر ئەوجارە سفارشمان کردووە و پولەکیمان داوە و ئەوانە، گوتی راوەناستم لەگەڵ خۆشم بیبەمەوە و لە بەند بیخۆم و

قەتیش نایمەوە بۆ ئیرە ,من چوم, توش وەری دەگری یا نا کەیفی خوتە. ئەوە وزعی پی راگەشتنی خورد و خوراك بو. بهداشتیش بە عهدەی زیندانیان خۆیانە کە هەمیشە فقیرترین ئینسانەکانی ناو زیندان بە ناوی نزافت چی دادەنرێن و نزافت و بهداشتی زیندان بە عهدە و دەگرن و زیندانیەکان حەق و زەحمەتی ئەو نەزافەت چیانە پرداخت دەکەن.

بۆ مەسەلەی دەرمانیش، لە ناو زیندان, بیمارستان و درمانگاه دانەراوە کە هەر رۆژە بندیك دەتوانی مراجعە بکا , لەدەرەوە دوکتور دینن بۆ معاینە کە بە پەلە پروزە چاوێکت لیٚ دەکا و نسخەیێکت بۆ دەنوسیٚ و دەبیٚ لە درمانگای زیندان داروەکان بە پولٚ بکڕیٚ.

ئەگەر بەندی ئیوە ئەمڕو نوبەتی دوکتوریان بو بیٚ و تو بەیانی نەخوش بکەوی یان دەبیٚ تانوبە,تیٚ وەردەسوڕێتەوە ئازار بکێشی یان دستەودا وێنی مسئول بەند و ئەفسرنگهبان و فلانە و فیسارە کار بەدەست بیٚ بەڵکوو بە زەیێکیان پێت دابیٚ و ئیجازەت بدەن بچی بۆ دوکتوور کە ئەکسەرەن زیندانی ئازارە کە ترجیح دەدا بە سەر ئەو التماسانەوە. کورت و مختەسەر ئەوان هیچ بە زیندانی راناگەن ,بەڵکوئەوە زیندانی خۆێتی کە دەبیٚ بە خۆی رابگاو وریای سەلامەتیوزیندوومانەوەی خۆی بیٚ.

**TV**: شگردی بازجوییان چوونە, لەگەلٚ متهم چون برخورد دەکەن، و بە بۆچوونی تو زیندانی چون دەتوانیٚ سەر کەوتوتر و موفق تر بیٚ؟

ئەحمەد: راستیەکەی یەکەم جار کە دەکەویە بەردەستیان بە هەموویان هەر خۆت لیٚ مۆڕدەکەنەوە وەك ئەوەی کەسێك بلٚیٚ ئەگەر رێگام هەبوایە هەر ئێستا لێکتم هەلٚ دەپچڕی، دواجار دەدەخەنە سلولێکی 2متر لە 1/5 متری و 5 تا 6 رۆژیك هەر لیت ناپرسن کیی, خەڵکی کوێی, بەس نگهبان رۆژی 3جار دیٚ بەخەشنی و توڕەییەوە دەرگاکەت لیٚ پێك دادەدا و دستوردەدا دەلٚیٚ زوکە چشم بندەکەت ببەستە بڕو دست نویژەکەت بگرە, سلولێکیشت بۆ دە نەزەردەگرن کە لە ژوری ئەشکەنجەوە نزیك بیٚ, بۆوەی گوێت لە لێدان و شڵپەی کابلٚ و هات و هاواری ئەو کەسانە بیٚ کە شکەنجەیان دەکەن تاوەکو رۆژیك دینە سوراغت و بە چاوبەستراوی دەدبەنە ژوری بازجوی, یکەم جار بازجو بە ئەحترام و بە خونسردی بر خوردت لەگەلٚ دەکا پێت دەلٚیٚ چشم بەندە کەت بکەوە, سیگارت پیٚ تعارف دکا, دەلٚی چای بۆ بێنن, لە مشکلاتت دەپرسی پێت دەلٚیٚ چیت لازمە احتیاجت بە چییە؟ دوای ئەوانە تەوزیحاتێکت بۆ دەدا، لە واقع دا تبلیغاتت بۆ دەکا بۆوەی ئیعترافاتەکانت بکەی راستیەکانت بلٚێی بە کوردیەکەی ئەوانەی کە نابی بیلٚێی و ئەوان بزانن پییان بلٚێی ئەوجار دەکەونە پرسیار کردن لیٚت, ئەوان لە واقع دا تویان زۆرلامەبەست نییە کە چیت کردووە و لە سەرخۆت چی دەلٚێی، من وا دەزانم بەر لەوەی هیچییان لە تۆ پرسێبیٚ حوکمی تۆیان داوە ئەوەی ئەوان لێی دەگەڕێن و لە تۆیان دەویٚ خەلٚکی ترن کە تۆ دەیانناسی و ئاگاداری فعالیەتی سیاسیانی، تا رۆژ لەولایە هەلٚی و لەولایە ئاوا بیٚ بلٚێی کەس ناناسم باوەرت پیٚ ناکەن، بەلاٚم لە سخت ترین شرایت دا لە ژیر دژوارترین شکنجەدا ناوی کەسێکت بە سەر زمان دابیٚ ئەگەر قوڕ بەسەرە ئاگای لە هێچیش نەبیٚ تازە کاری تەواوە و وادەزانن هەر ئەو قسەیت راست کردووە لە هەمو ژیانت دا. جا ئەو جاریش خۆ هەر ئەوەندەیە زمانیان پیٚ کردیەوە هەر تو ناوی خەلٚك بدە و ئەوان پییان کەمە وا دەزانن ماوە وازت لیٚ ناهێنن و زەختت لە سەر زیاد دەکەن و شکەنجەی زۆرترت دەدەن. من خۆم هەرچی پێم وابو بۆ کەس زەری نییە و بیشی زانن قەیدیٚ ناکا بۆم لە سەر کاغەز دەنوسین, چونکە ئەوەیان نەدەویست بە برچاوی خۆمەوە کاغەزەکانیان دەدڕاند,یان فرێیان دەدان بەو لاو ولادا و بلاٚویان دەکردن و دەیانگوت ئەوانە ئیتلاعاتی سوختەن منالٚی کلاس ئەوەلٚی ئیبتدایش ئەوانە دەزانی بۆمان بنوسیٚ کیٚ لەگەلٚ کۆمەلٚە پیوەندی هەیە, کاریان بۆ دەکا, سەردانیان دەکا و یارمەتییان دەدا. هەرچی دەمگوت کەس ناناسم تورە دەبون و دەیانگوت درۆدەکەی, تا رۆژیکیان کە زوور توڕە و نارەحەتیان کردم پێم گوتن ئەری پێتان خوشە بزانن کیٚ هاوکاری کومەلە و دیموکراتیش دەکا. زۆر بە خۆشحالیەوە گوتیان ئەری هەر ئەوەمان دەویٚ کە چەند رۆژە ئێمەت ماندوو کردووە و خۆشت ئەزیەت داوە. گوتم لەو کوردستانە پان و بەرینە یێك کەس نییە کۆمەلٚە یان دیموکرات یان لاینگرو فعالی

حیزبیکی تر نەبیٚ بۆیە ئەگەر دەتانەوەیٚ کەس لە سەر ئەوە بگرن بچن هەر کەسێکتان دی بیگرن دڵنیابن دژ بە ئێوەیە و ئیوە بە موسەببی هەموو بەدبەختیەکانی خۆیٚ دەزانیٚ، ئەگەر دەشتانەویٚ وا نەبن و واتان نەناسن, دەبیٚ بە عەمەلی نشانی بدەن کە ئێوە بۆ سەرکوت و کوشت و بڕو ئازاروو ئەزیەتی خەڵك نەهاتونە ئێرە, بە گرتن و ئەشکەنجە کردن و ئیعدام کردنی خەڵك بەس دوشمنی پەرە پیٚ دەدەن و ئەگەر کەسانێکیش مابن و تا ئێستا دودڵ بن و بە دژی ئێوە نەکەوتبنە کارو خەبات نەکەن، ئەوانیش لە ڕوی ئەو کردەوانەتان تەسمیم دەگرن و بۆ لە ناو بردن و نابودی ئیوە پێوەندی بە حیزبێکەوە دەکەن.

گوتیان لەگەلمان دێی بۆ گرتنی خەڵك گوتم نا منتان بۆ چییە هەموو کەس بگرن, گوتیان لێرە لەبەرە و ڕوی خۆیان دەلێی ئیوە هاو کاری کومەلە تان کردووە, گوتم نا وا نالێم چونکە براستی نازانم کۆمەڵەن یان دیموکرات, گوڕاندی بە سەرم دا و دامیە بەر لێدان و هەر بەدەم لێدانەوە گوتی چەند سال پیشمەرگە بووی؟ گەتم 10 ساڵ ,گوتی چەند پاسدارت کوشتووە؟گوتم بۆم حساب نەکراون, گوتی ئەی بۆ هاتویەوە ؟گوتم ئیشتبام کردووە, جارێکی تریش هەر ئەو پرسیارانەیان لە شوێنێکی تر لیٚ کردم و هەرواش جوابم داوە باوکیشم بەلامەوە بو تعجبی کرد پی وابو تێکچووم گوتی کوڕم بو وا دەلێی بە کابرای گووت کاکە گیان نینوسی وەلا کەسیٚ نەکوشتووەو هەر دوو ساڵیش پێشمەرگە بووەو خۆشم هێناومەتەوە, گوتم باوکە وابلێم و وانە لێم هەر وای دەنوسن. دەتوانم بلێم ئەوە ئاخرین بازجوی و ئاخرین پرسیار یان بۆ لێم، دەست بەردارم بون تا نزیك ساڵێك و ڕۆژی دادگایەکەم.

بەلام لە دادگا وام نەگوت لە دادگا حاکم گوتی چەند کەست کوشتووە پیم گوت کەس گوتی ئەی ئەوانە کێن هەرچی ڕۆژە بچەهای ما را می کشند, پیم گوت ئەوە ساڵێکە من لێرە لە زیندانم و بچەهای ئیوەش هەر دەکوژن, چوزانم. بم بورن هەرچی لێم دەپرسی هەر لە مورد خۆم دا بوتان دەگێرمەوە, مەنزورم خودستای و خۆهەڵکێشان نییە, منتها پیم وایە بەوشتە واقعیانەی کە خۆم دیتومن باشتر شتەکە رون دەبێتەوە. بیٚ لەو دوو نەوعە برخوردە, یك زمانی خۆش و دووش شکەنجە و توقاندن, شگردهای زۆری تریشیان هەیە یك لەوانە کە ئەویش هەر لە سەر خۆم تاقی کراوەتەوە، لەگەڵ خانوادەت پیوەندی دەگرن و گویا مهربانن و ئینسان دۆستی دەکەن، کیٚ لە هەمو کەس پێتەوە نزیکتر بیٚ پێیدەلین وەرە بو ملاقاتی, ملاقاتت پیٚ دەدەین, فلان ڕۆژ لە فلان شوین و فلان ساعت, تا ئەوان دێن تو دەبەن بۆ ئەویٚ بە چاو بەستراوی لە دەرەوە رات دەگرن خۆیان لە ژورەوەن دیارە کارێك دەکەن کاتیك ملاقاتچیەکەت دیت ناهێلن لەیك نزیك بن, کاتێك خۆیان لە ژورەکە دێنە دەر پێت دەلین 25 دەقیقە ملاقاتت پی دەدەین نە لە بەر پیاو چاکی خۆت بەلکوو لە بەر خاتری مەسەلەن هاوسەرەکەت یا باوکت یا هەر کەس کە هاتبیٚ, هەر دوکتان دەبەنە ژورەکە و بە جێتان دێلن و خۆیان دەچنە دەرەوە و بەلام لە پەنجرەکەوە دەتانگرنە ژێر چاوەدێری ڕێك



سەری 25 دەقیقەکە دێن و سریع دەتانکەنە دەرەوە ملاقات چیەکەت دەنیرنەوە و خوشت چاوت دەبستن و چاوەڕوان رات دەگرن دیارە نگهبانت لا دادەنین تا خۆیان دەچنەوە ژورەوە ئەو کەرەت دێن و دەتبەنەوە بو سلولەکەت, من ئەوملاقاتەیان جارێك لەگەڵ همین(هاوسەرەکەم) و جارێکیش لەگەڵ باوکم بۆ ترتیب کرد بوم. کە هەردو جارەکە بۆ ئەوە بو قسە و باسە خصوصیەکانمان زەبت بکەن و بە نیەتی خۆیان لە ترح و پروژەێك کە ئەگەر بە دەستمانەوە بیٚ ئاگادار بن پێشیان وا بو دەبیٚ ئیمە ئەوە نەزانین و لەو تیکەو لێکەی ئەوان نابیٚ حالیٚ بین کە براستیش تا چەند دەقیقەێك عەقلمان پیٚ نەشکا بۆمان پرسیار بو, قسەمان لە هۆیەکەی دەکرد

هەرکە همین گوتی ئێمە داوای ملاقاتمان نەکردووە, بەڵکوو خۆیان بەدوامان دا هاتوون خێرا متوجە بوم کە ئەوە تەرح و پیلانێکە و بە ئیشارە بە هەمینم حاڵی کرد کە ئەوە دەیانەوێ قسەکانمان زەبت کەن بۆیە وریای قسە کردن بە. شگردێکی تریان ئەوەیە کەسێك پیدا دەکەن و دەیهێنن بۆ ڕوبەڕوت و ئەوەی کە تو حاشای لێ دەکەی ئەو بە نیشانە و سەند دەڵێ, ئەری فلان وەخت پیکەوە ئەوەمان نەکرد, لەگەڵ فلانی نەهاتین ئەوتان پێ نەگوتین, لەگەڵ فلان کەس قسەتان بۆ نەکردین, یان فڵان مەئموریەتتان پێ نەداین و لەو شتانە, بهرحال ئەوی پێیان خۆش بێ فێری دەکەن و دەیهێنن لە ڕو بە ڕوی خۆت دەیڵێ و پێشت دەڵێ کێم, دیارە تو چاوت بستراوە و ئەویش چاوساغە. مونتەها مەعلومە ئەو کەسە نییە. بە باوەر و تەجروبەی من رەمزی موفق بون و سەر کەوتو بونی (متهم) ئەو کەسەی کە دەکەویتە ژیر باز جوی ئەو جەلادانەوە ئەوەیە کە نەچیتە ژێر هیچ ئیتهامێك, بە کورتی ئیعتراف نەکردن هەمیشە باشتر بووە لە ئیعتراف کردن.

من هەردوکیانم دیوە, هەم ئەو کەسانەی کە ئیعترافیان کردووەو هەم ئەوانەی کە نەیانکردووە هەمیشە ئەوانەی کە ئیعترافیان کردووە چە بە راست و چە بە درۆ دواجار پەشیمان بونەوە و گوتویانە بە زۆر و لە ژێر شکەنجە دابووە. کەسیشم دیوە 70کەسی ئیعتراف کردەوەو بە گرتنی داون و هیناونیە زیندان کەسیشم دیتوە لە ژیر سەخترین ئەشکەنجە دا ئیعترافی نەکردەوە و ناوی کەسیشی نەهیناوە و هەر دو کیان ئیعدام کراون.راستە ئیعدام هەر ئیعدامە, ئیعدامەکە مساوییە بەڵام ئەی <u>70</u> کەسەکە , کەئەگەر هەر یٚکەی بە سالێکیش مەحکوم بۆبن 70 ساڵت زیندان لە خەڵکیتر بار کردووە,ئەوەی کە بۆتە باعیسی خەڵك با لێیگەڕێن, بەڵام حەقە ناوی ئەو کەسە خۆڕاگرو بە جەسارەتانە کە یٚکیان سلیم سابیر نیاو ئەوی تریان سید مستەفای قادری بو لێرە بێنم کە هەر دووکیان بە برینداری کەوتبونە بەر دەستی جەلادانی خوین رێژی جمهوری ئیسلامیەوە وهێشتا برینەکانیان پانسمان نەکردبوون خستبویاننە ژێر بازجوییەوە و پێیان گوتبون بە شەرتێك برینەکانتان دەبەستین کە هەر چی راز و نەهێنییە پێمان بڵێن, ئەو خۆشەویستانە نەك ئەوەیان نەکردبو بەڵکو کاتێك کە بە بریندارری دستگیریان کردبوون و خستبویاننەدواوەی تویتاێکەوە پاسدارێك چۆبۆ سەر تویتاکەو لولەی چەکەکەی لە سەر ڕا گرتبونو گوتبوی سەلیم کامتانە, سید مستەفا کە پێیوابو ئەگەر سەلیم بناسن لەوێ دەیکوژن,گوتبوی سەلیم منم, ئەوانەو زوور خاترەی خۆش و ناخۆشی تری ئەو گیان بەخت کردووە کمونیست و شورشگێڕانەم بەلاوەیە کە لێرە ئەوەندە مەجال نییە هەمویان باس بکەم.

**TV** : هاوری ئەحمەد ئەوانەی باست کردن هەڵسوکەوتی جمهوری ئیسلامی حکومتی دینی بون لەگەڵ زیندانیانی سیاسی ئەکری بە کورتی پێمان بڵێی بەرخوردی کۆمەڵە لەگەڵ ئەسیر لەگەڵ زیندانی وە کولەن سەبارەت بە زیندان وئیعدام چییە؟ئایا ئەگەر رۆژیك ئیدارەی جامعە بکەوێتە دەست کومونیستەکان ئەو مقولەیە چون چارە سەر دەکەن وچوون جواب دەدەنەوە؟

ئەحمەد: بەرخوردی کۆمەڵە بە ئەسیر شتیکی تازە ولامو نییە بۆ خەڵك لە ئیران, لە میانەی ئەو ساڵانەی مقاومەتی خەلکی کوردستان و هیزی پیشمەرگەی کۆمەڵە لە بەرابەر هیزی داگیرکەرو بەر بڵاوی جمهوری ئیسلامی بۆ سەر کوردستان زۆر لە هیزکانی رژیم لە جەریانی شەڕ دا لە لایەن کومەلەوە ئەسیر کراون. سیاسەتی کومەلە لە قبال بەو ئەسیرانە دا ئەوە بو و ئەوەیە کە هیچ پیشمەرگەیك حقی نییە چکولەترین بی ئەحترامی بە ئەسیر بکات، کەس بۆی نییە بە سەری دا بگورێنی, یان تەنانەت زللەیێکی لێ بدا. هەر پیشمەرگەیك وەهاحەرەکەتیکی لێ رودابا سزا دەدرا و بەرخوردی تەشکیلاتی پێ دەکرا. هەرچەند رژیم وای لە هیزەکانی گەیاندبو کە کورد بە تایبەت کومەلە لە بەر ئەوەی کومونیستن ئەگەر خوتانیان تەسلیم بکەن یان ئەسیرتان بکەن، سەرتان لێ دەکەنەوە و دەتان کوژن. بۆ وەی باشتر بشەڕن.بەڵام ئەوان دروست پێچەوانەی ئەوەیان دەدیت و چاو پێدەکەوت. تەواوی ئەو کەسانەی کە ئەسیری کومەلە بوون، ئەو ماوە لە ژیانیان بویان بووە بە خاترەیەك. لە زیندانی کومەلە فیر بوون و زانییان کە کومونیستەکان چەندە مهربان و چەندە دلسوز و چەندە بە پەروشن بو ئینسانیت, دیتویانە کە نەك بی ئیحترامییان

پێ نەکراوە، نەك ئەشکەنجە و ئازاریان نەدراوە, بەڵکوو ئەو ماوە سعی کراوە جامعەی سرمایەداری بناسن و موسببی هەر چی نەهامەتی ئەو زەمانەیەیە پێیان بناسرێ, بە هەموو شێوەیك وریا کراونەوە کە جهوری ئیسلامی کییە و چییە و هەدفی لە شەڕ و هێرش کردنە سەر کوردستان بۆ چییە و ئەو شەر و کوشتارانە لە خزمەت بە چە برژەوەندیك دان, و دوا ئەو هوشیار کردنەوەیە ئازاد کراون و گراونەوە باوەشی مال و منداليان, تعداد یکیشیان هەر بە ئارەزووی خۆیان نە گەراونەوە و بونە پیشمەرگەی کۆمەڵە و دژ بە جمهوری ئیسلامی دەستیان داوەتە مبارزە کە پیشمەرگەی زۆر فداکار و شورشگیریان لی دەرهاتووە. دوای ئەوەی کە کومەڵەیان دەناسی و واقعیاتیان لی رون دەبۆوە ئارەزویان ئەوە بۆ تا شەڕ تەواو دەبێ هەر بە لای کۆمەڵەوە بمێننەوە, لەبەر ئەوەی دیسانەوە دەیانناردنەوە بۆ جەبهەکانیشەڕ, وئەگەریش نەچوبانایەوەدەیان خستنە زیندانەوە, کومەلە هەموو ئیمکاناتی وەك پیشمەرگە لە اختیار دا نابون, وەکوو پیشمەرگە حتا یارمەتی گیرفیانیان پی دەدرا, پیشمەرگە چێ خوارد با بە ئەوانیش ئەوە دەدرا.

کاتی خۆی وا بزانم زیندان لە برایم خەسار بووە و لەوی سید مستە فای قادری پیشمەرگەی زیندان بووە کاتیك گیرا, جمهوری ئیسلامی چەند نەفەر لەو ئەسیرانەی ئەوکاتی ناو ئەو زیندانەی هینابو بۆ ئەوەی ببنە شاکی خصوصی لە سەری , هەموویان ئەولا ولایان ماچ کردبو و ناراحت ببون بە دیتنی ئەو بەم شیوەیە بە دەستی جەلادانی جهل و سرمایە وە گرفتار بووە.

هەر لەوێ گوتبویان ئیمە نەك هیچ شکایەتێکمان لە مستەفا نییە بەڵکوو هێندە بۆمان باش بووە داوا دەکەین ئازادی بکەن. ئەوە خصوصیاتی سید مستەفای قادری وەك فەرد نەبووە بەتنهاهەرچەند ئەو واقعن ئینسانێکی کمونیست وجسورو بو, کاك سەلیم سابرنیاش هەر وا یادیان بەخێر, بەڵکوو ئەوە سیاستی عمومی و بەرخوردی ئینسانی کومونیستەکانە بە زیندانی و ئەسیر, .سەرجەم کومونیستەکان ئەو ئینسانانەن کە هەوڵ دەدەن بۆ دنیایێکی دور لە ستەم و چوسانەوەو دور لە شەڕ و ئاژاوە, دور لە هەرچی بی ماڤ و نەهامەتییە، کومونیستەکان نە تنها هیچ منافعێکیان لە توند و تیژی و گرژی و ئالوزی دانیە بەڵکوو ئەوانە لە لایەن نیزامە سەرکوتگەرو ستەم کارە کانەوە در حەق بە کومونیستە کان ئەعمال کراون. کومونیستەکان قربانیانی سەفیپێشەوەی ئەم حەرکاتە دژی ئینسانیانەن بۆیە لە هەمو کەس زیاتر روبەروی تندوتیژی و زیندان و ئیعدام دەوەستنەوە.

ئەوەی کە ئەگەر ڕۆژێك ئیدارەی جامعە بکەوێتە دەست کومونیستەکان چوونی ئیدارە دەکەن؟ من ئەوە وەك ئەگەر نابینم و پیم وایە و لە سەر ئەو باوەڕەم کە ئەوە جەبری تاریخە و بە بەرەوپیش چون و پیشرەفتی هەرچی زورتری علم و تکنولوژی و وریای و ئاگاهی ئینسانەکان دنیا بەرەو ئەوە دەچێ کە هەمو نێعمەت و خیروخوشی دنیا ناکرێ و نابێ بۆ تعدادێکی محدود و ئەقلیەتیك بێ و بەدبەختی و نەهامەتیش بو ئەکسەریەتێکی بەر چاو. بە چاو کراوەی و تیگەیشتنی ئەو ئەکسەریەتە وادەزانم دنیا وای لّی دێ هەموکەس لە رفاە و ئاسایش و ژیانی وەکو یك بەهرەمەند دەبن. کە ئەو دنیایە سوسیالیزمە، حکومەتی کریکارانە, لە ئەوجی خۆی دا دنیایکی ئەشتراکی و کومونیستیيە. بەرێوە بەران و هەڵسورێنەرانی ئەو دنیایە کومونیستەکانن، کریکاران و زحمەتکیشانیکەن کە لە بندی ئەسارەت و ئیعدام و زوڵم و ستەم و چەوسانەوە نجاتیان بووە و قەت جارێکیتر ڕێگا نادەن کەس بە خاتری بیرو باوەڕی جیاواز وئەفکاری سیاسی لە کۆمەڵگا دور بخرێتەوە و بخرێتە زیندان و ژیر ئەشکەنجە, ئیتر ئەوانە معنا نادەن لەو رۆژگارەدا, کەلیمەی ئیعدام و کوشتنی ئینسان بە دستی ئیسنان نابێ بمێنێ و دەبێ لە ئەدەبیاتیش دا ڕەش کرێتەوە بەو هیوایەی ئەوڕۆژە زووتر بێتو هەمومان ببینین.

***

# ئەشکەنجەی جنسی و خۆڕاگری بەکۆمەڵ
# نموونەی: مکزیك – سن سالوادر تاتنکو

و: کەریم ئەمانی

قەسەکانی (فیلیسیتاس ترۆیە) لەرێورەسمی هەژدەهەمین ساڵیادی قەتڵی عامی زیندانیانی سیاسی لەئێران. –فرانکفۆرت– 3ی سپتامبری 2006 (من "قوربانی" نیم. من نورماخێمێنزم، ناوی خۆم دەهێنم لەبەرئەوەی کە شەرمەندە نیم. ئەو ترسەنۆکانە دەبێ شەرمەندە بن کە ئێمەیان دەستگیر کرد، لێیان داین، دەست درێژی یان پیّکردین، ئەشکەنجەیان کردین و لەرۆژی سێهەم و چوارەمی مانگی مەی (2006)ەوە دیل و دەست بەسەریان کردوین. تەبیعەتەن دەبێ ئاغاکانی ئەوان شەرمەندە بن، ئەوانەی کە لەبەناو دەسەڵاتی یاسا قسەدەکەن لەحاڵەتێکدا بۆ خۆیان هیچ بڕوایەکیان پێی نییە).

(من "قوربانی" نیم. من ئەو ژنەم کە بێ دەنگ نابێ و تەنانەت ئەگەر زۆر دڵتەزێنیش بێ، نایەوێ سکاڵاکەی وەربگرێتەوە. نەك لەبەرئەوەی کە من بڕوام بەعەداڵەتی دادگا دەوڵەتێکان هەبێ، بەڵکو لەبەرئەوەی کە من لەحاند گاڵتەجاڕیەکانی ئەوان بەچۆك دا نایەم و ناهێڵم رووداوەکە لەبیر ببرێتەوە. بۆئەوەی خەڵك بزانن کەچی رووی داوەو هەروەها تێبگەن کە ئەگەر نارەزایەتی دەرنەبڕین، ئەم کارەساتە سەرلەنوێ دوپات دەبێتەوە ئێمە نەدەتوانین و نەدەبێ ئیزن بدەین کە زیاتر لەوە لێ خۆش بوون لەسزادان ئیمکان پەزیر بێت).

نورما، دانشجویەکی تەمەن بیست و پێنج ساڵەیە، یەکێکە لەو پتر لەپەنجا ژنەی کە لە سێهەم و چوارەمی مانگی مەی لەسن و سالوادر ئاتنکۆ و تکسکوکو (کە مەودای سەعاتە رێیەك لەشاری مکزیك دورە) لەلایەن ئەرتەش و پۆلیسەوە دەستگیر کران. یەکێکە لەو پەنجاژنەی کە لەو رۆژانەدا لێیان درا، دەست درێژی یان کرایە سەرو ئەشکەنجەی جنسی کران.

یەکێك لەوپتر لەبیست ژنەی کە ئەو رووداوەیان لەقاودا و بەکۆمەڵ شکایەتیان لەبەرپرسانی ئەو کارەساتە کرد. یەکێك لەو حەوت ژنە زیندانییە سیاسییەی کە بەتۆمەتی ئینسان دزین و پەلامار بۆسەر رێگاو بانەکان هەر ئێستاکەش لەزینداندان.

رۆژی سێهەمی مانگی مەی، پۆلیس و هێزە نیزامی یەکان لەتسکۆکۆ و سن سالوادر، بەپەلاماری وەحشیانەی خۆیان، پێشیان بەکارێکی بەکۆمەڵی گوڵ فرۆشەکانی سەرشەقام گرت و ئەوانیان دەستگیرکرد. بۆ نارەزایەتی دەربڕین بەدەستگیرکرانی ئەم دەست فرۆشانە و هەروەها بەمەبەستی پشتیوانی کردن لەوان، خەڵك رژانە سەرشەقامو شەقامەکانیان بەست، کەلەلایەن پۆلیسەوە هێرشیان کرایە سەر، لەئاکامی ئەم پەلامارەدا، پۆلیس تازە لاوێکی تەمەن چاردە ساڵەی بەدەستڕێژی گوللە کوشت.

هەر لەو شەوەدا، پاش ئەوەی کە ڕووداوەکە ئاشکرا بوو، جەماوەرێکی زۆر بەمەبەستی دەربرینی هاوپشتی چوون بۆ سن سالوادر و لەئاوای‌یەکی کە گومانی ئەوەدەبرا هێرشی بکرێتە سەر، بەهێزەکانی بەرگری پەیوەست بوون. بەرەبەیانی ڕۆژی دواتر پتر لەسێ هەزار پۆلیسبەپاڵپشتی ئەرتەش و هێزەکانی ویژە، هێرشیان هێنایە سەر ئەو ئاواییە.

ئەوان دوای پشکنینی ماڵەکان دەستیان دایە تالآن و برۆ. پتر لە دوسەد کەس دەستگیرو ژمارەیەکی زۆرتریش بەسەختی بریندار بوون. تەواوی گیراوەکان لەو کاتەدا کە دەیان گواستنەوە بۆ زیندان زۆر وەحشیانە ئەشکەنجە کران، بەجۆرێك کە هێندێك لەگیراوەکانیان ڕەوانەی نەخۆشخانە کرد. تەواوی ژنەکان لەناو ئوتوبوسەکان دا و لەبەرچاوی زیندانی یەکانی دیکە ئەشکەنجەی جنسی کران و دەست درێژی کرایە سەر زۆربەی ئەوان.



نزیکەی سی کەس هەر ئێستاش لەزیندان دا بەسەر دەبەن و ئەوانی تر پاش دانانی وەسیقە(زەمانەت) ئازاد کراون. بۆئەوەی کە لەئامانجەکانی ئەم سەرکوتە تێبگەین، دەبێ بڵێین کە دیفاعی کۆمەلآنی خەڵك و "جبهەی خلق" لەناوچەی سن سالوادر، هێمای خۆراگری بەکۆمەڵ و سەرکەوتووانەیە لەدژی تەرح و پلانەکانی نئولیبرالی، لەمکزیك. چەند ساڵ لەوەپێش ئەوان توانیان پێش بەدروست بوونی فرۆکەخانەیەکی نوێ لەشاری مکزیکو بگرن کە بەرێوەچوونی ئەو تەرحە بەمانای داگیرکرانی زەوی و زارو کۆچ کردنی زۆرەملی ئەوان بوو. هەر لەوکاتەوە ئیتر ئەوان پشتیوانی خۆیان لەبزووتنەوەی کۆمەلآیەتی یەکانی دیکە ڕاگەیاندووە و ماوەیەکی کورت بەر لەو ڕووداوەش لەهاوکاری کردن لەگەڵ فەرماندە مارکوس دا، دەورو نەخشێکی گرنگیان بوو.

ئەم سەرکوتە لەڕادەبەدەر بەربلاَوو توندوتیژە، بەرنامەیەکی لەپێش دا داڕێژراو بوو، وە بەهاوبەشی ئورگانە جۆراوجۆرەکانی دەوڵەتی و حیزبە سیاسیەکان بەرێوەچوو. دەبوو ئەوە بەخەڵك بسەلمێندرێ کە دەوڵەت هیچ خۆراگری‌یەك قەبووڵ ناکات و خۆراگری و سەرکەوتنی خەڵك لەپێش گرتن بەدروست بوونی فرۆکەخانە موجازاتی هەیە. دەست گیری‌و ئەشکەنجەی ئەوان دەبوو ئەو پەیامە بگەیەنێ کە دەوڵەت حەرەکەتێکی ئاوا تەحەمول ناکات وە لەپێناو خۆراگری کردن، ڕێکخراو بوون و یەکگرتوویی دا دەبێ تاوانێکی قورس بدرێتەوە.

بەتایبەت، ئەشکەنجەی جنسی لەئاستێکی بەربلاَوو بەئاشکرادا، لەزۆر لەوە پێشەوە لە مکزیك بەکار نەدەبرا. دەمەوێ لەم ڕووداوە وەك نموونەیەك کەڵك وەربگرم بۆ ئەوەی کە بتوانم لایەنە جۆراوجۆرەکانی نیشان بدەم و بڵێم کە ژنان لەئاوا هەل‌ومەرجێکدا، بەربەرەکانێ و خۆراگری خۆیان چۆن ڕێك دەخەن.

لەسەردەمانێکی زۆر درێژین و لەئاستی جیهان دا ئەشکەنجە وەك ئامرازێك بۆ کۆنترۆڵی کۆمەڵ بەکاربراوە، ئامرازێکی گرینگ لەچوارچێوەی ستراتیژییەکی گشتی تردا. لەم ڕووەوە، شکڵ و شێوازەکانی ئەشکەنجە، هەمووکات و لەسەرتاسەری جیهان لەئەیالاتە یەکگرتووەکانەوە بگرە هەتا ئامریکای لاتین و و ڕۆژهەلآتی ناوین، ئاسیاو ئافریقا، لەکتێبەکان و پەروەردە و بارهێنانە دژی شۆرشگێڕی‌یەکان و لە بەرەوپێش بردنی شەڕی ڕەوانی دا، جێگای تایبەتی خۆی بووە.

هەدەف لە ئەشکەنجە، تێك دان و ڕووخاندنی ماهییەت و کەسایەتی ئەو ئینسانەیە کە دەکەوێتە بەر ئەشکەنجە، مەبەست ئەوەیە کەسەکە بەجۆرێك بکەوێتە ژێر گوشارەوە کە ببێتە ئالەتی دەست و ڕەفتارو هەڵس‌وکەوتی لەگەڵ مەیلی ئەشکەنجەگەر بێتەوە. هەروەها هەدەف ئەوەیە کە ڕایەڵ و پۆی تۆڕو ڕێکخراوە کۆمەلآیەتیەکان لەبەریەك هەڵوەشێتەوە، موتمانە و یەکگرتوویی نێوان ئەندامانی بنەماڵەو کۆڕو کۆمەڵەکان لەناو بچێت. ئەشکەنجەی سیتماتیك دەبێ ترس، وەحشەت‌و نەبوونی موتمانە. بخوڵقێنێ و بەم شێوەیە خۆراگری یەکگرتووانە

لاوازبكات، پێشی پێ بگرێ و سەرەنجام تەواوی كۆمەڵگا قابیلی كۆنترۆڵ و ئاڵوگۆڕ بكات.

ئەشكەنجەی ژنان مەعمولەن، ئەشكەنجەی جنسیش لەخۆدەگرێ، كە كاریگەریی و زیانی رۆحی شەدید و درێژ ماوەی بەدواوەیە، لەئەشكەنجەی جنسی دا، لەگەڵ ژن وەك مڵك و كالایەكی جنسی هەڵسوكەوت دەكرێ. چوونە ناوجسمی ژن، دەبێ زاڵ بوونی تەواو بەسەر ئیرادە، مەوجودییەت و چارەنووسی ژنان نیشان بداو بەهێمای (سمبلیزە) ی بكات. بۆ ئەشكەنجەگەر، پۆلیس، سەربازو زیندانەوان، كەڵك وەگرتن لەئەندامی ژن نیشانەی دەسەڵاتەو پێوەندی باڵا دەست و ژێر دەست نیشان دەدات.



بەم مانایە ئەشكەنجەی جنسی موجازاتێكی دیاری كراو (نمادین)ە لەدژی ئەو ژنە خەباتكارو شۆڕشگێرانەی كە جورئەتیان كردووە لەنەخشی سوونەتی خۆیان بێنەدەرەوە، بەرپرسایەتی قەبووڵ بكەن، ئەركی ڕابەرایەتی وەئەستۆ بگرن و یاساو رێسای دەسەڵات بەرنە ژێر پرسیارەوە. لەبەرئەوەی كە ئێمە ژنان هیچ كات بەخاتری ڕاپەڕین لەدژی یاساو رێسای دەسەڵات دار، بەتایبەت وەك یەك ژن، نابەخشرێن. لەكاتی ئەشكەنجەدا ئەشكەنجەگەری پیاو پێوەندییەكانی دەسەڵات داریەتی سەرلەنوێ بەرقەرار دەكاتەوە.

ژن مل كەچ و موتیعی خۆی دەكاو ناچاری دەكات خۆی لەجێگاو شوێنێك دا ببینێتەوە كە ئەو یان كۆمەڵگا بۆیان دیاری كردووە.

(لانی كەم، هەدەف ئەوەیە، چوون زۆرێك لە ژنانی قارەمان ئەوەیان سەلماندووە كە سەرەڕای زاڵ بوونی ئەشكەنجە بەسەر جسمی ئەواندا، بەڵام ورەی بەرزو ئیرادەو بیروباوەڕیان شورەیەكی لەگیران نەهاتووە!) دەست درێژی و شكڵەكانی دیكەی ئەشكەنجەی جسمی هەوڵ دەدەن ڕەخنە بكەنە ناو تایبەتی ترین و بنەڕەتی ترین كونج و كەلێنەكانی كەسایەتی و شئونی ئینسانیەوە و تەفروتوونای بكەن.

هەر بەم هۆیەوە ئێش‌و ئازارەكانی ئەشكەنجە تەنانەت بەئازادبوونی زیندانی كۆتایی پێ نایە. كاریگەریەكانی ئەشكەنجە لەناو ناچن و بیرەوەرییەكانی ئەو تاكۆتایی تەمەن هەروا زیندو دەمێنێتەوە. كاریگەریەكانی ئەشكەنجە سنوورەكانی جەستەی تاكە كەسەكان دەبەزێنێ و هەتا پێوەندییە بنەماڵەیی و كۆمەڵایەتێكان پەرە دەستێنێ. لەراستیدا هەدەفی ئەشكەنجەی جنسی دەقیقەن ورد كردن و لەبەریەك بڵاوبوونی تەواو مانای كۆڕو كۆمەڵ‌و بنەماڵەكانە.

پەلاماری جنسی بۆسەر ژنان لەبەرچاوی ئەندامانی بنماڵ، هاوڕێیان هاوخەباتەكانی، نەتەنیا مەبەستی هەر خودی ژنان نییە، بەڵكو ئەمە هێرشێكە بۆسەر شەرەف و ئەرزشەكانی ئەو كۆمەڵگایەی كە ژن بەهەڵگری فەرهەنگ و نماد (لەیەك كەلام دا: نامووس)ی كۆمەڵگا دەزانێ. خاڵێكی دیكەی جێگای سەرنج ئەوەیە كە ژنان هەر لەدێر زەمانەوە دەستكەوتی (غەنیمەت) شەڕبوون، واتا خەڵاتی پۆلیسی و سەربازەكان لەبەرانبەر بەشدرایی و چالاكی لێهاتووانەیان لەشەڕدا. ئەوان ڕەسمەن بۆیان هەیە هەركارێك كەپێیان خۆش بێت لەگەڵ ژندا بیكەن، لەئاوا هەل‌و مەرجێكدا ژنان مایملكی ئەشكەنجە گەرەكانیانن.

هەروەها ئەشكەنجەی جنسی بەم هۆیەوە كاریگەری بەربلاو درێژخایەن لەخۆی بەجێ دێڵێ كە ژنانی ئەشكەنجەكراو، لەپاڵ ئەوەدا كە بەسەریان هاتووە، لەگەڵ دژە كردەوەی كۆمەڵگاو دەورووبەریش یان بەرەو روو دەبنەوە. ئەو داب‌و نەریت و بایەخە ئەخلاقییانەی كە لەناو كۆمەڵگا جۆراوجۆرە پیاو سالارەكاندا دەوردەگێڕن و لەلایەن ژنان و پیاوانیشەوە وەرگیراون، بەربەستێكن لەسەر رێگای سەرلەنوێ بەدەست هێنانەوەی كەسایەتی و جێگاو شوێنی ژنان لەدوای ئەشكەنجەی جنسی

لەکۆمەڵگادا. ئەو ژنانەی کە کەوتوونەتە بەر ئەشکەنجەو دەست درێژی‌یان کراوەتەسەر، لەلایەن کۆمەڵگاوە تەرد دەکرێن.

ئەوان بەچاوی قوربانییەکی لەکەدار، ناپاك و بیٚ ئابڕوو سەیر دەکرێن، جۆرێك بیرکردنەوە کە هەست کردن بەشەرم پەرە پێدەداتو زۆر کەم لەژنان دەتوانن بوێرانە و بیٚ پەروا لەم بابەتەوە بدوێن. تەنانەت لەناو زۆربەی رێکخراوەوو بنەماڵەکانیش دا باس کردن لەئەشکەنجەی جنسی تابۆیە.

ژنانی ئاتنکۆ هەر لەسەرەتاوە دەستیان لەسەر دەست دانەناو بێدەنگ نەبوون، لەو نامەو شایەدی نامانەی کە لەزیندانەوە دەیان نووسی، سەرەتا بەناوی موستەعار (نازناو) و دواتر بەناوی واقعی خۆیانەوە قسەوباس و سکالاکانی خۆیانیان خستەڕوو. لەیەکەم کۆبوونەوەی دادگادا توانیا لەگەڵ زۆرێك لە ڕاگەیەنەرە گشتییەکان وتووێژ بکەن و سەبارەت بەمەسەلەی ئەشکەنجەی جنسی بدوێن.

ئەمە دەرفەتێکی چارەنووس سازبوو. لەبەرئەوەی تەنیا خودی ژنان دەتوانن بێدەنگییەکە بشێکنن. بەڵام کاتێك بێدەنگییەکە شکاو بووار ڕەخسا، کەسانی تریش دەتوانن لەراپۆرت و زانیاری‌یەکانی ئەوان کەڵك وەربگرن و لەبەرەوپێش بردنی خەباتەکەیاندا یارمەتی یان بدەن.

بەبڕوای من گرینگترین شت لەم پێوەندی‌یەدا و لەدوای ئەوەی کە مەسەلەی ئەشکەنجەی جنسی بوو بەتەوەری ئاکسیۆنەکانی هاوپشتی لەگەڵ زیندانیان، شکاندنی تابۆکان بوو. ژنان بەتەنیا نەمانەوە و خەبات و بەربەرەکانیٚ لەدژی ئەشکەنجەی جنسی بەتەنیا نەخرایە ئەستۆی ژنانی ئەشکەنجەکراو.

هەنگاوی گرینگی دواتر سکالای ڕەسمی و بەکۆمەڵ بوو لەدژی بەرپرسانی ئەم رووداوە. ئێمە وەك رێکخراوەیەکی مافی مرۆڤ کە یارمەتی دەری ئەم ژنانەیە و هەروەك ڕەوان ناسێك، بەلامانەوە زۆر گرینگ بوو ئەوەی کە ژنان بەشێوەیەکی یەکگرتووانە و بەکۆمەڵ هەنگاو هەڵدەگرن و بەکۆمەڵ لەم حەرەکەتەدا یەکتری بەهێزدەکەن و ئەوە لەقاو دەدەن کە مەسەلەکە شتێکی بەهەڵکەوت نەبووە.

ئەم سکالایە بەو هیوایە ڕانەگەیەندرا کە دەوڵەت عەدالەت رەچاو بکات، بەڵکو ئەو واقعییەتە دەگەیەنیٚ کە ئەم ژنانە بێدەنگ نابن، دەنگ هەڵدەبڕن و نیشان دەدەن کە ئەگەرچی شوێنەواری برینەکان بەسەر جەستەیانەوە سارێژ نەبووە، بەڵام ئەوان تێك نەشکاون و خەبات لەپێناو گەیشتن بەعەدالەتی راستەقینە، سەرلەنوێو لەتەواوی بەرەکاندا دەست پیٚ دەکەنەوە.

ئەشکەنجەدەی هەویٚ شکۆی ئینسانی و وورەی خۆراگری ژنان ئەوەندە لاواز بکات، کە ئیتر هانی هەستانەوەیان نەمێنیٚ و مل بۆئەو دەوروو نەخش و جێگاو شوێنە دابنەوێنن کە بۆیان دیاری دەکریٚ و بەم جۆرە بە کەسانی تریش بسەلمێنن کە خۆراگری بیٚ ئاکامە. وە ئەمە شتێکە کە پێوەندیی بەهەموومانەوە هەیە! بەبڕوای من ئەوکاتەی کە خەباتی بەکۆمەڵ بەهەند وەربگرین، دەبیٚ هەل و مەرجێکی وا بخوڵقێنین کە هیچ هاوڕێیەکمان لەم خەباتەدا لەدەست نەدەین. ئەو ژن‌و پیاوانەی کە کەتوونەتە بەر ئەشکەنجە پێویستی یان بەوە هەیە کە پشتگیری‌یان لیٚ بکریٚ و زەمینەیان بۆ فەراهەم بکریٚو سەبارەت بەو کارەساتەی کە بەسەریان هاتووە بدوێن.

هەتا بتوانن بەسەر ئەو کاریگەری‌یە دەروونیانەی کە شوێنەوارەکەیان لەپاش ئەشکەنجە بەجیٚ ماوە زاڵ بن و هەروەها دڵنیابن لەوەی کە دەتوانن لەسەر پشتگیری و پشتیوانی هاوڕێیانیان حیساب بکەن وخەبات و بەربەرەکانیٚ لەدژی ئەشکەنجەی جنسی دەبێت بە بەشێك لەخەباتی هاوبەش.

---

ئیدیت (Edit)، زیندانیەکی سیاسی خەڵکی ئاتنکۆ دەنووسیٚ:

(ئێمە ئەشکەنجە کراین، دەست درێژییان پیٚ کردوین و لێیان داوین، بەڵام ئەگەر بتوانین یەك بگرین و "کارزارێکی دیکە" {ئاماژەیە بەتەرحی خەباتی هەمەلایەنەی زاپاتیستەکان} بەهێز بکەین، بایەخی خۆی هەیە.

---

*فلیسیتاس ترویە ڕەوانشناس، ڕەواندەرمانگەرو ئەندامی کۆمەڵەی میکزیکی و سەربەخۆی تێکۆشان دژی ئەشکەنجەو لێخۆش بوونی سزادان.

***

# لەزیندانی "پول چەرخی" کابۆلەوە هەتا وەکیل "ئابادی مەشهەد"

"چەند بیرەوەرییەك لەزیندانی ئەفغانی، زیندانی وەکیل" ئابادی مەشهەدو وەزعییەتی ناو زیندانەکە".

ئا : پێشەنگ

بەندی پشتی پەردە، بەندی 5/3. بۆ هەموو زیندانیانی زیندانی وەکیل ئابادی مشهد، وەبیرهێنەرەوەی جەهەننەمێکی واقعییە. بەهاری ساڵی 75، بۆ ئەم شوێنە، یانی زیندانی وەکیل ئاباد تەبعید کرام. لەنیوەرۆی رۆژێکی بەهاری دا لەحلێکدا کە بە پەرۆیەکی رەش و ئەستوور چاویان بەستبووم، بردیانە دەفتەری بەرپرسی بەندی 5/3 و لەوی بازجوویيان لێ کردم شەپۆلی پرسیار و لێکۆڵینەوە بەسەرم دەباری.

لەسەرچی گیراوی؟ بۆچی تەبیعدیان کردی؟ بۆچی تۆیان ناردۆتە زیندانی مەشهەد؟ لەگەڵ کام رێکخراوەی سیاسی پێوەندیت هەبوو؟ و زۆر پرسیاری دیکەی لەم بابەتە بەرپرسی زیندان لەدرێژەی قسەکانی دا وتی: پێتان وایە ج. ا سلامی بۆیە ئێوەی لێرەدا راگرتووە تا قەلەوتان کات؟ ئێمە خۆمان ئەو هەموو گیروگرفتەمان هەیە، هەربۆیە تۆمان کەم بوو. ئێستا بیبەنە وەتاغی 1 ، بەڵکو هێندێك حالی بێتەوە سەرجێی خۆی.

درگایەکی ئاسنی گەورە بەرەو روومان کرایەوە و منیان بردە سالۆنێکی تاریکەوە، تەقەو جیڕەی کرانەوەی دەرگایەکی دیکە بەرزبۆوە و بەپاڵ پێوەنان خستمیانە ژوورەکەوە. بێدەنگی یەکی تەواو، هەموو ژوورەکەی داگرتبوو. لەپڕ کەسێك، بێدەنگییەکەی شکاندو بەپێکەنینەوە وتی: تۆش رێت کەوتە ناو دنیای چکۆلەی ئێمەوە، بەخێر بێیت.

یەکێکی دیکەش بەخێرهاتنی کردم. دەستم برد و پەرۆ رەشەکەی سەرچاوم داخزاندە خوارێ. چاوم بەوەتاغێکی گەورە کەوت. چەند تەختێك لە گۆشەو کەناری دا دەبینرا. زیندانییەکان لەسەر تەختەکان پاڵ کەوتبوون و هێندێکیشیان دانیشتبوون و خەریکی چنین و گوڵدۆزی کردن بوون.

هێدێکیشیان خۆیان بەکاری دیکەوە خەریك کردبوو. وەتاغەکە تاریك و رۆشن بوو. دیوارەکان بەبلوك و سیمان هەڵچندرابوو. یەکێك لەزیندانییەکان دەستی گرتم و بەرەو تەختێکی بەتاڵی بردم. وتی: ئەوم تەختە، تازە بەتاڵ بووە. رۆستەم نێزیکەی 8 سال و 5 مانگ لەسەری خەوت. چاوە رشەکانی بڕییە ناو چاوم و سەرێکی لەقاند. دەستی خستەسەر شانم و رایتڵەکاندم و وتی: رۆستەم، بەراستی رۆستەم بوو. ئێستا مەلافەکانی رۆستەمت بۆ دێنم. ئێمە هەر کامەمان بەرادەی پێویست مەلافەو پەتوومان هەیە.

زۆربەی زیندانییەکانی وەتاغی یەك لەبەندی 5، خەڵکی ئەفغانستان بوون کە بەهۆی بیروبڕوای شۆرشگێرانەو دژایەتی کردن لەگەڵ جەریانانی کۆنەپەرستی مەزهەبی و راوەستان لەبەرامبەریاندا، بەپیلانی ئەم جەریانانە و بەپاڵپشتی ج.ا ، گیرابوون و هێنابوویاننە زیندانی مەشهەد.

جەوهەرو سیراج و دایان، لەزیندانیانی لەمێژینەی وەتاغی 1 بوون. جەوهەر ئاوای بۆ گێرامەوە: ساڵی

1989 لەشاری (کابل) لەلایەن سازمانی ئەمنیەتی ئەفغانستانەوە گیرام. بەر لەمن. سراج، دایان و هەر ئەو رۆستەمەی کە پێشتر لێرە بوو و بردیان، بەتاوانی فەعالییەتی سیاسی و دژایەتی کردن لەگەڵ حکومەتی (تجیب الله) دەستگیر کرابوون. جەوهەر دەیوت: من لەزیندانی (پل چەرخی) کابل، ئەوانم ناسی. هەر لەو زیندانەدا لەگەڵ زۆر فەعالی سیاسی دیکەش ئاشنا بووم.

رۆستەم هەڵسوراوێکی سیاسی چالاك و لێهاتووی گەرەکی فەقیرنشینی (قەندهارییەکان) لە شاری (کابل) بوو. کرێکاران و زەحمەتکێشانی ئەو گەرەکە. بەگەورەو چکۆلەوە، رۆستەمیان بەکەسێکی جێگای باوەر و متمانە و دڵسۆزی کرێکاران و زەحمەتکێشان دەزانی. رۆستەم ماوەیەك پاش کودەتای (نجیب الله) گیرابوو. لەم قسانەدا بووین کە (دایانیش) هاتەلامان و سێ ئیستیکان، فلاکسێکی چایی لەناوەراستمان داناو وتی:



چاییەك دەمانحەسێنێتەوە. ئەم باسانە بەچاییەوە خۆشە. هەرچەند چایەکەمان بێ تامەو بۆنیشی زۆر ناخۆشە، بەڵام ئیتر چار چییە، دەمێکە لەوە دەخۆینەوە و پێی ڕاهاتوین. جەوهەر چایەکەی خۆی بەدوو سێ قوم تەواوکرد لەدرێژەی قسەکانیدا وتی:

"رۆستەم، زۆر بەسەر ئازادبوونی لەزیندانی "نجیب الله" تێپەڕ نەببوو کە لەلایەن "جەمعییەتی ئیسلامی ئەفغانستانەوە" کە سەر بە ج.ا، لەگەڵ دوو کەسی دیکە لە هاوڕێیانی، رفێندران، ئەو دوو هاوڕێیەی لەرێگای هێنانیان بۆ ئێران، لەلایەن جەنایەتکارانی جەمعییەتی ئیسلامییەوە اعدام کران.

پرسیارم کرد کە ئایا ئەو ئەفغانییانەی ئێستا لە زیندان دا گیراون، ئەوانیش هەلسوورانی سیاسی وەك ئێوەیان بووە و لەسەر بیروباوەری سیاسی و کۆمۆنیستی گیراون. زردەیەکی تاڵ سەر لێوی گرت و وڵامی دامەوە:

ئێمە کەسانێکین کە لەلایەن باندەکانی جەنایەتکاری مەزهەبی و دەستەو تاقمی ئینسان کوژەکانی ئەفغانستانەوە رفێندراوین و زۆربەی هەڤاڵانیشمان بەر لەوەی بگەنە ئەو جەهەنمەوە، بەدەستی ئەو جەنایەنکارانە اعدام کراون. ئێمە هەر کاممان هەڵسووراوێکی کومۆنیست و خاوەنی بیروباوەڕی سیاسی و ئینسانین. هەرکامەمان ڕابردوویەکی پڕ لەچالاکی و هەڵسووڕانی سیاسی و لەدژی جەریاناتی کۆنە پەرستمان هەیە.

زۆربەمان لەسەر ئەو بروایەین کە حکومەتی "نجیب الله" ئەو حکومەتە نییە کە لەویست و مەیلی کۆمەڵانی بێ بەش و زۆرلێکراوەوە سەرچاوەی گرتبێ و ئەویش لەرێگای کودەتاو بەکارهێنانی زەبرو زەنگەوە بەدەسەڵات گەبشتبوو لەئەفغانستان، کومۆنیستەکان و خەڵکێکی شەریف و ئازادیخواز دەژین کە بیر لەرێگایەکی دیکە دەکەنەوە و بیروبۆچوونێکی جیاواز لەو تاقمانەیان هەیەو

باوەڕو بۆچوونی شۆڕشگێڕانە کومۆنیستی و کرێکارییان کردوە بەئامانجی خۆیان.

دەرگا ئاسنەکەیان کردەوە. نیگەهبان شامی زیندانیانی لەبەر دەرگا داناو دیسانەکە دەرگاکەی داخستەوە. خواردنەکە یارەماسی کولاو بوو کە تەواوی ساردبووە. بۆ هەر کەس یارەماسییەك و بەهەر سێ کەس نان بەر بەرییەك کە بۆنی کۆنی لێ دەهات، داندرابوو. چەند کەس لەزیندانییەکان یارەماسییەکانیان پاك کرد و سفرەکەیان ڕاخست یەکێك لەزیندانییەکان شامەکەی دابەش کرد بۆ هەر کەس کەوچکێك یارەماسی خستە سەر بەشە نانەکەی و لەبەردەمی دانان.

ئەمە خواردنی هەموو شەوێکە و قەت ناگۆڕدرێ. بۆ بەیانیش، بەهەر کەسێك، بەقەدەر دوو کلۆ قەند پەنیریان دەدا. یانی بۆ 27 کەس لە ژوورێك دا، 350 گرەم پەنیر دیاری کرابوو. بۆ ئەوەی لەماوەی ڕۆژدا لەبرسان لەسەر خۆمان نەچین، دەبوایە لە فرۆشگای ناو زیندان بەخەرجی خۆمان بسکویت بکڕین. زۆربەمان نەماندەتوانی لەگەڵ خانەوادەکەمان چاوپێکەوتنمان هەبێ و زیندانییە ئەفغانییەکان و زۆربەی ئێمەش، لەهیچ کوێ وە یارمەتیمان پێ نەدەگەیشت.

ئەو زیندانە سەرجەم 6 بەندی گشتی لێ بوو. بەشێکی زۆر لە زیندانییەکان ئەفغانی بوون. ئەفغانییەکانی بەندی سیاسی، لەماوەی ئەم چەند ساڵەدا، وردە وردە توانیبوویان لەگەڵ زیندانیانی بەندی گشتی، پێوەندی بگرن. لەو کەسانەی کە وەزعی مالییان باشتر بوو، یارمەتیمان وەردەگرت. ژووری "یەك" بەشێوەیەکی نەهێنی، سندوقێکی یارمەتی مالیان پێك هێنابوو کە زیندانییە سیاسییەکانی بەندی "یەك" چ ئێرانی و چ ئەفغانی" هەرکات پێویستیان بە پوول بووایە، لەو سندوقە وەریان دەگرت.

من و "دایان" لەدرێژایی ژوورەکەدا قەدەممان لێ دەداو بەیەکەوە خەریکی قسەوباس بووین. "دایان" لەخەباتی سنفی ناو زیندان قسەی بۆ دەکردم. دەیوت:

"پێشوتر لەو بەندەدا بەشێوەیەکی بەردەوام بۆ هەرپێنج کەس، یەك نان بەربەریان دەدا، لەئەنجامی اعتراز و نارەزایەتی دەربڕینی زیندانیان دا، توانیمان جگە لەوە کە سەهمییەی نانەکەمان زیاد بکەین، دوو "ژەم"یش برنج بەغەزاکەمان ئیزافە بکەین. پێشتر تەنیا یەك سەعات مۆلەتی چوون دەرەوە و هەوا خۆریمان هەبوو، بەلام لەئەنجامی هەر ئەو اعترازاتەدا، بەشێکی زۆر لەداخوازییەکانمان بەسەر بەرپرسانی زینداندا سەپاند ئێستا لە 34 سەعات دا، "یەك ونیو" دەچینە دەرێ. ئێستا ئیتر ئێمەش وەك ژوورەکانی 2، 3 ی بەندی پشتی پەردە دەچینە کتێبخانەو بۆ خوێندنەوە، کتێب وەردەگرین. جیا لەوە ئێستا لەرۆژدا، دوو رۆژنامە وەردەگرین. هەمووی ئەوانە بەاعتراز و فشار. بەسەر بەرپرسانی زینداندا سەپاوە ئەگینا بەمەیلی خۆیان شتێکیان پێ نەدەداین.

بەیانی ڕۆژێکی هاوین، ساڵی 75، هەواڵێك بەخێرایی لەناو هەموو زینداندا بلاوبۆوە: رۆستەم اعدام کرا، ئەم هەواڵە کورتە، سەرانسەری. زیندانی نوقمی تووڕەیی و بێزاری و نارەحەت کرد. نەفرەت و تووڕەیی و بێزاری لەبەرپرسانی زیندان و عاملانی ئەو جەنایەتە نائینسانییە، لەچاوی هەموو زیندانیانی بەندەکەدا شەپۆلی دەدا. جەنایەتکارنی وەحشی و زەبوون تەنانەت لە سیاچاڵەکانیشیان دا، چاوی دیتنی رۆستەمی کومونیستیان نەبوو، بۆیە بەوپەری زەبونییەوە، لەداریان دا. رۆستەمی کومونیست و شۆڕشگێرە کە نێزیك بە 9 ساڵ لەژیانی، لەزیندانەکانی ج. اسلامی دا بەسەر برد، لەمانگی "تیر"ی ساڵی 75ی هەتاویدا، دارایە دەست جەنایەتکارەکانی جەمعییەتی ئیسلامی ئەفغانستان و بەدەستی ئەوان، اعدام کرا.

خەمی گەورەی لەدەست چوونی رۆستەممان بە قسەی یەکێك لە زیندانییەکانی بەندی "یەك" لەدڵمان ڕەواندەوە کە دەیگوت: حەمید، براگیان، بیرو بۆچوون و بڕوای ڕاستەقینەی هەرکام لەئێمە بەردی بناغەی کۆمەڵگایەکی نوییە، کە داهاتوویەکی نوێ دەخاتە بەردەم کۆمەڵگا. سەرکەوتن هەر بۆ ئێمەیە.

سەرچاوە: ئارشیوی رادیۆ

***

# دەست درێژی کردنە سەر ژنان لە زیندانەکانی کۆماری ئیسلامی دا

ئا : دەریا

## کورت کراوەیەك لە سوخەنرانی نینا ئەقەدەم زیندانی سیاسی رژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران

*******

من نزیکەی 6 سالً زیندانم کێشاوە. لە زیندانی شارستان، (کومیتەی موشتەرەك) و ڕُێوین. لە دوای ساڵی 1358 و1359ی هەتاوی کە شەر لە کوردستان دەستی پیکرد، رژیم سەر گوزەرگاکانی تەواوی کوردستانی گرتبوو، هاتوچۆکان بە توونڈی کونترۆل دەکران،

وە لە هەموو ناوچەکانی کوردستان پادگان و پایەگای نیزامی دانابوو.

ئەو بارودۆخە پاش ساڵی 60 بە چەند قات دژوارتر بوو.لە ساڵی 61 من و کچە چکۆلەکەم کە ئەوکات تەنیا ساڵێکی تەمەن بوو لە مەسیری رێگەدا و لە سەر گوزەرگایەك دەستگیر کراین و رەوانەی زیندانی شارستان کراین، هەڵبەت هاوسەرەکەشم پێش من دەستگیر کرابوو. بازجووی هاوسەرەکەم هەر کەچاوی پیم کەوت ناسیمێوە و وتی من کە سالێك لە مەوبەر بە تۆم وتبوو کە ئێرە رۆژێکیش دەبیتە جێی تۆ. ئەوکات وەڵامی سەربالات داوە ئستاش هەر خەریکی ئەو کارەی.

هەر چەند کە زۆرم حاشا کرد، بەڵام بردیانم بۆ بازجوویی لە دیوێك دا کە پربوو لە زیندانی ئە شکەنجە کراوو، لە سەر مێزی ناوەراستی دیوەکە درێژیان کردم و لەبەر چاوی کچە چکۆلەکەم دەستیان کرد بە لێدانم،

ئەشکنجەیەکی زۆر وەحشیانە. دواتر خستیانمە دیوێکەوە، دوای ماوەیەك کە وەهوش خۆم هاتمەوە کچە چکۆلەکەم خەریك بوو بە سوچی بلوزەکەی خوێنی سەر پەنجەکانی دەسری. دوای ماوەیەك چاویان بەستم و لەویً هێنایانمە دەریً نەمدەزانی بۆ کوێم دەبەن، کاتێك زانیم خەریك بوو دەگەیشتینە هەمەدان. لە ویً بردیانمە (کومیتەی موشتەرەك)، لەوێش بردیانم بۆ بازجویی، وتم من لە شارستان بازجوویم داوەو هەموشتێکم تەواو بووە. پێیان وتم: ئێمە بازجووەیی ئەوێمان قەبولٍ نییە و خۆمان شیوەکاری جیامان هەیە.

دیسانەوەش هەر ئەو وەڵامانەی پێشووم داوەو، وتم منتان بە هەڵە گرتووە، من و کچەکەم لە سەفەر دابووین.

بردیانم بۆ ئەشکەنجە، بیستبووم لەبەر چاوی دایك و باوك بۆ دانپێیانان لە منداڵەکانیان دەدەن، بەڵام ئەوەم نەبیستبوو کە لە بەر چاوی منداڵێکی یەك ساڵە دایکی ئەشکەنجە بکەن.

دووای ماوەیەکی زۆر ئەشکەنجەی نائینسانی و بیً بەزەیی یانە ئەو جار کاتیً وەهۆش خۆم هاتمەوە کچەکەم کایەی بە قژم دەکرد. کاتیً دیانبردم بۆ بازجویی کچەکەمیان لای ژنە تەوابەکان دادەنا، یەك دوجار پاش

گەرانەوەم لە بازجویی داوای شیرم لە تەوابەکان بۆ کچەکەم کرد.

ئەوان وتیان پەیوەندییەکی بەئیمەوە نییە، بە بازجوو دەڵێین. ڕۆژێك بازجووەکەم لە کاتی بازجوویی دا پێی وتم بیستومە داوای شیرت بۆ منداڵەکەت کردووە.

وتم ئەوو شیری پێویستە ، لە وەڵام دا وتی: مەگەر تۆ نەت دەزانی منداڵت هەیە! بۆچی چوویە ناو ئەوکارانەوە. پێم وت چ پەیوەندییەکی هەیە، من کە بە مەیلی خۆم کچەکەم لیرە دانەناوە، لێی گەرێن با بچێتە دەری...لای بنەماڵەکەم، بۆچی هێشتووتانەتەوە؟ دەستی کردە جنێودان... وتی: ئێوە زۆر پرروون، هەمووتان هەر بەکاری ئەوە دێن لە دیوارتان گرن. وتم لە دیوارمان گرن باشترە لەوەیکە بەو حاڵەوە لیرە بمانهێڵنەوە.

وتی: کارێك دەکەم کە هیچ کات لە یادت نەچێتەوە، وە هەروەها کچەکەشت لە یادی نەچیّ، بۆ ئەوەی خۆی لە قەرەی ئەوەکارانە نەدا، چکوونکە ئێمە جیا لە ئێوە لە داهاتوودا لەگەڵ منداڵەکانیشتان سەروکارمان دەبیّ.

دوای ماوەیەك، لەوێشەوە ڕەوانەی ئێوین_یان کردم لەوە دەچوو کە بۆ هەر شوێنێك چووبام دەبووایە بەخێرهاتنێکی باشیان کردبام. بازجوویی کومیتەی موشتەرەك، بازجوویی شارستانی قەبوول نەبوو بازجوویی ئێوین_یش بازجوویی کومیتە موشتەرەك!

دوای ئەشکەنجە پەتۆیەکیان بەسەر دادابووم، کاتیّ هاتمەوە سەرخۆ، پاش ماوەیەك کچەکەمیان هینایەوە، هێندەگریابوو کەوتبووە کۆخین. ئەوجار تێگەیشتم کە نارەحەتی قەلبییەکەی بۆتە هۆی ئەوەی کە بیهێننەوە لای خۆم. ئەو لە کاتی گریان دا حاڵیّ تیکدەچوو، کاتێك چاوم پێی دەکەوت دەردی خۆم لە بیر دەچۆوە.



دوای ئەشکنجەکەم کچەکەم ئارام ببۆوە، کاتێك پاسدارەکان دیار نەبوونایە دەچووسەردانی یەکەیەکەی زیندانییەکانی دەکرد، دواتر کە دەهاتەوە، دەیوت: چەچەکانی مامە بەسراوە...سەری مامە شکاوە و خوینی لیّ دیّ، دادە بڤە بووە...خۆلاسە ئەوەی دەیدی بە زمانی منداڵانەی خۆی دەگێراوە.

دوای ماوەیەك کە بازجوویی تەواو بوو، منیان برد بۆ سلولێك لە 209 کە جیا لەمن زیندانییەکی تریشی لیّ بوو. لەگەل کچەکەم زۆر باش بوو، هەمیشە هەوڵی دەدا سەرگەرمی کا. بە هەوری کاسەشۆردن بوکێکی بۆ درووست کرد . ڕۆژێك هەردووکمان خەریك بووین پێکەوە قسەمان دەکرد، دیتمان کچەکەم چاوبەندی لە بوکەکەی داوەو بە لێچکەکەم چارشێوی بۆ درووست کردووە و لییدەدا، دەڵیّ: بیڵیّ...ئەگەر نەیڵێی لێت دەدەم. دیمەنێکی زۆر سەخت بوو،...دەستم کردەگریان.

زۆرم هەوڵدا منداڵەکەم بنێرمەوە لای بنەماڵەکەم، بەڵام هەر بیا نوویان دەگرت تا ئەوەی جارێك بە توندی نەخۆش کەوت و بیّ ئەوەی بهێڵن لە گەڵی بچم ڕەوانەی نەخۆشخانەیان کرد. دوکتورەکە پێی وتبوون بە هۆی نەبوونی هەوای پێویست وای لیّ هاتووە.

دواتر نازانم چۆن بوو ڕۆژێك وتیان کچەکەت بپێچەوەو وەرە دەریّ، پاش ئەو هەمووە بەڵاو موسیبەتانەی بەسەر کچەکەم هات لە ئاکام دا بە دونیایەك ئەزمون و بیرەوەری تاڵەوە لە زیندان چۆدەریّ و رزگاری بوو.

دواتر تا ماوەیەکی زۆر کچەکەم لە هاتن بۆ ملاقاتم خۆی دەپاراست، هەمو جاریّ گوێم لە دەنگی گریانی دەبوو کە دەیوت نایەمە ناو....!...هەستم بە ئازاری بیرەوەرییە تاڵەکانی ناخی دەکرد...

**دوو بابەت دەست درێژی!**

بابەتی یەکەمیان خۆمم و دووهەمیشیان یەکێك لە هاوبەندییەکانی پێشووم.

هێندێك لە دۆستانی کەم لوتف دەست درێژیش بە جۆرێك لە ئەشکەنجە دەزانن. بەڵام دەبێ بڵێم کە بۆ من و ئەو دۆستەم بەم شێوەیە نەبوو، شتێك بوو سەروتر لە ئەشکەنجە.... ئەو دۆستانە دوای دەستدرێژی ، خۆکوژی بە جۆرێك کرداری ئاییینی دەزانن. بەڵام هەرچی کە پێیان باشە با بیڵێن. چوونکە خۆیان لەو هەلومەرجەدا نەبوون و ناتوانن دەرکی بکەن.

بازجوو بەو کارەی دەیوست تێکم شکێنێ....کە واقعەن تێکی شکاندم. ئەو دۆستەشم شێت بوو. لە دوای ئازاد بوونم نەمتوانی هەواڵێکی لێ بزانم. بنەماڵەکەی بێئاگاهی خۆیان لە بوونی ئاوا کچێك دەربڕی.

پاش ماوەیەك بازجوویی، کاتێك بازجووەکەم هەستی بەوە کردبوو کە بە ئەشکەنجەدان ناتوانێ زانیاریم لێ وەرگرێ، پێی وتم لە دەرەوەی زیندان زۆر سەربەرز بووی. کاتێك بە ڕێگەدا دەڕۆیشتی حەتمەن هەستت بە غروور دەکرد. دەبێ بەڵایەکت بە سەر بێنم کە ئیتر رووت نەبێ لە دەرەوەی زیندان بەمجۆرە بە ڕێگە دا بڕۆی. شەوێ کاتی بازجوویی بە چاو و دەستی بەستراوەوە کە دەستەکانمی بە شۆفاژەکەوە بەستبۆوە، لە ڕێڕەوی ئەشکەنجەگاکە هاتە لام و وتی وادیارە کە تۆ بە قسەی حیسابی نابی بە بەشەر. ئێمە ئیتر زانیاریمان لە تۆ ناوێ، چوونکە زانیاریەکانت سووتاون و بە کار نایەن. وردە وردە لێم هاتە پێشێ... ئەو بازجووە لە کاتی بازجوییدا بە چەندین جار دەستی لە گیانم دابوو. وتی کارێك دەکەم تا ئەبەد لە یادت نەچێ. دەستی کرد بە لێکردنەوەی چارشێوەکەم و منیش کە دەستەکانم بەسرابوون، هەوڵم دا لە لاقم بۆ خۆ ڕزگار کردن یارمەتی وەرگرم. لە ڕاستیدا سەرەتا پێم وابوو دەیهەوێ بمترسێنێ تا ئەوەیکە دەستی کرد بە کردنەوەی دوگمەی جلەکانم، دەستم کرد بە هات و هاوار، چوونکە بەڕاستی بۆم دەرکەوت کە مەسەلە ترساندن نییە. دەستی لە ئەندامەکانی لەشم دەدا، بەو دەسماڵەی کە پێی بوو دەممی بەست. دوای بەستنی دەمم، چوونکە من نەمدەتوانی زۆر تەکان لە خۆم بدەم و دەستەکانم بەسترابوون بە شۆفاژەکەوە، دوای پەلەقاژەیەکی زۆر کە کردم و هەوڵم دا بەر بەو کارەی بگرم، ئەو دەست درێژی جنسی پێ کردم.

ئەوجار بە هەمان شێوەی ئەوەڵ دوگمەکانمی داخست و شەڵوارەکەمی کردەوە بەرم.

هەستم بە تێکشکانی خۆم کرد، هێزی جوڵانەوەم نەبوو، تەنانەت هێزی ئەوەم نەبوو جلەکانیشم لە بەر کەمەوە. بە هۆی ئەو هەموو تەقالا و خۆ ڕاچڵەکاندنەم، دەستەکانم ماسی بوون و ڕەش ببوونەوە. دواتر منیان برد بۆ بازجوویی. حاڵم زۆر خراب بوو. بە لەتە شیشەیەك کە لە دیوی بازجووییدا بەرچاوم کەوت، بە دەرفەتم زانی و ڕەگی دەستی خۆم بڕی، لەو کاتەدا بازجوو هات. بە هۆی خوێنڕێژی دەستم هەموو جلەکانم و بەرپێم ببوە خوێن. سەریان لێ شێوابوو، چوونکە ئەوان ئاگاداری مەسەلەکە نەبوون یا ئەگەر دەشیانزانی خۆیان لە بێ خەبەری دەدا. بەرپرسی تەندرووستی ناو زیندان هات و وتی: لە دەماری ئەسڵی نەداوە. پەڕۆیەکی سوتاند و سووتووەکەی کردە سەر برینەکە و بە باند بەستی. منیان بردە داڵانەکە کە جێگای هاتووچۆی پاسدارەکان و بەندی پیاوانی لێ بوو. حاڵم ئەوەندە خراب بوو کە بە ڕاستی لە ووتن نایە. دەمهەویست بە هەر شێوەیەك بێ خۆم بکووژم، جا بە هەر شتێك بێ. شەوێ کاتێك پاسدارەکان چوون بۆ نوێژ کردن، قتوی حەبی بەردەم یەکێك لە سلولەکانم هەڵگرت ... ئاخر لە زیندانادا حەبەکان لە دەرەوەی سلولەکە دادەنێن. حەبەکانی چەند سلولی نزیکیشم کۆکردەوە، ئەوەندە زۆر بوون کە نەمدەتوانی بە بێ ئاو بیانخۆم. لە دەرفەت دەگەڕام ، تا ئەوەیکە پاش چەند ڕۆژ بردیانمە ناو سلول. باشترین هەل بوو. دەمزانی کە بە هەر چەند سەعات جارێك بانگم دەکەن بۆ بازجوویی. بۆ خواردنیان نیوە شەوم بە باش زانی، بەو وەزعەوە کە من هەم بوو لەوە دڵنیا بووم حەبە خەو هێنەرەکان کاری خۆیان دەکەن.

حەبەکانم خوارد ... هەروا لە سەر زەوی ڕاکشام و چاوەڕێی مەرگم دەکرد.

به پێی ڕەواڵ کاتی نانی بەیانی 6 تا 6.5 ی بەیانی بوو، ئەو ڕۆژە هەرچی لە دەرگای سلولەکە دەدەن دەنگێك نابیستن. دابەشکەری خۆراك یەکەم کارێك کە دەیکات لە ڕێگای ئایفۆنی داڵانەکەوە پەیوەندی بە خوارەوە دەگرێ و دەڵێ فلانە سلول جواب ناداتەوە. ئەوانەم دوایی لە زیندانیی ناو سلولی ڕووبەڕووی خۆم بیست کە دواتر لە بەنددا بینیم. دوای مەسەلەی خۆکوژی من و هاتنی پاسدارەکان، هەموو ئەو قسانە ئەو بۆی گێڕامەوە. ئەو وتی دوای ئەویکە جوابێکی لە تۆ نەبیست، پەیوەندی بە بەرپرسی زیندانەوە گرت. دوای چەند خولەکێك چەند پاسدار دێن و دەڵێن چ بووە؟



زۆرم بانگ دەکەن کە دەزانن جواب نادەمەوە، دێنە ژوورێ، ئیتر زیندانیی سلولەکەی ئەوبەر گوێی لە قسەکانیان نابێ. بەڵام وتی دەنگی زللە هات هێندەیان بە زللە لێیاندابووم و ڕەگی سەر شانمیان گوشیبوو کە دوای ماوەیەکی زۆریش جێگاکەی هەر شین و ڕەش ببۆوە.

کە چاوم هەڵێنا لە نەخۆشخانە بووم. دوکتورەکە پرسی چەند حەبت خواردووە؟ لە حاڵێکدا لە نێوان خەو و بە خەبەر بوون دا بووم تەنیا توانیم سەرم تەکان بدەم. دوای ئەو کارانەی کە بۆ پاك بوونەوەی جەستەم لەو حەبانە پێویست بوو، دوکتورەکە بە ئارامی وتی مەترسی نەماوە، بەڵام پێویستە چەند ڕۆژێك لە نەخۆشخانە بمێنێتەوە. ئەوان لە هەوڵی ئەوە دا بوون بمگەڕێننەوە بۆ زیندان .

دوکتور وتی: ئێمە ناتوانین ئێستا مەرەخەسی کەین، ئەگەری ئەوە زۆرەکە دیسانەوەش بە هۆی کاریگەریی ئەو هەموو قورسەی کە خواردویەتی بچێتەوە حاڵەتی یەغما(بێ هۆشی). دوای دوو ڕۆژ گەڕاندیانمەوە بۆ زیندان. یەکێك لە بازجووەکانم وتی لە گەڵ بنەماڵەکەت ملاقاتت هەیە؟ دەبێ خۆت پێیان بڵێی کە بۆچی ویستوتە خۆت بکوژێ . واقعەن نازانم خەبەری نەبوو... یا ئەوەیکە دەیویست خۆی لە گێلی بدات، یا دەنا پێی وا نەبوو لە ملاقاتی بنەماڵەکەمدا بۆیان بگێڕمەوە. وادیار بوو بنەماڵەکەم لە قەسدی خۆکوژی من ئاگادار ببوون، باوکم شەو و ڕۆژ بەر دەرگای بازداشتگای بەر نەدابوو، تەنانەت هەر لە وێ خەوتبوو. باوکمم لە دیوی ملاقات لە گەڵ بازجوو بینی. باوکم پیرتر ببوو . بازجووەکە وتی پێی بڵێ بۆچی ویستوتە خۆت بکوژی؟ بە دەرفەتم زانی و هەموو مەسەلەکەم بۆ باوکم گێڕایەوە. هیچکامیان چاوەڕوانی ئەوەیان نەبوو. باوکم چاوێکی لە من و چاوێکی لە بازجوەکە کرد و وتی داوایان لە من کردوە ئامۆژگاریت بکەم، بەڵام ئێستا کە وایە نیگەرانی ئێمە و منداڵەکەت مەبە، ئاگامان لێی دەبێ. خوشك و براکانیشت یارمەتیمان دەکەن.

لە جێگاکەی هەستا و ڕۆیشت. لە بەرامبەر باوکمدا هەستم بە تاوان دەکرد، باوکێك کە هێشتا خەمی لە دەست دانی براکەمی لە دڵدا سارێژ نەببۆوە، ...هەرگیز لە خۆم خۆش نابم . دوای ئەوە هیچکات لەو بارەیەوە باوکم هیچی لە من نەپرسی، تەنیا جارێك، ئەویش وتی ئەو مەسەلەیە لە بەینی خۆماندا دەمێنێتەوە.

## دەست درێژی دووهەم

دەست درێژی دووهەم پەیوەندی بە کچێکەوە هەبوو کە لە زیندانی مەریواندا تەجاوزیان پێکردبوو. من کاتێ ئەو کەسەم دی کە حاڵەتی شێتی هەبوو، نە دەچوو بۆ حەمام و نە کارە ئاساییەکانی ڕۆژانەی خۆشی بەڕێوە دەبرد. ئەو بۆنە ناخۆشەی کە لێی دەهات نیشانەی عەفونەتێك(چڵك) بوو کە هەیبوو. بۆ ماوەیەك هێنایانە بەند. هەرچەند وەخت جارێك بە هۆی وەزعییەتێك کە هەمبوو دەیانبردمە نەخۆشخانە. بە ڕێکەوت جارێك لە گەڵ من هات بۆ دوکتوری ژنان. لە نەخۆشخانە پێکەوە چووینە دیوی موعاینە(پشکنین). کاتێك کار و نوسخەی موعاینەی من تەواو بوو، نۆبەی هات. خۆی حاڵەتێکی ئاسایی نەبوو، بە دوکتور و پەرستارەکەم وت وادیارە دەمی عەفونەتی کردوە. لە سەر تەختەکە درێژمان کرد. بەو هۆیەوە کە عەفونەتەکەی زۆری پەرە سەندبوو، ئەوان ناچار بوون لە ئامرازی موعاینەی ژنان بۆ موعاینە کردنی کەڵك وەرگرن، تا بۆیان دەرکەوێ کە عەفونەتەکە تا چ رادەیەك پەرەی سەندوە.



خەریکی موعاینە کردن بوون کە لە پڕدا دوکتورەکە وتی: خۆ ئەوە کچ نییە، ژنە! سەرم سوڕما کاتێك هاتینە دەرێ ، پێم وت بۆچی نەتگوت کە زەماوەندت کردووە؟ هەروەك پێشووتر وتم حاڵەتێکی نائاسایی هەبوو، وتی پێت دەڵێم . دواتر بووینە دۆستی نزیکی یەکتری. ماوەیەکی کەم و دژوار.

چوونکە حاڵی باش نەبوو رەوانەی نەخۆشخانەیان کرد. پێش لە ڕۆیشتنی نامەیەکی دامێ و وتی: تا لێرە نەڕۆم مەیخوێنەوە، تێیدا هەموو شتێکم لە بابەت خۆمەوە بۆ باس کردووی. نوسیبووی پاش دەسگیر بوونی لە مەریوان، شەوێ پاسدارێك دەچێتە سلولەکەی و تەجاوزی پێدەکا. ئەو لە نامەکەدا بەمجۆرە باسی لەو شەوە کردبوو: پاسدارێك کە فانوسێکی بە دەستەوە بوو هاتە نێو سلولەکەمەوە( چوونکە کاتی شەڕی ئێران و عێراق بوو شەوانە خامۆشییان لێدەدا). ئەو کارەی کە لە هیچ حەیوانێکیش ناوەشێتەوە لە گەڵ منی کرد.

ئەو کچە هیچکات نەگەڕایەوە بۆ حاڵەتی ئاسایی خۆی، ...ئەگەریش چاك بوبێتەوە من خەبەرێکم لێی نەبوەوە و دوای ئازاد بوونم چوومە دیدەنی باوکی. باوکی حاشای لەوە دەکرد کە ئاوا کچێکی هەیە. من لەوەی کە لە زینداندا بەسەر کچەکەی هاتبوو، هیچم پێی نەوت. ئەو کچە یەکێك لە هەڵسوڕاوانی کۆمەڵە بوو وە بۆ دووهەمین جار بوو کە لە کاتی تێپەڕبوون لە سنووری ئێران و عێراق دەسگیر کرابوو.

## بەشی کۆتایی

دوایین مەسەلە کە لە درێژەی قسەکانمدا دەمهەوێ باسی لێوە بکەم مەسەلەی خەون و کابووسی زیندانییەکانە پاش ئازاد بوونیان لە زیندان.

هەرچەند کە ئەو گیروگرفتانەی کە زیندانییەك دوای ئازاد بوونی لە گەڵی روبەرو دەبێ زۆرن و پێویستە یەکە یەکەیان بدرێنە بەر سەرنج، وەك گرفتی کار،دژواری داین کردنی بژیووی ژیان، ترس و محافزەکاری دۆست و ئاشنایان، بەکەم گرتنی خودی زیندانی لە لایەن خۆیەوە

بە هۆکاری جۆراوجور...وە ئەوەیکە لەسەر ئەو بروایەن کە کەس دەرکیان ناکا بە تایبەتی ئەوانەی کە ماوەیەکی زۆرتر لە زیندان دا ماونەتەوە، کیشەی خۆ رێکخستن و هاوئاهەنگ بونیان لە گەل شوێنی تازە و رودانی ئالاو گۆرەکان هەیە.

ئەوەیکە دەممەوی باسی لێوە بکەم ئەزمونی تاکەکەسی خۆم و بەرهەمی دەردیدلّ و راویژ لەگەل چەند کەس لەو دۆستانەیە کە ماوەیەکی زۆر لە زیندان دا بوون.

ئەگەر لە خومەوە دەست پیکەم، لە زومرەی ئەو کەسانەم کە ئیستاش بە توندی ئازار دەکیشم بەو خەونە ئالوزانەوە کە لە دوروبەری زیندان دمخوولێننەوە، وە دەتوانم بلّێم ئاسەواری ئەو کابوس و خەونە پەریشانانە کاریگەری خرابی لە سەر هەمو ژیانم داناوە.

هەمیشە لە خەونەکانم دا، لە هەولّی خۆ دەربازکردن لە دەست پاسدارەکان دام و خۆم لەولاولادەکوتم، بیّ ئەوەی...کوتایی یان پیّ بیّ.

ئیستا دەمهەوی ئیشارە بە گۆشەیەك لە کاریگەرییە خراپەکانی ئەو کابوس و خەونانە بکەم.

بەرلە هەر شتێك، کاتی لە خەوهەستان ماوەیك دەخایەنیّ تا بتوانم خۆم کۆنترۆلّ بکەم و بۆم دەرکەویّ لە دەرەوەی زیندانم و ولّات ئەمنە . لە رادە بەدەر ئارەق کردن یەکێکی تر لە کاریگەرییە خرابەکانی ئەو خەونانەیە.

ئەو ئارەق کردنانە کە بەرهەمی ئەو خەونە سامناکانەیە جیا لە کاریگەری درێژماوەی جسمی و دەروونی دەبێتە هۆی تەربوونی جل و بەرگ و جیّ خەوەکەم، تا ئەورادەیەی کە بۆ درێژە دان بە خەوتن ، دەبیّ هەم جل و بەرگ و هەم مەلافەکەم بگۆرم.

هات و هاوار کردن لە کاتی ئەو خەونانە دا یەکێکی تر لەو دیاردە خرابانەیە کە دەبێتە هۆی وەخەبەر هاتنی دەوروبەر و وەرەسکردنیان.

بە توندی ددان لیك خشاندن و دەنگی ناخۆشیش لەودیاردانەن کە هەم خۆم و هەمیش دۆستانیك دەناسم کە بە هۆی فشاری ئەو ددان لێك ساوینە پەنایان بردوتە بەر قالبی پەلاستیکی تا پێش بە سووانی ددانیان بگرن.

یەکێکی تریش لەو کاریگەرییە خرابانە کە دوایین نمونەیە ، ئاکامی ئەو خەونە سامناکانەیە کە لە کاتی بەخەبەری دا وەبیرهاتنەوەیان دەبێتە هۆی ماندوویەتی، بیّ تاقەتی، پەشێوی و نیگەرانی بە دریژایی رۆژ.

بە داخەوە زیندانییەکان دوای ئازاد بوون هیچ ئیمکاناتیکی راویژ و پشتگیرییان نییە.

بۆ وێنە شەری ویەتنام لە نەزەر بگرن، بۆ سەربازانی گەراوە لە شەری ویەتنام خەونی ئالۆزو سامناك ئێستاش کیشەیەکی گشتی یە.

ئەمە لە کاتێکیش دابوو کە ئەوان پەیوەندیان بە زلهێزێکی وەك ئەمریکاوە بوو، وە زۆر دژوارە کە لە گەلّ زیندانییەکی زیندانەکانی رژیمی کۆماری ئیسلامی ئیران پێکەوەیان هەلّسەنگێنی. بەلّام هێشتاش دوای 3 دەیە ئەو سەربازانە دەرمان دەکرێن و سەرەنجیان پێدەدریّ و پیشتگریان لیّ دکریّ و ئێستاکەش بابەتی لێکولینەوەو باسی کۆر و کۆمەلّی دەروونناسانن .

بەلّام بە داخەوە زیندانییەکانی ئێمە جیا لە چەند بابەتێکی کەم وەك پشتیوانی ناوەندی پزیشکی _ حقووقی بەشەر لە هەر جۆرە ئیمکانێکی راویژ و پشتگیری بێبەشن .

بەو هۆیەوەیە رۆلّی کەسانی دەوروبەر زۆر زەق دەبیتەوە، دەوروبەر دەتوانیّ دەورێکی کاریگەر لە یارمەتی گەیاندن بە زیندانییانی پێشوو بۆ زالّ بوون بە سەر ئەوەیکە لە ئەشکەنجەگاکانی رژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران دا بە سەریان هاتووە، ببینیّ .

**سەرچاوە : ئینتێرنێت**

**تێبینی: ئەم بابەتە لە زمانی فارسییەوە وەرگێردراوەتەوە، بە پێی تونا لە کوورتکردنەوەکەی دا هەولّی پاراستنی ناوەرۆکەکەی دراوە...**

***

# بڕینی زمانی ڕوانین کە باسێکە لەسەر زیندانی ج.ا

ئا : پێشەنگ

لەدەست پێوەگرتنی برینی مەمکم ماندوو ببووم، خۆم لەدنیایەك دا دەدیتەوە كە جیالە ژان و ئازار هیچ هەستێكی تری تێدا بەدی ناكریٚ. دەنگی دەرگای سەریٚو دەنگی پێی زیندانەوان هەڵكردنی چرا بۆ شام، لەو كاتەدا سیمین هاتە شوێنم و وتی:
گویٚ بگرە شەهرزاد! من تا دوو مانگ هەر لەسەر چەرخ ئەو بارەو بارم دەكرد، بەو چەرخانەی كە خواردنیان پیٚ دێنن منیان دەبرد، بنی پێم زیادە گۆشتی هێنابوو.
زیندانی شیراز گەلێك سامناك ترە لێرە. من لەبەندی گشتی زیندانی دەستگرد نەبووم بەڵام ترس و خۆفی زیندانی عادل ئاباد هەرگیز لەبیرەوەریەكانم ناسڕدرێتەوە.
رۆژی چەند جار منیان بەو چەرخەی كە ئێمە پێمان دەوت داشقە دەبرد بۆ ئەشكەنجە.
رۆژێكیان منیان بردە سەر مێردەكەم و وتیان؟ یاڵلاّ لێی دە بزانم!
بانگم كرد: رەزاگیان نەرەنجێی لەوەی كە هاتوومە سەرت، هاتووم چاوم پێت بكەویٚ رۆژی دواتر منیان برد. سیٚ جەنازەی خوێناویان لەپاڵ یەك لەژێر پەتۆیەكی رەش دانابوو یەكیان رەزا بوو، یەكیان براكەم و ئەویتریان براژنم، پێیان وتم:
جا كەئێستا ئاوا ئەترسی برۆ پاڵ ئەوان درێژ بە تاكوو تۆش دەردی ئەوان بەرین!!
چوومە لای رەزاو نێواچاوانی كە هەموو خوێن بوو ماچم كرد، دەستەكانیم لەنێو دەستم دا گوشی و لەپاڵ ئەوەوە درێژ بووم، چەند گوللەیان بەدەوربەرمەوە نا، دواتر یەكێك هات ووتی:
كاكە حەوتویەكی ماوە بدەنیٚ. پێیان وتم: دەتوانی هەستیەوە.
هەڵنەستام. بەزۆر هەڵیان ئەستاندم و دەستی رەزاش كە توند لەدەستم گرتبوو لەدەستیان دەرهێنامەوە.
بەندی گشتی شیراز بیٚ رادە ئالۆز بوو. ئینسان كاتێك دەچووە نێو بەند، دەتوت دەچیە دەبیرستان، ئەوەندەی خوێندكار تێدا بوو. زۆربەی زیندانیان لەنێو كۆمەڵی زیندانیان مافی قسەكردنیان نەبوو، یانی لەسلولە تاكە كەسیەكانیدا زیندانی بوون، وا بیردەكەمەوە ئەوانە ماوەی زیندانی بوونیان لەسلولە تاكە كەسیەكان لەپێشوودا كەم بوە. زیندانەكانی تر دەزانم بەڵام یاسای عادل ئاباد تابلێی سامناكە. زیندانیەكان لەویٚ بەپێی ركاتەكانی نوێژ كابلیان لیٚ دەدرا تا ئەو نوێژیان دەخوێند.
هەر بەم هۆیە خۆراگری كردن لەم بوارەدا دەی توانی زۆر كورت ماوەبیٚ،
خوێندكارێك یەك حەوتوو خۆراگری كرد لەئاكامدا چوون نەی دەتوانی بڕوا نوێژی كرد.
من بۆ ماوەی حەوتوویەك لەنێو كۆمەڵی ئەو كەسانەبووم كە لەسلولە تاكە كەسیەكان دا بوون یان سلولەكان جۆرێك بوون كە كەسەكان یەكتریان لیٚ دیاربوو بەڵام نەیان دەتوانی پێكەوە قسەبكەن و چونكوو قسەكردن بۆیان قەدەغە بوو من لەو ماوەیەدا بەردەوام تەماشای ئەو كەسانەم دەكرد بەڵام ئەگەر ئەو چاو لیٚ كردنانە زۆری خایاندبا تەوابەكان گوزارشیان دەداو دەیان بردی بۆ بازجویی كە بۆچی زۆرت تەماشای فلاّن زیندانیە كردوە، بەزمانی روانین چیت پیٚدەوت؟
لەبەندی گشتی رۆژانی ملاقات نێوەكانیان لەپشت بڵندگۆ دەخوێندەوە كە مەسەلەن پەروین و نەسرین هەرچی زوتر چارشێوەكانیان بكەنە سەریان و بێن بۆ ملاقات ئەگەر كەسانێك وە درەنگیٚ كەوتبان سەر لەنویٚ نێوەكانیان

دەخوێندرایەوە پەروین‌و نەسرین زووکەن، ئەگەر زوو نەکەن ملاقاتیان پێ نادەین.
لەیلاو سپیدە دوو هاورێ‌و خۆشەویستی گیانی، گیانی بوون، دەمێك بوو کە حوکمی ئیعدامەکانی خۆیان ئیمزاکردبوو وە چاوەڕوانیان دەکرد. لەهەواخۆری بووین کە بانگیان کردن. ئەو رۆژە رۆژی ملاقات نەبوو، بەبانگ کردنیان گشتمان زانیمان کە ئیعدام دەکرێن.
لەبڵندگۆوە رایان گەیاند: لەیلاو سپیدە هەرچی زوتر کەل‌و پەلیان کۆکەنەوەو بێنە دەفتەر دوای ماوەیەکی کورت سەرلەنوێ بانگیان کردنەوە: لەیلاو سپیدە زوکەن ئەگەر وەدرەنگێ کەون ... ئیتر بڵندگۆ بێ دەنگ بوو لەیلا بانگی سپیدەی کرد ووتی: زووکە ئەگەر زوونەکەی ئیعدامەمان ناکەن و بەراوەشاندنی دەست بۆ زایندانیان، دەستی یەکتریان گرت‌و بەرەو دەرگە وەڕێ کەوتن.
سیمین بێ دەنگ بوو. دەرگا ئاسنەکەی قەلاّ بەدەنگێکی سامناکەوە کرایەوە پاسەوانی قەلاّ هاتە خوارو دەنگی لەژێرزەمین ون بوو. سیمین دەستێکی بەسەرمدا هێناو وتی:
—بۆ ئەم شەویان بە سە، بخەوین تاکوو نەهاتوون.
دەنگی مەحبوبە بێ دەنگیەکەی شکاند.
—پێم باشە هەر ئەوشۆ دادگاییەك بۆ سیمین دابنێین، کێ دەزانێ تا سبەینێ چیمان بەسەر دێت، تاریکی لەراستیەکان نزیکترە، ئەوان پێش دادگایی کردنی واقعی بۆ خۆیان دادگایەکیان دادەناو ئەزموونی لێ پرسینەوەیان تاقی دەکردەوە:
هاتنە سەر ئەوە کە مەحبوبە بۆ خۆی حاکمی شەرع بێت و سودابەش بێتە مونشی"
مونشی دادگا دەڵێ: ئێرە ژووری محاکەمەیە، ژورێکی زۆر بچووك. تا ئەو ڕادەیەی کە میزو سەندەڵیەس بەزەحمەت تێیدا جێی دەبێتەوە، ئەگەر پێی بڵێن ژور، چونکوو ئەمن پێی دەڵێم سلول.
هەربۆیە پەنجەرەی نیە نەکا زیندانیەکە ڕابکات، لەڕووبەرووی ئاغای حاکمی شەرع کە زۆر پیرو ماندوویەو بەهۆی کێشی زۆری توشی نەخۆشی بووە، ژنێکی جەوان دانیشتووە کە تاوانێکی گەورەی لە ئەستۆیە، ئاغای حاکمی شەرع لەو رووەوە کە لەماوەی تەمەنی شەرانی خۆیان دا گەلێك موچەی مانگانەی قەزایی‌و سیاسی و ئیداریان خوێندوە، چاوی موبارەکیان سۆمایی کەم بووە و ئەم زەعیفەیە بەباشی نابینن، جابۆیە ئەمن هەرچی بیخوێنم بۆیانی باس دەکەم.
حەزرەتی حاکم! تاوانبار بەدەستی بەستراوەوە لە رووبەرووتە، بەشوێنەواری لێدان و ئەشکەنجە بەسەر گیانیەوەو سەرەڕای ئەوەی بنەماڵەی لەدەست داوە هێشتا هەر سەر بزێوی دەکات، نوێژ کە ناخوێنێ، خودای کە بەخودایی قەبوول نیە، لەگەڵ هەموو فەرمایشتەکانی حەزرەتی ئیمام دژایەتی دەکات، تاوانی گەورەی پشتیوانی کردن لەخەڵکی کوچەو کۆڵانە کە حەزرەتی ئیمام ئەوانی قەبووڵ نیە، جیا لەوانە، قسەی بێ ماناو هاتەران و پاتەران دەکات، قسەی وەکوو:
"ئازادی، مافی خەڵك، لەبیری چارەی خەڵك دابوون، دیموکراسی و هەروەها ئەو وتانەی کە ئێستا بەسەر زمانی حەزرەتی ئیمام بەو گەورەییەوە دانەهاتووە.
حاکمی شەرع: وە هەرگیز پێم وانیە بێت.
مونشی دادگا: داوادەکەم حاکمی شەرع سەبارەت بەو زەعیفەیە حوکمێك بدات کە حوکمی خودایە.
حاکمی شەرع: کچێ مەگەر تۆ وەکیل و نوێنەری خەڵکی؟ چکارەی؟
مەحکوم: من منداڵی ئەم خەڵکەم و تاوانێکم جیا لەکتێب خوێندنەوە نیە.
حاکمی شەرع: خەڵك عەولادی وەکوو ئێوە هیچ و پووچی ناوێ، بۆ خەڵك ئێمەی دەوێ. ئێوە هەر ئەو کتێبانە بەدبەخت و چارە رەشی کردن، کتێب بۆتە هۆی بەلاێ دا بردنی ئێوە و ئێمەش بۆتە دەردی سەر.
مەحکوم: خەڵك لەزاڵمان بێزارن.
حاکمی شەرع: تا ئێستا کەی ئێمە زاڵم بووین؟ قسەی ئێمە قسەی خودایە، یانی خودا زاڵمە؟
مەحکوم: قسەی ئێوە قسەی جینایەتە.
حاکمی شەرع: تەواوی کە، زۆرم ئیزنی قسەکردن دای ها، حوکمی تۆ مردنە. ئیتر بۆخۆت دەزانی.
مەحکوم: کامە یاسا منی مەحکوم بەمەرگ کرد؟
حاکمی شەرع: بەنێوی خوداو.... یاسای خودا
مەحکوم: خودا حەڵقەیە کە، کەپەتی سێدارەی لاوانی پێوە هەڵواسراوە.
حاکمی شەرع: زمان و روانینت دەبڕین.
مەحکوم: ئاخر رێگایەکی ترتان نیە...

***

# چەند بیرەوەرییەك لە زیندانەكانی ژنان لە "ج.ا" دا.

ئا : پێشەنگ

لەو رۆژە گەرمانەی هاوین دا كە جارێكی تر بیرەوەری گیان بەخت كردوانی شەهریوەر مانگی 67 و قەتڵ و عامی زیندانیانی سیاسی لەزیندانەكانی سەدەكانی ناوەراستی كۆماری ئیسلامی دا لە بیرەوە زەینماندا تازە دەبێتەوە، كتێبێكی تر لەجینایەت و ترس و خۆفی زاڵ بەسەر زیندانەكانی ج.ا لەدەرەوەی وڵات بڵاودەبێتەوە.

دوای كتێبی بیرەوەری یە دڵتەزێنەكانی "میم. رەها" ژنە زیندانی سیاسی، ئێستا "ف ئازاد" كە سەرەنجام لە زیندانەكانی ج.ا رزگاری هاتووە. دەستی داوەتە گێرانەوەی بیرەوەرییەكانی.

"ف. ئازاد" وێرای سڵاو بۆ خوێنەری كتێبەكەی، سەرەتا چەند دێرێكی هەڵكەندراو لەسەر دیواری یەكێك لە سلوولەكانی زیندانی "ئێوین" دێنێتەوەیاد كە دەڵێ: "ئەگەر لەدەشتی قاقڕی ترس و خۆف بەسلامەت تێپەربووی سڵاوی ئێمە بەخونچەكان و بەباران بگەیەنە".

—ف. ئازاد كە هاوڕێ لەگەڵ كچەكەم تەمەنەكەی (سەحەر) لەئەشكەنجەگای ئێوین بوو، لەبەشێك لەبیرەوەریەكانی دا، نەخۆش كەوتنی (سەحەر) ئاوا باس دەكا:

"ئاخر و ئۆخری مانگی شەهریوەر بوو، سەحەر وەك هەمیشە لەحەوشەی زیندان خەریكی كایەكردن بە ئاو بوو وە هەموو جلەكانی تەركردبوو، لەبەرئەوەی جل و بەرگی وشكی نەبوو، نزیكەی دوو سەعاتێك رووت بوو. ئێوارەی ئەو رۆژە كەمێك (تا)ی هەبوو، یەكێك لە تەوابەكان بەرپرسی بێهداری بەندبوو، ئەو لە قووڵایی دڵەوە تۆبەكار و پەشیمان ببۆوە و جاسوسی بۆ بەرێوەبەرانی زیندان دەكرد، تەنانەت دەیگوت لەڕێ و رەسمی ئیعدام كردنەكاندا بەشداریی دەكا، ئەو لەگەڵ باقی ئەو زیندانییانەی كە تۆبەیان نەكردبوو وە نەیان دەكرد، بە سووكایەتی‌یەوە هەڵسوكەتی دەكرد، وە تەنانەت ئەگەر پێویستی‌یان بە نەخۆشخانە ببووایە نێووی نەدەدان بە پاسدارەكان، ئەو رۆژە پێم ووت كە سەحەر "تا" ی هەیە، ئەو تەنیا حەبێكی "موسەكین" ی پێدام و ووتی چاك دەبێتەوە، دیسان پێم ووت كە سەحەر پێشینەی نەخۆشی هەیە و قسەم ئەوە بوو كە دەبێ "حەتمەن" بچێتە لای دوكتۆر، بەڵام هیچ وەڵامێكم وەنەگرتەوە.

"بەیانی"ی ئەو رۆژە سەحەر وەزعی خراپتر بوو، بەرپرسی بێهداری زۆر بەدڵ ساردییەوە "قەترەیەكی" دایە، بەڵام ئەو قەترەیەش هیچ كاریگەرییەكی نەبوو. بەردەوام "تا"ی ئەو منداڵە روو لەزیادبوون بوو، سەعات 7ی شەو سەحەر وەك كوورە دایسا، هات و هاواری من هیچ كاریگەری‌یەكی لەسەر بەرپرسی بێهداری نەبوو، دەرگای بەندیش داخرابوو، وە هیچ كەس بایەخێكی بەدەرگا كوتانی ئێمە نەدەدا.

چەند كەس لەژنانی هاوبەندم ئەوان "مونیرە" كە سەحەریان زۆر خۆش دەویست، لەدەوری كۆببونەوە وهەركامەیان شتێكی دەوت:

ورده ورده سەحەر تووشی "تەشەننوج" بوو، من بەگریانەوە دەرگای بەندەكەم دایە بەر مست، بەڵام هیچ كەس بەهاوارمانەوە نەدەهات وە دەرگاكەیان لێ نەكردینەوە، بەسەر لێ شێواوی و ناهومێدی‌یەوە دەست و قوڵی سەحەرم دەشۆردەوە، مونیرە سەحەری دایە بەر شێرە ئاو، بەڵام پاش ماوەیەك لەگەرمان هەڵمی لێ هەڵدەستا. بەرەبەری بەیانی سەحەر لەوپەری نارەحەتی دابوو.

هیچ هیوایەكم بەزیندوو مانەوەی نەبوو ، وەك شێتانم لێ هاتبوو، لەگەڵ كرانەوەی دەرگای "بەند" سەحەرم لەباوەش كردو بەهەڵەداوان خۆم بەدەفتەری بەند دا كرد،

پاسدارێك لەوێ دانیشتبوو، بەسەریدا قیژاندم، ئەمن دایکم، باشترە لەباوەشی ئێوەدا بمرێ، کاس ببوم.
بەدەنگی پاسدارێك وەخۆهاتمەوە کەوتی "وەزعی زۆر خراپە" و بەخێرایی سەحەری رفاندە دەرێ، سەحەر تووشی "تەنگەنەفەسی" ببوو یەکجار نارەحەت بوو، بانگیان کردمە بێهداری، کاتێك چووم چاوم بەسەحەر کەوت کە نیوەگیان لەسەر تەختێك کەوتبوو... دوکتۆر وتی: نەخۆشی‌یەکە زۆری لێ پیس کردووە و هەناسەی بۆ ناکێشرێ، ئێمە هیوایەکی ئەوتۆمان پێی نییە، لەبەرئەوەی زۆر مندالّو لاوازە لەوانەیە تاقەت نەهێنێ، وڕ و کاس چاوم تێبری، بێ هیچ فرمێسكو هەناسەیەك.
سەحەریان خستەژێر "چادری ئۆکسجین" و ئەگەر هاتوو بێ فایدە بوو، گەرووی کون کەن... دووکەس لە دوکتۆرەکانی بێهداری هاتنەسەر ئەوە کە سێ هەتا چوار دەرزی لەسەریەك لەسەحەر دەن، ئەگەر هاتوو پاش ماوەیەك تۆزێك "تا"یەکەی هاتە خوارێ ئەوە نیشانەی ئەوەیە چاك دەبێ و ئەگینا کارێکیان لە دەست نایە.
سارای پەرەستار لاقی سەحەری گرتبوو و دوکتور دەرزیەکی گەورەی لەرانی سەحەردا، بەحالّ دەنگی کورووزانەوەیەك دەهات، هەر دەتگوت خەو دەبینم، پاش هێندێك لەهۆش چووم.
چاوەکانم کە کردەوە، هەر لەسەر ئەو تەختە کەوتبوم سێرۆمێك بەدەستمەوە بوو، لەسەر تەختەکەی پالّ دەستمەوە و لەژێر چادری ئۆکسجین دا سەحەر سێرۆمێکی بە سەرەوە بوو وە هەر دەتگوت خەوی لێ کەوتووە، دەقیقەکان. بەسەختی تێدەپەڕین، نیوەشەو دوکتۆری بێهداری بۆ "مووعایەنەی" سەحەر هاتە دیوەکە، بەئەسپایی چوو بۆلای تەختەکەی سەحەر ،پلەی گەرما پێوەکەی (تەب سەنج) خستەژێر بالّی سەحەر... هێندێك دواتر رووی لەمن کردوو وتی تایەکەی نیو پلە (دەرەجە) هاتۆتە خوارێ...
لەبەندی 3ی سەرەوە، نزیکەی 10 تا 13 مندالّ، لەمندالّی ساواوە هەتا تەمەن 5 سالّی لێ بوو، بوونی مندالاّن لە نێو زیندان هەم شادی هێنەربوو، هەم ژاناوی، شادی هێنەر، لەبەرئەوە کە لەهەلّدێری مەرگو و نەمان دا ئەوان سەمبولی خۆشی‌و ژیان بوون، کاتێك لەگەلّ وان بووی، دونیایەکی تر بوو، پاك و سەمیمی، پێکەنینی مندالاّنەیان دەورووبەری پڕ لەشادی و خۆشی دەکردی و تۆ لەزیندان دوور دەکەوتێوە، بەلاّم ژاناوی لەبەرئەوە کە لەهەلومەرجێکدا کە لانی کەمی پێداویستی ژیان بۆ زیندانی نەبوو، گوزەرانی مندالاّن چلۆن بوو؟
مندالاّنێك کە بوونیان لەزیندان، گوشار بوو بۆ دایکی زیندانی، دایکانێك کە چاوەڕوان بوون دوای لەدایك بوونی مندالّەکەیان تیرەباران کرێن، وە یا دایکانێك ناچاربوون هەموو بەیانی‌یەك مندالّەکەیان لەگۆشەی زیندان جێ بهێلّن و برۆن بۆ بازجوویی، بەپرسیارە بێ کۆتاییەکانی بازجوو وەلاّم دەنەوە و هیلاكو شەکەت بەدلّەراوکێوە وەیان ئەشکەنجەکراو و بەلاقی بریندارەوە بگەرێنەوە بەندەکەیان.
(مندالّێکم بینی کە لاقە بریندارەکانی دایکی لەئامێز گرتبوو وە ماچی دەکردن): مندالاّنێك کە بیستنی ناوی دیکیان لە"بلّنگۆی" زیندانەوە سپی هەلّدەگەڕان و بەگریانەوە لاقی دایکیان دەگرت هەتا نەرۆن بۆ بازجوویی... هەلومەرجی دژوارو نالەبارو نائاسایی زیندان، تەقریبەن زۆربەی مندالّەکانی تووشی نەخۆشی دەروونی و عەسەبی کردبوو.
یاوەر مندالّێکی چکۆلە بوو وە شاهیدی تێك هەلّچوونی چەکدارانەی مالّەکەیان ببوو، ئەو کوژرانی زۆربەی ئەندامانی بنەمالّەکەی بەچاوی خۆی دیبوو، چەند سەعاتێك لەنێوان ئاورو دووکەلّ دا سەرگەردان ببوو وە سەرەنجام لەگەلّ دایکی دەستگیر و رەوانەی زیندان کرابوو، یاوەریان لەدایکی جیا کردبۆوە هەتا دایکی ئەشکەنجەکەن، یاوەر دوای 30 رۆژ بێ قەراری دایکی شەلاّلّی خوێن دەبینێ و لەبەر بینینی ئەو هەموو دیمەنە تالّە، زمانی گیرابوو وە هەرچەند تەمەنی سێ سالّ و نیو بوو بەلاّم بەباشی قسەی نەدەکرد، زۆر بەکەمی جیا دەبووە و تەنانەت لەکاتی یاری کردن لەگەلّ مندالاّنی تریش دا لەدایکی دوور نەدەکەوتەوە...!

***

# یادیك له كۆمۆنیستیكی نەسرەوتوو



**سالی 1361 تارمایییەكی رەشی نگریس زیاتر باڵی بەسەرئێراندا دەكێشا، كەش وهەوای ئێرانیش زیاتر قوربانی دەگرێ. "دیسانیش هەر بكوژن، چ گەلەكۆمەیەكی باشتر لەوە؟**

بو ریزگرتن له یادی تێكوشەرێكی كۆمونیست كه له رەش ترین رۆژەكان له ژیر وەحشیانەترین ئەشكەنجەدا زۆرترین خوراگری له خۆی نیشان دا و سەر بەرزانه گیانی بەخت كرد،
لاپەرەی هونەر و ئەدەبیاتی ئەم ژومارەیە بۆ یادی هاوری گیان بەخت كردوو سوهراب غولامی تەرخان كراوه

مەگەر قەرار نیه ئێمه زیندوو بمێنینەوە.

6ی خەرمانان بەندی تاكەكەسی گرتووخانەی دیزەل ئابادی كرماشان، ساعەت 10ی شەوە و پاسەوانەكە كه به دالآنه باریكەكەدا تێپەر دەبێ. دەگاته بەر دەگای یەكێك له سلولەكان، زیندانی بەچاوی بەستراوەوە، دانیشتوە. حەوتوویەكی تەواو لێدانی قەمچی، ئازار و نەخوشی و لێكۆلێنەوە (بەمەبەستی ئیعتراف و تۆبە كردن)، پاسەوان ئەپرسێ "سۆهراب غولامی؟" و پاش ئەوەی كه وەلأم وەردەگرێتەوە، بەرزی ئەكاتەوە و له گرتووخانەكە دەیباتە دەرەوە. ژوورێك و مێزێك و چەند سەندەلی و چەند وێنەیەكی خومەینی لەسەر دیوارەكە له پشت مێزەكەوە، لێكۆلەر به چەند دانه پووشەی پر له كاغەزەوە دانیشتوە.

پاش چاوگیرانێك بەسەر پەروەندەكاندا سەری بەرزدەكاتەوە، سەر له نوێ چاویك به مێزەكەی رووبەرووی‌دا دەگێرێتەوە. بازپورس به سیمایەكی دزێوو چاوی به مۆلەق وەستاوی له پشت مێزەكه دانیشتوە. بەلأم رووبەرووی لێكۆلەر، ئێسانیكی گەورە، تەمەن مام ناوەندی به بالأیەكی نێونجی و عەینەك له چاوو موویەكانی لەبەرەبەری سپی بوون دا. به بزەیەكی تالەوە رووبه بازپورس و روانینی بۆ دەروازە. چەند دەقیقەیەك دواتر دەرگاكه دەكرێتەوە. سۆهراب هاتۆته ناوەوە، بێ راوەستان غولامعەلی له ئامێز دەگرێ و برین و ئازارەكانی لەبیر دەچێتەوە. له پەنا یەكتر دادەنیشن و باس له هەرشتێك دەكەن بیجگه له مەرگێك كه هەردەم له چاوەروانی ئەواندایە.

سالأنێك به مجۆرە ژیان، ئێستا دەبێ چۆن مردن بێننه بەر چاویان.

دەرگای ژوورەكه دەكرێتەوە، ئەم دوانه دێنه دەرەوە. دەنگی هاواری "بژی شورش، بژی سوسیالیزم"ی سۆهراب له دالأنی گرتووخانەكەدا دەنگ دەداتەوە. دەمی دەگرن، بەلأم دەنگی غولام عەلی بەرز دەبێتەوە: "شورشگیران بكوژن! بژی شورش،" ئەمجارەیان دەنگی

هـەردوکیان بـەرز دەبێتـەوە: بـژی سوسـیالیزم، بـژی شورش،"هیچ هێزێك پیشیان پـێ ناگرێ. ئەوان بەرەبەرە دوور دەکەونـەوە. بـەرزونزم بوونـەوەی دەنگـەکان هـەر وا درێژەی هەیە.

پەردەی کۆتایی:

پەردەیەکی خۆێناوییە، رستەیەك لـە سـەری نووسـەراوە "بلشویك ئاسـا دەبـێ شـەربکەی، چـە بکـات لەگـەڵ دڵـی گڕگرتوومـان، ئاگری فیشـەك؟ خودایانی مـەرگ و فـەوتان هەناسـەیەکی ئاسـوودە دەکێشـن، گیراوەکـان ئـاوازێکی دێرینە دەچرن: دەبێ لە ڕیشەوە هـەڵی پێچین ئـەم جیهانە کۆنەی جەوروستەم....

لە دوورترەوە دەنگی زولال و دڵنشین دێتە بـەرگوێ: "لـە دەوری یـەك کۆببینـەوە و ئەنتەرناسـیونال دەبێتـە ڕێبـازی سبەینێ مرۆڤایەتی."

بەرزو بەرێز بێ یاد و بیرەوەری هاورێ سوهراب غولامی

هـاوری سوهراب لـە سـالی 1336ی هـەتاوی لـە گونـدی جڵـەوگیرانی ناوچـەی ئـەللاهیارخانی سـەر بەشـاری کرماشـان لـە دایـك بـوو. سـەردەمی منـاڵی بـەرەنج و دژوارییەوە تیپەراند. ئەم رەنج و دژوارییانە ئەوەندەیان کاریگەری لەسەر دانابوو کەهیچ کات نەیدەتوانی لە بیریان بەرێتـەوە و زۆر جـار لەقسـەو باسـەکانی تاکەکەسـیانەو گشتی دا باسی سەردەمی ژیانی بۆ هـەموان دەگەرانـدەوە. لەسالی 1342 دا لە قوتابخانەی ئاواییەکەیان کە دوسـاڵ لە دامەزرانی تێدەپەری، سەرەتای خویندنی دەس پێکـرد، پۆلەکانی سەرەتایی لەم قوتابخانەیـەدا تـەواو کـرد. بـەڵام بـەهۆی بـونی گیروگـرفتی ئـابوری، بنەماڵـەی سـۆهراب لـە سـالی 1350 هـەتاوی دا بـە ناچـار بـۆ شـاری کرماشـان کۆچیان کرد.

بـە دوای ئـەم کۆچـەدا، سـۆهراب لـە قوتابخانـەی مـام ناوەندی دوکتور زەنگەنە هەلکەوتوو لە ئارپابی نرایـە بـەر خوێندن و هەر لەوقوتابخانەیەش دابوو کـە هـاورێ لەگـەڵ هاوپۆلـەکانی تـری لـە لایـەن موعـەلیمانێکی زانـا و خەباتگێری قوتابخانەوە بۆ خوێندنەوە و زانیاری دان بـە کەسانی تر، هـان دران، لـە نـاو ئـەم قوتابیانـەدا سۆهراب خێرا ئـاڵ وگـۆرێ بەسـەر داهـات. هـەر لـەو سـەردەمەوە خوێندنەوەی کتێبـەکانی زانستی کومەڵایـەتی خستە نـاو دەسـتوری کارەکانیـەوە و سـەرەرای ئـەوەی کـە کتـێبی دەخوێنـدەوە ، زانیاریشـی دەدا بـە کەسـانی دەوروبـەری شوێنی حەوانەوەی.

سەرچـاوەی زانیـاری ئـەو لـەو سـەردەمەدا کتێبـەکانی سەمەدی بێهرەنگی و عەلی ئەشرەف دەرویشیان و ئەحمـەد مـەحمود و.... بـوون. لـە بـەر ئـەوەش کـە پـارەی نـەبوو کـە کتێب بکرێت، بوو بـە ئەنـدامی کتێبخانـەی گشـتی شـاری کرماشـان و بـەردەوام بـەوەرگرتنی کتـیبی ئەمانـەتی بـە خێرایـی پـەرەی بـە زانیـاری خـۆی دەدا سـاڵی یەکـەمی دەبیرستانی لـە مـانگی رەزبـەری سـاڵی 1353 لـە رشـتەی ریـازی فیزیـك لـە دەبیرسـتانی جـامعی شـاری سـنە دەسـپێکرد. لـە کۆتاییـەکانی سـاڵی 1353 بـەوەرگرتنی گـەواهی گواسـتنەوە، لـە ئـاموزش و پەروەرشـی شـاری سنەوە، نێردرایە دەبیرستانی جامعی شاری کرماشـان بـە نێوی دەبیرستانی موجتەبای مینوویی، لـەم دەبیرستانەدا هاورێ لەگەڵ هاوپۆلەکانی سەردەمی ناوەندی و هیدایـەتی موعەلمینی زاناو خەباتگێری ئەم دەبیرستانە، رۆژ لە دوای رۆژ وەکوو پۆڵا، پتەوتر دەبوو.

دەیـەی 50ی هـەتاوی لـە ئێرانـدا، دەیـەی گەشـەکردنی مارکسیزم، بـە تایبـەت لـە نێو نەسلی گـەنج و خوێنـدەوار بـوو. سـۆهرابی تـازەلاو لـە سـالی 1353دا رووی کـردە فێربـونی ئـەدەبیاتی سوسیالیسـتی و زۆر زوو مارکسـیزم بوو بـە زانسـتی ژیانی ئـەو وهـەولی دەدا زانیاریـەکانی خـۆی بباتـە نـاو جـەماوەرەوە و لـەهۆکارەکانی هـەژاری، هەڵاواردن و بێ عەداڵەتی ی ناو سیستمی سەرمایەداری بۆیان دەدوا و ڕێگای دەرباز بونی نیشـان دەدان، سۆهراب سەرەرای کەم تەمەنی، جێی خۆی لە ناو خەڵکدا کردەوە و بوو بە مرۆڤێکی متمانە پێکراو.

کوتایی هاتنی خوێنـدنی دەبیرستانی ئەو هاوکـات بـوو لەگەڵ دەسپێکردنی شورشی خەڵکی ئێران لە دژی رژیمـی شـا، لـەم سـەردەمەدا ئـەو بەتـەواوی ببـوو بـە کەسـێکی کارلێهـاتوو و حیرفـەیی، لـە سـەرەتادا لەگـەڵ هەنـدێك لـە ڕێکخراوە چـەپەکان پەیوەنـدی گـرت و چـالاکانە لـە بـڵاو کردنـەوەو و پەرەپێـدانی کتێـب و بـڵاو کراوەکـانی ئـەم ڕێکخراوە چەپانەدا بەشداری کرد. لە جـەریانی شورشـی سـالی 57دا چـالاکانە بەشـداری کـرد و یارمـەتیدان و ڕێکخسـتن و بـەهێزکردنی بوچـونی رادیکـاڵ و چـەپی بـە ئـەرکی خـۆی دەزانـی، کـە لـە یـەکێك لـەم خۆپیشـاندانە

جەماوەرییەی دژ بە رژیمی شا لە شەقامی فردوسی و لە بەرامبەر کۆشکی ئوستانداری کرماشان بریندار بوو.

دوای روخانی رژیمی شا، بە کۆلێك کتیب و بلاوکراوە رۆیشتە ناو گوندنشینانی ناوچەی سنجابی و ئەوانی بۆ دابەشکردنی زەوی مالکان وئەربابان هان دەدا و لەگەل هاورییانی بە بلاوکردنەوەی راگەیەندراوێك لە دژی عەسکەرخانی سنجابی "یەکێك لە ئەربابانی ناوچەی سنجاب" لە مەڕ زولم وستەمی ناوبراو لەسەر جوتیارانی ئەم ناوچەیە ناڕەزایەتیان دەربڕی. لە لایەکی تریشەوە پەیوەندی خۆی، لەگەل کرێکارانی شارنشین بەهێزکردو هەولی دەدا هەرچی زیاتر رێکیان بخات و زانیارییان پێ بدا. بە دەسپێکردنی شەڕی کۆماری ئیسلامی لەگەل خەلکی کوردستان لە سالی 1358 دا، بەکۆکردنەوەی یارمەتیەکانی جۆراوجۆری خەلکی بۆ یارمەتیدانی خەلکی کوردستان هات.

هاوڕێ سۆهراب لە سالی 58دا لەگەل چەند هاورێیەکی "هەستەی شورش" لاینگری کۆمەلەیان پێکهینا، کە دواتر بە تێکەل بوون لەگەل چەند کۆمەلێ‌تر تەشکیلاتی کۆمەلەیان لەکرماشان دا پێك هێنا. ئەو لەگەل هاورییانی گیانبەخت کردووی تری، غولامعەلی گورگین، لوتفوللای کەمانگەر، محەممەد عەلی خالیدی، یاسینی ئێراندۆست، مەسعودی سوفی و عەلیرەزا بابایی، خەریکی رێکخستن و چالاکی زانیاری دەرانەی نێوان کرێکاران و زەحمەتکیشان بوو و خێرا بەرپرسیارێتی بەشی کرێکاری تەشکیلاتی کۆمەلەی لە کرماشان وە ئەستۆگرت.

هاوری سۆهراب لەماوەی خوێندنی دەبیرستانیدا، سەرەڕای دەرس خوێندن بێ وچان کاری دەکرد. راکیشانی برق بۆ ساختومان یەکێك لە کارەکانی بوو و کار کردن لە خانەسازی کرماشان دا یەکێکی‌تر لە کارەکانی بوو.

هاروی سۆهراب گەرچی هەستی بە مەترسی گرتنی خۆی کردبوو و دەیزانی کە ئیحتیمالی گرتنەکەی زۆرە، بەلام ئامادە نەبوو کە شار بە جێ بهێلێت و دەس لە خەبات هەلگرێ، هەتاکوو سەعات 2:45 سەرلەبەیانی رۆژی 23ی خاکەلێوەی سالی 1361، پاسدارانی کۆنەپەرستی ئاخوندی هێرشیان کردە سەر مالەکەی و دەسگیریان کرد. لەم هێرشەدا جگە لە ئالبومی بنەمالەیی کە چەند عەکسێکی بنەمالەییان لەگەل خۆیان برد، هیچی تریان دەس نەکەوت. زیندان بۆ ئەو مەیدانێکی تر بوو، ئەو بە دیفاع لە ئارمانی سوسیالیزم و زانیاری دان بە هاوبەندەکانی و و بەرزکردنەوەی ورەیان درێژەی بە خەبات دا. لە زیندان دا خستیانە ژێر توندترین ئازار و شکەنجەوە. وداوایان لێدە کرد کە تۆبە بکاو واز بێنیت و زانیارییان پێ بدات و هاوکارییان بکات. بەلام بە هیچ جۆرێك نەیانتوانی درزێك بخەنە ناو ئێرادەی پۆلایینی و هەر بۆیە بریاریاندا کەهاوری سۆهراب لە سەرێگای خۆیان لاببەن.

سەعات دەو نیوی شەوی 6ی خەرمانانی سالی 1361 بە کرێگیراوانی رژیم، لە حالێکدا کە هاوری سۆهراب و هاورێیەکەی غولامعەلی گورگین بە بەرز کردنەوەی مشت و دەنگی بەرزی "بژی بۆ شورش" و "بژی سوسیالیزم" ئەم رژیمەیان مەحکوم دەکرد لە زیندانی دیزل ئاوای کرماشان دلیان کەوتە بەر گوللە و گیانیان بەخت کرد.

شوێنەواری شکەنجە لەسەر جەستەی بێ‌گیانی ئەو کە دەستەکانی مشت کردبوو بەم جۆرە بوو: شان و پشتی بە هۆی زەربات‌ی کابل بەتەواوی رەش هەلگەڕابوو، لەبەشی دەم و چاویدا، لای چەپی لوتی بە؟ "(لەوانەیە بە سیگار)"، بە ئەندازەی ریالێك بە تەواوی سوتابوو و چلکی کردبوو و لێوی خوارەوەی بە تەواوی رەش وشین هەلگەرابوو و قاچەکانی، قاچی راستی لە مەچەکی قاچیەوە بۆ خوارەوە شین هەلگەرابوو و لەرێگەی نێنۆکی قاچەکانی‌یەوە شوینەواری شکەنجە بەتەواوی دیاربوو و دەستی چەپی ئەویان شکاندبوو.

سلاو بۆ دایك و باوك و براکانم وسلاو بۆ هەموو قەوم و کەسەکانم، باوکە، دایکە، براکانم نیگەرانی من نەبن، مەگرین و غەم مەخۆن، مەیتەکەم لە گۆرستانی باووباپیرانم "شاهگۆدار" دەفن کەن. بژی بۆ ئێوە.

کرێکاران، من لە رێگایەکدا گیانم بەخت کرد کە باوەرم پێی بوو!

مەیتی خۆیناویم لەگەل جلە خوێناوییەکانم بخەنە خاکەوە!

بژی شورش

سۆهراب غولامی 61/6/6

***

## بەرز و بەرێز بێت یادی 44 مین ساڵیادی مەرگی گۆرانی رچە شکێن.



## "لە زیندانداا"

دەنگێکی دوور،
دوور... ئێجگار دوور...
بە ئاستەمێك ئەگاتە ژوور!
ئەی دەنگی دوور،
بە ئاستەمێك ئەگەیتە ژوور!
ئاخۆ سپیت، یان ڕەش، یان سوور؟
وەرە پێشتر...
چۆن ئاو ئەڕژێتە ناو ئاگر،
لە ڕێی گوێوە، بڕژێرە گیان،
زیندانم پڕکە لە کوڵدان! ...
زنجیری پێ،
کپ بە تاوێ، وەك لۆکەی گوێ!
هەوای شڵەقاوی زیندان،
بنوو، وەك بەر مەمکان ئەنوێ!
با دەست ڕێژی ئەم دەنگەی دەر
گوللەی، مانای گوێم بپێکێ
......

گۆران

# لە زمانی وێنەکانەوە







